## به ناوی گەورە ناوی دڵۆڤان

کتێبخانەی کوردی ئەوین ئامادەی گرتنی هەر چەشنە پێشنیار و گلەیی و یارمەتی لە لایەن لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە تایبەت شاعیران و نووسەرانی خۆشەویست بۆ گەشە پێدانی فەرهەنگ و کوولتوری نەتەوایەتی و بردنەسەرەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە و سپاسی هەموو ئەو کەسانەی دەکەین کە بە ناردنی پێشنیار و گلەیی لە خزمەت کردن و گەشەپێدانی زووان و فەهەنگی نەتەوایەتی یارمەتیمان ئەدەن و سەری ڕێز و حورمەتیان بۆ دادەنەوێنین ئەمڕۆکە بەختەوەرانە بە هۆی پێشکەوتنی عیلم و زانست ئەو هەلە ڕەخساوە کە بتوانین بە باشترین شێوە ئەرکی بڵاو کردنەوە بە ڕێوە بەرین

بۆیە داواکارین لەو کەسانەی لایەنگری ڕۆشنبیری گەلەکەمانن،هەر بەرهەمێکیان لە بەر دەستایە بۆمانی بەرێ کەن تا بەڵکو بە یارمەتی خوای گەورە و لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بڵاوی بکەینەوە و کتێبخانەی کوردی ئەوینی پێ دەوڵەمەندتر کەین

بۆ پێوەندی و سەردان لە بیرۆکەی(وێبلاگ)کتێبخانەی کوردی ئەوین و هەر وەها ناردنی هەر چەشنە بیر و ڕایەک یا ناردنی پێشنیار و گلەیی دەتوانن بە ناونیشانی ژێرەوە سەردانمان لێ بکەن

**www.evinebook.blogfa.com**

هەر وەها دەتوانن کتێب یا هەر بابەتیکی بە کەڵکێ ترتان هەیە بە ئیمەیلی ژێرەوە بۆمانی بەرێ کەن هەتاکوو لە سەر تۆری ئینترنت بڵاوی کەینەوە و هەمووان کەڵکی لێ وەر گرن

**evinebook@gmail.com**

بە سپاسەوە  بەڕێوەبەرانی کتێبخانەی کوردی ئەوین

# میرنشینی

# ئەردەڵان، بابان، سۆران

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## میرنشینی

# ئەردەڵان، بابان، سۆران

### لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

### ١٧٩٩-١٨٤٧ز

**محەمەد حەمە باقی**



ناوی کتێب: میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران
نووسینی: محەمەد حەمە باقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٥
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاورەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ

# پێڕست


**پێشەکی** ........ 7

**بەشی یەکەم**

قاجار و ئێلی قاجار ........ 19

ئاغا محەمەد خانی قاجار ........ 20

فەتح عەلی شای قاجار ........ 24

محەمەد شای قاجار ........ 27

**بەشی دووەم**

میرنشینی ئەردەڵان ........ 29

ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان ........ 32

**بەشی سێیەم**

میرنشی بابان ........ 37

ئەوڕەحمان پاشای بابان ........ 42

مەحموود پاشای بابان- سەرەتای هەڵتەکاندنی میرنشینی بابان ........ 69

**بەشی چوارەم**

میرنشینی بابان و ئەردەڵان هاوکاری یەکتری- بۆ لەناوبردنی یەکتری ........ 119

**بەشی پێنجەم**

میرنشینی سۆران محەمەد پاشا- پاشای گەورە: کۆر پاشا ........ 143

پاشکۆ - بەڵگەنامەکان ........ 163

فەرهەنگی ناو ........ 167

فەرهەنگی جوگرافیا ........ 175

## پێشەکی

(١)

لە دنیای سیاسی و دیپلۆماسی و تەنانەت لەدنیای تازەی «پێوەندی»یشدا، هەمیشە ئەو لایەنانەی دەیانەوێ پردی پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا هەڵبەستن، بەر لە هەموو شتێک پایەکانی ئەو پێوەندییەیان لەسەر بنچینەی ئەو کۆمەڵە زانیارییە هەڵدەبەستن، کە لەسەر یەکتری کۆی دەکەنەوە؛ ئەوسا بەپێوانە و لەبەر رۆشنایی ئەو کۆمەڵە زانیارییانەدا هەڵسوکەوت و ئاکار و پێوەندیی لەگەڵ یەکتر دادەمەزرێنن... کە ئەم کۆمەڵە زانیارییانەش هەڵقوڵاوی ئەو ساتە وەخت و رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵە نین، کە ئەو پێوەندییەی تێدا دادەمەزرێت، بەڵکو پێکهاتە و کەڵەکەبووی مێژوویەکن.

بۆیە زۆرجار هەندێ لایەن و رێکخراو و نەتەوە (تەنانەت لەسەر ئاستی تاکەکەسیش)، بەلایانەوە سەیر دەبێت، کە دەزانن فلانە بەرەو رێکخراو و نەتەوەی تر، بەجۆرێک بۆیان دەنوارن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن، لە ئاستی دید و خۆزگەی ئێستایاندا نین!. لە کاتێکدا (سەیرەکە) بەپێچەوانەوەیە... واتە: سەیرەکە لەوەدایە، کە(یەکێک) لە جەمسەرەکانی ئەم پێوەندییە، ئاگاداریی هاوپێوانەی لەسەر بەرامبەرەکەی نەبێت!. کە ئەم دیاردی و داروبارەش هەمیشە لە کورد روودەدات... چونکە هەمیشە کورد (خوێندەوارانی کورد، لەبەر چەندان هۆ)، نەک هەر بۆی نەلواوە زانیاریی لەسەر بەرامبەرەکەی کۆبکاتەوە، بەڵکو بۆی نەلواوە زانیاریی لەسەر خۆیشی کۆبکاتەوە و بیپارێزێ.

هەر لەبەر ئەمەشە، ئەو زانیارییانەی لە ئەرشیفەکانی وڵاتانی دووورونزیکدا لەسەر کورد پارێزراون، ئەگەر هەندێکیشیان بەگیانی ناحەزانە نەنووسرابنەوە، ئەوا زۆربەیان بەگیانی دۆستانە نەنووسراون... بۆیە ئەو گەڕیدە و توێژەرەوە بیانییانەی پشت بەزانیارییەکانی ئەو ئەرشیفانە دەبەستن، دیدێکی شێواو لەسەر مرۆڤی کورد لایان



دروست دەبێ و هەر ئەو دیدەش لە بەرهەمەکانیاندا رەنگ دەداتەوە، کە رەواندنەوەیشی هەروا ئاسان نییە و بەوەش چارەسەر ناکرێت، خوێندەواری کورد لە بەرامبەر ئەو دید و هەڵوێستانەیاندا خۆی گرژ و بێزار نیشان بدات؛ بەڵکو ئەرکی تازەی گوتاری کوردی، بۆ زانستییانە دروستکردنی پێوەندی خۆی لەگەڵ رووناکبیرانی نەتەوەکانی دوور و نزیک و نیشاندانی ناسنامەیەکی شارستانییانە، دەبێ هەوڵدان بێت بۆ:

١- چنگخستنی ئەرشیفی دەوڵەتان لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی کورد.

٢- ساغکردنەوەی لایەنە بەئەنقەست شێوێنراوەکانی ناو ئەو بەڵگەنامانە، بەگیانێکی زانستییانە.

(٢)

ئەم چەپکە بەڵگەنامەیەی لە سەرەتای پێکهاتنی زنجیرەی شاهەکانی قاجارەوە، تا نزیکە و کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، لێرەدا لەسەر میرنشینەکانی: ئەردەڵان، بابان، سۆران، پۆلێنم کردوون، تەقەللایەکی بچووکن، لە زنجیرەی تەقەللایەکی بەردەوام و دووتوێی چەند کتێبێکی تردا، بۆ چنگخستن و خستنەڕووی خەرمانێکی دەوڵەمەندی قاجاری، لەسەر سەر و مڕی ژیانی کورد، لە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵی رابردووی[1] ژێر سێبەری دەسەڵات و ململانێی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا، بۆ دەست خستنە ناوکاروباری ناوخۆی میرنشینە خۆجێیەکانی کورد، کە راستەوخۆ قەڵەمڕەوەکانیان دەکەوتنە سەر سنووری ئەو دوو دەوڵەتە گەورەیەی ئەو رۆژگارە، یان ئەو ئێلانەی کورد، کە گەرمیان و کوێستانیان کردووەو بەبیانووی بەزاندنی سنوورەوە، دەستیان لە کاروباری ناو خۆیان وەردەدا.

یان ئەو سەرۆک ئێل و هۆزانەی لە دژی زۆرداریی و بێدادیی هەندێ لە کاربەدەست و فرمانبەرانی ئەو دوو دەوڵەتە راپەڕیون.

(٣)

ئەم بەڵگەنامانە، تا ئەم ساڵانەی دوایی لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێراندا پارێزرابوون، کە بەشێکی زۆریان لەم چەند زنجیرە کتێب و کتێبە سەربەخۆیەدا چاپ و بڵاوبوونەتەوە:

١- زنجیرە کتێبێک، کە (٤) بەشە و بەناوی: (اسناد و مکاتبات تاریخی ایران-

١- یەکەمین بەڵگەنامەی ناو ئەم چەپکە بەڵگەنامەیە، مێژووی ساڵی ١٧٩٩ز-ی پێوەیە.

قاجاریە)، لەلایەن: دکتر محمد رضا نصیری-یەوە لە ساڵی **١٣٦٦** هەتاوی، **١٩٨٧**ز، تا **١٣٧٢** هەتاوی، **١٩٩٣**ز، چاپ و بڵاوبوونەتەوە[٢].

بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم زنجیرەیە، پێوەندییان بەم باسەی ئێمەوە هەیە و هەر بەرگێکیشی لە دوو بەش پێکهاتووە: پێشەکی و بەڵگەنامەکان...

پێشەکی بەرگی یەکەمیان تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی «پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی قاجارەوە، تا پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم - **١٨٢٣**ز»... بەشی دووەمیش تایبەتە بەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی عوسمانیدا دەریهێناون و ساغی کردوونەتەوە و بەڕێنووسی تازەی فارسی دایڕشتوونەتەوە و پەراوێزی پێویستی بۆ نووسیون. وێنە و نموونەی بەڵگەنامەکانیشی وەک خۆیان چاپ کردوونەتەوە.

بەرگی دووەمیشی بەهەمان شێوە ئامادەکراوە و پێشەکی ئەم بەشەیان تەرخانە بۆ پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی لە ساڵی **١٢٣٩** کۆچی، **١٨٢٣**ز، کە دەکاتە دوای بەستنی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم، تا ساڵی **١٢٦٣** کۆچی، **١٨٤٦**ز، ، واتە: تا پێکهێنانی پەیماننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم.

لەم دوو بەرگەی ئەم زنجیرە کتێبەدا، نامەیەکی زۆری دەربارەی میرنشینی بابان و ئەوڕەحمان پاشای بابان و چەندان نامەی مەحموود پاشای بابان و نامەگەلێکی تری شا و وەلیعەهد و سەرۆک وەزیران و باڵوێز و گەورە لێپرسراوانی قاجار و عوسمانییان دەربارەی کێشە و کاروباری بابان و جاف و هەورامان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی تێدایە، کە هەموویان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە، بەڵگە و کەرەسەی گرنگ و تازەن، کە گرنگەکانیان لەم کتێبەی بەردەستتاندا باسکراون.

٢- زنجیرە کتێبێکی تر، بەناوی: (گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، دوره قاجاریە)، لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، لەساڵی **١٣٦٩** هەتاوی، **١٩٩٠**ز، بەدواوە چاپدەکرێن و تا ئێستا (٧) بەشیان لێ چاپکراوە... هەر بەشێکی ئەم زنجیرەیە پێشەکییەکی مێژوویی تێرو تەسەلی بۆ نووسراوە و چەپکێک بەڵگەنامەشی لەگەڵدا چاپکراوە؛ کە ئەگەرچی لەبەر هۆی سیاسی، لەوانەیە سەرجەمی بەڵگەنامەکانیان بڵاو نەکردبێتەوە؛ بەڵام وەک خۆیان دەڵێن: هەڵبژاردە یەو ئەم بەڵگانەش خەرمانێکی بەپیت و بەرمێن و هەندێک بەڵگەنامەشیان سەبارەت بەمیرایەتی بابان تێدایە، کە دیسان گرنگەکانیان بۆ ئەم کتێبەی بەردەستتان گوێزراونەتەوە.

٢- دەبوایە ئەم زنجیرەیە بگاتە (٧) بەش، بەڵام تا ئێستا هەر (٤) بەرگە.



جگە لەمانەش دەنگوباسی وتووێژی یەکەم و دووەمی نوێنەرانی ئێرانی و عوسمانی تێدایە، کە ڕێککەوتننامەی یەکەم و دووەمی ئەرزەڕۆمی تێدا ئیمزا کرا.

جگە لەم دوو زنجیرە کتێبە، چەندان کتێبی تریش بەڵگەی ڕەسمیی و باس و خواسی میرنشینی بابانیان تێدایە، کە بەگوێرەی پێویست و لە جێگەی خۆیاندا ناویان لەم کتێبەدا دەهێنرێ.

***

بەسەرکردنەوە و هەڵاوێردکردنی ئەم بەڵگەنامانە، جگەلەوەی دەرس و پەندی مێژوویی زۆریان بۆ ئێستا تێدایە، لە هەمان کاتیشدا دنیای تازەی ئێستا، کە دنیای (پێوەندی)یە، پێویستی بە بەڵگە و زانیاریی و ئامارە؛ کە ئەگەر یەکێک لە کۆڵەگەکانی «پێوەندی»، بریتی بێت لە «بەڵگە»، ئەوا ئەم بەڵگەنامانە، خۆیان بەڵگەی زیندووی ئەوەن، کە ئەو دوو دەوڵەتەی ئەو ڕۆژگارە، لەباتی ئەوەی بەپیر تەنگوچەڵەمە و کێشەکانی دانیشتوانی ژێردەسەڵاتیانەوە بچن، کەچی هەر خۆیان کێشە و گێچەڵیان بۆ دروستکردوون و زەمینەی شەڕی نێوان میرنشینەکان و قەڵاچۆکردنی یەکترییان بۆ ئامادەکردوون و لەمەشدا لەلایەکەوە مەبەستیان هێشتنەوەیانە بەژێردەستی و دواکەوتوویی ولەلایەکی تریشەوە چەواشەکردن و شێواندنی ڕوخساری ڕاستەقینەی مرۆڤی کورد بووە، لای گەلانی خۆیان و گەلانی دنیاش[٣]. لەبەرئەوەش ئەو سەرچاوانەی ئەم بەڵگەنامانەم لێ وەرگرتوون، بەشێوەی پەرتوبڵاو و وەک ئەڵقەی لە یەک پساوی چەندان زنجیرەی ون، بڵاویان کردوونەتەوە، بۆیە خستنەوە پاڵ یەک و خستنەوە جێگەی مێژوویی ئەم بەڵگەنامانە، بۆ باوەشی ڕووداوەکان و باوەشی مێژوویی کورد، پێویستم بەسەرلەنوێ بەسەرکردنەوەی مێژووی ئەو سەردەمە و مێژوویی میر و میرنشینیەکانی کورد بووە... بەڵام سەرلەبەری مێژووی ئەو میر و میرنشینانەم بەتێروتەسەلیی بۆ ئێرە نەگواستوونەتەوە، بەڵکو بەسەرکردنەوەیەکی خێرام کردوون و تەنیا لەو بڕگە مێژووییانەدا لەنگەرم گرتووە و هەڵوێستەم کردووە، کە بۆنەی ئەم بەڵگەنامانەیان تێدا ڕسکاوە... تا لە بۆنە و ساتەوەختی ڕسکانی بەڵگەنامەکەش نزیکتربوومەتەوە، مێژووی ئەو سەردەمەشم ئارامتر و تێروتەسەلتر گێڕاوەتەوە... بۆ ئەوەش بەڵگەنامەکە زۆرتر لەگەڵ ئەو بڕگە و ڕووداوە مێژووییانەدا بگونجێنم؛ هەوڵمداوە ڕووداوەکە بەجۆرێک بگێڕمەوە و زەمینەیەکی وا بۆ بەڵگەنامەکە خۆش بکەم، کە بەڵگەنامەکە و ڕووداوە مێژووییەکە، پێکەوە ساز و تەبا و سروشتیی بن.

٣- بۆنموونە، بنواڕە بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٢).

## (٤)

هەر ئەم هۆیەش (هۆی گرنگیدان و خۆنزیک کردنەوە لە بۆنەی ئەم بەڵگەنامانە)، وای کردووە، کەمتر خۆم لە قەرەی ئەو رووداوە گرنگ و گشتییانە بدەم، کە لەو رۆژگارەدا، ئەم دوو دەوڵەتەیان بەخۆیانەوە خەریک و سەرقاڵ کردووە، وەک دوو جەنگی (١٨٠٤-١٨١٣ز)، (١٨٢٧-١٨٢٨ز)ی نێوان ئێران و رووسیا و سێ جەنگی (١٧٨٧-١٧٩١ز)، (١٨٠٦-١٨١٢ز)، (١٨٢٨-١٨٢٩ز)ی نێوان عوسمانی و رووسیا.

بەڵام لە (٣) جەنگی (١٨٠٦ز)، (١٨١٣ز)و (١٨٢٠-١٨٢٢ز)ی نێوان ئێران و عوسمانیدا، کەمێک لەنگەرم لە دوو جەنگی (١٨٠٦ز)و (١٨١٣ز)دا گرتووە، کە رووداوەکانی هەردووکیان و برێکیش لە هۆیەکانیان بەگشتی، لە قەڵەمڕەوی باباندا روویانداوە. هەرچەندە جەنگی (١٨٠٤-١٨١٣ز)ی نێوان ئێران و ڕووسیا، کە ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ و شپرزە کرد و خاکی زۆری کەوتە بەردەستی ڕووسیا، بووە مایەی کەمێک بووژانەوەی هەمەلایەنەی ئەم سێ میرنشینەی کورد و هەرسێکیان پێکەوە و لەیەک کاتدا (بەتایبەتیش میرنشینی بابان و سۆران)[٤]، کەوتبوونە لەشکرکێشی و فراوانخوازیی و گەشانەوەی فەرهەنگیی و چەکەرەکردن و سەرەتاتکێی بیری ناسیۆنالیستی کورد و مەترسیی دروستکردن بۆ سەر هەردوو دەوڵەتەکە...

بەڵام هەر لەم برگە مێژووییەی پێوەندییان بەم بەڵگەنامانەوە هەیە؛ گەورەترین دوو رێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بۆسەرکوتکردنی ئەو مەترسییانەی کورد، روویانداوە؛ کە بەرێککەوتننامەی یەکەم (١٨٢٣ز)و دووەم (١٨٤٧ز)ی ئەرزەڕۆم ناسراون و سەرەتا و بنچینەکانیان تایبەت بوون بەکێشەی کورد.

لە رێککەوتننامەی یەکەمدا، ئەوەندەی پێوەندی بەکوردەوە هەبێت، دوو بابەتی گرنگ بڕیاریان لەسەردرا:

١- ماددەی یەکەمی رێککەوتننامەکە، تایبەت بوو بەمیرنشینی بابانەوە و بەو پێیەش کە میرنشینی بابان، بەگوێرەی یاسا، لە ناو خاکی عوسمانی و سەر بەدەوڵەتی عوسمانییە، داوا لەئێران دەکات دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو میرنشینە هەڵبگرێ.

٢- ماددەی سێیەمیش سەبارەت بە هەردوو ئێلی (سیپەکی)و (حەیدەرانلوو)ی کورد بوون، کە بەر لە رێککەوتننامەکە، سەر بەئێران بوون، بەڵام لەسەر داوای خۆیان و بەگوێرەی رێککەوتننامەکە، بەدەوڵەتی عوسمانییەوە لکێنران.

٤- مەبەست لە میرنشینی بابان، سەردەمی ئەوڕەحمان پاشاو میرنشینی سۆرانیش، سەردەمی «محەمەد پاشای کۆر»ە.



لە بەرامبەر ئەم دوو ماددەیەشدا، ئێران خۆی وا دەبینی، کە هەموو بەندەکانی رێککەوتننامەکە بەگوێرەی خواست و ئارەزووی دەوڵەتی عوسمانی دارێژراون و چەندان جار لە رێگەی نامەی رەسمیی و نوێنەر و باڵوێزانی خۆی و ئینگلستان و رووسیاوە بۆ ئەستەمبۆڵ بۆ لای داود پاشای والی بەغداد، بەپێداگریی و جەختەوە، داوای لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد ئەو دوو ماددەیەی رێککەوتننامەکە (بەتایبەتیش ماددەی یەکەم) بەم شێوەیە دەستکاریی بکرێتەوە:

«لەبەرئەوەی ئێلەکانی سیپەکی و حەیدەرانلوو لە دەمێکەوە سەر بەدەوڵەتی ئێران بوون و ئێستا بەرەزامەندیی خۆیان دەبنە هاووڵاتی عوسمانی، ئەوا میران و سەرانی میرنشینی بابانیش، خۆیان داوا دەکەن بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئێران» و لەم پێناوەشدا نامە و داخوازیی لەم بابەتەی بەمیرانی بابان، بۆ دەرباری قاجاری، پێ دەنووسین.

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ملی بۆ داخوازییەکانی ئێران نەدا و لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ز، دا، بەرەسمیی ئێرانی ئاگادارکردەوە، کە بەهیچ شێوەیەک ئاڵوگۆڕ لە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو بەندانەدا ناکاتەوە.

ئێرانیش کە لەم کاتەدا هەستی بەمەترسی هەڵایسانی جەنگی رووسیا دەکرد، ناچار لای خۆیەوە نەرمیی نیشاندا و هەوڵی راگرتنی دۆستایەتی خۆی و عوسمانی دەدا.

بەڵام وەک سەرچاوەکانی ئێران خۆیان دەڵێن[٥]، ئاکاری دوژمنانەی داود پاشای والی بەغداد، بەرامبەر هاتوچۆکارانی ئێرانی، بۆ شوێنە پیرۆزەکان و داگیرکردنی (مەندەلی)، کارێکی وای کرد، لە بەرامبەریشدا ئێران دووبارە دۆستایەتی و پێوەندی خۆی لەگەڵ مەحموود پاشای باباندا دروست بکاتەوە و بیخاتەوە ژێر باڵی خۆی[٦]... هاوکاتیش بەفرمانی فەتح عەلی شا، لەشکرێکی ئێرانی، مەندەلی گرتەوە.

لەم گرژییانەدا، بابیعالی «ئەسعەد ئەفەندی» بەنوێنەرایەتی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانیان بۆ بەغداد نارد و لە کۆتایی (١٨٢٤ز) دا گەیشتە لای داود پاشا و چاوەنواڕی گەیشتنی نوێنەری ئێران بوو.

ئەسعەد ئەفەندی دەرفەتی مانەوەی خۆی لە بەغداد، بەهەل زانی و لە ماوەی چاوەنواڕی نوێنەری ئێراندا، بەنهێنی کەوتە پێوەندی و نامەنووسین لەگەڵ سەرانی ئێل و میرانی بابان و بۆ ئەوە هانیدەدان، تا لایەنگیریی و پشتیوانیی لە داود پاشا بکەن و دواییش لە راپۆرتی خۆیدا، ئاوای بۆ بابیعالی نووسیوە:

«بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئێران و بەغداد هەیە، لەسەر

٥- نصیری، محمد رضا، اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه) جلد (١) ص٨ .
٦- هەمان سەرچاوە- هەمان لاپەڕە.

بابەتی ئازاردان و بێزارکردنی زیارەتکاران و بازرگانانی ئێران و دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی کوردستانەوە؛ بەنهێنی و بەنامە، پێوەندی بەپاشایانەوە کرا و بۆ هاندانیشیان بەلای داود پاشادا تێکۆشام، مەحموود پاشای بابان لە ترسی ئێران و متمانە نەکردنیش بەوالی بەغداد، پێشنیارەکەی پەسەند نەکرد. بەڵام لە دواییدا بەوە رازی بوو، کە ئەگەر لەلای والی بەغدادەوە گیان و سامانیان دەستەبەر بکرێت، روو لە دەرباری عوسمانی دەکات»(٧).

کە «حەسەن عەلی خان»ی نوێنەری عەبباس میرزاش گەیشتە بەغداد و وتوویژ لەسەر کێشەکانیان دەستی پێکرد، نوێنەری ئێران پێی باش بوو دانیشتنەکەیان ببەنە تەوریز و بەئامادەبوونی عەبباس میرزا، بڕیارەکانیان دوایی پێ بهێنن.

لە دانیشتنی تەوریزدا نوێنەری عوسمانی وای ئەنجامگیریی کرد، کە عەبباس میرزا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا فراوانتر بکات؛ سۆنگەی هەندێ رووداو، بەپاڵ داود پاشا دەدات. لەبەرئەوە دانیشتنی تەوریزیش بەرهەمێکی نەدا و نوێنەرەکەی عوسمانی لە (١٨٢٦/١٢/٣)دا، بۆ ئەستەمبوڵ گەڕایەوە.

کە جەنگی تەمموزی ١٨٢٧ز، ی نێوان رووسیا و ئێرانیش هەڵایسا، هەرچی شتەکانی تر بوو، هەمووی پێچرانەوە و ئێران هانای بۆ دەوڵەتی عوسمانی بردو داوای لێکرد شان بەشانی ئێران، وەک یەک دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامی، دژی رووسیای کافر بجەنگن..

بەڵام زۆری نەبرد هێزەکانی رووسیا تەنگیان بەلەشکری ئێران هەڵچنی و خاکێکی زۆری ئێرانیان داگیر کرد و ئەستەمبوڵیش بەهاناوە نەهات و سەرئەنجام ئێران لە ژێر گوشاری رووسیادا، لە شوباتی ١٨٢٨ز، دا، پەیماننامەی «تورکمانچای» ئیمزاکرد... رووسیاش کە لەوە دڵنیابوو ئیتر ئێران ماندوو بووە و هیچی پێناکرێت؛ ئەوسا لە مایسی ١٨٢٨ز، دا پەلاماری دەوڵەتی عوسمانیشی دا و ئەمجارە دەوڵەتی عوسمانی بۆ (پاراستنی ئیسلام) هانای بۆ ئێران هێنا!. بەڵام ئێران توانای یارمەتیدانی عوسمانی پێوەنەمابوو. بەڵکو تەنیا شتێک کە بۆ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بەکەڵک دەهات، ئەوە بوو؛ کە لەم کاتەدا گرژییەکانیان بەلاوەبنێن و بەرەو خاوکردنەوەی گرژیی و چارەسەر و کەمکردنەوەی کێشەکانیان هەنگاو هەڵبگرن.

لەدوای بڕانەوەی جەنگی نێوان رووسیا و عوسمانی، کە بەرێککەوتننامەی (ئەدرنە: ١٨٢٩ز) بڕاندیانەوە، پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی بەرەو زیاتر نزیکبوونەوە و

٧- سەرچاوەی پێشوو- ل ٩.



بنبڕکردنی کێشەکانی نێوانیان دەچوو... نوێنەر و نامەیەکی زۆر لە نێوانیاندا گۆڕدرایەوە و بەردەوام ئێران دادی لەدەست لاساریی و سەرپێچییەکانی داود پاشا دەردەبڕی و داوای گۆڕینی لە بابیعالی دەکرد. بابیعالیش (عەلی رەزا)ی لەجێی داود پاشا دانا (١٨٣١ز)... بەڵام عەلی رەزاش بەتەنگ خواستەکانی ئێرانەوە نەدەهات و مەبەستیشی نەبوو. لەبەرئەوە پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی، لە گرژبوونەوە و خاوبوونەوەی بەردەوامدا بوو. بەتایبەتیش لەسەرەتای ساڵی ١٨٤٢ز، دا، کە مەحموود پاشای بابان لە پاشایەتی بابان لابرا و پەنای بۆ ئێران برد، نێوانی ئێران و عوسمانی گرژبووەوە... ئێران داوای دانانەوەی مەحموود پاشا و لابردنی ئەحمەد پاشای (برازای مەحموود پاشا)ی دەکرد. دەوڵەتی عوسمانیش ئەمەی بۆ ئێران نەدەکرد. بەڵام بەجۆرێکی تر و بۆ دڵنەوایی کردنی ئێران، عەبدوڵڵا پاشای برا بچکۆڵەی ئەحمەد پاشای لەجێی دانا و ئەحمەد پاشایان بەناوی بانگهێشتنەوە لە بەغداد هێشتەوە.

ئێرانیش بۆ ئەوەی قسەی خۆی بەرێتەسەر، لەشکریان بۆ والی ئەردەڵان (رەزا قولیخان) سازدا و ویستیان بەخورتی مەحموود پاشا بۆ سلێمانی بگێڕنەوە. بەڵام هێرشەکەیان سەرنەکەوت و مەحموود پاشا و والی ئەردەڵان لە بەرامبەر هێرشێکی غافڵگیرانەی عەبدوڵڵا پاشادا تێکشکێنرا.

هەر لەم سەروبەندەدا «نەجیب پاشا»ی والی بەغداد (کە دوای عەلی رەزا ببووە والی بەغداد)، لە مانگی ذیحەجەی ١٢٥٨ کۆچی، کانوونی یەکەمی ١٨٤٢ز، بەبیانووی سەرکوتکردنی یاخیبوونی خەڵکی (کەربەلا)وە، هێرشی کردە سەر کەربەلا و قەتڵوعامی شیعەکانی کرد..(٨)

بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتاری شیعەی کەربەلا، لە مانگی دواتردا، کە رێکەوتی (موحەرەم)ی دەکرد، دەرباری ئێرانی خرۆشاند و ئێران بڕیاری دا بەلەشکرێکی گەورەی (٢٤) هەزار کەسییەوە، لە دوو قۆڵەوە هێرش بکاتە سەر بەغداد و تۆڵە بکاتەوە... دەوڵەتی عوسمانیش کەوتە خۆ ئامادەکردن و نیشانەکانی جەنگێکی نوێی نێوان ئێران و عوسمانی هاتنە پێشەوە.

بەڵام لەم نێوانەدا هەردوو باڵوێزی رووسی و ئینگلیسی فریاکەوتن و کەوتنە ناوبژیی و داوایان لە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کرد خۆ ئامادەکردنی جەنگییان راگرن و کۆمیسیۆنێکی چوار قۆڵیی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان پێک بێت.

بەمجۆرە لیژنەی ناوبراو لە (١٨٤٣/٥/١٥)دا، لە ئەرزەڕۆم، دانیشتنیان دەست

٨- ژمارەی کوژراوانی ئەم کوشتارە بە (٩) تا (٢٠) هەزار دادەنێن (سەرچاوەی پێشوو- ل ٢٧).

پێکرد و بەچەند قۆناغێکی جیاجیا، کە تا (١٨٤٤ز)ی خایاند، هەژدە کۆبوونەوەیان کرد و بڕیاریان دا گەلاڵەی ڕێککەوتننامەیەک ئامادە بکەن، کە دوای راوێژ و مشتومڕێکی دوو و سێ ساڵە، بڕگەکانی ڕێککەوتننامەکە گەلاڵە کرا و لە (١٨٤٧/٥/٢ز)دا، بەئامادەبوونی باڵوێزی رووسیا و ئینگلستان لە ئەرزەڕۆم ئیمزا کرا[٩].

لە ماددەی (٩)ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، جەخت لەسەر سەرجەمی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم کرایەوە و هەردوولا بەوپەڕی تەقەللایانەوە سەلماندیانەوە، کە پەیڕەوی جێبەجێکردنی کتومتی ماددەکانی دەکەن.

بەڵام هێشتا ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکرابوو، کە دەوڵەتی عوسمانی، بۆهەڵتەکاندنی شوێن پێی ئێران لە ناو میرنشینی باباندا، میرنشینی بابانی بەڕێگەی لەشکرکێشیی و هێرش، لەبەریەک هەڵوەشاند و پێشتریش بەهەمان شێوە لە ساڵی (١٨٣٧ز) میرنشینی (سۆران)ی لە ناو بردبوو.

دەوڵەتی قاجاریش، پێ بەپێی دەوڵەتی عوسمانی، دوای تێشکانی والی ئەردەڵان (ڕەزا قولیخان)، لە بەرامبەر هێرشی غافڵگیرانەی عەبدوڵڵا پاشای باباندا، کەوتە بڕوبیانووگرتن بەرەزا قولیخانی والی ئەردەڵان و دوای زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتە و بەڕێوەبەرایەتی میرنشینەکەدا، میرنشینی ئەردەڵان هەڵوەشێنرا.

## (٥)

بەشە زۆرەکەی ئەم چەپکە بەڵگەنامەیە، تایبەتن بەکێشەی میرنشین و میرانی بابانەوە. کە ئەمەش بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە میرنشینی بابان، لەم قۆناغە مێژووییەدا رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەی کوردستاندا گێڕاوە. یان بەواتایەکی تر:

بەدرێژایی مێژووی فرمانڕەوایی بابان، ئەوەندەی ئەو رۆژگارەی ئەم بەڵگەنامانەیان تێدا نووسراوە، لە لوتکەی گەشەکردنی هەمەلایەنەدا نەبووە... چونکە ئەگەرچی لەم قۆناغەدا (١٧٩٩-١٨٤٧ز)، کە دەکاتە نزیکەی (٤٠) ساڵێک، شاری (سلێمانی)ی پێتەخت و ناوەندی دەسەڵاتی میرایەتی بابان، شارێکی تازە دروستکراوبووە، بەڵام لەبەر زۆر هۆ (کە ئێرە جێی لێدوانی تێروتەسەلی ئەو هۆیانەی تێدا نابێتەوە) لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بووە مەڵبەندی رووتێکردنی زانایان و رووناکبیران و شاعیرانی هەرە گەورەی ئەو رۆژگارەی کوردەواری وەک شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣-١٨٣٨ز)و مەولانا خالیدی

٩- ئەم پەراوێزە دیارنییە لە نووسراوەکە.



نەقشبەندی (١٧٧٩-١٨٢٧ز)و نالی و سالم و کوردی و دەیان رووناکبیری تری کوردەواری، کە لە ماوەیەکی کەمدا، شارەکەیان گەشاندەوە و کردیانە ناوەندێکی نوێ و زیندوو و بەهەمووشیان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان خستە سەر خەرمانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

لە هەمان کاتیشدا هەڵکەوتی جوگرافیایی میرنشینی بابان، کە ئەگەرچی بەگوێرەی یاسا، دەکەوتە سنووری دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری عوسمانییەوە؛ بەڵام بەو هۆیەوە کە دەکەوتە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بۆیە زۆربەی ململانێ و خۆ لەیەکتر گیێڤ کردنەوە و سەنگەر گرتنەکانی هەردوو دەوڵەتەکە لە دژی یەکتری، لە قەڵەمڕەو و لە مێژووی ئەم قۆناغەی میرنشینی باباندا سەریان هەڵداوە... لە کاتێکدا دەبوایە سوپای بابان، لە ناو رووداوەکانی ململانێی ئەم دوو هێزەدا، پشتیوانیی لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی بکات؛ کەچی لە زۆر کاتدا میرانی بابان، لە گەرمەی ململانێی ئەو دوو هێزەدا، بۆپاراستنی سەربەخۆیی خۆیان، هەوڵیانداوە خۆیان لەو یاسایە نەبان بکەن و پەرە بەدەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان بدەن... یان هەندێ جاری تر میرانی بابان لە دەلاقەی ناکۆکییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەوە و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خۆیان، جارجارەش یارمەتی و پشتیوانیی یەکێک لەم دوو دەوڵەتەیان لە دژی ئەویتر داوە... کە لەم بارەدا میرانی بابان حەزیان بکردایە، یان حەزیان نەکردایە، دەبوونە پاشکۆی یەکێک لەم دوو هێزەو لە ئاکامیشدا پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە دوو سەرەیەی میرانی بابان، لە باتی ئەوەی بتوانن سەربەخۆیی میرنشینەکەی پێ بپارێزن، دەبووە مایەی بێزاریی و تووڕەکردنی هەردوو دەوڵەتەکە و بیرکردنەوە بۆ لەناوبردنی... هەر لەبەر ئەمەشە بەدرێژایی ئەو ماوە مێژووییەی ئەم بەڵگەنامانەیان تێدا نووسراوە، کێشەی میرنشینی بابان، گەورەترین کێشەی سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بووەو[١٠]. هەر ئەمەش وای کردووە، لە هەردوو ڕێککەوتننامەی یەکەم و دووەمی ئەرزەڕۆمدا، خاڵی سەرەکیی مشتومڕەکانی هەردوو دەوڵەتەکە، لەسەر کێشەی بابان بگیرسێتەوە.

بۆیە ئەگەرچی هەردوو دەوڵەتەکە، لە نێوان ماوەی مۆرکردنی هەردوو ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆمدا، کاری زۆریان بۆ لە ناوبردنی هەموو میرنشینە خۆجێیەکانی کورد کردووە؛ بەڵام لەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێ، زۆرترین لەشکرکێشیی هەردوو دەوڵەت و زۆرترین کاریان بۆ دروستکردنی کێشە و گێچەڵ و هەڵتەکاندنی میرنشینی بابان کردووە.

١٠- نصیری- اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه) جلد (١) ص ٢٣ (مقدمه).

(٦)

له ناو لیستی ئەو کتێبانەی وەک سەرچاوە، بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە کەڵکم لێ وەرگرتوون، بەتایبەتی کەڵکی زۆرم لە کتێبی: «میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا» وەرگرتووە.

***

لە کۆتاییدا سوپاسی هەردوو هاوڕێم: کاک عومەری عەبدوڵڵا بەگی (سەقز)و کاک عەبدولخالق یەعقووبی (بۆکان) دەکەم، کە یەکەمیان لە تەرجەمەی بەڵگەنامەیەکدا و دووەمیشیان لە هەڵەگیری و پێناسەیەکی ئینگلیسی ئەم کتێبەدا یارمەتیان داوم. هەروەها سوپاسی کاکە دیلمان ئەحمەد دەکەم کە لە هەڵەگیریی ئەم کتێبەدا زۆر ماندوو بووە.

محەمەد حەمە باقی

زستان و بەهاری ۲۰۰۱، سەقز

## بەشی یەکەم

# قاجار و ئێلی قاجار

ئێلی **قاجار** لەو (٧) هۆزە تورکمانانەی مەغۆلی بوون، کە لە سەدەی (١٣)ی زایینیدا، لە کاتی لەشکرکێشی و هێرشی «چەنگیز»دا، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو رووی خۆرئاوا کۆچیان کردووەو وردە وردە لە سەرتاسەری ئێران و نێوان شام و سنووری ئەرمەنستاندا نیشتەجێ بوون.

لە هێرشی (٧) ساڵەی ئەمیر تەیمووری گورگانی: (تەیمووری لەنگ: ١٣٣٦-١٤٠٥ز)دا، هۆزەکانی قاجار لە شامەوە رووەو خۆرهەڵات بوونەوە و لە دەوروبەری (گەنجە)و (ئیرەوان) جێگیر بوون.

هەر هۆزێکی ئەم حەوت هۆزەی قاجاریش بوو، کە بووە دەسکەلای شاعەبباسی گەورە (١٥٨٧-١٦٢٩ز)و دواتر بەناوی (قزڵباش)ەوە ناوی دەرکرد.

لە سەردەمی شاهەکانی سەفەوی-یشدا، سەرانی ئێلی قاجار بەردەوام پلەوپایەی سەرۆکایەتی و فرمانڕەوایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێمە گرنگەکانیان دراوەتێ... شاعەبباسی گەورە، ئەم ئێلەی بۆ پاراستنی شوێنە گرنگەکانی سنووری ئێران بەکارهێناوەو لەم پێناوەشدا کردبوونی بە(٣) بەشەوە:

بەشێکیان لە قەرەباغ، لە بەرامبەر (لەزگی)یەکاندا نیشتەجێ کردبوون... بەشە گرنگ و سەرەکییەکەشیان بۆ رێگریی لە پێشڕەویی نەکردنی تورکمانەکان، بۆ گورگان و ئێران و نێوان ئەستراباد نارد... بەشی سێیەمیشیان لە بەرامبەر (ئوزبەگ)ەکاندا لە (مروە) نیشتەجێ کردن.

بەڵام قاجارەکانی نیشتەجێی گورگان ببوون بەدوو دەستەوە:



ئەو دەستەیەیان کە لەبەری لای راستی (باکووری) کەناری رووباری (گورگان) دەژیان، ناویان: (یوخاری باش)و ئەو دەسەتەیەشیان کە لەبەری لای چەپی (باشووری) کەناری رووبارەکە دەژیان، ناویان: (ئیشاقەباش)بوو... ئەم دوو دەسەتەیە هەمیشە لەسەر جێ هەوار و لەوەڕگە، لە شەڕ و ناکۆکیدابوون.

نادر (١٧٣٦-١٧٤٧ز) لە رقی (ئیشاقە باش)، فرمانڕەوایی (گورگان)ی بە «محەمەد حسین خان» ناوێکی قاجاری، لە ئێلی (یوخاری باش) سپاردبوو؛ ئەمەش هەر ئەو کەسەبوو، کە بەفرمانی (رەزا قولی میرزا)ی کوڕی (نادر)، شا تەهماسبی دووەم و دوو کوڕی منداڵی کوشتن.

لە سەردەمی هێرشی ئەفغانەکاندا بۆ سەر ئێران (١٧٢٢-١٧٣٠ز)، «فەتح عەلی خانی قاجار»، کەسەر بە ئێلی (ئیشاقەباش) بوو، بەمەبەستی یارمەتیدانی سوڵتان حسێن (١٦٩٤-١٧٢٢ز)، بەرەو ئەسفەهان رۆیشت. بەڵام بەو هۆیەوە کە داروبارەکەی ئەوێی شێواو هاتە بەرچاو، بەرەو ئەستراباد گەڕایەوە... دواتریش چووە پاڵ شا تەهماسبی دووەم، بەڵام بەدنەدان و هاندانی (نادر)، لەلایەن یەکێکی قاجاری سەر بەئێلی (یوخاری باش)ەوە کوژرا.

«فەتح عەلی خان» دوو کوڕی هەبوون، یەکێکیان: «محەمەد حسێن خان»، کە هەر بەمنداڵیی مردبوو، ئەویتریان «محەمەد حەسەن خان»[1] کە دەبێتە باوکی «ئاغا محەمەد خان»ی دامەزرێنەر و سەر ئەڵقەی بنەماڵەی فرمانڕەوایان و پاشایانی قاجار.

## ئاغا محەمەد خانی قاجار

**(١٧٤٢-١٧٩٧ز)**

دامەزرێنەری فرمانڕەوایی قاجار: ئاغا محەمەد خان، کوڕە گەورەی (٩) کوڕەکەی «محەمەد حەسەن خان»ی قاجارە، کە فرمانڕەوای مازندەران بووە و ساڵی ١٧٤٢ز، لە گورگان لەدایک بووە. فەتح عەلی خانی باپیری ئاغا محەمەد خان لەسەردەمی شاهێتی «تەهماسب»دا، بەفرمانی (نادر: دواتر نادر شا) بەکوشتن چووە، بەم بۆنەیەوە محەمەد حەسەن خان، کە لەم کاتەدا تەمەنی (١٢) ساڵان بووە، لە نادر یاخی بووە و بەدرێژایی سەردەمی نادر، لە ناوچەی گورگان و لە ناو ئێلەکانی تورکماندا خۆی حەشارداوە و لە کاتی دووچاربوونی نادریشدا بەجەنگی عوسمانییەوە؛ بەیارمەتی تورکمانەکان:

١- محەمەد حەسەن خانی قاجار ساڵی ١٧١٥ز- لە نزیک شاری (ئەشرەف- بەهشەهر) لە دایک بووە و ساڵی ١٧٥٨ز- کوژراوە.



«ئاغا محەمەد خانی قاجار» (١٧٤٢-١٧٩٧ز)

ئەستراباد-ی گرت... نادریش (محەمەد حسێن خانی یوخاری باشی) لێ راسپارد، بیگرێت، بەڵام تا نادر مابوو، نەکەوتە بەردەست و جارجارەش هێرشی بۆ سەر گورگان و ئەستراباد دەبرد. کە نادر مرد، محەمەد حەسەن خان لە ناوچەی (مازندەران) بانگی سەربەخۆیی راگەیاند و (خوراسان) و (ئەسفەهان)ی گرت و ئەوەندەی نەمابوو بەم هێرش و شارگرتنانە، خاکی ئێران بگرێت، کە ساڵی ١٧٥٨ز، لە یەکێک لەم هێرشانەیدا لە بەرامبەر «عەلی قولیخان، عادل شا»ی برازای نادر شادا تێکشکا و کوژرا و «ئاغا محەمەد خان»ی کوڕی بەدیلیی کەوتە دەست هێزەکانی عادل شا و لەگەڵ دیلەکانی تردا بۆ خوراسان نێردرا و هەر بەفرمانی (عادل شا)ش خەساندیان و بەم کارەش هەر لە منداڵییەوە، رق و قین و گیانی تۆڵە و خوێن رشتن، لەدەروونی ئاغا محەمەد خاندا چەکەرەی کرد و پەنگی خواردەوە.

ئەگەرچی ئاغا محەمەد خان ماوەی (١٦) ساڵێک لەتەک «حسێن قولیخانی جیهانسۆز»ی برایدا، لە شیراز لە دەرباری «کەریم خانی زەند»دا وەک بارمتە دەژیان، بەڵام کەریم خان دڵنەرمیی زۆری بەرامبەر نواند و لەوپەڕی خۆشیدا دەژیا، رێگەی چوونەدەرەوەی شیراز و را و وشکاریشی لێ نەدەگیرا... لە سەرەتای مانگی مارتی ١٧٧٩ز، دا لە رێگەی پووریێکی خۆیەوە، کە ژنی کەریم خان بوو، هەواڵی نەخۆش کەوتن و گیانەڵای سەرەمەرگی کەریم خانی زانی و بەرلەوەی هەواڵی مەرگی کەریم خان بەناو



خەڵکدا بڵاوبێتەوە[٢]، زۆر بەپرتاو لە شیرازەوە بەرەو تاران هەڵات و پێوەندی بەخزم و هاوکار و نزیکەکانییەوە کرد و هەر لە تارانیش زانی کە هەندێ لە براکانی، وەک: مورتەزا قولیخان، رەزا قولیخان، مستەفا قولیخان حەزناکەن ببێتە سەرۆکی ئێلەکەیان: (ئێلی ئیشاقەباش)؛ بەڵام ئاغا محەمەد خان بەپشتیوانی «جەعفەر قولیخان»ی برای، توانی بەسەر براکانی تریدا زاڵ بێ و هەربەپەلەش خۆی گەیاندە مازندەران و دوای ئەوەی کاری خۆی لەگەڵ براکانی تریشیدا یەکلایی کردەوە و بۆی دەرکەوت مایەی پەسەندیی ئێلەکانی تر و خەڵکیشە و لە هەرێمەکانی زەریاچەی «خەزەر»دا مێمڵ و دوژمنی نەماوە؛ ئەوسا کەوتە شەڕی لەناوبردنی میراتگرەکانی بنەماڵەی کەریم خانی زەند و سەرەنجام: ئەسفەهان، شیراز و کرمان-ی گرت. لە نێوان ساڵانی (١٧٧٩-١٧٩٤ز)یشدا دوایین شەڕەکانی ئەم بەیەکدا هەڵپژانانە، لە (کرمان) روویدا، کە (لوتف عەلیخان)ی دوا میراتگر و دوا شازادەی بنەماڵەی زەند، ئەوپەڕی توانا و بەرەنگاریی خۆی نیشاندا و دوای (٤) مانگ ئابڵوقەدانی شاری کرمان، سەرەنجام ئاغا محەمەد خان، شاری کرمانیشی گرت و لوتف عەلیخانی بەدیلیی کەوتە دەست و هەر بەدەستی خۆیشی هەردوو چاوی دەرهێنا و دواتریش لە تاران کوشتی... ئەوسا کەوتە رەشەکوژیی دڕندانەی خەڵکی شاری کرمان و فرمانیشی دەرکرد: بەشانازیی ئەم سەرکەوتنەوە (٢٠) هەزار جووتە چاوی هەڵکۆڵراوی بۆ بێنن و بەشادمانیی بەدیلگرتنی لوتف عەلیخانیشەوە (٦) هەزار دیل سەر ببڕدرێن[٣]. لە جێبەجێکردنی ئەم فرمانانەی ئاغا محەمەد خاندا، دەست لە ژن و منداڵانیش نەپارێزراوە. ئەم شار گرتن و سەرکەوتنانە، جێی پێی ئاغا محەمەد خانی لە کرماندا دەستەبەرکرد، بەڵام ئەمە مانای وانەبوو کە لە ناوچەکانی تری ئێراندا، هەروا بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئێراندا دەچەسپێ. چونکە لەم کاتەدا هەراو پشێویی و پاشاگەردانیی، لە زۆر شوێنی ئێراندا بەردەوام بوو. لە هەندێ ناوچەشدا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندبوو؛ وەک ئەوەی هێشتا خوراسان بەدەست (شاهروخ)ی نەوەی (نادر)ەوە بوو، خۆرئاوای ئێران و ناوچەکانی نزیک سنووری عوسمانی، خۆیان بەلایەنگرانی عوسمانی و سلێمان پاشای والی بەغداد دادەنا. کوردانی کرماشان خۆیان بەسەربەخۆ دەزانی. والی ئەردەڵانیش، لە ناوەندی دەسەڵاتداریتی خۆیەوە، دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی خۆرئاوای ئێراندا گرتبوو. بەشەکانی تری ئێرانیش، هەر لە زەریای خەزەرەوە، تا کەنداوی فارس، ململانێی گرتنە دەسەڵاتیان بوو.

٢- کەریم خانی زەند لە (١٧٧٩/٣/٢ز)، دوای (٣٠) ساڵ پاشایەتی کۆچی دوایی کرد.

٣- هەر لە زنجیرەی ئەم گیانی رق و تۆڵەیەی ئاغا محەمەد خان دا، دواتریش گۆڕی کەریم خانی زەندو نادر شای هەوشاریشی بۆ بەر دەرگای کۆشکەکەی گواستەوە، تاچێژ لەوە وەربگرێت، کە رۆژانە بەسەر گۆڕەکانیاندا بێت و بچێت!.

بەڵام سەرەنجام و دوای چەندان شەڕ و هێرش و پەلاماری خوێناوی، ئاغا محەممەد خان سەرلەبەری ئێرانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و لەم قۆناغە بەدواوە، ئیتر بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەرازووی هێزەکانی ناوچەکەو توانای ئێران و دەوروبەری ئێران، کەوتە ژیاندنەوەی خەونی سەفەوییەکان و زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریی بەربڵاوی (نادر شا)ی هەوشار و لەم پێناوەشدا تەقەللای فراوانبوونی دەوڵەتێکی بەرینی دەدا، کە بریتی دەبێت لە: هەموو خوراسان، دەشتاییەکانی تورکمانستان، ناوچەکانی قەفقاس، هەرات لە ئەفغانستان و هەموو کوردستان... کە بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە، دەبوایە هەموو ناوچەکانی پشتەوەی قەفقاس و بەتایبەتیش دۆڵی رووباری (کورا)ی ناوەڕاست و هەموو گورجستان بگرێ... ئەمەش بەسوپایەکی گەورە و بەهێز جێبەجێ دەکرا.

بۆیە لە سەرەتای هەنگاو هەڵگرتنییەوە گرنگییەکی زۆری دا بەلەشکر و سوپاپێکەوەنان و لەسەرەتادا کەوتە گوشار خستنە سەر قەیسەری گورجستان، کە لەو کاتەدا (هیراکلیۆس)ی دووەم بەڕێوەی دەبرد و بەگوێرەی رێککەوتننامەی (١٧٨٢ز)یش، لەژێر دەسەڵاتی رووسیادا بوو.

ساڵی ١٧٩٢ز، هیراکلیۆسی دووەم (گەنجە)ی گرت و ئاغا محەممەد خان بەهیچ جۆرە پێشنیارێک نەیتوانی وا لە هیراکلیۆس بکات بیهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لەبەرئەوە ساڵی ١٧٩٥ز، بە سوپایەکی (٦٠) هەزار کەسەوە لە پردی (ئاراس) پەڕییەوە و ئابڵوقەی (شوشی)ی دا.

بەڵام والی (شوشی)ی بەرهەڵستییەکی سەختی کرد و شاری بەدەستەوە نەدا و ئابڵوقەدانەکەش زۆر درێژەی کێشا، لە پڕێکدا ئاغا محەممەد خان دەستی لە ئابڵوقەی ئەوێ بەردا و (تفلیس)ی گرت (١٧٩٥/٩/١٢)و قەتڵوعامی خەڵکەکەی کرد و کڵێسا و شوێنەوارە مێژووییەکانی تێک تەپاند و زیاتر لە (١٦) هەزار کوڕ و کچی لاوی، بەدیلیی بۆ ئێران هێنایەوە و بەسەر ماڵە میر و دەوڵەمەند و کاربەدستانی ئێراندا، وەک نۆکەر و کارەکەر دابەشکردن[٤].

لەدوای گەڕانەوەی لە گورجستان، ئەو هەلەی بەدەرفەتێکی باش زانی و «باباخان»[٥]ی کوڕی «حسێن قولیخان»ی برازای کردە جێنشینی خۆی و تاجی شاهێتی

٤- ساڵی ١٧٩٥ز-یش لەشکرکێشییەکی گەورەی رووسیا، بەهانای پاشای گورجستانەوە هات و (دەربەند) و (شەکی) و (گەنجە)ی گرت و گەیشتە (قەرەباغ)، بەڵام بەهۆی مەرگی کاترینی دووەمی ئیمپراتۆری رووسیاوە، سوپاکەی رووسیا کشایەوە.

٥- باباخان جیهانسۆز: دواتر- دوای مەرگی ئاغا محەممەد خان، بووە شای ئێران و ناوی خۆی نا: «فەتح عەلی شا».



لەسەر نا و[٦] بانگی شاهێتی راگەیاند و (تاران)[٧]ی کردە پێتەخت... ئەوسا ساڵی ١٧٩٧ز، بەمەبەستی گرتنەوەی (بیلادی)، کە رووسیا گرتبووی، هێرشێکی تری بۆسەر گورجستان دەست پێکردەوە و «شوشی» ئابڵوقەدا و لە گەرمەی ئەم ئابڵوقەدانەدا، شەوی (١٧٩٨/٦/١٨ز)،[٨] سێ پاسەوانی خۆی چوونە چادرەکەیەوە و لە خەودا کوشتیان و تاج و پشتوێن و سندووقی زێڕ و گەوهەرەکانیان برد، کە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕان.

## فەتح عەلی شا
## (١٧٩٨-١٨٣٤ز)

مەرگی ئاغا محەممەد خان هەرا و پشێوییەکی زۆری لەناو سەرانی قاجار و دەرباردا نایەوە و لە ناوخۆیاندا کەوتنە دابەشکردنی سامان و دارایی و دەستکەوت و دروستبوونی دوژمنایەتی و تەنانەت ناشتنی تەرمەکەیشی چەند رۆژێکی خایاند و دوای ئەوەی لە مزگەوتێکی نزیک تاران ناشتیان، ئەوسا دواتر بۆ (نەجەف)یان گواستەوە... لەشکرە بەجێماوەکەیشی بەدەم پاشەکشێ و گەڕانەوەوە بەرەو تاران، لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە کەوتە بەرهێرش و تاڵان.

شەش مانگێک دوای ئەم پاشا گەردانی و ململانێیە، «بابا خان جیهانسوز»ی برازای ئاغا محەممەد خان، کە دواتر ناوی خۆی نا: فەتح عەلی شا[٩]، لە (١٧٩٨/١/١٨ز) دا، بووە شای ئێران، ئەمیش لەسەر پێسپێریی پێشووتری ئاغا محەممەد خان، چوارەمین کوڕی خۆی عەبباس میرزا (١٧٩٨-١٨٣٣ز) کردە جێنشینی خۆی [١٠].

فەتح عەلی شا، کە لە ناو شاهەکانی ئێراندا، بەخاوەنی درێژترین ریش و (١٠٠٠) هەزار ژن ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی وەک ئاغا محەممەد خانی مامی، پیاوێکی ئازا و جەربەزەش نەبووە، بەڵام خەون و بەرنامەی بۆ فراوانخوازیی سنوور و دەسەڵاتی ئێرانی، زۆر زۆر بووە و لای خۆیەوە، خۆی لە ریزی پیاوانی ناوداری ئەو سەردەمەی وەک ناپلیۆن بۆناپارت-یش بەکەمتر نەزانییوە. هەر ئەم خولیایانەیشی، ئێرانی بەرەو جەنگ و داماویی زۆرتر بردووە و سەرنج و چاوتێبڕینی دەوڵەتانی گەورەی وەک ئینگلستان و فەرەنساش بۆ

٦- لەوە دەچێ ئاغا محەممەد خان (٢)جار شاهێتی خۆی راگەیاندبێ. چونکە هەندێ سەرچاوەی تریش دەڵێن یەکەمجار ساڵی (١٧٨٥ز) شاهێتی خۆی راگەیاندووە.

٧- لەکاتی پاشایەتی کەریم خانی زەندا، (شیراز) پێتەختی ئێران بوو.

٨- هەندێ سەرچاوەش دەڵێن" لە (١٧٩٨/٥/١٨ز)دا کوژراوە.

٩- فەتح عەلی شا ١٧٦٨ز - لەدایک بووە.

١٠- لەسەردەمی فەتح عەلی شادا، کاروباری کوردستان بەرەو رووی (محەممەد عەلی میرزا) کرابووەوە و دواتر لە (١٨٢١ز) بەعەبباس میرزا سپێردرا.



فەتح عەلی شا (١٧٩٨-١٨٣٤ز)

سەر ئێران زیاتر بووە، بەتایبەتی دوای درەوشانەوەی ناپلیۆن و دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە.

لەسەردەمی ئەمدا شەڕی (١٨٠٤-١٨١٣ز)ی نێوان ئێران و رووسیا روویداوە، کە سوپای ئێران لە بەرامبەر هێزەکانی رووسیادا تێکشکا و خاکێکی زۆری ئێران کەوتە ژێر چنگی رووسیا و دواییش بەرێککەوتننامەی (گولستان ١٨١٣ز) دوایی پێهێنرا. لە بەرامبەر ئەم زیان و تێکشکانەدا، ئێران پێی وابوو دەتوانێ قەرەبووی بەوە بکاتەوە، کە هەندێ خاکی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بگرێتەوە [١١].

لەمەشدا بەشێک لەو خەونانەی ئێران، قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی دەگرتەوە، بۆیە لەم سەردەمەدا، ئێران زۆر بە بەربلاویی دەستی لە کاروباری ناوخۆی بابان وەردەدا و پێوەندی و دۆستایەتی خۆی لە رێگەی محەمەد عەلی میرزا و لەگەڵ میران و سەرانی باباندا زۆرتر دەکرد.

ئەم دەستێوەردانانەی دەرباری قاجاری، لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان، دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرد، نوێنەرێکی خۆی (عەبدولوەهاب ئەفەندی) لە

١١- نصیری- دکتر محمد رضا- اسناد و مکاتبات تاریخی ایران- قاجاریه-جلد (١)-ص ٢٧ (مقدمه).



(١٨١١/٥/٢٢) دا، بگەیەنێتە تاران و دیدەنی فەتح علی شا بکات و داوای لێبکات: دەستبەرداری کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان بێ.[١٢]

هەرچەندە ئەوڕەحمان پاشای بابان لەم کاتەدا و بەتایبەتیش لە سەرەتای (١٨٠٠ز) بەدواوە، خەونی گەورەی سەربەخۆیی و فراوانخوازیی قەڵەمڕەوی بابانی لەسەردابووە و لەم پێناوەشدا سەرەڕای ئەوەی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ فەتح عەلی شا و محەمەد عەلی میرزای فرمانڕەوای کرماشاندا بەهێز بووە، بەڵام زۆرجار لە پێناوی ئەم بەرنامانەیدا، سەرپێچیی هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و عوسمانیشی کردووە[١٣]. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی چ سەرانی قاجار و چ سەرانی عوسمانی، لە دژی ئەوڕەحمان پاشا، برا و برازا و خزم و مامەکانی خۆی لێ قوت بکەنەوە و سەرئێشە و گێچەڵی زۆر بۆ ئەوڕەحمان پاشا و میرنشینی بابان دروست بکەن.

بۆ رێگریش لە خەون و فراوانخوازیی میرانی بابان، بەردەوام لای دەرباری قاجارەوە، داوای بارمتە لە ئەوڕەحمان پاشا کراوە و تا خۆی مابوو، مەحموود پاشای کوڕی، ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لە کرماشان لە بارمتەدا بووە، هەر لەوێ لەلایەن فەتح عەلی شاوە، ژنی بۆ خوازراوە و منداڵیشی لەو ژنە بووە. بەڵام دوای مەرگی باوکی لە (١٨١٣ز)دا، گەڕاوەتەوە سلێمانی و بۆتە میری بابان، کەچی وەک نیشانەی ناو بەڵگەنامەکان دەری دەخەن، دەرباری قاجاری، دەستیان بەسەر ژن و کوڕەکەیدا گرتووە و وەک دەستبەسەر و بارمتە گلیان داونەتەوە و چاوەنواڕی ئەوە بوون مەحموود پاشا تکای ناردنەوەیان بکات و لە بەرامبەر تکاکەیدا، داوای شتی تری لێبکەن، بەڵام کە مەحموود پاشا گوێی نەداوەتە ئەم گوشارە و داوای ژن و کوڕەکەی لە دەرباری قاجاری نەکردۆتەوە؛ ئەوسا دەرباری قاجاری نامەی کردۆتە سەر کاربەدەستانی عوسمانی و داوایان لێدەکەن گوشار بۆ مەحموود پاشا ببەن، بەڵکو بارمتەی تر بۆ ئێران بنێرێت[١٤].

جگە لەمەش لە ساڵانی (١٨٢٠ز) بەدواوە، هاوکاریی قاجاری و عوسمانی، لەدژی فراوانخوازییەکانی میری سۆران، لەوپەڕی تەبایی و چالاکیدا بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم (١٨٢٣ز)ی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، کارێکی شێوە ئابڵوقەدان و دەست نانەبینی میرنشینەکانی بابان و سۆران لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ رێگریی بووە لە دەستێوەردانی ئێران، لە کاروباری ناوخۆی

١٢- هەمان سەرچاوە- ص ٢٥ (مقدمە).
١٣- لە دوای مەرگی ئەوڕەحمان پاشا، ئەم خەونە لای (محەمەد پاشای سۆران)ەوە کاری بۆ دەکرا.
١٤- بنواڕە: بەڵگەنامەی ژمارە (١١١).

میرنشینی بابان و عێراقی عەرەبیدا. هەر لە سەردەمی فەتح عەلی شادا، جەنگی (١٨٢٧-١٨٢٨ز)ی نێوان ئێران و رووسیا دووبارە بۆتەوە، کە وەک لەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێ دەوڵەتی قاجار، میرنشینی بابانیشی لەم جەنگە گلاندووە و سوارە و پیادەی کوردیشیان بۆ ئەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی ئێران و سەر سنوورەکانی رووسیا بردووە[١٥]. دیسانەوە لەم جەنگەشدا خاکێکی زۆرتری ئێران کەوتە ژێر چنگی رووسیا، ئەوسا رووسیا بەرێکەوت دوژمنایەتییەکانیانەوە، لە بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردی، لای نالی و سالم و شێخ رەزای تاڵەبانی و هاوڕێکانیاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو رەنگ دەداتەوە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەو بەسەرکردنەوەی تایبەتی لە بارەیەوە نەکراوە.

لە هەندێ نموونەی شیعری ئەم قۆناغەدا، بەئاشکرا لایەنگیریی و پشتیوانیی لە فلانە میر و فیسارە میرنشین و پلار و تەشەری زبر، دژی میر و ناوچە و دیالێکتی زمان، رەنگیان داوەتەوە، کە مخابن لەباتی ئەوەی شاعیرانی ئەم قۆناغە، بانگەوازی یەکێتی و رێکخستنی ریزەکانی کورد بکەنە هەوێن، کەچی زامەکانی براکوژییان قووڵتر کردۆتەوە.

## محەمەد شا

## (١٨٣٥-١٨٤٨)ز

مەرگی فەتح عەلی شا، لە (٢٤/١٠/١٨٣٤ز)دا، ئێرانی کردە ئاژاوە و هەرا و پشێویی و زۆر کەس لە زۆر شوێنی ئێراندا خۆیان بۆ بوونە (شا) ئامادەکرد[١٦]. بەڵام لەم پشێوییەدا: محەمەد شای کوڕی عەبباس میرزا، کە تا ئەوکاتە لە تەورێز دەژیا، بەیاوەریی باڵوێزانی رووسیا و ئینگلستان هێنرایە تاران و لە کانوونی دووەمی ١٨٣٥ز، دا، کرایە شای ئێران.

محەمەد شا پیاوێکی بودەڵە و بێدەسەڵات بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی شای ئێران بوو، بەگوێرەی رێنوێنی حاجی میرزا ئاقاسی بەرێوەدەچوو، کە ئەمیش هەرخۆی پیاوێکی هیچ لەباردا نەبوو بوو.

ئەو رووداوانەی لە سەردەمی شاهێتی محەمەد شادا پێوەندییان بەکوردەوە هەبێ، مەرگی سلێمان پاشای بابان (١٨٣٨ز)و لە جێدانانی ئەحمەد شای کوڕی بوو. هەروەها شەڕی ساڵی (١٨٤٢ز) نێوان عەبدوڵڵا پاشای برازای مەحموود پاشا و والی ئەردەڵان و رێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم (١٨٤٧ز) بوو، کە بووە تەواوکەری رێککەوتننامەی

١٥- بنوارە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤).

١٦- چونکە (عەبباس میرزا)ی کوڕ و جێنشینی خۆی، ساڵێک بەر لە مەرگی باوکی، لە (١٨٣٣ز)دا مرد.



یەکەمی ئەرزەڕۆم و مایەی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی.

محەمەد شای قاجاریش لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٨ز، دا مرد...[١٧]



محەمەد شا (١٨٣٥-١٨٤٨)ز

١٧- بەڵگەنامەکانی ئەم بەشەی ئەم کتێبە، تا سەردەمی (محەمەد شای قاجار) دواییان دێت. بەڵام شاهەکانی قاجار لێرەدا دواییان نەهاتووە، بەڵکو دوای محەمەد شا، ناسرەدین شای کوڕی دەبێتە شا (١٨٤٨-١٨٩٦ز)، دوای ئەویش موزەفەرەدین شا (١٨٩٦-١٩٠٦ز) و محەمەد عەلی شا (١٩٠٦-١٩٠٩ز) و ئەحمەد شا (١٩٠٩-١٩٢٤ز)؛ کە بە هەموو شاهەکانی قاجار، ماوەی (١٣٤) ساڵ و (٤) مانگ حوکمڕانیی ئێرانیان کردووە. دوای ئەوانیش شاهێتی بنەماڵەی (پەهلەوی- رەزا شا) دەست پێدەکات.

## بەشی دووەم

# میرنشینی ئەردەڵان

ئەگەر داروباری سیاسی کورد (بەشێوەیەکی گشتی و لەبەرچەندان هۆ) دەرفەتی نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکانی کوردی، بەپچڕپچڕ و کەمێک تەماوی رەخساندبێ؛ بەڵام سەرباری ئەمەش، مێژووی زنجیرەی بنەماڵەی میران و فرمانڕەوایانی ئەردەڵانی، لەچاو مێژووی میرنشینەکانی تری کورددا، مێژوویەکی ئاشکرا و نووسراو و لەیەک نەپساوی هەیە... هۆیەکەشی ئەوەیە کە میرەکانی ئەردەڵان، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوە، مێژوونووسانیان بەنووسینەوەی مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵان راسپاردووە[1] و دوای تێکچوونی میرنشینەکەش، مێژوونووسانی ئەردەڵان و مێژوونووسانی تریش، مێژووی ئەردەڵانیان سەرلەبەر بەسەریەکەوە نووسیوەتەوە.

بەگوێرەی زۆربەی ئەو مێژووانەی لەسەر زنجیرەی میران و فرمانڕەوایانی ئەردەڵانیان نووسیوە و بەتایبەتیش بەگوێرەی میر شەرەفخانی بەدلیسی؛ سەر هەڵقەی ئەم زنجیرەیە

١- وەک دەردەکەوێ خەسرەو خانی گەورەی والی ئەردەڵان (؟-١٧٩١ز) هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە، کە: قازی محەمەد مەلا شەریفی ئەردەڵانی بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان راسپاردبێت و ئەویش مێژوویەکی بە ناوی (زبدة التواريخ) نووسیوەتەوە. دوای ئەویش: محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی، لەسەر داوای ئەمانوڵڵاخانی گەورەی والی ئەردەڵان (١٧٧٥-١٨٢٤ز) راسپێردراوە و ئەمیش مێژوویەکی بەشێوەیەک نووسیوە، کە وەک تەواوکەری مێژووەکەی شەرەفخانی بەدلیسی وایە. واتە لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە (شەرەفنامە) دوایی دێت (١٠٠٥ کۆچی- ١٥٩٦ز) و ئەمیش تا سەردەمەکەی خۆی (١٢٢٥ کۆچی- ١٨١٠ز) تەواوی کردووە و بەم بۆنەیەشەوە ناوی ناوە: (ذيل شرفنامە)، واتە: پاشکۆی شەرەفنامە. دوای ئەمانیش، مێژوونووسانی وەک: خوسرەو بەگی بەنی ئەردەڵانی، مەستوورە، عەبدولقادر رۆستەم بابانی، عەلی ئەکبەر وەقائیع نیگاری کوردستانی و میرزا شوکروڵڵای سنەندەجی: (لب تواريخ)، (تأريخ اردلان)، (حديقە ناصری)، (تحفە ناصری) و .. یان نووسیوە.



دەبەنەوە سەر میرێک، بە ناوی: بابا ئەردەڵان، یان قوباد ئەردەڵ[2] و بەڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر بنەماڵەی (ئەحمەد مەروانی- نەسرولدەولە)ی فرمانڕەوای دیاربەکر، کە دوای لەبەریەک هەڵوەشانی ئەم فرمانڕەوایەتییە، لە سەدەی پێنجی کۆچیدا (١١٠٠ز)، یەکێک لە شازادەکانی ئەم میرایەتییە (گومان دەکرێت هەر قوباد ئەردەڵ بێت)، لە دیاربەکرەوە بەرەو (شام)و دواتر بەرەو (شارەزوور) کۆچ دەکات و ماوەیەک دوای ئەوەی لێوەشاوەیی دەنوێنێ، فرمانڕەوایەتی ویلایەتی (کوردستان)ی پێ سپێردراوە و لە قەڵای (زەڵم)ی شارەزووردا، قەڵا و قایمکاریی دامەزراندووە (٥٦٤کۆچی-١١٦٨ز)و کردوویەتی بەناوەندی دەسەڵات و فرمانڕەوایی خۆی و ماوەی (٤٢) ساڵ، ئەم قەڵەمڕەوەی خۆی بەباشی بەڕێوەبردووە.

دوای مەرگی (بابا ئەردەڵان)یش، نەوەکانی خۆی بەرودوا حوکمیان گرتۆتە دەست، بەڵام بەتێپەڕبوونی رۆژگار و لە ئەنجامی ئەوەدا کە هەڵکەوتی جیۆپۆلێتیکی ناوچەکەیان، یارمەتی پاراستن و پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی پێنەداون و تێکەڵ شەڕ و ململانێی خوێناوی کردوون، بۆیە لە ماوەی نزیکەی (١٥٠) ساڵێکدا ناچاربوون (٤) جار مەڵبەندی دەسەڵات و پێتەختیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جێگەگۆڕکێ پێبکەن... بەم جۆرە ناوەندی دەسەڵاتیان لە (قەڵای زەڵم)ەوە بۆ قەڵای (مەریوان) گواستۆتەوە (٩٦٩ کۆچی-١٥٦١ز)... دواتریش لە مەریوانەوە بۆ قەڵای (پڵنگان)و دوای ئەمیش بۆ (حەسەن ئاوا)و دوایین جاریش لە ساڵی (١٦٣٦ز)دا، شاری (سنە)ی ئێستایان دروستکرد و بەیەکجاریی و تا تێکچوونی میرنشینەکەیان، واتە: تا سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کردیانە پێتەخت و هەرلەوێدا مانەوە[3].

ئەگەرچی هەڵکەوتی جیۆپۆلێتیکی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان، شێوە نزیکایەتییەکی لەگەڵ قەڵەمڕەوی (بابان) بووەو لە ماوەی حوکمڕانیی میرەکانی ئەردەڵاندا تووشی گەلێ شەڕ و کێشەی گەورە و خوێناوی بوون؛ بەڵام بەدرێژایی چەند سەدەیەک، لە زۆر لایەنی:

٢- لەناو ئەو مێژوونووسانەدا بە تەنیا (مەستوورەی کوردستانی- ماهشەرەفخانم) بنەچەی میرنشینی ئەردەڵان بۆسەر بنەچەی (ئەردەشێری بابەکان) دەباتەوە. کە دیارە ئەمەیشی لەو بڕوایەوە هێناوە گوایە زنجیرەی دەسەڵاتدارانی (ساسانی) لە کوردانی (شوانکار)ەن. (مێژووی ئەردەڵان- ل ١٤).

٣- مێژوونووسەکانی ئەردەڵان دەڵێن نیاز لە رووخاندنی قەڵای زەڵم، حەسەناوا، پڵنگان ئەوە بووە، کە ئیتر هیچکام لەمیرەکانی ئەردەڵان نەتوانن لەکاتی سەرپێچی و یاخیبووندا لە پاشاکانی ئێران، خۆیانی تێدا قایم بکەن.. رەنگە ئەمە هۆیەک بێت، بەڵام هۆی لەمە گرنگتر ئەوەبووە: میرەکانی ئەردەڵان ویستوویانە بنکەی ئەمارەتەکەیان لە سنووری دەسەڵاتی عوسمانی و دەستدرێژییەکانی پاشەڕۆژی دوور بخەنەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی: شارەزوور، شارباژێڕ، قەرەداخ لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەماندا نەما و کەوتە سنووری عوسمانییەوە، ئیتر ئەم قەڵایانە هەموو کەوتبوونە سەر سنوور و بەئاسانی لەشکری دوژمن دەگەیشتە سەریان (لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵان دا- ل ٦٦).

کۆمەڵایەتی ئابووری، سیاسی... یەوە لەچاو (بۆ نموونە) میرانی باباندا، ناوچەکەیان پارێزراوتر و ئارامتر و گەشەکردووتر بووە. چونکە:

١- میرنشینی بابان زۆرجار لەگەڵ ناوەندی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیدا بەشەڕ هاتوون.

٢- میرنشینی ئەردەڵان بەلای زۆرەوە هەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا بەشەڕ هاتوون و لە مەشدا هەڵکەوتی ناوچەکەیان، ئەوەندەی ناوچەی میرنشینی بابان نەدەکەوتە سەرەڕێی لەشکرکێشیی شەڕ و بەیەکدا هەڵپژان.

٣- ئەو شەڕ و شاڵاوەی کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠٢-١٧٣٦ز)ی شیعە مەزهەبەوە، بۆ سەر ناوچەکانی سوننی مەزهەب و دەوڵەتی عوسمانی دەکران و لەمەشدا زۆربەی کوردانی خۆرئاوای ئێران و قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیشی دەگرتەوە و زیانی زۆری سەروماڵ؛ لە کوردانی سوننی مەزهەب دەکەوت... بەڵام دواتر و بەتێپەڕبوونی رۆژگار، لە سەردەمی شا عەبباس (١٥٨٧ک-١٦٢٩ز) بەدواوە، هەندێ لە میران و سەرانی ئەردەڵان[٤]، بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی سەفەوی و دواتریش بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی قاجار، خۆیان و هەندێ لە دەستوپێوەندیان دەبوونە شیعە مەزهەب و هەندێ جاریش ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ بنەماڵەکانی هەردوو دەرباردا دەکرد و بەمەش خۆیان لە شەڕی یەکێک لەو دوو دەوڵەتە (واتە: لە دەوڵەتی ئێران) دەپاراست و لەم بارەشدا (دەوڵەتی عوسمانی)، کەمتر توانا و دەرفەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوەی لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی ئەردەڵاندا بۆ دەمایەوە... ئەم نەریتەش وردە وردە و بەکاوەخۆ، گرژیی نێوان دەوڵەتی ناوەندی ئێران و میرنشینی ئەردەڵانی خاو دەکردەوە و لێرەوە: راگرتن، یان تێکچوونی ئارام و ئاسایشی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان (زۆرتر) پابەند دەبوو بەهەڵومەرجی شەڕ و ئاشتی خودی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانەوە، چ لە ناوخۆ، لەسەر دەسەڵات، یان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و رووسیادا، نەک شتی تر.

بۆیە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، لەلایەن میران و سەرانی ئەردەڵانەوە، بووە نەریتێکی چاولێکەریی بۆ (زۆربەی) میرانی ئەردەڵان و بەدرێژایی ئاڵوگۆڕەکانی دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی ناوەندی ئێران، میرانی ئەردەڵان بەرەزامەندیی شاهەکانی ئێران دادەنران و لادەبران؛ تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت، لەگەڵ کەریم خانی زەندا نێوانیان باش نەبووە، کە دواتر ئەوەشیان چارەسەر کردووە.

٤- بەتایبەتیش لە (خان ئەحمەد خان- ١٦١٦-١٦٣٦ز)ی کوڕی هەڵۆخان، کوڕی سوڵتان عەلی بەگەوە ، ئیتر میرەکانی ئەردەڵان، مەزهەبی شیعەیان کردە نەریت.



## ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان

## (١٧٧٥-١٨٢٤ز)

ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان (ئەمانوڵڵاخانی گەورە)، کوڕی خەسرەو خانی گەورە، کوڕی ئەحمەد خانی سێیەمی ئەردەڵانە، کە پشتاوپشت هەر میر و دەسەڵاتداری ئەردەڵان بوون. بەڵام ئەمانوڵڵاخان لە سەرلەبەری فرمانڕەوایانی پێشووتری ئەردەڵان دەوڵەمەندتر بووە، کە ئەم سامانەی لەڕێگەی زەبروزەنگ و رووتاندنەوە و چاوچنۆکیی و داگیرکردنی موڵکی دانیشتوانی قەڵەمڕەوەکەیەوە کەڵەکە کردووە.

مێژوونووسانی ئەردەڵان بەشێوەیەکی سەیر باسی دارایی و سامانی دەکەن. سەرباری سامانەکەیشی، پیاوێکی توندوتیژ و دڵڕەق و بێ بەزەیی بووە... بەزەیی بەدانیشتوانی ژێر دەستی خۆی و خزم و کەسوکار و تەنانەت بەکوڕەکانی خۆیشیدا نەهاتۆتەوە.

گەڕیدەکانی وەک (جان مالکۆلم، ١٧٦٩-١٨٣٢ز)و (کلودیوس جێمس ریچ، ١٧٨٧-١٨٢١ز) سەردانیان کردووە و زۆر سەیر و سەمەرە باسی دڵڕەقیی و چاوچنۆکیی و لە هەمان کاتیشدا باسی ئارەزووی بۆ ژیانی نوێ و ئاوەدانیی و دروستکردنی بازاڕ و قەیسەری و حەمام و بیناسازیی و پرد و رێگە و بان و باخ و سەیرانگەو ئاوەدانکردنەوەی دەکەن. بۆیە لە سەردەمی ئەمدا میرنشینی ئەردەڵان، گەشانەوەیەکی فرەلایەنی بەخۆیەوە دیوە. ئەو کاتەی «ریچ» سەردانی کردووە (١٨٢٠ز)، لە گەرمەی دروستکردنی کۆشک و سەرا و باخە جوانەکانی سنەدا بووە، کە هەندێکیشیان هێشتا ماون و بەناوبانگترینیان ئەمانەن: تەلاری دڵگوشا، تەلاری گوڵستان (کە وێنەی رەنگاوڕەنگی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، لەسەر دیوارەکانی کێشرابوون)، مزگەوتی دارولئیحسان، کە لە ماوەیەکی کەمدا بووە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواریی. هەروەها کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە، کە لە رێگەی ئەم کتێبخانەیەوە، کتێبی وەک: «ذیل شرفنامە»و خودی «شەرەفنامە»ش، بە «مالکۆلم» و «ریچ» گەیشتوون. گوایە هەر خۆیشی ئارەزووی لە ئەدەب و شیعر نووسین هەبووە.

ئەمانوڵڵاخان چەندین ژنی هەبووە، کە یەکێک لەو ژنانەی: «سەروناز خانم»، پێشتر ژنی «فەتح عەلی شای قاجار» بووە و بەدیاریی بەئەمانوڵڵاخانی بەخشیوە. لەم چەند ژنەی، چەندین کوڕی لێیان هەبووە؛ لەوانە: محەمەد حەسەن خان، خەسرەو خان (مێردی مەستوورەی مێژوونووس)، عەبباس قولیخان، حسێن قولیخان (ی شاعیر و ناسراو بە: حاوی)، ئەبولفەتح خان.

بەگوێرەی قسەی «ریچ»، ئەمانوڵڵاخان لە ئێراندا خاوەنی دەسەڵاتی گەورە بووە و قسەی لای فەتح عەلی شا نەگەڕاوەتە دواوە.



ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان(*)
(١٧٧٥-١٨٢٤ز)

کۆنترین، یان یەکەمین بەڵگەنامەی ناو ئەم چەپکە بەڵگەنامەیە، تایبەتە بە ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵانەوە، کە وەک دیارە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی شاهێتی فەتح عەلی شای قاجاردا نووسرابێ.

ئەم بەڵگەنامەیە (کە لە شێوەی نامەدایە)، وێنەی دووەمی فرماننامەیەکە، کە پێشتر لە خودی فەتح عەلی شاوە، بۆ دانانی ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان، بەوالی ئەردەڵان نووسراوە و وێنەی فرمانەکەی بۆ ئاگاداریی، بۆ «سلێمان پاشا»ی والی بەغداد نووسیوە، تا بەگوێرەی ئەوەی سنووری کار و قەڵەمڕەوی والی بەغداد، لەگەڵ قەڵەمڕەوی والی ئەردەڵان هاوسنوورن، هاوکاری کاروبارەکانی ئەمانوڵلاخان بکات.

وەک پێشتریش زانیمان «ئەوکاتەی دەمگۆی هاتنی «محەمەد حەسەن خانی قاجار»ی باوکی ئاغا محەمەد خان، لە ئەستەرابادی مازندەرانەوە تا موغانی ئازەربایجان بەرزبووەوە، خەسرەوخانی باوکی ئەمانوڵلاخان، لە قەزوینەوە لەگەڵ چەند هاودەمێکی خۆیدا، لە موغان چووە دیدەنی محەمەد حەسەن خانی قاجار و دوای ماوەیەک محەمەد حەسەن خان، خەڵات و والێتی ئەردەڵانی بەخەسرەوخان بەخشی و رەوانەی کوردستانی کردەوە (١١٦٨-١٧٥٤ز)[٥].

(*) ئەم وێنەیەم لەم کتێبە فارسییەوە وەرگرتووە: سرنوشت درگذشت زمان، نووسینی: عبدالخالق اردلان، چاپ اول، تهران ١٣٥٨ی هەتاوی ١٩٧٩ز

٥- علی اکبر وقائع نگار کردستانی- حدیقه ناصریه در جغرافیا و تاریخ کردستان- به تصحیح محمد رئوف توکلی- چاپ اول- تهران ١٣٦٤ش.



خەسرەوخان کاتێ ئەم دیدەنییەی محەمەد حەسەن خانی قاجاری کرد، کە هێشتا ململانێی دەسەڵات لە نێوان کەریم خانی زەند و دوژمنەکانیدا (کە یەکێکیان محەمەد حەسەن خانی قاجار بوو)، بەلایەکدا نەکەوتبوو... بۆیە ئەم هەڵوێستەی خەسرەوخان بووە مایەی پێزانینی بنەماڵەی فرمانڕەوای قاجار و تا محەمەد حەسەن خان لە ژیاندابوو، چەند جارێکی تریش نامە و دیاری لە نێوانیاندا گۆڕدراوەتەوە.

لە دواتریشدا، کە ئاغا محەمەدخانی قاجار، دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست و ساڵی (١٧٩٨ز) ئابڵوقەی (شوشی)ی دابوو، ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان لەگەڵ ئەو (٥٠٠) سوارە کوردەی ئەردەڵاندا بوو، کە بەسەرکردایەتی حەسەن عەلیخانی والی ئەردەڵان، بۆ یارمەتیدانی ئاغا محەمەد خان لە کوردستانەوە چووبوون و دوای کوژرانی ئاغا محەمەد خان، بۆ کوردستان گەڕانەوە[٦].

کە دوای کوژرانی ئاغا محەمەد خان، فەتح عەلی شا لە سەرەتای (١٧٩٨ز)دا، بووە شای ئێران، ئەم پیاوەتی و دۆستایەتییە دێرینەیەی بنەماڵەی ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵانی لەبەرچاو بوو، بۆیە لە دوای ئەو چەند مانگەی کە ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان، لە کوردستانەوە بۆ دیدەنی فەتح عەلی شا، بۆ تاران چووبوو، لە مانگی (صەفەری ١٢١٤ کۆچی، ١٧٩٩ز)دا، فرمانی والێتی ئەردەڵانی پێبەخشی و[٧] رەوانەی کوردستانی کردەوە و دواتر وێنەی فرمانەکەی، لە نموونەی ئەم نامەیەدا بۆ «سلێمان پاشای والی بەغداد» نووسی:

٦- بابا مردوخ روحانی- تاریخ مشاهیر کرد- انتشارات سروش- تهران ١٣٧١ش- جلد(٣)-ص٢٦٩ . هەروەها: مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەڵان- وەرگێڕانی دکتۆر حەسەن جاف و شکور مستەفا- بەغداد ١٩٨٩- ل ١٦٥ . هەروەها: حدیقه ناصری-ص١٧٠ و عبدالقادر رستم بابانی: تاریخ و جغرافیای کردستان- باهتمام محمد رئوف توکلی- تهران چاپ اول ١٣٦٦ش-ص٥٦-٥٧.

٧- هەندێ سەرچاوەی تر، هۆی بەوالیی بوونی ئەمانوڵلاخان ئاوا دەگێڕنەوە: «سوبحان وێردی خان، کە لە والێتی ئەردەڵان خرابوو، هێشتا (٣) مانگیش بوو فەتح عەلی شا ببووە شای ئێران. لە (مانگی ذیحەجەی ١٢١٢ کۆچی ١٧٩٨ز)دا، بڕی (٢٠) هەزار تمەنی بە ئەمانوڵلاخان سپارد، تا وەک پیرۆزبایی و دیاری بۆ فەتح عەلی شای ببات، بەڵکو سوبحان ویردی خان بکات بە والی ئەردەڵان. ئەمانوڵلاخانیش چۆتە تاران و بە هیوای دیداری فەتح عەلی شا، لە ماڵی (میرزا ئەحمەد) میوان بووە، کە لەوکاتەدا مستەوفی دیوان بووە. بەڵام ئەوکاتەی ئەمانوڵلاخان چۆتە تاران، فەتح عەلی شا سەفەری خوراسانی کردووە، بۆیە چاوەنواڕی گەڕانەوەی کردووە. لە ماوەی ئەم چاوەنواڕییەدا میرزا ئەحمەد تەگبیر بۆ ئەمانوڵلاخان دەکات، کە بۆچی ئەو تکایەی بۆ سوبحان وێردی خانی دەکەیت، بۆ خۆتی ناکەیت؟! ئەویش بەگوێی دەکات و دوای (٣) مانگ چاوەنواڕی، لە کاتی پێشکەشکردنی پیرۆزبایی و دیاری (٢٠) هەزار تمەنەکەدا، داوا لە فەتح عەلی شا دەکات بیکاتە والی ئەردەڵان. فەتح عەلی شاش داواکەی جێبەجێ کردووە و کردوویەتی بە والی ئەردەڵان. (حدیقه ناصری - ص١٧١).

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩

بابەت: دامەزرانی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان، بەوالی کوردستان

مێژوو: ١٢١٤ کۆچی،[٨] ١٧٩٩ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی: یەکەم، لاپەڕە: ٢٤

# نامەی فەتح عەلی شا
# بۆ سلێمان پاشای[٩] والی بەغداد

*هو الله تعالی شأنه*

*خاوەنی وەزارەت و گەورەیی، جوامێریی و مێرخاسیی، خاوەن شکۆ، بەشان و باهوو، وەزیری ئاسەفی زانا و ژیر، ئەرستۆی بەڕا و تەگبیر، ئاوێنەی راوەستان و خۆڕاگریی، وێنەی خۆشەویست بوون و دڵگریی، میری مەزنی دارولسەلامی بەغدا، بەهێز و توانا، بەڕێز و دانا، لە یارمەتییەکانی بەرفراوانی خوای تاک و تەنیا... دوای دەربڕینی رای پاکی و چاکیی و تاکییتان، لە دۆستایەتی راستەقینە و جوامێرییدا، بەئاگاداری جەنابتان رادەگا، کە:*

*چونکە مەبەست لە برایەتی و ئەمەکداریی لەحاند یەکتردا، ئەوەیە کە بەناردنی نامەگەلی لێوڕێژ لە دۆستایەتی و خۆشەویستیی، بەدڵێکی پاک و بەمەبەستێکی چاکەوە، لەچۆنێتی داروبار و هەڵسووڕاندنی کاروباری یەکتر ئاگادار بین... بۆیە بەناردنی نامەیەکی دۆستانە، داخوازیی روونکردنەوەی چۆنایەتی دارووبار و چوونە پێشەوەی کاروباری هاوکارمانین و بەپێنووسی ئەمەکداری و برایەتییەوە رایدەگەیەنین، کە:*

*لەم کاتەدا، پایەبەرز و خاوەن شکۆ، سەروەر و پەنادەر، میری میران و پشت و پەنای پاشایانی مەزن: «ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانی» مان بە دەسەڵاتداری ویلایەتی کوردستان و دەوروبەری، دامەزراندووە و*

٨- نامەکە بەهەڵە مێژووی (١٢١٤ کۆچی- ١٨٠٦ز) پێوەبوو. بەڵام بەپێی ئەوە کە مێژوونووسانی ئەردەڵان نووسیویانە، ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان لە مانگی (صەفەری ١٢١٤ کۆچی- ١٧٩٩ز) بۆتە والی ئەردەڵان.

٩- سلێمان پاشا لە (١٧٧٨ تا ١٨٠٢ز) بۆ ماوەی (٢٤) ساڵ والی بەغداد بووە.



*بەسپاردنی ئەو ئەرکە گرنگە، ناوبراومان بە خاوەنی شانازیی و نیعمەت و ناز و رێز و خۆشەبەختیی فەرمووەو بەرەو ئەو شوێنەمان رەوانەکرد.*

*لەبەرئەوەش کە ئەو ناوچانەی بەناوبراو سپێردراون، لەگەڵ هەندێک لە ویلایاتی ژێر دەسەڵاتی جەنابتان لێک نزیک و دراوسێن و هەمیشەش لەنێوان هەردوو لادا، هاتوچۆ و پێوەندی لە ئارادابووە؛ بۆیە داواکارین هەندێ فرمان و جەختکردنەوە و پێداگریی لەسەر شتەکان، بۆ سەر میران و پاشایانی سەر سنوورنشین، ئەمر بفەرموون، تا بەوپەڕی هێمنایەتی و رەزامەندییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن و ساز و تەبابن... چونکە ئەو رەعییەت و ئێل و دانیشتوانەی لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پایەبەرز: ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانی، بۆ مەبەستی کاروکاسبی، هاموشۆی ئەو شوێنانە بکەن، کە بەپێی خووخدەی لەمێژینەی خێڵایەتی و ئێلاتیان، کە ئاران و زۆزان دەکەن، باهەر بەهەمان شێوەی رابردوو، هاتوچۆی خۆیان درێژە پێبدەن و بەپێی بڕیاری سەردەمی شای خوالێخۆشبوو، (گڵکۆ پڕ لە نوور، جێگە بەهەشت، ئالای پێغەمبەر بەدەست)، کە لە نێوان دانیشتوانی هەردوولادا، جووڵانەوە و کردەوەی باش و رەزامەندیی نێوان فرماندەر و بەڕێوەبەر، هەر هەبووە... هەر بەشێوەی رابردووش پێکەوە هەڵسوکەوت و هاموشۆ بکەن و تۆسقاڵێک دڵڕەنجاندن لە ئارادا نەبێ و لە هێڵی رەزامەندیی یەکتر لانەدەن.*

*ئاسایی و سەلمێنراویشە، کە چ لە دژایەتی و چ لە برایەتیدا یەکجار پێویستە، پێوەندیی بەنامە لەیەکتر نووسین و هاتوچۆ و راپرسین، بەوردیی لە چۆنێتی کاروباری یەکتر ئاگاداربین... تەنانەت ئەگە نیازێک، یان کەندو کۆسپێک، کە لە ئارادابێت، چ بەهۆی قەڵەم و چ بەڕاوێژ (کە بەویستی خوای مەزن، ئەم کارەش دەکرێت)، لەسەر رێگە لاببرێ.*

*ئیتر بە پشتیوانی خوا، رۆژانی داهاتووتان بەدڵی خۆتان بێت*[١٠].

١٠- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن، ژمارە: ٥٣ .

# بەشی سێیەم

## میرنشینی بابان

تا ئێستا سەرچاوەی زانراو، کە بۆ یەکەمین جار باسی مێژووی میرایەتی «بابان»ی کردبێت، «شەرەفنامە»یە. شەرەفنامەش لە رۆژگاری پەیدابوونی شائیسماعیلی سەفەوییەوە (١٥٠١-١٥٢٣ز) باسی مێژووی بابان دەکات.

بەم پێیە و بەگوێرەی ئاگاداری شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٤ز)، وا دیارە سەرەتاکانی پەیدابوون و دامەزراندنی میرنشینی بابان، لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوییەوە، شوێنەوارێکی دیار و ئاشکرای نەبوویێت، واتە: لە پێش سەدەی یازدەی زایینییەوە، باسی میرایەتی بابان، لە ناو سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو رۆژگارەدا نییە.

بۆیە ئەوەندەی شەرەفخان ئاگاداریی و زانیاریی سەبارەت بەئەو سەردەمەی میرنشینی بابان هەبوویێت، ئاوای نووسیوە:

«فەرمانڕەوایی بابان، بەزۆری خێڵ و هۆز و لایەنگر و نۆکەری فرەوە، لە ناو فرمانڕەوایانی کوردستاندا ناوبانگی دەرکردووە. بەڵام کە فرمانڕەوایی ئەو زنجیرەیە، وەکو باسی دەکرێ، بەپیر بوداقی بەبەیی و بەبراکەی گەیشت و ئەوانیش بەوەجاخ کوێریی مردن، ئیتر فرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە، دەست تورکەکان کەوت و کەسێک لەناو ئەو بنەماڵەیەدا نەما، کە شیاوی سەرۆکایەتی و هەڵسووڕاندنی کاروباری فرمانڕەوایی بێت»[١].

دیسان هەر شەرەفخان دەڵێت: « لە کاتی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سەفەوییدا، میر

١- شرفنامە- تهران ١٣٤٣ش- ص٣٦٢-٣٦٣ .



بوداقی کوڕی میر ئەبداڵ مەزنی بابان بوو. قەڵەمڕەوەکەی لە کەرکووکەوە تا شارباژێڕی دەگرتەوە. لاجان-ی لە ئێلی زەرزا و سێویی لە میرنشینی سۆران و شارباژێڕی لە میرنشینی ئەردەڵان و سندوس-ی لە قزڵباش سەندەوە. چەند کەسێکی لە دەوروبەری خۆی، بەمیر سنجاق داناوە»[٢].

بەڵام نزیکەی (٧٠) ساڵێک دوای شەرەفخان، نووسەرێکی تری کورد، کە خەڵکی مەریوان بووە، بەناوی (سەیید عەبدولسەمەدی تووداری)ی، لە ساڵی (١٠٩٩ کۆچی، ١٦٨٦ز) کتێبێکی بەناوی «نور الانوار» نووسیوە[٣]و تیایدا لە دوو جێگەدا (پچڕپچڕ)، ئەم دوو هەواڵەی دەربارەی میرانی بابان نووسیوە:

١- یەکێکیان لە قەواڵەیەکی کۆندا بەرچاو کەوتووە، کە: «ساڵی ٦٧٥ کۆچی، ١٢٧٦ز) مۆرکراوە. لەم قەواڵەیەدا ناوی (میرخالیدی کوڕی ئەحمەدی بابانی) هاتووە[٤].

٢- ئەویتریانی لە کتێبێکی ترەوە بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوە، کە ئاوا باسی میرێکی تری بابانی (میر هەمزە) کراوە:

(لە: **تذكرة الاجناد في محاربة الاتراك والاكراد**)دا دەڵێ: «میر هەمزەی بابانی» ڕاپەڕی بۆ جەنگ و دیاربەکر و حەڵەبی گرت و تورک و عەرەب لەگەڵیدا کەوتنە جەنگ. حەمدون بەگ سەرلەشکری میر هەمزە بوو، پارەیەکی زۆری وەرگرت و شەڕی وەستاند و لەشکرەکەی بەدەستەوەدا. میر هەمزە لەگەڵ (١٢) کەسدا بۆ مەریوان هەڵهات و لەسەر کێوی (سەرقولە)، کە ئێستا پێی دەڵێن (ئیمام)، جێیی بۆ خۆی دروستکرد و کەوتە لە شکر کۆکردنەوە، لەنێوان شوورە و قەڵاتەکاندا سەنگەری بۆ خۆی هەڵکەند و... پاش دوو ساڵ بەلەشکرە تازەکەیەوە کەوتە شەڕ و تا بەعقووبە چوو. بەڵام لەوێ بەدەرمان خواردیی شەهیدیان کرد»[٥].

ئەوەی لە دووتوێی ئەم هەواڵانەی «سەیید عەبدولسەمەدی تووداری»یدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە:

١- زانیاریی سەبارەت بەمیرنشینی بابان و ناوی میرانی بابان، لە نزیکەی (٢٥٠) ساڵ بەر لە شەرەفخانەوە باسیان هاتووە.

٢- شرفنامە- تهران ١٣٤٣ش- ص٣٦٢-٣٦٣ .
٣- محەمەدی مەلا کەریم هەندێ باسی هەڵبژاردەی ئەم کتێبەی بەناوی: چەمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان لە فارسییەوە کردۆتە کوردی و ساڵی (١٩٧٠) لە بەغداد چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
٤- سەرچاوەی ناوبراو- ل ١٤-١٥ .
٥- سەرچاوەی ناوبراو- ل ٤٣ .

٢- مەڵبەند و سنووری دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی میرنشینی بابانی دەستنیشان نەکردووە.

ئیتر لە دوای ئەم دوو سەرچاوەیە، زانیاریی تر دەربارەی میرنشینی بابان، لە هیچ سەرچاوەیەکی تری مێژووییدا بەرچاو ناکەوێتەوە؛ تاساڵی (١٨٢٠ز) کە لە بەهار و هاوینی ئەو ساڵەدا: کلودیوس جێمس ریچ (١٧٨٧-١٨٢١ز)ی بەریتانیایی و نوێنەری کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات، سەردانی کوردستان دەکات.

ریچ لەم سەردانەیدا، بەدەم ئەو گەشتە درێژەیەوە کە بۆ قەڵەمڕەوی بابان و ئەردەڵانی کردووە و میر و گەورە پیاوانی کوردی دیوە و بەتێروتەسەلی ئاخاوتنی لەگەڵ کردوون؛ ڕۆژانەش بیرەوەری و سەرنجی وردی خۆی لەسەر ژیانی هەمەلایەنەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و جوگرافی کوردستان یادداشت کردووەو دواتریش ئەم بیرەوەرییانەی کردۆتە کتێبێک[٦].

ریچ لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژی (٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ز) خۆیدا نووسیویێتی:

«ئەمڕۆ لەگەڵ مەحموود پاشای باباندا، کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بەجەرگی خۆمدا نا و سەرسامیی خۆمم بۆ باسکرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی لە مێژووی بنەماڵەکەیان نییە!... ئەویش بەنەزاکەت و سەنگینییەوە پێمی وت: ئەو مێژووە شایستەی نووسینەوە نییە، چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدارە.

منیش پێم وت: بەڵام بنەماڵەکەیان مێژوویەکی دووریان هەیە و شەرەفمەندن.

وتی: بنەماڵەکەیان زۆر کۆن نییە و ئەندامانی بنەماڵەکەیشیان تەنیا سەدەیەک دەبێ بوونەتە میر و سەردار.

دوای ئەوەش وتی: جگە لە مێژووی پێغەمبەران و پیاوچاکان، ئەوەندەی بتوانم لە ڕۆژگار و گوزەرانیان بزانم، ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم. لە (شانامە)ش زیاتر، شتێکی لێ ناخوێنمەوە»[٧].

وەک لە دووتوێی هەواڵەکانی «شەرەفنامە» و ئاخاوتنەکانی «ریچ» و «مەحموود پاشا»ی بابان دا دەردەکەوێ:

٦- ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٣٦ دا، لە لایەن هاوسەرەکەیەوە لە ئینگلستان لە چاپدراوە.. سەد ساڵیش دوای نووسینی؛ واتە لە (١٩٢٠)دا هەفتەنامەی «پێشکەوتن» لە ژمارە ١٩ بەدواوە، بەزنجیرە چەند بەشێکی بەناونیشانی (سەد ساڵ لەمەوپێش) بڵاوکردۆتەوە. ناجی عەبباس-یش چەند بەشێکی بەناونیشانی: «گەشتی کلودیوس ریچ بۆ کوردستان» لێ وەرگێڕاوە و لە گۆڤاری «گەلاوێژ»ی مانگەکانی ئاب و تشرینی دووەمی ١٩٤٧ دا بڵاوی کردۆتەوە.. بەهائەدین نووری-یش سەرجەمی گەشتەکەی کردۆتە عەرەبی و بە ناوی «رحلة ریچ الي العراق» لە ساڵی ١٩٥١ لە بەغداد چاپی کردووە. محەمەد حەمە باقی-یش ئەم گەشتەی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی و ساڵی ١٩٩٢ لە تەورێز چاپی کردووە.

٧- گەشتی ریچ بۆ کوردستان- ل ٣٠٦ .



١- میرایەتی بابان لە سەدەی دەیەمی کۆچییەوە، هەم وەکو ناوی ئێل بۆ هەندێ لەو تیرەو هۆزانەی لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووک و ڕووباری سیروان و هەم وەکو ناوی هەندێ لەو شوێنانە بەکارهێنراوە، کە کەوتبوونە ئەم ناوچەیەوە، وەکو: پشدەر، مەرگە، سورداش، سەرچنار، شاربازێڕ، شارەزوور، قەرەداخ.

٢- مێژووی میرایەتی بابان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، تا کۆتایی پێهاتنی، مێژوویەکی لەیەک نەپساوی نووسراوی نییە.

٣- زنجیرەی بنەماڵەی دەسەڵاتداریی بابان، بەهۆی وەجاخ کوێریی و کوژران و لێخران و لە سۆنگەی نەزانراوی ترەوە، چەند جار گۆڕاوە و نوێ بۆتەوە[٨].

***

«قۆناغی نوێی بووژانەوەی ئەمارەتی بابان، لە نیوەی دووەمی سەدەی یازدەهەمی کۆچییەوە (١٦٥٠ز) دەست پێدەکاتەوە، کاتێک فەقێ ئەحمەدی خەڵکی دارەشمانە، لە ئێلی نوورەدینی لە ناوچەی پشدەر (ناوچەی قەڵادزەی ئێستا) بنەماڵەی دەسەڵاتداری بابانی دامەزراند»[٩].

«ریچ» هەر لەو سەردانەیدا بۆ شاری سلێمانی، لە بیرەوەری ڕۆژی (١٠ی ئایاری ١٨٢٠ز)دا، لە زمانی مەحموود پاشای بابانەوە مێژووی قۆناغی نوێی ئەم بنەماڵەیە ئاوا دەگێڕێتەوە: «... ناوی هۆزەکەی لە نەژادا (کرمانج)ە. بەڵام وشەی (بەبە) نازناوی بنەماڵەکەیانە و ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە، سەرداری پشتاو پشتی ئەو خێڵەن. لەبەرئەوە ئێستا هەموو ئەو ناوچانەی تیایدا دانیشتوون و دانیشتووانی ناوچەکەش پێکەوە، بەحکومەتی (بەبە)، یان (بابان) ناودەبرێ. هۆزەکەش لە بنەچەدا لە پشدەر، لە شاخەکانی باکووری نزیک (سێ کەنە)ی سەر سنووری ئێران دروست بووە...

مەحموود پاشا لەسەری دەڕوا و دەڵێ: لە کاتی شەڕی نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا، یەکێک لە باپیرەکانی، خزمەتێکی باشی سوڵتانێکی عوسمانی کردووە. لەبەرامبەر ئەم چاکەیەدا بەوە خەڵاتکراوە، کە فرمانداریێتی هەموو ئەو ناوچانە بکات، کە بەشەڕ لە ئێرانی داگیر کردبوو. بەمجۆرە وردە وردە خۆی و ئەوانەی لەدوای خۆی هاتن، توانیویانە دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن، کە ئێستا بەدەستیانەوەیە. ئەو ناوچانەش کە لەو ساوە لە ئێرانییەکانی سەندۆتەوە... ئیتر هەموو ئەو ناوچانەش کەوتنە ژێر

٨- نەوشیروان مستەفا: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا- چاپی دووەم- سلێمانی ١٩٩٨- چاپەمەنی خاک- ل ٣٦ .

٩- هەمان سەرچاوە. ل ٤٥ .

دەسەڵاتی بابانەکان؛ یان (بەبە) و بەفرمانداریێتی شارەزووریان سپارد، کە پایتەختەکەی کەرکووک بووە... بەڵام لەم گێڕانەوەیەدا نەیتوانی مێژووی هیچ رووداوێکیانم بۆ دەستنیشان بکات؛ هەر ئەوەندە نەبێ وتی: باپیرانی ئەم، ماوەیەکی دوورودرێژ، سەرداری وڵات بوون و نزیکەی سەد ساڵێک لەمەوبەر، فرمانداریێتی دوو ناوچەیان درایە»(١٠).

بێگومان مەبەستی مەحموود پاشای بابان، لەو سەد ساڵەی پێش خۆی، هەر ئەو قۆناغەیە، کە «سلێمان بەبە»، یان «بابا سلێمان»، لە دواچارەکی سەدەی یازدەمی کۆچی، ١٦٦٥ز-دا، کەوتە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دەستگرتنەوە بەسەر موڵکی باباندا. ئیتر لەو کاتەوە کوڕ و نەوەکانی، میرایەتی بابانیان گرتە دەست... بنکەی قەڵەمڕەوی بابان لە سەرەتادا «دارەشمانە» بوو، کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی: قەڵادزە، سەردەشتی ئێستاوە. وەکو دەڵێن ماوەیەکیش لە «ماوەت» و ئینجا لە «قەڵاچوالان» بوویێت(١١) و دواتر و بۆ ئێجگارییی، ناوەند و پێتەختی قەڵەمڕەوەکەیان لە ساڵی ١٧٨٤ز، دا هێنایە «سلێمانی»ی ئێستا.

***

ئەوکاتەی «ریچ» سەردانی میرنشینی بابانی کردووە، ناکۆکی و ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، لەسەر کێشەکانی دەستوەردانە کاروباری ناوخۆی یەکتر و بەنیازی فراوانخوازیی هەر یەکەیان لەسەر حسابی ئەویتر، گەیشتۆتە قۆناغێکی ترسناک و بەو هۆیەشەوە کە جوگرافیا و قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان دەکەوتە نێوان سنووری ئەم دوو دەوڵەتەوە؛ بۆیە میران و میرایەتی بابانیش دەبێتە بابەت و کەرەسەیەکی لەبار، بۆ مەبەست و بەرژەوەندییە جیاجیاکانی هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە؛ کەبەم هۆیەوە، هەڵوێست گۆڕین و هەڵسوکەوتی میرانی بابان و نزیکبوونەوە و دوور کەوتنەوەیان لەم دوو دەوڵەتە؛ بۆتە مایەی کێشە و گیروگرفت و نامەی رەسمیی گۆڕینەوە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا؛ کە ئیتر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، ناوی میرایەتی و میرانی بابان لە هەندێ نامەی رەسمیی قاجاری و عوسمانیدا دێتە ناوناوان و مەبەستی ئێمەش لەم تەقەللایەدا بەسەرکردنەوەی ئەو نامەو بەڵگەنامانەن، کە لەبارەی میران و میرنشینی بابانەوەن و لە ئەرشیفی قاجاریدا پارێزراون.

١٠- ریچ - ل ١٠٢ .
١١- میرایەتی بابان لە نێوان.. ل ٤٦ .



### ١- ئەوڕەحمان پاشای بابان

لە دووتوێی بەڵگەنامە رەسمیی و سەرەکییەکانی نێوان قاجاری و عوسمانیدا، یەکەمین ناوی میری بابانی، کە بەرچاو دەکەوێ ناوی ئەوڕەحمان پاشای بابانە.

ئەوڕەحمان پاشا (٥) ساڵ دوای ئەوەی شاری سلێمانی دروستکراوە؛ واتە: لە ١٧٨٩ز، دا، لەلایەن والی بەغداد (سلێمان پاشای گەورە، ١٧٧٨-١٨٠٢ز)، لە جێگەی ئیبراهیم پاشای ئامۆزای، بەپلەی «پاشا» دانرا و ناوچەکانی بابان و کۆیە و هەریر-یشی پێ سپێردرا(١٢).

### ئەوڕەحمان پاشا کێیە؟!

ئەوڕەحمان پاشا، کوڕی مەحموود پاشای کوڕی خالید پاشا کوڕی بەکر بەگ، کوڕی سلێمان بەگە، کە ئەمیش نەوەی فەقێ ئەحمەدی دامەزرێنەری قۆناغی نوێی زنجیرەی بنەماڵەی میرانی بابانە.

ئەگەرچی ئەوڕەحمان پاشا بەو بۆنەیەوە کە بەسروشت مرۆڤێکی سەرکەش و ئازادیخوازبووە و ئەمەش بۆی بۆتە مایەی ئەوەی قەڵەمڕەوی بابان، لە سەردەمی فرمانڕەوایی ئەودا گێچەڵی زۆری پێ بکەن و شەڕ و رووداوی زۆر سەخت و خوێناوی لە ناوچەی باباندا رووبدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەهۆی لێهاتوویی ئەوڕەحمان پاشاوە، سەردەمەکەی لە ناو زنجیرەی میرەکانی باباندا، بەدرەوشاوەترین سەردەمی گەشانەوەی میرنشینی بابان لەقەڵەم دەدرێت. چونکە سەرەڕای ئەوەی سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی مەیدانی جەنگ بووە: هەر لە سەردەمی ئەمیشدا زانا و ناودارەکانی کوردستان بۆ قەڵەمڕەوی بابان بانگهێشت کراون و خانەقا و مزگەوت و شوێنی دەرس وتنەوەیان بۆ دابین کراو ورده ورده وەرسووڕانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەرکەوت و زەمینەش بۆ خەملێن و سەرهەڵدانی شێوە دیالێکتی «سلێمانی» رەخسا، کە دواتر ئەم شێوە زمانە، لەسەر دەستی شاعیرانی سێ کوچکەی بابان: نالی و سالم و کوردیدا زیاتر گەشایەوە... بۆیە هێشتا ئەوڕەحمان پاشا خۆی لە ژیاندا بووە، کە «عەلی بەردەشانی»، شەڕەکانی دەکاتە «بەیت» و دەکەوێتە سەر زمانی بەیتبێژ و گۆرانیبێژان و زانای مەزنی وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩-١٨٢٧ز) شیعر بەئازایەتییەکەیدا دەڵێ و شاعیری وەک (رەنجووری)یش بەبۆنەی زیندانی کردنییەوە لە زیندانی حیللە، شیعری ستایش ئامێزی بۆ دەنێرێ.

١٢- میرایەتی بابان لە نێوان- ل ١٠٦-١٠٧ .

بەڵام ئەورەحمان پاشا لە پێش ساڵی **١٧٨٩**ز، و بەر لەوەی پلەی پاشایەتی پێ بدرێ و بکرێتە میری بابان، لەلایەن سلێمان پاشای والی بەغداوە، بانگکرابووە بەغداد و لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستوپێوەندکانیدا لەوێ نیشتەجێ کرابوو. لەم کاتەدا ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بابان، کە ئامۆزای ئەورەحمان پاشا بوو، لە ساڵی (١٧٨٢ز)ەوە کرابووە میری بابان و کۆیە و هەریر.

والییەکانی بەغدادیش بەو بۆنەیەوە کە هەرگیز نەیاندەهێشت پاشاکانی بابان، ماوەی درێژ لە شوێنەکانی خۆیاندا بەفرمانڕەوایی و ئاسوودەیی بمێننەوە و زوو زوو دەیانگۆڕین و مێملّ و ملۆزمیان لە ناو بنەماڵەکانی خۆیاندا بۆ دەدۆزینەوە؛ بۆیە والی بەغداد بێ ئەوە هیچ بیانوویەکی بەجێی بەدەستەوە بێت، دیسانەوە ئیبراهیم پاشای لێخست و ئەورەحمان پاشای لەجێگەی دانا. ناوچەکانی بابان و کۆیە و هەریری پێ سپارد[١٣].

ئەم ئاڵوگۆڕەی میرەکانی بابان، دوژمنایەتییەکی قووڵ و دێرینەی بۆ میرەکانی بابانی بۆ کردبوون بە میراتیی و (لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری زۆر خراپ و ناکۆک بوون. کە ئەم بارە جگەلەوەی ئارام و ئاسایشی لە قەڵەمڕەوی باباندا نەدەهێشت، لە هەمان کاتیشدا لەلایەکەوە: سوڵتان و والییەکانی عوسمانی و لەلایەکی تریشەوە: شا و شازادەکانی قاجاریش لە دەمێکەوە ئەم دوژمنایەتییەی ناو بنەماڵەکانی بابانیان قۆستبۆوە و هەریەکەیان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی، دەستی تێوەردەدان و بەلای خۆیاندا رایاندەکێشان)[١٤].

١٣- سەرچاوەی پێشوو- ل ١٠٧ .

١٤- هەر بۆ نموونەی ئەو داروبارە، ئەم چەند پەرەگرافە لە بیرەوەرییەکانی «ریچ» بەیاد دێنینەوە:

- یەکەمین رۆژ، کە ریچ دەگاتە سلێمانی، مەحموود پاشای میری ئەو سەردەمەی سلێمانی، بۆ بەخێرهاتنی ریچ، دەچێ بۆلای، مەحموود پاشا لە ناو قسەکانیدا «پۆزشی بۆ باری وڵاتەکەی هێنایەوە.. و کەوتە سکاڵا دەربڕین سەبارەت بەگوزەرانی میرنشینەکەی و ئەو گیروگرفتانەی کە میرنشینەکە بەدەست ئەوەوە دەیکێشێ، کە کەوتۆتە سەر سنووری دوو دەسەڵاتی دژ بەیەک. چونکە یەکەمیان، کە «ئێران»ە، بەناوی داواکردنی باج و سەرانەوە، دەستبەرداری چەوساندنەوەی نابێ.. دووەمیشیان کە دەسەڵاتداریێتی (تورکەکان)ە و میرنشینەکەی ئەم پابەندێتی، بەبیانووی ئەوەی کە خزمەتی ئێران دەکات و باجیان دەداتێ؛ زۆر سەردەکەنە سەری. کەچی کە شازادەی کرماشان دەستدرێژیی کردە سەری و ئەوەی مەبەستی بوو، بەتۆپزیی هێنایەدی، تورکەکان نەبەرگرییان پێکرا و نەمەبەستیشیان بوو بەرگری بکەن. چونکە ئەمیشیان خۆشنەدەویست. بۆیە بەسنگ فراوانییەوە باسی ئەنجامە ناهەموارەکانی ئەم بەڕێوەبردنە دوو فاقییەی کرد، کە چەند زیان بەسامان و گەشەسەندنی میرنشینەکەی دەگەیەنن» (ریچ- ل ٩٣-٩٤).

-لە کاتی سەردانی ریچ- یشدا بۆ ماڵی میر، مەحموود پاشا دەڵێ: «خوالێخۆشبووی باوکم ئەم ژوورەی دروستکردووە. بەڵام پێویستی بەدەست پێداهێنانەوەیەک هەیە».. پاشان لەسەر قسەکەی رۆیشت و وتی: کێ جێگەیەک چاک دەکاتەوە، ئەگەر بزانێت تیایدا ناحەسێتەوە؟ هاکا تورکەکان، یان ئێرانییەکان، چەند رۆژێکی تر، وێرانی دەکەنەوە» (هەمان سەرچاوە- ل ١٠١).

- محەمەد ئاغا ناسیاوێکی تری ریچ-ە و لە گفتوگۆیەکدا وتوویەتی: هۆی سەرەکی کاولبوونی ئەم وڵاتە، =



سەردەمی ئەورەحمان پاشای بابانیش، سەردەمی گەرمەی ئەم دەستێوەردانانە بووە و خودی میرەکانی بابانیش لەناوخۆیاندا ناکۆک بوون، (برا لەگەڵ برا و ئامۆزا لەگەڵ ئامۆزا و مام لەگەڵ برازا، نارێک بوون . لە پێناوی پارە و دەسەڵاتدا پیلانیان لەیەکتری گێڕاوە و هێزی بێگانەیان هێناوەتە سەریەکتری و یەکترییان کوشتووە)[١٥]. ئەم بارەش کاردانەوەی دژواری لەسەر ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی... ناوچەکە دروستکردبوو. شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و بەردەوام، ئارام و ئاسایشی لە ناوچەکەدا نەهێشتبوو... بۆیە کە ئەورەحمان پاشا کرایە میری بابان، ئیبراهیم پاشای ئامۆزای رووی لێ وەرگێڕا و چووە ئێران و دواتر لە بەغداد دانیشت. براکانی ئەورەحمان پاشا: سەلیم بەگ، خالید بەگ، ئەحمەد بەگ و ئامۆزاکانیشی لێی هەڵگەڕانەوە و روویان لە دوژمنەکانی ئەورەحمان پاشا کرد... سەرەڕای ئەمانەش ئەورەحمان پاشا میرێکی هوشیار و بەدەسەڵات بوو. ئەو ماوەیەی ئەو فرمانڕەوایی گرتۆتە دەست، «وڵات بەرەو بووژانەوە چوو. ئاسایش چەسپیبوو، کاروباری وڵاتی بەرێکوپێکی بەڕێوە دەبرد»[١٦].

ئەو ماوەیەی ئەورەحمان پاشا فرمانڕەوایی بابانی بەڕێوە دەبرد، ئیبراهیم پاشای ئامۆزای بەگۆشەگیریی لە بەغداد نیشتەجێ بوو. دیسانەوە والی بەغداد کەوتە بیانووگرتن بە ئەورەحمان پاشا و ناردی بەدوایدا و بەنەخۆشیی و لە تەختەرەواندا برایە بەغداد. والیش «بەبیانووی ئەوەی گوایە نەخۆشە و کاروباری فرمانڕەوایی بابانی پێ بەڕێوە ناچێ، ناوچەی بابانی لێ سەندەوەو بە ئیبراهیم پاشای سپارد. تەنیا کۆیە و هەریری لەدەستدا هێشتەوە. ئەویش بەسەلیم بەگی برای سپارد» (**١٧٩٧**)[١٧].

ئەورەحمان پاشا ماوەی چوار ساڵێک بەدەستبەسەری لە بەغداد مایەوە. دوای ئەم چوار ساڵەش والی وازی لێ نەهێنا و بەبیانووی ترەوە ئەورەحمان پاشا و سەلیم بەگی برای گرت و بەگیراویی رەوانەی زیندانی حیللەی کردن (١٨٠١)[١٨].

=نەبوونی ئاسایشە لە هەموو ناوچەکەدا. چونکە ئێمەی خێڵەکیی، ئەگەر دڵنیا نەبین لەوەی ئەو ناوچانە هی خۆمانە، ئەوسا خۆشمان بۆ کشتوکاڵ تەرخان ناکەین؟ بەم رەنگە وڵاتەکەش گەشە ناکات و پێش ناکەوێ. بۆ وێنە: من ئەگەر بزانم سەرۆکەکەم جڵەوی فرمانڕەوایی بەدەستەوە نامێنێ، یەک تەغار تۆو ناکەم. (هەمان سەرچاوە- ل ١١٤-١١٥).

- لە کۆڕێکی تریشدا عوسمان بەگی برای مەحموود پاشای بابان دەڵێ: «وڵاتەکەمان لە بارێکی ناهەمواردایە. چونکە ئەگەر خزمەتی تورکەکان دەکەیت، بەسووک سەیرت دەکەن و هەرکاتێ ئارەزوویان کرد لات دەبەن.. ئەگەر خزمەتی ئێرانییەکانیش دەکەیت، هەمیشە بەداواکردنی پارە، بێزارت دەکەن» (هەمان سەرچاوە- ل ١٢٠).

١٥- میرایەتی بابان لە نێوان ل ١٧٨ .

١٦- هەمان سەرچاوە- ل ١١٣ .

١٧- هەمان سەرچاوە - ل ١١٣ .

١٨- سەرچاوەی پێشوو- ل١١٣ .

ساڵی (١٨٠٢ز) سلێمان پاشای گەورەی والی بەغداد مرد. بەڵام بەر لە مردنی وەسێتی کردبوو «عەلی پاشا» جێگەی بگرێتەوە، کە کۆیلەیەکی ئازادکراوی خۆی و زاوایشی بوو. بەم بۆنەیەوە ئاژاوەیەکی گەورە دژی ئەوەی عەلی پاشا بکرێتە وەزیر، لە بەغداد هەڵایسا. سەرۆکی یەنیچەری و سەلیم ئاغای زاوای سلێمان پاشای کۆچکردوو، لەپشتی ئاژاوەکەوە بوون و دەیانویست «سەعید بەگی کوڕی سلێمان پاشای کۆچکردوو» لە جێگەی دابنێن. سەلیم بۆ بەهێزکردنی خۆی، ناردی ئەوڕەحمان پاشا و سەلیم بەگی برایان لە حیللەوە بۆ بەغداد هێنایەوە و ئازادی کردن. ئەوڕەحمان پاشا لە بەغداد نیشتەجێ بوو، لەو ماوەیەدا لە ئەستەمبۆڵەوە عەلی پاشا بەوەزیری بەغداد دانرا... بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، ئیبراهیم پاشای بابان لە مووسڵ کۆچی دوایی کرد و بەمەش ئەوڕەحمان پاشا دوژمنێکی گەورەی لەکۆڵ بووەوە.

عەلی پاشا ویستی خالید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشا (ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا) لەجێگەی ئیبراهیم پاشای برای دابنێ. بەڵام گەورە پیاوانی بابان، ئەوڕەحمان پاشایان پەسەند کرد. والیش لەسەر داخوازیی ئەوان، ئەوڕەحمان پاشای بەحاکمی بابان دانایەوە (١٨٠٣)[١٩].

بەڵام ئەم پلە و پایە بەخشینە بە ئەوڕەحمان پاشا، زۆری نەخایاندووە و دوای زنجیرەیەک ڕووداوی خێرای بەرووداوادا، کە لەناوچەی بابان و خوارووی عێراقدا ڕوویانداوە[٢٠]، عەلی پاشاش وەک نەریتی والییەکانی پێش خۆی و سەرانی قاجاری و عوسمانی، ئەمیش کەوتۆتە بیانووگرتنی سەخت بە ئەوڕەحمان پاشا و بەنیازی هێرش کردنە سەری، لەسەرەتادا داوای لە والی مووسڵ و موتەسەللیمی هەولێر کردووە، تا لای خۆیانەوە لەشکر کۆبکەنەوە و هاوکاری خالید بەگی ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا بکەن، کە لەو کاتەدا لە ناوچەی هەولێر و مووسڵ، خەریکی لەشکر کۆکردنەوە بوو. خۆیشی دواتر لە (٤ی حوزەیرانی ١٨٠٥)دا، بەلەشکرێکەوە ڕووەو کوردستان و بۆ لەناوبردنی ئەوڕەحمان پاشا کەوتۆتە ڕێ.

ئەوڕەحمان پاشاش کە زانیوێتی والی لەکۆڵی نابێتەوە، دەستپێشخەریی کردووەو ویستوویەتی بەخۆشیی ڕازی بکات. بەڵام کە زانیوێتی کەڵکی نەبووە؛ ئەوسا ناچار کەوتۆتە خۆی و لە سەرەتادا بۆ ڕێگەگرتن لەم هێزانەی قۆڵی مووسڵ و هەولێر، لەشکرێکی سازداوەو بەرەو ڕوویان چووە و لە ناوچەی ئاڵتوون کۆپری پێیان گەیشتووە و

١٩- هەمان سەرچاوە- ل ١١٥ .

٢٠- بۆ زیاتر زانیاریی لەو زنجیرە ڕووداوەی نێوان ساڵانی ١٨٠٢-١٨٠٥ز- بنواڕە: «میرایەتی بابان لە نێوان.. لاپەڕەکانی ١١٥-١١٦ .



شەڕێکی سەرکەوتووانەی لەگەڵدا کردوون، کە تیایدا (زۆری هێزەکە- هێزی دوژمنەکانی- خۆی هاویشتە ئاوی زێ وە. لە هێزەکەی مووسڵ (٥٠) کەس لە سەرکردەکانیان و (٢٠٠) سەرباز و (٢٠٠) یەنیچەری لە ئاودا خنکان. لە هێزەکەی هەولێریش (١٠٠) کەس خنکان و (١٠٠) کەسیش بەزیندوویەتی بەدیل گیران و ڕووت کرانەوە. لەشکری بابانیش (٢٥٠) خێوەت و ژمارەیەکی زۆری چەک و وڵاخ و ئازووقەی دەستکەوت بوو. (٩ ی حوزەیزانی ١٨٠٥ز)[٢١].

دوای ئەم شەڕە، ئەوڕەحمان پاشا کشایەوە قەرەحەسەن. لەشکرەکەی وەزیر لە بەغدادەوە گەیشتە کەرکووک و ئەوڕەحمان پاشا ئاگاداری نەبوو. ناچار بەرەو دواوە، بۆ دەربەندی بازیان کشایەوە و سەنگەری تیادا قایمکرد... وەزیر بۆ ڕێگەیەکی ئاسان دەگەڕا، تا پشت لە هێزەکانی ئەوڕەحمان پاشا بگرێت... خالید پاشای ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا، کە لەگەڵ هێزەکەی وەزیر بوو، ڕێگەیەکی دۆزییەوە، ئەوڕەحمان پاشا نەیگرتبوو، پشتی هێزەکانی ئەوڕەحمان پاشا گیرا. شەڕێکی قورس قەوما. (٣٠٠) کەس لە لەشکری بابان کوژرا. ئەوڕەحمان پاشا شکا. عەلی پاشای وەزیر فرمانی دا: سەری دیل و کوژراوەکانی بابان ببڕن. (٦) سنووقی لێ پڕکرد و بەدیاری بۆ دەوڵەتی نارد. ئەوڕەحمان پاشا ناچار بوو ڕوو بکاتە وڵاتی ئەردەڵان (١٨٠٥ز)[٢٢].

کە ئەوڕەحمان پاشا پەنای بۆ ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان برد، لە سەقز نیشتەجێ کرا... وەزیر (عەلی پاشا) دەستی بەسەر شاری سلێمانیدا گرت. ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان کێشەی ئەوڕەحمان پاشای گەیاندە فەتح عەلی شای قاجار.

ڕۆیشتنی ئەوڕەحمان پاشا بۆ ئێران، تەنگوچەڵەمەیەکی دیپلۆماسی لە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا دروستکرد. والی بەغداد بۆ گێڕانەی ئەوڕەحمان پاشا و گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی ئێراندا، نوێنەری خۆی بە ناوی ئەحمەد چەلەبی بۆ تاران نارد. ئەحمەد چەلەبی لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران، بەئەنجامی ویستراوی نەگەیشت[٢٣].

فەتح عەلی شای قاجار نامەیەکی دۆستانەی بۆ والی بەغداد نووسی و بەمیرزا محەمەد سادق وەقائیع نیگاردا ناردی (١٨٠٥ز). لە نامەکەدا داوای لە والی کردبوو لە ئەوڕەحمان پاشا ببوورێ و بۆ سەر جێگە و ڕێگەی خۆی بگێڕێتەوە، کە ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە:

٢١- هەمان سەرچاوە- ل ١١٧ .

٢٢- میرایەتی بابان لە نێوان -ل ١١٧ .

٢٣- هەمان سەرچاوە- ل ١١٨ .

بەڵگەنامەی ژمارە: **٢٣**[٢٤]

بابەت: عەبدولڕەحمان پاشا

مێژوو: ١٢٢٠ کۆچی ، ١٨٠٥ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی (١) ل ٥١

## نامەی فەتح عەلی شا
## بۆ عەلی پاشای والی بەغداد

جەنابی وەزارەت چاک، نیشتمان پاک، جوامێریی و شکۆ تاک، گەورەیی و مەزنایەتی بەدەستهاوردوو، بن و بنچینە بڵند و ڕەسەن هەڵکەوتوو، پیاو ماقووڵی بەرویشت ئەتڵەس، ئاڵای عەدالەت بەدەس، وەزیری بێ وێنەی هەست موشتەری، عەلی پاشای والی هێژای پڕ زانیاری «دارولسەلام بەغداد» خوداوەند بە خۆشاوی رزگاری و سەرکەوتن بە ئامانجەکانتان بگەیەنێ، ئۆخژنی پیرۆزی سەربەرزیتان لەدڵ وەرێنێ، پاشان بەئاگاداری رادەگا، کە:

لەبەرئەوەی زۆر دەمێکە بەشنینەوەی شنەبای بۆنخۆشی یەکێتی و یەکگرتوویی دوولایەنە، لە گوڵزاری دەرباری ئەم دوو دەوڵەتە بەشکۆ و بەدەسەڵاتە، سوورەگوڵی یاد و راوێژکاریی و هاموشۆکردن پشکووتووە و سروەی حەز و دەسەڵاتی گەورەپیاوانی هەردوو دەوڵەت، لەسەر هێمای تەبایی، بەمەبەستی پێوەندی بێ کۆتایی، پارێزگاری و چاودێریی بەجێ، لەیەکتر هەڵیکردووە، گوڵزاری دەسەڵاتداری هەردوولا ، لەگوڵ و شکۆفەی برایەتی و نێوان خۆشیی بەدی کردووە. بەناسکترین و شیرینترین شێوە رازاوەتەوە. بەسەر پەنجەی هاوکاری و برایەتی؛ تۆزی رق و کینە ، لە ئاوێنەی پاکی بیرۆی هەتاوی رووناکی ئاسمان سڕدراوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە: بەڕێز و هێژا، بڵند جێگا، ئەورەحمان پاشا ، کە سەرپێچی لە هێڵی فرمانی ئێوە کردووە و دەستە و داوێنی پیاوماقووڵانی بەهیمەتی دەوڵەتی ئێمە بووە و لە دەرگای پڕ شکۆ و بەزەیی ئەم وڵاتەش، خوازیاری بەهاناوە چوون و پشتیوانیی لە ماف و داواکانی کردووە، بۆیە کاربەدەستانی بەرزی ئێمەش، لەبەر پێویستی چاودێری کردن و بەلەبەرچاوگرتنی پێشینەی ئەمەکداری ئەو جەنابە و بەتەنگەوە هاتنی مەرجەکانی دۆستایەتی و گیانی دڵنەوایی کردنی پڕ بەزەییمان و لە بەجێهێنانی ویست و داواکانی ئەو بەڕێزە، بەجۆرێک کە پێچەوانەی بەرژەوەندی کاروبار و یاساکانی ئەو پێتەختە نەبێت.

بەپێی خێرخوازیی پاشایانە و ناوبژیی بێ لایەنە، بڕیارێک بۆ ویست و داواکانی ناوبراو دراوە و دامەزراندنەوەیان بەهەڵوێستی بەجێ و خێرخوازانەی ئەو بارەگایە ئەسپاردووە.

بۆیە پایە بەرز و بڵند جێگا ، بوێر و بەختەوەر پەناگا ، شکۆ و بەرهەڵست رێگا ، بڕوا تۆکمە و دەسەڵات بەئاگا ، نزیکی دەربار و بارەگا ، میرزا سادقی (وەقائیع نیگاری سەرکار)ی پایە بەرزمان بۆ دیداری ئەو جەنابە راسپاردووە، کە فرمانگەلێکی بەرز و پێسپێریی لەلایەن کۆڕی پرشنگداردا بەناوبراو فەرمووە، تا لە کاتی دیداردا بەدرێژیی بەو جەنابە بە ئاگاداریی رابگەیەنێ.

مەرج و رێ و شوێنی راستگۆیی و دۆستایەتیش وا پێویست دەکات و هەنگاو هەڵگرتن و سەلماندنیش لەوەدایە، کە وتەکانی ئەو فرمان پێکراوەی سوڵتان، بەگوێچکەی بڕوا پێهێنان و دەسەڵاتی بیستنەوە، گوێی بۆ شل بکرێ و خۆ نەبان نەکرێ، تا ببێتە مایەی بڕیاردان. بەردەوامیش پێویستە پێوەندی و نامەگۆڕینەوەی بێ برانەوە، لە پێناو رێککەوتنی پتر و یەکێتی زیاتر و هەمدیسان راگەیاندنی دۆخی کاروبار و کێشە گرنگەکانی سەر رێ، بەیەکتر پتەوکردنی بناغەی کۆشکی دۆستایەتیمان درێژە پێبدەین و ببکەینە هەوێنی لە یەکتر و نزیکبوونەوە و پەرەپێدانی، بۆ خۆشیی و خۆشەویستی نێوانمان. رۆژانی جوامێریش هەمیشە بەردەوام بێت[٢٥].

***

بەڵام عەلی پاشای والی بەغداد گوێی بەنامە و تکای فەتح عەلی شای قاجار نەدا و سەرلەنوێ سلێمان بەگی فەخری، بۆ دووبارە کردنەوەی داواکانی بۆ دەرباری فەتح عەلی شا بۆ تاران ناردەوە.

٢٤– ژمارەی زنجیرەی بەڵگەنامەکانی سەرچاوەی ناوبراوە.

٢٥– ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ– خەتی هومایون. ژمارە: ٤٦ .

لەکاتێکدا سلێمان بەگی فەخری، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانیدا خەریکی وتووێژبوو، ئەورەحمان پاشا لەسەر بانگهێشتنی فەتح عەلی شا، گەیشتە تاران و ڕێزێکی زۆری لێ نا و بڕیاریشی دا بەحاکمی بابانی دابنێتەوە. بۆ ئەمەش فرمانی بە محەمەد عەلی میرزا کرد، تا ئەورەحمان پاشا بۆ سلێمانی بگەڕێنێتەوە و لەسەر جێگە و ڕێگەی خۆی جێگیری بکاتەوە... هەر لەسەر بڕیاری **فەتح عەلی شا**ش نیگاری ئەورەحمان پاشای بابان، لەپاڵ نیگاری گەورەپیاوانی ئەو سەردەمەدا، لەسەر دیواری (کاخی نیگارستان) لە تاران کێشراوە.

عەلی پاشا لە پاڵ ئەوەشدا کە گوێی بەداواکانی فەتح عەلی شا نەدا، هاوکاتیش خۆی بۆ هێرشێکی گەورە، بۆ سەر ئێران ئامادەکرد و لە بەغدادەوە بەرەو ئێران بەڕێ کەوت و «زەهاو»ی کرد بەبنکەی خۆی. بەرلەوەش لە غدادەوە بجووڵێ، خالید پاشای ئامۆزای ئەورەحمان پاشا و هەندێ لە سەرکردەکانی تری خۆی ئاگادارکردبوو، تا هاوکاریی بکەن و ئەوانیش بەهێزێکی (٣ تا ٤) هەزار کەسەوە، کە لە چەکدارەکانی کۆیە و هەریر و کەرکووک بوون و (سلێمان کەهیە) سەرکردایەتی دەکردن، لە قۆڵێکی ترەوە هێرش بەرەو مەریوان ببەن.

کاتێ ئەم هەواڵە بەفەتح عەلی شا گەیشت، فرمانی بە محەمەد عەلی میرزا کرد: بەرگری لە سنوورەکانی ئێران بکات و ئەگەر هاتنە ناو خاکی ئێرانەوە، دەریانپەڕێنێ. هاوکاتیش نامەیەکی تری بەهەمان ناوەڕۆک. بە «فەزلعەلی خان»ی ڕاسپێردراوی خۆیدا بۆلای عەلی پاشای والی بەغداد ناردەوە؛ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥

بابەت: یاخیبوونی ئەورەحمان پاشا (ی بابان)

مێژوو: ١٢٢١ کۆچی ، ١٨٠٦ز

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی یەکەم. لاپەڕە: ٥٥

## نامەی فەتح عەلی شای قاجار
## بۆ عەلی پاشای والی بەغداد

*جەنابی خاوەن وەزارەت، شکۆمەند و چارەنووس بەشەوکەت، هاودەمی بڵندایی و باڵا دەوڵەت، گەورە مەزن و تان و پۆ مەرد، وەزیری بیروڕا بێگەرد. بناغەی ڕوون و پەراوێز خاوێن و دادوەر، هێژا: عەلی پاشا،*



*والی دارولسەلامی بەغدا. دەستی بەزەیی و دلۆڤانیی یەزدانی مەزن، یاریدەدەر و پشتیوانیان بێت، دوایی رادەگەیەنێت، کە:*

*چونکە پایە بەرز و هێژا جێگا. بوێر و بەختەوەر پەناگا، شکۆمەند و بەرهەڵست ڕێگا، بڕوا تۆکمە و دەسەڵات بەئاگا، ئەورەحمان پاشا، حاکمی «قەڵاچوالان»، بەهۆی هەندێ کارەسات و ڕووداوی تەنگژەوە، لەلایەن دەروازەی پڕشکۆوە، ترس هەڵیگرتووە و بەوپەڕی هەراسانییەوە بەڕێوە بووە و هانای بۆ داوێنی بەرینی دەسەڵاتداریی مەزن و فەلەک وێنە هێناوە و دەستی بەدەستگرەی هەوڵی خێر و جوامێریی خاتری مەزن و پڕ بەزەیی ئێمەوە گرتووە؛ تا بەدەنگییەوە بچین و بەهانایەوە بێین. مەبەستی پڕ بەزەیی و هەستی ئێمەش ئەوەبوو، کە بڕیارێک لە نێوان ئەو بارەگایە و بەڕێز: ئەورەحمان پاشادا بدرێت، تا ببێتە مایەی بنەبڕکردنی دوودڵیی و گومان و لابردنی سڵ و ترسی هەراسانیی و گازەی ئەو بەڕێزە؛ بۆئەوەی بێ سێ و دوو، هەر بەشێوەی رابردوو، ڕێڕەوی ڕێگەی ئیتاعەت و پێڕەوی دەرگای بەشەوکەت و ئەمر و نەهییەکانی بێت.*

*لە دوای ئەوەی کە سوارچاکانی چالاکی وڵات پارێزی دەربار، ئەوانەی لەگەڵ سەربازانی بێ ئەژمار و هاوڕێیانی هێژای پاشایی، بەمەبەستی ڕێکوپێک کردنی کاروباری ویلایەتی گورجستان و هەڵکردنەوەی هەودای ئاڵۆزی بارودۆخی ئەو ناوچەیە، ڕاپەڕیون و وەک هەڵۆی سەرکەوتوو ئاسا، بەنیازی دوژمنایەتی و وڵات بەرین کردن، بەپەلە ڕاپەڕیون و باڵی هێرش و ڕێ پێوانی بەبێ بواردنیان کردۆتەوە... یان ڕەنگە نیازی ناوبراو شاراوە بێت. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە وا گومان دەکەین کە ئەو دەربارە لەحاند سەربزێویی ناوبراودا کەوتبێتە شوێن پێهەڵگرتن و پشکنینەوەی کاژێر و باژێڕان و تۆڵەسەندنەوە لەو ڕێبوارە هێژا و بێ بوارە. لە کاتێکدا لەسایەی یەکێتیی ئەم دوو دەوڵەتە مەزنەوە، تەنیا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم دەربارە، مافی دەسەڵاتدارێتی ئەو بەڕێزەیان پێوەیە.*

*بەم بۆنەیەوە، بەڕێز و بەتوانا، پایە بەرز و زانا، ئەمەکدار و دسەڵات لەدەست: فەزلعەلی خان، غوڵامی تایبەت و خۆشەویستمان بۆ ئەو دەروازە باڵایە و لای ئەو دەسگا هێژایە ناردووە و هەندێ نامەشمان بەقەڵەمی خۆشەویستیی و سۆزمان پێ ئەسپاردووە؛ کە بەڕێز و باڵا (ئەورەحمان پاشا) هانای بۆ بەر دەروازەی پڕ بەزەیی ئێمە هێناوە و دەستی یارمەتی بۆ*

*بنەبڕکردنی کەندو کۆسپ و تەنگوچەڵەمەکانی بۆ ئەم دەربارە عەدالەت ئامێزە راکێشاوە. ئەو مەبەستەش شایانی باسە و گرنگایەتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە؛ کە راونان و کێشە و تێهەڵچوون لەگەڵ هێژای ناوبراودا، دەبێتە هەوێنی ماڵ شێواندن و پشێویی لەو سەر سنوورانەدا، کە ئەوانەش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانیی لە ئەژماردێت، بەو پێیە دەبێ چاوبڕینە مافی ناوبراو و ناوچەگەلی ئاماژەپێکراو و دیاریکردنی هێز و سوپا، بۆ ئەو کەوشەن و سەر سنوورانە دوایی بێت. لە دەستێوەردان و خۆ تێهەڵقورتاندنی کاروباری ئەو بەڕێزەش، دەست بپارێزرێت. لە کەلی شەیتان وەرنە خوارێ و لەگەڵیدا لە کەللەڕەقیی و لاساریی بپارێزن، تا دوای ئەوەی سوارچاکانی چالاکی وڵات، بەمزگێنی پیرۆزی سەرکەوتنەوە، لەو سەفەرە گەڕانەوە و جێگیر بوونەوە؛ بڕیارێک سەبارەت بە دامەزراندنەوە و رێکوپێک کردنەوەی بارودۆخی بەڕێزی ناوبراو (ئەوڕەحمان پاشا) دەفەرمووین.*

*دەبێ هەروەک رابردوو، لەوپەڕی برایەتی و نێوان خۆشیدا، بە نامە لەیەکتر نووسین و راوپرسین، دەروازەکانی دۆستایەتیمان لە گاڵەدران بپارێزین و بەقەڵەمی رێککەوتن و یەکێتی، لە دۆخی کاروباری یەکتر ئاگاداربین؛ کە بەیارمەتی خوا، پێک دێین و بەئامانجەکانمان دەگەین. ئاواتەخوازین رۆژانی داهاتووی وەزارەت و شەوکەتتان هەر بەردەوام بێت، بەپشتیوانی خوا*[26] .

***

بابیعالیش ئەم خۆ ئامادەکردنەی عەلی پاشای پێ باش نەبوو. چونکە (فرمانی پێدابوو رێزی پەیماننامە کۆنەکان بگرێ و هیچ لەشکرکێشیی و هێرشێک بۆ سەر ئێران نەکات. بەڵام کاتێ ئەم فرمانە گەیشت، لەشکرەکەی والی سنووری بەزاندبوو.

کاتێ هێزەکانی (سلێمان کەهیە)و خالید پاشا یەکیان گرتەوەو بەماندوویی و دوای بڕینی رێگەیەکی شاخاوی و دژوار، گەیشتبوونە (زرێبار)، ئەوڕەحمان پاشا هەلی قۆستەوەو دەرفەتی حەسانەوەی نەدان و هێرشێکی کتوپڕی کردنەسەر و لەو هەل قۆستنەوەیدا (زیاتر لە هەزار کەسی لێ کوشتن. زۆریشیان گیران؛ لەوانە: سلێمان کەهیە. خالید پاشاش بەزەحمەت دەربازبوو. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەوڕەحمان

٢٦- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی همایۆن- ژمارە: ٧٠ .



پاشا) (جیمادی دووەمی ١٢٢١ کۆچی ، ١٨٠٦ز).[27] لەم شەڕەدا سەلیم بەگی برای ئەوڕەحمان پاشا کوژراوە، کە لە فرماندە ئازاکانی ئەوڕەحمان پاشا بووە.

«کلۆدیوس جێمس ریچ» ، کە (١٤ ساڵ) دوای تێپەڕبوونی ئەم رووداوە، بەنزیک شوێنی ئەم شەڕەدا، لە سلێمانییەوە بەرەو مەریوان- سنە تێپەڕیوە؛ لەبیرەوەری رۆژی (٢١)ی ئابی ١٨٢٠ز- دا، کە لەزەریاچەی زرێبارەوە بەرەو مەریوان دەچێ، ئاوا دەنووسێ: «... بەرە بەیانی ئەمڕۆ... لە سەعات حەوت و نیودا گەیشتینە (گوێزەکوێرە)، کە بەمانای گوێزی پەککەوتوو دێت، بریتییە لە گوندێکی بچووک لە شیوێکی تەنگدا، ئەو دۆڵەی پیایدا تێپەڕین، شەڕەکەی تێدا کرابوو. ئەگەر بشێ وای ناو بنێین: ئەو شەڕەی کە پاشای بەغداد هێرشێکی کوێرانەی تێدا هێنایە سەر ئێران و ئەوڕەحمان پاشای سەرکردەی کورد، لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا سلێمان پاشای کەهیەی ئەو کاتەی بەغداد و زۆربەی سوپاکەی تێدا بەدیل گرت»[28] . کەچی سەیر ئەوەیە: هەم محەمەد عەلی میرزا و هەمیش ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان، ئەم سەرکەوتنە بەسەرکەوتنی خۆیان دەزانن!.

ئەم شەڕە دیسانەوە کێشە و تەنگوچەڵەمەی دیپلۆماسی لە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا دروست کردووە. چونکە (لە کاتێکدا روویدا، کە فەرەنسا دەیویست هاوپەیمانێتییەکی دووقۆڵیی لە نێوان عەجەم و رۆمدا رێک بخات.

ناپلیۆن بۆ ئەو مەبەستە، دەستەیەکی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی لەگەورە ئەفسەران و شارەزایان، بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ گاردان بۆ ئێران ناردبوو)[29] . لە ئاکامی ئەم شەڕەدا سەرۆک وەزیران (سەدری ئەعزەم)ی ئێرانی: میرزا شەفیع، نامەیەکی گلەیی ئامێزی بۆ سەرۆک وەزیرانی عوسمانی ناردووە. لە نامەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە هەڵسوکەوتی نالەباری عەلی پاشای والی بەغداد، بۆتە هۆی ئەوەی ئەوڕەحمان پاشا و ئێلەکانی عەرەب لێی بێزار بن و پەنا بۆ ئێران بهێنن... ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٦

بابەت: یاخیبوونی ئەوڕەحمان پاشا و کێشەگەلی سنوور

مێژوو: ١٢٢١ کۆچی، ١٨٠٦ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایرانی (قاجاریه)

بەرگی یەکەم. لاپەڕە: ٥٧

٢٧- میرایەتی بابان لە.. ل ١١٩ .
٢٨- گەشی ریچ بۆ کورستان- ل ٢٠٢ .
٢٩- میرایەتی بابان لە .. ل ١٢٠ .

## نامەی سەرۆک وەزیران: میرزا محەمەد شەفیع بۆ سەرۆک وەزیرانی عوسمانی: ئیبراهیم پاشا

*...پێشتر لەم بارەیەوە زەمینەیەک هەبووە، دووبارە بۆ ئەو جەنابی وەزارەت ئاوەدانە دەسەلمێنرێتەوە، کە پێویستە خۆشەویستیی هەردوو دەوڵەتی مەزن، پتەوتر بکرێ و باخی یەکێتی هەردوو دەسەڵاتی هێژا، گوڵجاڕبێ و لەپەستاو ناوبەناویش یەکتر بەیاد بهێنینەوە، لەسەر ئەم شتانەی پێویستیان بەبیرخستنەوە هەیە... وەک ئەم مەبەستە، کە دووبارە بۆتەوە؛ بەوەی کە: بڵند و هێژا، باڵا جێگا، عەلی پاشا، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بەیەکجاریی ئاکاری وەزیرانی پێشینەی خۆی بەلاوە ناوە و ڕێبازی خراپەی بەرامبەر هاوولاتیان و هەرێمگەلی خۆیان پەیمانگەلی سنوور نشینانی مەملەکەتی ئێرانی گرتۆتە بەر... ساڵی پاریش بەهۆی هەمان بەدڕەفتارییەوە پایە بڵند: ئەوڕەحمان پاشای بابان و دەستەکەی و چەندان کۆمەڵی تریش لە خێڵ و هۆزی عەرەب، ئەوەندە بێزارکران و بەدکارییان بەڕادەیەک لەگەڵدا کرا، دڵیان دەرهات و ناچار لە نیشتمانی خۆیان پەرتەوازە بوون و هەریەکەیان بەرەو لایەک سەری خۆی هەڵگرت و ڕووەو سنوورەکانی ئێران کۆچیان کرد و دەستەودامێنی پارێزەرانی دەوڵەتی توند داڕێژراوبوون... (...)... کە تا ئێستاش کڕنۆشگەی ناوچەوان و ماچگەی لێوانە و دەرەتانی خەڵکی لێقەوماو و بەهاناوە چووی تەنگانەیە. بۆیە پارێزەرانی دەوڵەتی سەقامگرتوو، بەگیانی پابەندیی بەپەیمانگەلی پێشین و هێشتنەوەی سنوورە کۆنەکان و دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەوە، کەوتنە ئامۆژگاری کردنی ناوبراو و خەڵک ناردنە لای و ڕاسپێردراو کردنە سەری، بەمەبەستی وریا و بێدارکردنەوەی لەخۆ گێل کردنی ئەمجۆرە کارانەی پێچەوانە و مەترسییە بۆ باری یەکێتی و دڵی هۆزگەلی بابان و ئەوانی تریش بداتەوە و بیانگێڕێتەوە و ئەمانەشمان بەگوێرەی ئایەتی: (لَعَلَّهُ یتذکّر او یخشی)* [30] *پێ فەرمووە... بەڵام ناوبراو لە سۆنگەی نەشارەزایی و بەدبینی لە تێکەڵ و پێکەڵ کردندا و بەبیری پێ لێ هەڵبڕینی زۆر، کە نەک لە ژیریی و لێزانینەوە، سواری ئەسپی دەبەنگیی بووە و نەلەترسی ئاکامی ئێستا و ئایندەی ئەم کارانەی لەبەرئەگرێ... لەبەرئەوە هەرچی پەند و ئامۆژگاریمان بۆ چاککردنی نیازی بەدی هەبوو، بێ هوودەبوو لە پشتگوێ خستنی چارەسەریشدا، کەپشت بەپەند و بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەتی لەبن نەهاتوو ببەستێ، لاساریی و سەرچڵیی نواند... لەم ڕۆژانەشدا کۆمەڵێکی بێ ئەژماری لە هۆردووی عێراقی عەرەب و وەهابییەکانی بەغدادی خڕکردۆتەوە و عەڕادە تۆپ و گوللە تۆپی داونەتێ و لە ڕووی لە خۆباییبوونەوە ڕوویان کردۆتە جێگەیەک بە ناوی (کرند)، کەسەر بە (کرماشان)ە و لە قۆڵێکی تریشەوە دوو قۆناغی لە سنووری ڕۆم تێپەڕاندووە و پایەبەرزان: سلێمان کەهیە-کەی لای خۆی و خالید پاشای بابان و کۆمەڵێکی تری لە ناسراوان خڕکردۆتەوە و لەدوو قۆڵەوە ناردۆتە بەری سلێمانی و شارەزوور و هاتوونەتە خاکی کوردستانەوە و پێی بەرهەڵستییان لێ ڕاکیشاوە و داویانەتە باری دەستدرێژیی... کە ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەی شازادە: محەمەد عەلی میرزا، بەفرمانی شاهەنشای مەزن بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری لوڕستان و خوزستان، لە شاری (هەمەدان) بێت؛ کە نیوەڕێیانی نێوان لوڕستان و کرماشانە و کاتێ هەواڵی ئەم دەستدرێژییەی بەرگوێ کەوت، شازادەی کامەران، ناچار ئەمیانی بەگرنگترو لەپێشتر و پێویستتر زانی و بڕیاری یەکجاری دا، کە بە لەشکری ڕێکخراو و سەرکەوتوویەوە، سەردانی خوزستانی بەلاوە بخات و بەسنگی کراوەوە جڵەوی پێشبڕکەی بەرگری وەرسووڕێنێ و لە هەمەدانەوە بەرەو کرماشان بچێ و کۆمەڵێکی زۆری سەرانی لەشکری کێوبەزێن و پیاوگەلی قارەمان، کە هونەری پاڵەوانێتییان هەبوو، ڕووەو کەللەڕەقیی خالید پاشا و کەهیە-ی ڕەوانەی کوردستان کرد، پاشان سوپای هەمیشە سەرکەوتوو، بەپەندی: (فقاتلوا التي تبغی حتی تغی الی امر الله)* [31]*. کاری دەست پێکرد و شەڕ لە هەردوو قۆڵەوە قەوما. وەزیری ناوبراو لەبەر هەڵمەتی سەردارانی شازادەی ئازاددا هەڵهات و کۆمەڵێکی زۆریشی لێ کوژراو بەدیل گیرا... کەهیە و خالید پاشاش لەبەر زەبری قارەماناندا لە سنووری کوردستان رایانکرد و کۆمەڵێکی زۆری تریش کەوتنە بەرشمشێر و دەستەیەکی تریشیان دەستگیرکران... دوای ئەوەی سەرانی دەوڵەتی زەریا و زەوی، ئەم هەواڵەیان بیست، حوکمی*

٣٠- سورەتی (طه-٤٧).

٣١- سورەتی (حجرات- ٩).

*ئەشرەفی شازادەی مەزن دەرچوو، کە گیراوانی سوارە و پیادە، کۆت و پێوەندی ئەسارەتیان لێ بکرێتەوە و هەرچیشیان لە وڵاخ و چەک پێ گیراوە هەموویانیان پێبەخشرێتەوە... ئەوسا فرمان بەلەشکری سەرکەوتوو درا، کە جڵەوی باڵا دەستیی لە سنوور و ناوچەکانی رۆم وەربگێڕن و لەو دەوروبەری سنوورانە، هەنگاوێک لە سنووری پێشین نەچنە پێشەوە و بەپێودانی کەللەڕەقیی ئەوان، دەست نەدەنە تاڵان و بڕۆو لە بەرامبەر ئەوەشدا کە ناوبراو پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر راکێشابوو و هەر ئەویش دەست پێشکەریی شەڕ بوو، کە لە ئەنجامی سستی بیر و بۆچوونیدا ببوو، هەر بەو ئەندازەیەش ئەوەندە گوێ راکێشانی بەسە.*

*لەمەشدا چونکە هەر مەبەستی ئەوە بووە کە هەواڵەکان و کاروبارەکان بەئاوەژووی رووداوەکانەوە، لە بەغدادەوە بۆ ئەو جەنابە بنووسێ... بۆیە ناوبراو لەم دەست پێشکەرییەدا بەهەڵە چوو بوو، کە لە نێوان دوو دەوڵەتی پایەداردا پەیماننامە هەیە، یان نییە. بۆیە بەنووسینی ئەم نامە پڕ لە خۆشەویستییە، حەقیقەت لەبەرچاو گیراوە و قەڵەمی دۆستایەتی فرمانی پێکراوە، تا ئەو برا دڵنەرم و راست ویستە؛ کە هەمیشە سەلمێنەری بیرو بۆچوونی ورد و لێکدانەوەی قووڵ و تەواو و ئەوپەڕی بنەوەشییە؛ هەڵسوکەوت و ئاکاری وەزیرانی سەرسنوور نشینانی دیاری بکات و هەڕەشە و پاوانیان بکات لە بەدکاریی و پارێزەرانی دووربین و ئەدیبانی دەست پاک دەستنیشان بکرێن، بۆ ئەوەی کوژاندنەوەی ئاژاوە و ناڕەزایی کوشندە و کاروبار و کەم و کوڕیی بەو کەسانە نەسپێرن، کە سەریان لە کار دەرناچێ و بەلێکدانەوەی پێچەوانە و ئاکاری نالەباریانەوە نەبنە مایەی خوێن رشتن و ئابڕووبردنی خەڵکەوە... لەبەرئەوە ئەگەر لە رووی دۆستایەتییەوە شارەزایەک بۆ شوێن جەرگەی شەڕەکە بنێرن بۆ وردبوونەوە لە چۆنێتی و شوێنی شەڕەکە، ئەوسا دەزانی تەرم و لاشەی کوژراوەکان لە خاکی کام مەملەکەتدا کەوتوون و کامە لەشکری ئەم دوو سوپایە، هەنگاوی کەللەڕەقانەی هەڵهێناوە و پێی ناوەتە سنووری ئەویترەوە!؟... لەبەرئەوە بەنیازی راگەیاندنی هەندێ راسپاردەی دۆستانە، هێژا و پایە باڵا و دۆستایەتی پارێز: (میهر عەلی بەگ)مان رەوانەی لای ئەو برا بێ وێنەیە کرد. ئاوات دەخوازین دەرفەتی دیداری پێ بدرێ و زیاتریش وەڵامی ژیرانە و شیرینی بدرێتەوە و دەبێ لافاوی ئاوەڕشێنتان،*



*خانووی گومان بەژێرەوە بکات و گوێ لەباری راستیی بگیرێ و بەگەڕاندنەوەی هاوینەهەواری خۆشەویستان، بکەوێتە بەر بای شێداری بەهاریی... باقي الخاتمة بالخير و العافية بالعافية*[٣٢].

لە ئاکامی ئەم شەڕەدا والی بەرەو بەغداد کشایەوە و ناچار بوو ئەوڕەحمان پاشای بابان بەفرمانڕەوای بابان دابنێتەوە. دیسان ناچاریش بوو بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ «یوسف زیا»ی ئەرزەڕۆم، دوو پیاوماقووڵ بۆ شفاعەت و تکای ئازادکردنی (سلێمان کەهیە)، بۆلای کاربەدەستانی ئێران و فەتح عەلی شای قاجار بنێرێ.

بەم بۆنەیەوە **فەتح عەلی شا** ش سلێمان کەهیەی ئازاد کرد و لەگەڵ میرزا سادق خانی وەقائیع نیگاردا بۆ بەغدادی ناردەوە.

ساڵی ١٨٠٧ز، عەلی پاشای وەزیری بەغداد بەخەنجەر کوژرا و لەجێی ئەو: سلێمان کەهیە، بەشێوەیەکی کاتیی دانرا.، لە ئەستەمبۆڵیشەوە یوسف زیای ئەرزەڕۆم «سەرۆک وەزیرانی پێشوو» دیاریکرا، تا ببێتە والی بەغداد. یوسف زیاش کە پلە و پایە و کەسایەتیی ئەوڕەحمان پاشای ناسیوە؛ پێش ئەوەی خۆی بگاتە بەغداد، خەلعەت و بیورلدی بۆ ئەوڕەحمان پاشا ناردووە... لەوە دەچێ ئەوڕەحمان پاشا لەو سەروبەندەدا دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ محەمەد عەلی میرزا و فەتح عەلی شای ئێراندا دامەزراندبێ و بەیەکجاریی هیوای بەدەوڵەتی عوسمانی نەمابێ و پشتی تێکردبن؛ بۆیە بیورلدی و خەلعەتەکەی دەوڵەتی عوسمانی قبووڵ نەکردووە و راستەوخۆ لەگەڵ نامەیەکدا بۆ شازادە محەمەد عەلی میرزای بۆ کرماشان ناردووە، کە ئەمە ئەو نامەیەی ئەوڕەحمان پاشایە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٤

بابەت: یەکگرتنی ئەوڕەحمان پاشا و محەمەد عەلی میرزا

مێژوو:

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی یەکەم. لاپەڕە: ٢١٠

## نامەی ئەوڕەحمان پاشای بابان
## بۆ: محەمەد عەلی میرزا

*بەگوێرەی ئەوەی کە شاهەنشا، سێبەری خوایە، بچووکی هەموولایەک، بەناردنی خاوەن هێژا، پایە باڵا: «باقر بەگ»مان بۆ یارمەتیدانی خاوەن*

٣٢- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: ٩٦٧٠٤/٣ .

شکۆ ئەمر فەرمووە و خۆمیش پێشتر عەرزم کردووە، کە بەپێی فرمانی شاهەنشاهی، لە هەرشوێن و لایەکەوە، ئەگەر دوژمنێک بۆ سەرکار سەرهەڵبدات، دەبێ دوژمنی ئەو دوژمنە بم. ئێستاش بەو هۆیەوە کە لە لایەن دەوڵەتی بالاوە، والی بەغداد گۆڕدراوە و لە ناوەڕاستی مانگی رەمەزاندا بەرەو بەغداد کەوتۆتەرێ؛ والی ئەرزەڕۆم بەپیاوماقووڵێکی خۆیدا «بیورلدی و کورکی»[٣٣] بۆ ئەم کەمینەیە ناردووەو گەیشتووە و لەبەرئەوەش لە رووی راستگۆییەوە پێویستی دەکرد مەبەستەکە بە ئاگاداریتان بگات، کە ئەم کەمینەیە فرمان و فەرموودەی شاهی، لە بەهانا گەیشتن و یارمەتیدان و هاوکاریکردنی خاوەن شکۆدا، لەسەر بەڵێنی خۆم، هەروا نەگۆڕ و شێلگیرە و بەهیچ جۆرێک هیچ بایەخێک بەخەلعەت و بیورلدی باسکراو نەدراوە و هیچ رێزێکی نێردراوەکەش نەگیراوە. بۆیە بۆئەوەش کاربەدەستانی حکومەتی شاهەنشاهی، چاویان بەبیورلدی بکەوێت، بیورلدی لە ئێلچی وەرگیراوەو بۆ دارولسەڵتەنەی تاران نێردراوە و تا هاتنەوەی وەڵام، ئێلچی لێرە گل دراوەتەوە. بۆئەوەش کە پیاوانی خاوەن شکۆ، لە چۆنێتی مەبەستەکە ئاگاداربن و کاروبارەکانی زیاتر سەرنجیان رابکێشن، پیاوێکی خۆمم بە راسپێردراویی لەتەک پایەبەرز و هێژا: باقر بەگدا بەرێ کردووە. هەڵبەت پێشم راگەیاندوون کە هەر لێرەوە تا بەغداد، بەهیچ جۆرێک لەو بارەیەوە نەدوێن و کاری باسکراو، بەشاراوەیی بهێڵنەوە و ئەم بچووکەش بەوپەڕی خۆشەویستیی و باوەڕی پتەوەوە لە پێناوی بەرژەوەندی و لە رێی فرمانی شاهەنشادا، بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیی پیاوانی خاوەن شکۆ، بەویستی خوا دەستەوخەنجەر وەستاوە.

لەوەزیاتر درێژە بەبێ ئەدەبیی نادەم و خۆتان خاوەن فرمانن[٣٤].

**مۆر: کام دڵ حاصڵ بێت: ئەوڕەحمان.**

***

وەک دەریش دەکەوێ ئەم دیاری و خەلعەت ناردنەی بابیعالی، بۆ ئەوڕەحمان پاشای بابان، کارێکی وای لەسەر هەست و هەڵوێستی ئەوڕەحمان پاشا؛ بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی نەکردبێت، تا دۆستایەتی خۆی لەگەڵ کاربەدەستان و دەرباری بابیعالیدا

٣٣- بیورلدی و کورکی: خەلات و دیاری و فرماننامە.
٣٤- ئەرشیفی تۆپ قاپو سەرای تورکیا. ژمارە: E/ ٦٠٥٧ .



پتەوتر بکات. بۆیە ژەنەراڵ «گاردان»ی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ناپلیۆن بۆناپارت، کە لەوکاتەدا لە ئێران بووە، لەم بارەیەوە ئاوای نووسیوە:

«لەم دواییەدا راستیی ئەو هەواڵەم پێگەیشتووە، کە خەلعەتی پاشایەتی شارەزووریان بە ئەوڕەحمان پاشا بەخشیوە و وا دەردەکەوێت کە ئاشتی نێوان سلێمان پاشا (سلێمان کەهیە)و ئەم سەرکردە کوردە، شتێکی رواڵەتیی بێت»[٣٥]... بەڵام سلێمان کەهیەی والی بەغداد، بەوبۆنەیەوە کە لە شەڕی زرێباردا لەلایەن ئەوڕەحمان پاشاوە بەدیل گیرابوو، رقێکی کۆن و شاراوەی بەرامبەر ئەوڕەحمان پاشا لەدڵدا هەڵگرتبوو، بۆ بیانوویەک دەگەڕا تۆڵەی شەڕی زرێباری لێبکاتەوە. هاوکاتیش کە لە کاتی دیلکردنەکەیدا، لەلایەن ئێرانەوە ئازاد کرابوو. بۆیە سۆز و مەیلێکی بۆ ئێران هەبوو. هەر لەبەر ئەمەش سەرەتای دۆستایەتییەکی لەگەڵ فەتح عەلی شای ئێران دامەزراندبوو... شای ئێرانیش کە ئەم ناکۆکییەی نێوان ئەوڕەحمان پاشا و سلێمان پاشای دەزانی و هەر دووکیانیشی بە دۆستی خۆی دەزانی؛ ویستوویەتی تەقەللایەک بۆ ئاشتکردنەوەیان بدات، بەڵام وەک ژەنەراڵ گاردان لەنامەیەکیدا بۆ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەم بارەیەوە نووسیوێتی: «تەقەللاکەی ئێران بێهوودە بووە...»[٣٦].

ئەم ناکۆکییەی نێوان سلێمان پاشا و ئەوڕەحمان پاشا قووڵتربووەوە و ئەوڕەحمان پاشاش گوێی بەفرمان و داواکانی سلێمان پاشا نەداوە و لێی بێباک بوو... تا کار بەوە گەیشتووە سلێمان پاشا لەشکر بۆ سەر ئەوڕەحمان پاشا کۆ بکاتەوە... لەم لەشکر کۆکردنەوەیەشدا پشتی بەخالید پاشای ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا نەبەست، چونکە خالید پاشای بەمایەی تێکشکانەکەی زرێبار دەزانی. بەڵکو داوای لە محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا کرد، تا هاوکاری بکەن.

کە ئەوڕەحمان پاشا هەستی بەم لەشکرکێشییەی والی کرد، خۆی ئامادەکرد و ئەمجارەش هەر لە دەربەندی بازیان دامەزرایەوە[٣٧].

ئەمجارەش هەر بەهۆی ئامۆزا و خزمەکانی ئەوڕەحمان پاشا و بەتایبەتیش «بەچاوساغیی محەمەد بەگی کوڕی خالید پاشا لە قۆڵی راستەوە و لەلای چەپیشەوە سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا، بەشەو لە هەردوو لاوە سەرکەوتن و... وەزیریش رووبەڕوو، لە دەربەندەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی لەشکری بابان. ئەوڕەحمان

٣٥- سعید نفیسی- تاریخی اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر- انتشارات بنیاد- چاپ ششم- تهران ١٣٦٦ش- ص١٤٧ .
٣٦- هەمان سەرچاوە- ص ١٤١ .
٣٧- میرایەتی بابان لە نێوان.. ل ١٢٢ .

پاشا بەرگەی نەگرت و بەشکاوی کشایەوە. محەمەد بەگی کوڕی خالید پاشا و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا، تا- قزلّجە- شوێنی کەوتن. (جیمادی یەکەمی ١٢٢٣ کۆچی، تەمووزی ١٨٠٨)[٣٨].

دوای ئەوەی ئەوڕەحمان پاشا بەرەو مەریوان کشایەوە، سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا کرا بەفرمانڕەوای سلێمانی... بەڵام خالید پاشای ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا، لە داخی ئەوەی کە لە دوای شەڕی زرێبارەوە، لەلایەن والییەوە پشتگوێ خرابوو، (٥ تا ٦) سەد سواری لە خۆی کۆکردەوە و خۆی گەیاندە ئەوڕەحمان پاشا لە مەریوان. ئیتر والی بەغداد کە زانی خەریکە کێشەکە گەورە دەبێ و ئێران گوشاری بۆ دێنێ و لێی دەڕەنجێ، بەناچاری فرمانڕەوایەتی بابانی بە ئەوڕەحمان پاشا سپاردەوە، (١٨٠٨).

بەڵام ئەوڕەحمان پاشا رق و کینەی وەزیر و هێرش هێنانە سەری، لە دڵدا دەرنەدەچوو؛ بۆیە کە لە ئەستەمبوڵەوە هەواڵی لابردنی سلێمان کەهیە و دانانی والی تازەی بیست و بۆ ئەمەش لەلایەن (حالەت محەمەد سەعید)ی سەرۆکی دیوانی هومایۆنییەوە، داوای هاوکاری و یارمەتی لێکرا، خۆی ئامادەکرد و زیاتر لە (١٠) هەزار سوارە و پیادەی بۆ یارمەتی «حالەت» و لابردنی والی، رووەو بەغداد برد.

لەم هێرشە هاوبەشەدا، کە بەهاوئاهەنگیی لەگەڵ هێزەکەی «حالەت»دا کردیانە سەر لەشکری والی، هێز و لەشکرەکەی ئەوڕەحمان پاشا رۆڵی سەرەکی لە بەلادا خستنی شەڕەکە و دەرپەڕاندن و راونانی والیدا گێڕاوە. چونکە تەنیا لە هێرشی شەوێکی هێزەکەی ئەوڕەحمان پاشادا بۆ سەر لەشکرەکەی والی، (٨٠) کەس لە سوارەکانی ئەوڕەحمان پاشا کوژران و (١٥٠) کەسیشی لێ بریندار کرا. بەڵام لە ئاکامدا والی ناچار بوو هەڵبێ و رووبکاتە ناو ئێلەکانی عەرەبی خوارووی عێراق. لەو دەرفەتەدا کابرایەکی خێڵەکیی عەرەب، هەلی قۆستەوە و والی کوشت و سەرەکەی بۆ ئەوڕەحمان پاشا هێنایەوە (١٨١٠ز)... بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە، لەو رۆژانەدا ئەوڕەحمان پاشا یەکەمین دەسەڵاتداری بەغداد بوو[٣٩]. ئەوڕەحمان پاشا دەرفەتی دەسەڵات و مانەوەی خۆی لە بەغداد، بەهەل زانی و تۆڵەی لەو گەورە کاربەدەست و کەسانە کردەوە، کە کاتی خۆی «عوسمان پاشا»ی کاکیان لە بەغداد دەرمانخوارد کردبوو[٤٠].

٣٨- هەمان سەرچاوە- ل ١٢٢ .
٣٩- محمد رضا نصيري- اسناد ومكاتبات تاريخي ايران- جلد (١) ص ١١٩ و٢١٤؛ عباس العزاوي- تاريخ العراق بين احتلالين- انتشارات الشريف الرضي- قم ١٤١٠ ه.ق- الجزء السادس- ص ١٩٥-٢٠١؛ عبدالرزاق دنبلي- مآثر سلطانية- چاپ دوم ١٣٢٩ ش- ص٢٤٢-٢٤٣؛ تاريخ وجغرافياي كردستان، موسوم بة: سير الاكراد- تهران ١٣٦٦ ش- ص١٣٥ .
٤٠- مستەفا نەوشیروان – میرایەتی بابان لەنێوان .. ل ١٢٦ .





ئـەوڕەحمان پاشای بابان
**(؟ – ١٨١٣)**
ئەم وێنەیەم لەم کتێبە فارسییەوە وەرگرتووە: سرنویشت درگذشت زمان، نووسینی: عبدالخالق اردلان، چاپ اول، تهران ١٣٥٨ی هەتاوی ١٩٧٩ز

ئەم داروبارە شپرزە و لەبەریەک هەڵوەشاوەی بەغداد و دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئەوڕەحمان پاشا لە بەغداد و کوژرانی سلێمان کەهیە، کە دۆستێکی ئێران بووە، وای لە هەندێ لە کاربەدەست و سیاسەتمەدار و لایەنگرانی ئێرانیی کردووە؛ سەرانی قاجاری لەوە هوشیاربکەنەوە و پێشنیاریان بۆ بکەن، تا لەلایەکەوە: ئەگەر بەچاکی بزانن هەل بقۆزنەوە و ئێران هێزێک بۆ گرتنی ناوچەکە بنێرێ و لەلایەکی تریشەوە: بیر لە ڕێگە گرتنی دەسەڵاتی زیاتری ئەوڕەحمان پاشا بکەنەوە. بۆیە دوو کاربەدەستی ئێرانی، کە لەو کاتەدا لە بەغداد بوون و کاروباری عێراقیان هەڵسەنگاندووە و هەریەکەیان بەجیاوازی لای خۆیەوە، نامەی تایبەتییان بۆ گەورە لێپرسراوانی ئێرانی ناردووە؛ کە یەکەمیان ناوی «محەمەد حسێن خان»ە و ماوەیەک لای والی بەغداد، کارگێڕی ئێران بووە؛ ئەم نامەیەی بۆ «عەبباس میرزای نایب سەڵتەنە» ناردووە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٢

بابەت: داروباری عێراق و یاخیبوونی ئەوڕەحمان پاشا

مێژوو: ١٢٢٥ کۆچی، ١٨١٠ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی یەکەم - لاپەڕە: ١١٩

## نامەی محەمەد حسێن
## بۆ عەبباس میرزای نایب سەڵتەنە

***میری زانا، جێگەی هیوا، پشت و پەنا***

*ئەرکی سەرشانی ئێمەی خزمەتکاران و هاوڕێ و یاران ئەوەیە: هەر خزمەتێک لەلایەن پیاوماقوڵانی دەوڵەتی بەبێنەوبەرەی پاشاییییەوە بۆمان دیاری بکرێت، بەوپەڕی تەقەللا و تێکۆشانی بێ وچان و بەبێ موو لێ لادان، بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی گیان و ژیانی لەپێناودا بەخت بکەین.*

*لەبەرئەوەی بەپێی فرمان و ویستی رووگەی دنیا و دنیایان، رۆح بێت بەفیدایان، لەو سەر سنوورە، بۆ خزمەتکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری خاوەن ژین و ئایین، نەوابی ئەشرەف، دیاریکراوم، دەبێ راپۆرتی یەک*



*بەیەکی ئەو رووداوانەی لەم ناوچەیەدا روو دەدەن و ئەو باس و خواسانەی لەم مەڵبەندەدایە، بەئاگاداری ئەمینداران و دەوڵەتی پڕشکۆ رابگەیەنم و ئەوانیش هەرکات پێویستیان زانی، عەرزی خۆڵی مووبارەکی بەرپێی رووگەی عالەمی دەکەن.*

*بەرلەوەی ئەوڕەحمان پاشا ببێتە مایەی ئەم ئاژاوە و بەدکارییە و بزووتنی لە شارەزوورەوە، تا قەومانی شەڕەکە و چۆنێتی کوژرانی وەزیر، رۆژ بەرۆژ و موو بەموو، عەرزی خاکی بەرپێی مووبارەکی شەهریاری کراوە.*

*ئێستاش بەپێی فرمان، بۆ سەرنجی گەورەپیاوانی خاوەن شکۆ رادەگەیەنم: ئەو جۆرەی کە بۆمان روون بۆتەوە، تێکهەڵچوونێک رووی نەداوە، جگە لەوەی کە ئێستاکە سلێمان پاشای بابان بریندار و دیلە و لەوانەشە بیکوژن. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە بووە، کە هەرایەک روویداوە خەڵکیش لە خۆیانەوە روویان لە وەزیر وەرگێڕا و لێی تەکینەوە. وەزیری ناوبراویش کە سەیری کردبوو کارەکە ئاوایە، لەگەڵ چەند کەسێک هەڵات. لە کەناری رێژاوی «دیالە» بەدەستی عەرەب کوژرا... دوای ئەوە فەیزوڵڵا ئاغا کەهیای خەزنەدار و مەسرەف-یشی کوشت و ماڵ و سامانێکی زۆریشیان لەوان و لە ئەعیانەکانی بەغداد زەوتکردووە. دەڵێن پارەیەکی زۆری لە محەمەد سەعید بەگی دەفتەرداریش سەندووە و کوشتوویەتی. بەڵام لەوەش دەچێ هێشتا نەکوژرابێ، چونکە یەک دوونامەی نووسیوە، کە بەتایبەت ئاماژەی بەداگیرکردن و بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانی خەڵک و مەهدی خانی کەڵهوڕ و حاجی ئیبراهیم خانی تۆکمەچین کردووە و هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، رەوانەی خزمەتتان کرا. کە سەرنجیان فەرموو، پوختەکەیتان بۆ دەردەکەوێت.*

*کوشتنی ئەم هەموو خەڵکە و بەتاڵان و بڕۆ بردنی ئەو هەموو ماڵ و سامانە، هەمووی هەر ئەوڕەحمان پاشا دەیکات. رەئیس ئەفەندی-یش وەک میوانێکی نەناس لەوێ دانیشتووە و خۆی لەقەرەی هیچ شتێک ناگەیەنێت. هەرچی ئەوڕەحمان پاشا بیکوژێ و بیبڕێ و دایبنێ و لایبات، هەر خۆیەتی و هیچ کەسێکی تر دەسەڵاتی هیچی نییە.*

*هەر چۆنێک بێت، بەپێی فرمان، بڕیار وایە ئەم کەمینەیە، بەئاگاداری سەرنجی مووبارەک رابگەیەنم: کە من هەر زوو بەگوێی کاربەدەستانی دەوڵەتی بەشکۆی سوڵتانیم راگەیاندبوو، تا ئەگەر بیروڕای پیاوان و*

*ئەمینداران ولات، بێتە سەرئەوەی ولاتی عێراقی عەرەب بگرن، هەلی لەمە باشتر هەڵناکەوێ. هەندێ وەڵامیش وەک سەرە قەڵەم، لەلایەن ئەمیندارانی ولاتەوە، درانەوە و لێرەشەوە هەندێ مزگێنی و فرمان، (کە دەبووایە بەوەزیر و دانیشتوانی بەغداد بدرێن)، نەگەیەنران، دوای ئەمەش دووبارە ئاگادار کران، کە ئەگەر دوو سێ هەزار کەس لە سوارچاکانی سوڵتانیی تەیار بکرێن و چەند توغرا و فرمانێکی پیرۆز دەربکرێن، سەرانسەری عێراقی عەرەب، بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر رکێفی کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتە مەزنە. ئەوەش هەر نەکرا... ئێستاش کە کارەکە ئاوای لێهاتووە، باری ئابڕووچوون ئەم لایەنەی هەڵگرتووە.*

*ئەوڕەحمان پاشا، ئەوەتەی بووە، هەر شێتوشوور بووە. ئەوا ئێستاکەش مەملەکەتێکی وەک عێراقی عەرەبی لەژێر دەسەڵاتدایە و چەندان کلوور سامانی دەست کەوتووە. دیارە لە ئاوەزی داوە و شێت و شبرتر دەبێ و هەندێ جووڵانەوەی نالەبارتری لێ دەوەشێتەوە. لەولاشەوە هەموو رۆژێک لەگەڵ والی کوردستان[٤١] و لەم لاشەوە لەگەڵ دانیشتوانی ئەم سەر سنوورانە، ئاژاوە و پشێویی دروست دەکات، ئاکامیش ئاوا ئالاوەتە دەست و یەخەی پیاوان و ئەمیندارانی دەوڵەتە مەزنەکەمان و ئەوسا ئیتر تەمێکردن و سەرکوتکردن و گێڕانەوەی، کارێکی ئەوەندە سووک و سانا و بێ دەردی سەریی نابی... بەڵام ئێستاکە چارەسەرکردنی سووک و ئاسانە.*

*هەرکاتێ وێنەی روونی ئەو راستییە، لە ئاوێنەی ئیلهام نوێنی گەورە پیاوانی خاقانیدا خۆی نواند و رای وردی پیاوانی پێزان و تەمای ئاسنینی ماقوڵانی لێزانی دەوڵەت، بەبەرژەوەندی و پێویستی زانی؛ هێشتا بارودۆخی عێراقی عەرەب هێور نەبۆتەوە و هیچ وەزیرێکیش لەسەر دەسەڵات، سەقامگیر نەکراوە و پشێویی و کەس بەکەسیی بەتەواوی لەو دیارە هەوارگیرە و کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە. بۆ وێنە: لەو سەروبەندەدا لە چوار فرسەخی نەجەفی ئەشرەف (٧٠٠ تا ٨٠٠) کەسێکیان لە زیارەتکارانی ئێرانی هێناوەو لە نێوان قەسر و خانەقین-یشدا (٥٠- ٦٠) کەسی تریان رووتکردۆتەوە و پێنج شەش کەسیان لێ کوشتوون و لە نێوان کازمین و بەغدادیشدا کۆمەڵێکیان تالانکردووە و (٦-٧) کەسیان لەوانیش کوشتووە... پشێویی و شێواوییەکی یەکجار زۆر*

٤١- لەوکاتەدا ئەمانوڵڵاخانی گەورە، والی سنە بووە.



*بەسەر بارودۆخی ئەوێدا زاڵە، بەقەرایی (١٢) هەزار کەسێک، سوارە و تفەنگچی تەیار و دیاری بکەن و دانیشتوانی ئەم دوو سێ ویلایەتەی دراوسێ ئاگادار بکەن؛ بەپشتیوانی خوا.، بکەونە دەرپەڕاندن و لەناو بردنی ئەوڕەحمان پاشای ماکی چەپەڵیی و دزێویی. بەئاسانترین شێوە، کار بەرەوپێش دەڕوات... لەبەرئەوەش مەبەستی کاربەدەستانی ئەم دوو دەوڵەتە، یەکێتیی و یەکگرتنی ئەم دوو دەوڵەتەیە؛ ئەوە سەرەنجام ئەو شۆفارە دەبێتە مایەی تێکدانی هەردوو دەوڵەت. ئەگینا ئەگەر بێت و ئەمیندارانی بەورەی دەسەڵاتداری گەورە، ئەم پێشنیارەیان گێڕایەوە، ئەوسا ئیتر خۆیان هەر بڕیارێکی بۆ بەرژەوەندی ولات و دەوڵەتی بزانن و بیفەرموون، خۆیان سەرپشکن. بەهەر جۆرێکیش کە حوکمی پتەو و هەرمانی سوڵتانیی دەربیبڕێت؛ وەڵاممان بۆ بنووسنەوە، تا ئەمرۆ فرمان، لەسەر چاوان بەڕێوە بچێت.*

فرمان فرمانی ئێوەیە.

مۆری پشتی نامەکە: «عبدالراجی: محەمەد حسین»[٤٢]

**دووەمیشیان:** محەمەد سادق خان-ە و ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئێرانی «میرزا شەفیع» ناردووە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٧

بابەت: یاخیبوونی ئەوڕەحمان پاشا

مێژوو: ١٢٢٥ کۆچی، ١٨١٠ز

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی یەکەم. لاپەڕە: ٢١٤

٤٢- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبوڵ- خەتی هومایۆن ژمارە: A- ٥٢٤٨٢ .

## نامەی محەمەد سادق خان
## بۆ: میرزا محەمەد شەفیع-ی سەرۆک وەزیران

***خاوەن گەورەیی.***

***پوختەی سەرومڕی داروباری عێراقی عەرەب:***

*دوای کوژرانی وەزیر و دەست بەسەرداگرتنی دارولسەلام لەلایەن ئەورەحمانەوە، هەرچی کەلوپەلی بەرچاو هەبوو، لە شتومەکی فرۆشتەنی؛ لە وڵاخ و چەک و کەرەسەی جەنگ و تۆپ و زەنبورەک، بەداروەستەی بابانی بەخشی. لەوانە: شەش هەزار هێستر، کە هی وەزیرەکانی بەغداد بوون، بەتایەفەی بابان دران. دوای ئەوەی هەرچی دراو بوو، ئەشرەفی و شتی تر لە دارایی سلێمان پاشا و عەلی پاشا و ئەم وەزیرە کوژراوە؛ هەمووی بردووە. دوای ئەمانیش- کەهیا-ی کوشتووە و هەرچی هەیبووە، دەستی بەسەرداگرتووە. باش ئاغا و خەزێنەدار و حیشمەت ئاغاسی و کۆمەڵێکی تری لە ئەعیانەکانی بەغداد کوشتووە و هەموو کەلوپەل و دارایی بێدەنگ و دەنگداری زەوتکردووە. دەفتەرداری کلۆڵ و کوڕەکەی گرتووە. دوو تەغاری ئەستەمبۆڵیی، کە دەکاتە (١٢٠٠) مەنی تەورێزی، زێڕی لێ سەندوون. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەوانەی بردووە، هێشتا داوای[ ...] [٤٣] پارە لە بازرگانانی خۆماڵیی و بیانیی بەغداد دەکات. سەد هەزار قرۆشی لە کلیلدار و متەوەللی کازیمەین سەندووە. ئەمانەی عەرزتان دەکرێ، زۆربەیان بەشێوەی نووسین بوون و هەندێکیشیان بەدەمیی بوون و سامانی وەزیرەکانی بەغدادیش لە رادەبەدەر بوون. بۆ گوێزانەوەی کەلوپەل، وڵاخەکانی وەزیر بەشی نەکردوون. لە سلێمانی و دەوروبەری وڵاخیان هێناوە. تاقە پیاوێکی ناسراوی لە بەغدادا نەهێشتووە. سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا، کە لە ناو ئێڵی باباندا ناو و ناوبانگێکی هەبوو و خەڵکی بابان لایەنگیری بوون، گرتووە و کوشتووە، ئێستا دنیا بەئارەزووەکانی دڵی ئەم پیاوە شێت و بەهەوایە دەگەڕێ. عەبدوڵڵا ئاغای خەزێنەداری عەلی پاشا، کە نۆکەری ئەورەحمان بوو، کردوویەتی بەقایمقام. وەک بیستراوە: نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی رۆم*

(٤٣): ئەو چەند وشەیە بۆ دکتۆر (محمد رضا نصیری)ش نەخوێندراونەتەوە.



*نووسیوە، بەڵێنی داوە ئەگەر وەزارەتی بدەنێ، چەردەیەکی زۆر پارە بدات. ئەگەر وەزارەتی ئەمیش پەسەند نەکەن، وەزیرێک بۆ بەغداد دەدۆزێتەوە؛ کە نۆکەری خۆی بێت.*

*زەهاو، خانەقین، بەعقووبە و مەندەلی بە فەتاح پاشای زەهاو داوە؛ بەو مەرجەی کە ساڵی دوو هەزار سوار ئامادە بکات [ ...] [٤٤]یش بەسەردا گیراوە... دوای جەژنی رەمەزان خەیاڵی ئەوەی هەیە بۆ* ***سلێمانی*** *بگەڕێتەوە. «رەئیس ئەفەندی» میوانێکە لە گۆشەدا کەوتووە. لە دەوری بەغداد و سەرپرد و ناوشار و قزرابات و خانەقین و قەسردا، سێ، چوار زائیر کوژران و دوازدە هەزاریش رووت کراونەتەوە. چ شەڕ و هەڵڵایەکی سەیرە! و کارەکانیش زۆر بەسادە و ئاسانی بەگوێرەی مەرج و خواستی[ ...] [٤٥] دەگەڕێ! ئیتر شتێکی وام نییە شایانی باس بێت. کارەکان بەپێی فرمانتان خراونەتە ژێر چاودێریی. خاوەن گەورەیی، نزیکەی (٣٠) عەڕادە تۆپ بە هەموو پێویستییەکانییەوە بۆ شارەزوور نێردراوە. هەر بۆ ئاگاداریتان عەرزم کردن[٤٦][٤٧].*

***

وەک لە دووتوێی ئەم دوو نامەیەدا دەردەکەوێ؛ لەشکری بابان بەسەرکردایەتی ئەورەحمان پاشا، تاڵان و بڕۆیان زۆر کردبێ، کە لەکاتی بەرپابوونی ئەم جۆرە رووداوانەدا شتێکی ئاسابییە، لەشکری سەرکەوتوو، دەست بەسەر چەک و کەرەسە و سامانی نەختینەدا بگرێ، بەتایبەتیش بۆ لەشکرەکەی ئەورەحمان پاشا، دوای ئەو هەموو لێکوژران و زیانەی بەهۆی ئەم شەڕەوە لێیان کەوتووە، بەمافی خۆیان زانیوە دەست بەسەر تۆپ و خێوەت و کەلوپەلی بەڕێوەبەرایەتییە جێماوەکەی سلێمان کەهیەی بەزیودا بگرن. هەرچەندە وەک دیارە، نووسەرانی ئەم دوو نامەیە بۆ ئەوەی سەرانی ئێرانی لە ئەورەحمان

(٤٥،٤٤): ئەو چەند وشەیە بۆ دکتۆر (محمد رضا نصیری)ش نەخوێندراونەتەوە.

٤٦- ناونیشانی نامەکە ئاوایە: رەشنووسی پاڕانەوەیەکە، کە محەمەد سادق بۆ خزمەتی خاوەن کۆیلەی بەشان و شکۆ، جەنابی وەزارەت ئاوەدان، متمانە پێکراوی دەوڵەتی باڵای ئاسەفی جێگا: میرزا محەمەد شەفیع نووسراوە و نێردراوە.

٤٧- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ. خەتی هومایۆن. ژمارە: ٥٢٤٨٢- نامەکە مێژووی پێوە نییە، بەڵام بەگوێرەی مێژووی کوژرانی سلێمان پاشای بەغداد، کە لە: جەمادی الآخر- ١٢٢٥ کۆچیدا کوژراوە؛ دەبێ نامەکە لە کۆتایی مانگی ناوبراو، یان مانگی (رەجەب)ی هەمان ساڵدا نێردرابێ.. جگەلەوەی کە نامەی پێشووش هەر بەو مێژووە و بۆ ئەو مەبەستەش نووسراوە.

پاشای بابان تووڕە بکەن، زۆریان زیاد پێوە ناوە، بەڵام وەک سەرچاوەی هەواڵەکانی ئەو سەردەمە دەنووسن: ئەوڕەحمان پاشا (١٢) تۆپی بۆ سلێمانی ناردۆتەوە[٤٨].

لە دوای کوژرانی (سلێمان کەهیە)ی والی، ئەوڕەحمان پاشا لە بەغداد مابووەوە. ویلایەتی بەغدادیش بێ والی مابووەوە. گەورە بەرپرسانی بابیعالیش بۆ یەکێک دەگەڕان، شیاوی ئەوەبێت بە والی بەغدادی دابنێن. کە لەوکاتەدا (ئەوڕەحمان پاشا، لەناو گەورە پیاوانی عێراقدا، لە هەموویان بەدەسەڵاتتر و بەناوبانگتر و ڕەنگە لێوەشاوەتریش بووبێت)[٤٩].

بەڵام بابیعالی حەزی لە چارەی ئەوڕەحمان پاشا نەدەکرد، چونکە بەدۆستی ئێرانیان دەزانی و بۆ ئەوەش لە پلەوپایەی کەم بکەنەوە، وایان بڵاودەکردەوە، کە گوایە ئەوڕەحمان پاشا زۆری هەوڵداوە بکرێتە والی بەغداد؛ تەنانەت ئامادەیی نیشانداوە، کە باجی ساڵانەی ویلایەتی بەغداد، پێنج ئەوەندە بەزیادەوە بە بابیعالی دەدات... بەڵام بابیعالی هەرگیز ڕازی نەبووە گەورە پیاوێکی عەرەب، یان کورد بە والی بەغداد دابنرێ، چونکە لەوە دەترسا عێراق بەرەو جیابوونەوە و سەربەخۆیی ببەن... بەتایبەتیش لە گەورەکانی بابان، کە سەر و پێوەندێکیان لەگەڵ ئێراندا هەبووە[٥٠].

بەڵام کلودیوس جێمس ریچ، کە (١٠) ساڵ دوای ئەم ڕووداوە هاتۆتە سلێمانی، ئەم دەنگوباسانەی بەم جۆرە لە بیرەوەری ڕۆژی (١٣ی ئایاری ١٨٢٠ز) دا یادداشت کردووە:

«ئەوڕەحمان پاشا دەیویست کارێک بکات ڕاستەوخۆ وڵاتەکەی باج بەبابیعالی بدا، بەمەرجێک سەربەخۆ بێ و سەر بەهیچ والییەکی دەوروپشتی نەبێت. لە بەرامبەر ئەمەشدا قایل بووە بابیعالی، ساڵانە داوای چەندی لێبکات، بەرێکوپێکی بیدات و بۆ ئەمەش هەر بەتەنیا پابەندی فرمانەکانی بابیعالی بێت و لەکارنەخرێت و دوور نەخرێتەوە و دەستیش لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەی وەرنەدرێت، مەگەر لەکاتی سەرپێچی و یاخیبووندا نەبێت. بەڵام هەرگیز نەیتوانی ئەم شتانەی بۆ بێتەدی، چونکە لەکاتی یاخیبوونەکەی سلێمانە بچووک (سلێمان کەهیە)ی والی بەغدادا، لە بابیعالییەوە ڕەئیس ئەفەندی «حالەت» یان ناردبوو بۆ سلێمانە بچووک. داوایشی لە ئەوڕەحمان پاشا کردبوو، لە جێی سلێمان پاشا ببێتە والی بەغداد. کەچی ئەوڕەحمان پاشا زۆر مەردانە و بەتوندی داواکەی ڕەتکردبووەوە و وتبووی: ڕاستە، من بەوە پلەی یەکەمی وەزیریم

٤٨- یاسین العمری: غرائب الأثر فی حوادث ربع القرن الثالث عشر- الموصل ١٩٤٠ -ص١٢١ .
٤٩- مستەفا، نەوشیروان- میرایەتی لە نێوان - ل ١٢٧ .
٥٠- الدکتور سلیمان عبدالعزیز نوار- داود پاشا والی بغداد- القاهرة- ١٩٦٧- ص ٥٠ . هەروەها: لونگریک: اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث ١٩٦٨- بغداد - مطبعة البرهان- ص٢٧٣ .



دەدرێتێ؛ بەڵام قومێک لە ئاوی چیاکانی کوردستان، بەهەموو تەخت و بەختی دەوڵەتی عوسمانی ناگۆڕمەوە. ڕەنگە چوونیشم بۆ بەغداد، گوزەرانم زۆر خۆشتر بکات، بەڵام ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی لەناوچوونی بنەماڵەی بابان»[٥١].

دوای گێرەوکێشەیەکی زۆر، بەناچاری «عەبدوڵڵا ئاغا» کرایە والی بەغداد، کە کۆیلەیەکی ئازادکراوی سلێمان پاشای گەورەبوو، ئەمیش ئەوەندەی نەبرد لەسەر هەندێ شت لەگەڵ ئەوڕەحمان پاشادا ساردیی کەوتە نێوانیان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ساردیی کەوتە نێوان محەمەد عەلی میرزا و ئەوڕەحمان پاشاوە، کە والی و محەمەد عەلی میرزا لەسەر ئەوە پێکهاتن بەهەردووکیان ئەوڕەحمان پاشا سزابدەن... بۆ ئەمەش وەزیر بۆجاری دووەم فرمانڕەوایی بابانی لە ئەوڕەحمان پاشا سەندەوەو بۆ دووەمین جار بەخالید پاشای بابانی سپارد. محەمەد عەلی میرزاش بەهێزێکی (٦٠) هەزار کەسییەوە هێرشی بۆ سەر ئەوڕەحمان پاشا برد و لە کۆیەدا گەمارۆی دا، ئەوڕەحمان پاشا نزیکەی (٧٠- ٨٠) شەڕکەری بابانی لەگەڵدا بوو. ئازایەتییەکی زۆریان نواند. محەمەد عەلی میرزا لە گرتنی ئەوڕەحمان پاشا بێ هیوا بوو. ناچار لەگەڵی ڕێککەوت و فرمانڕەوایی کۆیە و هەریری پێبەخشی (١٨١١ز)...[٥٢]

بەڵام ئەوڕەحمان پاشا بەتۆپزی فرمانڕەوایی بابانی لە خالید پاشا سەندەوە و بەم جۆرە ئەم چەندان ئاڵوگۆڕە خێرا و بەرودوایە، تا ساڵی ١٨١٢ز، درێژەی کێشا، کە لەو ساڵەدا دیسان والی بەغداد کەوتەوە گێچەڵکردن بە ئەوڕەحمان پاشا و دانانەوەی جاری سێیەمی خالید پاشا لە جێگەی ئەوڕەحمان پاشا و هێرش هێنانە سەری... ئەوڕەحمان پاشا خۆی ئامادەکرد و هەتا نزیک کفری بەرەو ڕووی لەشکری والی هات و لەوێ هەردوو لەشکر بەیەکیاندا دا و شەڕێکی قورس قەوما و لەپێشدا لەشکری ئەوڕەحمان پاشا سەرکەوت. بەڵام دوایی لەشکرەکەی والی خۆی گرتەوە و هێزەکەی ئەوڕەحمان پاشای شکاند و خالید بەگی برای ئەوڕەحمان پاشا و زۆر کەسی تریش لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژران و هێزەکەی والی منارەیەکی لە کەللەسەری کوژراوی کورد دروستکرد.

ئەمجارەش ئەوڕەحمان پاشا پەنای بۆ ئێران بردەوە. فەتح عەلی شا فرمانی بە محەمەد عەلی میرزا کرد یارمەتی گێڕانەوەی ئەوڕەحمان پاشا بدات[٥٣]. ئەویش داوای لە والی بەغداد کرد فرمانی شا جێبەجێ بکات. والی داواکەیانی بەجێ نەهێنا. لەبەرئەوە شازادە بەلەشکرەوە هێرشی بەرەو عێراق هێنا و کەوتە تاڵان و بڕۆ.

٥١- ریچ- لاپەڕە: ١١٥ .
٥٢- نصیری، محمد رضا- جلد (١) ص٢٥ (مقدمه).
٥٣- نصیری محمد رضا، اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه) ص ٢٥ (مقدمه).

لەم سەروبەندەدا ئاژاوەیەکی ناوخۆ لە خوارووی عێراقدا روویدا و والی ناچار بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئاژاوەیە، مل بۆ داواکانی محەمەد عەلی میرزا بدا و ئەورەحمان پاشای بەفرمانڕەوایی بابان دانایەوە... بەڵام بەرلەوەی والی ئاژاوەکە دابمرکێنێتەوە، بەدیل گیراو کوژرا (١٨١٣)و سەعیدی کوڕی سلێمان پاشای گەورە بووە والی بەغداد.

لەم گیرودارەدا ئەورەحمان پاشا نەخۆش کەوت و شەوی (٢ی مارتی ١٨١٣ز)، دوای بەسەربردنی تەمەنێکی پڕ لە رووداوی سەیرو سەمەرە و (٢٤) ساڵ فرمانڕەوایی پچڕپچڕ، کە تیایدا (٥) جار دەسەڵاتی فرمانڕەوایەتی لێ سەندراوەتەوە، کۆچی دوایی کرد...

تەرمەکەیان لە مزگەوتی سلێمانی بەخاک سپارد.

«ریچ» لە بیرەوەری رۆژی (١٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠)ی خۆیدا، سەبارەت بەساتەوەختی سەرەمەرگی ئەورەحمان پاشا، ئاوای نووسیوە:

«کاتێ ئەورەحمان پاشا لەسەرەمەرگدا لەسەر جێ بووە، کەسوکار و خزمەکانی، ئازارێکی زۆریان بەدەست هێمنکردنەوە و دامرکاندنەوەیەوە چەشتووە، چونکە لە بارێکی زۆر خرۆشاو و هەڵچووندا بووەو هەر ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کە: بەزەبوونیی و دەستەپاچەیی لە ناو جێگەدا دەمرێ... لە کاتێکدا حەزی دەکرد لە مەیدانی شەرەفدا بمرێ..»(٥٤)

**٢- مەحموود پاشای بابان (١٧٨٥ز - ؟)(*)**

**سەرەتای هەڵتەکاندنی میرنشینی بابان:**

ئەورەحمان پاشای بابان، لە دوای مەرگی خۆی، شەش کوڕ: مەحموود بەگ، سلێمان بەگ، عوسمان بەگ، حسێن بەگ، یوسف بەگ، عەزیز بەگ و سێ براش: ئەحمەد بەگ، عەبدوڵڵا بەگ و عومەر بەگ-ی لێ بەجێمابوون. بەڵام بەرلەوەی ئەورەحمان پاشا بمرێت، سەرانی عەشایەر و پیاوماقوڵان و کوێخای گوندەکان کۆبوونەوە و «مەحموود بەگ»ی کوڕە گەورەیان بەجێنشینی ئەورەحمان پاشا هەڵبژاردووە... هەروەها سەعید پاشای والی بەغدادیش لە بەرامبەر ئەو چاکەیەدا کە ئەورەحمان پاشای باوکی مەحموود پاشا، لەکاتی یاخیبوونەکەیدا لە ناوچەی مونتەفیک، دوژمنایەتی عەبدوڵڵا پاشای والی پێشووی بەغدادی کردووە، فرمانی میرایەتی قەڵەمڕەوی بابانی بۆ ناردووە و کردوویەتی بە «پاشا»ی بابان و کۆیە و هەریر و سوڵتان مەحموودی عوسمانی «١٨٠٨-١٨٣٩»یشی

٥٤- گەشتی ریچ بۆ کوردستان - ل ٣٢١

(*) ساڵی (١٨٢٠ز)، کە «ریچ» هاتۆتە سلێمانی، تەمەنی مەحموود پاشای بابان، وەک ریچ دەڵێ: (٣٥) ساڵ بووە. بەم پێیە ساڵی لە دایکبوونی مەحموود پاشا دەبێتە: ١٧٨٥ز. بنوارە: گەشتی ریچ بۆ کوردستان، ل٩٩



لە چاکە و دڵسۆزیی مەحموود پاشا ئاگادار کردووە؛ بۆیە سوڵتان مەحموود «بیورلدی» و فرمان و خەڵاتی بۆ مەحموود پاشا ناردووە.

مەحموود پاشاش لە بەرامبەر ئەم بەسەر کردنەوە و رێزلێنانەدا، سوپاسنامەیەکی گەرم و پڕ لە ستایش و پێزانینی بۆ سوڵتان مەحموود ناردووە؛ کە ئەمە دەقی ئەو سوپاسنامەیەی مەحموود پاشای بابانە بۆ سوڵتان مەحموود:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٠

بابەت: پێ سپاردنی ناوچەکانی بابان و کۆیە بە مەحموود پاشا

مێژوو: ١٢٣٠ کۆچی، ١٨١٤ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی یەکەم. لاپەڕە: ٢٠٣

## نامەی مەحموود پاشای بابان
## بۆ سوڵتان مەحموودی عوسمانی

*لەم نۆکەرە کەمینەیەوە بۆ ئەوپەڕی خاکی بەندەگانی خاوەن شکۆ و دەسەڵاتی زۆر و بەخشینی چاک، ورە بڵند، بەخشینی ئاشکرا، وەلی نیعمەتم، ئەفەندم، سوڵتانم، بەختی هەر بەردەوام بێ، رادەگەیەنێ کە:*

*بەگوێرەی نیاز و تکای ئەم کەمینەیە و بەپێی خۆزگە و تکای ئەم نەونەمامە نێژراوەی لە کەموکوریی خۆی پەشیمانە و چاکە و چاودێریی و سۆزی ئەو وەلی نیعمەتەی بەسەرەوەیە، کە ئاواتی هەر بەخشینە. رەسووڵ ئاغای جێی متمانەی خۆی بەرەو دەرباری بەزەیی ئامێز ناردووە، تا رشتەی پابەندیی و پێوەندی خۆی ل دەهەر جێگە و رێگەیەکی ترەوە دادەبڕم و بەهەردوو دەستی تکا و خۆزگەوە بۆ «حبل المتین»ی دلۆڤانیی و سۆزی وەلی نیعمەتم بۆ خزمەتتان درێژ دەکات و گیانبازیی دەنوێنی و لەشکر بۆ هاوئاوزەنگیی دەنێرێ.*

*بیورلدی شەریفتان کردبووە مەرحەمەت و نیشانەی چاوپۆشین و لێبووردنی ئەم بەندە پڕ لە رابردوو هەڵەیە، کە بەبنچینە هەر بەندە و گەرد و تەمی هەستی بەخشندەشتان بەرامبەر بەم کەمینەیە، نیشانەی بەزەیی و دڵنەرمیی گۆڕیبووەوە و دەسەڵاتی ناوچەکانی: بابان و کۆیە و هەریر-تان بەم نۆکەرە گیانبازە بەخشیبوو، لەگەڵ خەڵاتی (کورک)ی سمۆرەی نایاب*

و سەروەر و ئەسپێکی پۆشتە و رازاوە، بەتەدارەک و کەرەسەی وەزیرانە. کە ئەم جۆرە لێبووردن و بەخشین و عەتا و فرمانە، هەر شایانی خاوەن شکۆی وەک ئێوەی وەلی نیعمەتە و لەگەڵ برای هێژا. «ئەحمەد ئاغا»دا ناردبووتان و بەسەر ئەفرازیی نۆکەری بەزێڕ کردراو و چاکە دیوەی خۆتان شەرەفی ناردن و وەرگرتنی پەسەند کردبوو.

بۆ ئەم مژدە دڵکەرەوە و گەیشتنی ئەم مزگێنییە پڕ لە شادییە، هەر لە سەرەتاوە کردمانە بەزم و بەتەدارەکی سەروەرانە و شادییەوە، سەرجەمی خەڵک و بەتایبەتیش بەگزادە و ئاغاگەل و ناسراوان و ئەعیانی ویلایەتی بابان بەپێشواز و بەرەوپیری چووین و پێشەکی «بیورلدی»ی شەریف و مەرحەمەتکراوم ماچکرد و کردمە تاجی سەربەرزیی خۆنیشاندانم و دوای بەجێهێنانی ئادابی شوکرانەبژێریی، «کورک»ی نایابم کردە بەر و پێی گەورە بووم و پلەوپایەمی پێ زیاد بوو. لەم حاڵەتەدا بەهەستێکی پاکەوە، ناوچەوانی کۆیلایەتیم لە تۆز و گەردی خزمەتگوزاریی و راستگۆیی سەروەرانی نیعمەت هەڵسوو. بەسواربوونی ئەسپە رازاوەکەش، سەری سەربەرزیی و خۆ پێ گەورە بوونم بەرەو قوبەی چەرخی بەرین هەڵکشا و بەو فرمانە پڕ لە بەخشین و نەوازش و بەسەرکردنەوەیەی وەلی نیعمەتیش، کە دروشمی هەر دەستبڵاویی بووە، دەوڵەتداریم لای چەپی خۆم و بەختەوەریشم لای راستمەوە بەچاوی خۆم دەبینی و بەم جۆرەش ئامادەی ناو دیوانی رازاوەبووم، کە بەزانایان و سادات و رێزدارانی هێژا، بەگوێرەی پلەو پایەی خۆیان ئامادە و ریزببوون؛ بیورلدی شەریفم ئاوەڵا کرد و خوێندەوە و کەرەسە و پێویستیی شادییانەو تەدارەکی سوپاسگۆییم پێشکەش کرد و تێکرای ئامادەبووان و بەتایبەتیش خەڵکی بابان، بە دوعای تەمەن درێژیی و بەختەوەریی و پتەری شان و شکۆی حەزرەتی ئەولیای نیعمەت، زمانی پاراومان گێڕا... خوای گەورە و دلۆڤان و بەدەسەڵات، تەمەنی حەزرەتی ئەولیای نیعمەت، درێژ و هەمیشە بکات و دەوڵەت و شان و شکۆی نەمریی پێبدات و سێبەری هومایانەیان بەسەر هەموو خەڵکی ئەم دەڤەرە و بەتایبەتیش بەسەر ئەم بەندە راستگۆیانەوە فراوانتر بکات.

سوێند بەحەقی ئەم قسە راستانە، لەو روانگەیەوە کە بەخشین و خێر و پێزانینی ئێوە، بەرامبەر ئەم نۆکەرە تۆکمە و قایمانەتان کردووتانە، مایەی



بەختەوەرییە و ئەوەی بۆ ئەم نۆکەرە سادەیەتان فەرمووە، وەک ئەوە وایە بەندەیەکتان ئازادکردبێ و غولامێکتان بەزێڕ کڕیبێ... واتە: ئەگەر چاوپۆشیتان لە پێشینە و تاوان و کەمتەرخەمیی ئەم غولامەتان کردبێت و بەنۆرەی پێڕەوابینینی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ویلایەتی بابان و کۆیە و هەریر، سەرفرازتان کردبم، وەک ئەوە وایە تەوقی کۆیلایەتیتان کردبێتە ملی ئەم نۆکەرە و بەقیمەتێکیش کڕیبێتتان.

بەڵام ئەم نۆکەرەش لە بەرامبەر ئەم هەموو چاودێریی و چاکە و بەخشینە بێ کۆتایی و لوتف نواندنەی ئەولیای نیعمەتدا، ئەگەر گیانی خۆیشی بخاتە بەرپێی ئەسپی (سەمەند)ی بەختەوەریی حەزرەتی ئەولیای نیعمەت، هێشتا خۆی بەکەمتەرخەم دەزانێ و هێشتا «یەک» لە بەرامبەر ئەو هەزار و زیاتریش چاکەیەی هەقی لوتف و بەسەرکردنەوەیەی، کە سەروەرانی بەرامبەری نواندوویانە؛ نەیتوانیوە هیچ بکات و ببێتە پاشکۆ.. کە خوا یاربێت بتوانێ و تەقەللا بدات، خۆی بگەیەنێتە رێگەی خزمەتگوزاریی سەروەران و چاکەی ئەولیای نیعمەتی، بەدەرگای خوای مەزن و دلۆڤان بسپێرێ.

لەبەرئەوەش کە پایەبەرز «ئەحمەد ئاغا» لوتف و سۆزی سەروەرانی گەیاند و خەڵکی کەمینەی ئەم ناوچەیەی بەتەواوی خستە بەر چاودێریی و هەڵسەنگاندنی دڵگەورانە و دڵنیای کردین، بۆیە ئەم نۆکەرەشتان، سەرلەنوێ وەفاداریی و پەیمانی نۆکەرایەتی خۆیانیان بە «رەسووڵ ئاغا»دا بۆ دەروازەی دەربار «قاپۆ» نوێ کردەوە و دیسانیش بۆ «ئەحمەد ئاغا» یان سەلماندەوە و جەختیان لەسەر کردەوە و دواییش بەرەو دەروازەی مەرحەمەت بەرێیان کردەوە.

بەم بۆنەیەوە چاوقایمی و پڕکێشیمیان کرد و نامەی پێویست و بەندایەتیمان نووسی و بەنیشاندانی سوپاسگۆیی و پێزانین و پاسەوانیمان بۆ لوتف و مەرحەمەتی زۆری حەزرەتی سەروەران، زمان درێژیمان کردووە و بێ هیچ مەبەستێک، ئەم هەموو دوعاگۆییەمان کردووە.

لەوە زیاتریش بێئەدەبیی ناکەین. أمره الأعلى ارفع رافع.

لە کۆتایی جمادي الآخر، ١٢٣٠ کۆچی

مۆر: أفوَّض امري الى الله، عبده: محمود

بەڵام لەوە چووە هەڵبژاردنی مەحموود پاشا، بەمیری بابان، جێی ڕەزامەندیی مام و هەندێ لە برا و خزمەکانی نەبووبێ، یان هەر یەکەیان لای خۆیەوە، خۆی بۆ ئەو پلە و جێگەیە بەڕەواتر زانیبێ، بۆیە ئەوەندەی نەبردووە بەخۆیان و دەست و پێوەندەکانیانەوە، ڕوویان وەرگێڕاوە و چوونەتە بەغداد و مەحموود پاشایان بەجێهێشتووە. والی بەغدادیش وەک نەریتی والییەکانی پێش خۆی، ئەمانەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی و ئاژاوە و ناکۆکی ناو بنەماڵەی بابان، لای خۆی گلداوەتەوە... بەم پێیە هەر لەسەرەتای کارکردنی مەحموود پاشاوە، زەمینەی ناکۆکی و پیلانگێڕان لە ناو سەرانی بابان و بنەماڵەی فرمانڕەوایەتی بابان و لە دژی مەحموود پاشا لە کایەدابوو... بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە سەعید پاشای والی بەغداد لاوێکی تەمەن (٢٢) ساڵەی کەم ئەزموون بوو. بەگوێرەی خواست و دنەدانی دەوروبەرەکەی بڕیاری داوە و هەڵسوکەوتی کردووە.

بۆیە ساڵ و نیوێک دوای بەسەربردنی فرمانڕەوایەتی مەحموود پاشا، هەڵوێستی والی بەرامبەر مەحموود پاشا گۆڕدراوە و بڕیاری داوە عەبدوڵڵا پاشای مامی لەجێی دابنێ و بۆ ئەمەش عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ هێزێکی عوسمانیدا، لە بەغدادەوە هاتۆتە کەرکووک و لەوێ لەنگەری گرتووە. مەحموود پاشاش بڕیاری داوە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە و هاتنە ناو شاری سلێمانی لێبگرێ و لەم پێنامەشدا لە سەرەتاوە عوسمان بەگی برای، بەهێزێکەوە بەرەو «دەربەندی بازیان» ناردووە و هاوکاتیش داوای لە ئێران کردووە پشتیوانیی لێبکەن.

ئێرانیش هێزێکی بەسەرکردایەتی محەمەد عەلی میرزای نایب سەڵتەنە بەرەو شارەزوور ناردووە و لە ناوچەی «باریکە»ی نزیک چەمی «تانجەڕۆ» هۆردوویان کردووە... بەدەم ئەمانەشەوە نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی لە ڕێگەی حاکمی کەرکووکەوە بۆ کاربەدەست و گەورەکانی کەرکووک ناردووە، داوای لێکردوون: عەبدوڵڵا پاشا لە کەرکووک دەربکەن؛ کە ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٢

بابەت: دەرکردنی عەبدوڵڵا پاشا لە کەرکووک

مێژوو: ٢٤ی ڕەجەبی ١٢٣١ کۆچی، ٢١-٦-١٨١٦ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی: یەکەم. لاپەڕە ٢٠٦



## نامەی مەحموود پاشای بابان
## بۆ حاکمی کەرکووک

*هێـژای خـاوەن جێ و ڕێ، بەختـەوەربی و چارەنووس هاوڕێ، برای سەروەر و باڵا، تان و پۆ بەرز و نازناو پیرۆز، برایانی ڕەوشت شیرین و پایەبەرزان، سەروەرانی ستایشکراو، ئیقباڵ و چاکە و جوامێرییان زیاتربێ و بەپشتیوانی خوا لە خۆشیی و شادمانیی نزیک بن و بەهەموو ئاوات و خۆزگەکان بگەن..*

*دوای دەربڕینی دوعای زۆر و نیشانەی وەڵامدانەوەی باوەڕپێکراو، بیروڕای دۆستایەتی و خۆشەویستیی پێویست دەکات، ڕابگەیەنێ کە:*

*بەو هۆیەوە کە ویلایەتەکانی بابان و کەرکووک هەمیشە یەکێک بووەو جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبووە، کەچی هەرچی کەسانێکی سەر بە ویلایەتی بابان، کە لە کاردەخرێن، لە پەنای قەڵای کەرکووکدا داڵدە دەدرێن! لە کاتێکدا ئێمە هەرگیز ڕازی نەبووین دەستدرێژیی بۆسەر خاکی کەرکووک بکەین. بەڵام نەئێوە ئامادەبوون بەرگری و ڕێگری لەوانە بکەن و نە ئەوانیش دەستبەرداری ئەم کارە نالەبارە بوون، بەتایبەتیش لەم ڕۆژانەدا، کە عەبدوڵڵا بەگ داوای فرمانڕەوایەتی بابان دەکات و ژاوە ژاوێکی ناوەتەوە و ئێوەش خۆتان ئاگادارن، کە ئەوانە چ کارێکی بێ سەروبەریان بەرامبەر بە هەژاران و بێدەسەڵاتانی ڕەعیەت کردووە و چ جۆرە هەڵسوکەوتێکی بێهوودەش دەکەن و تا ئەمانەش لە ناو کەرکووکدا بن، هەرگیز دەست نایانگاتێ. بۆیە ناچار دەستکراوە بەخۆئامادەکردن و هێرش کردنە سەر کەرکووک و دەوروبەری... چونکە ئەگەر عەبدوڵڵا بەگ مەبەستی فرمانڕەوایەتییە، بەهیوای چییە خۆی لە کەرکووکدا حەشار داوە! ئەگەریش بەهیوای شەڕ و بەرەنگارییە، ئەوا لەشکری ئێمە لە «بازیان» دایە، ئیتر بۆچی ئەو خۆی دوا دەخات؟ چونکە لەوە زیاتر بەبەرمانەوە نەماوەو خۆشتان ئاگادارن، کە برای هێژامان «عوسمان» لەدەمێکەوە بەهێزێکەوە لە «بازیان» بەرامبەر عەبدوڵڵا بەگ دامەزراوە و لەملاشەوە؛ لای سوپای بەدەسەڵاتەوە، (٥٥) لەشکرێکی وەک مێروولە و کوللە، گەیشتۆتە قۆناغی «باریکە» و هۆردووی کردووە... لەبەرئەوە تکای زۆر و*

٥٥- مەبەستی لە سوپای ئێرانە.

*مۆڵەتی یەکجارییم لە خاوەن شکۆ، پایەبەرز و سەرتۆپی مەزنان؛ برام: «محەمەد عەلی خان، سوپاسالار» و سەرجەمی سەرکردە جوامێرەکانی قاجار داواکردووە، کە چەند رۆژێک جڵەو بەرەو دواوە رابکێشن.*

*بۆ ئەوەش خوا لێمان رازی بێ و بەرژەوەندی خەڵکیش لەبەرچاوبگرین، بەچاکمان زانی نامەتان بۆ بنووسین و ئاگادارتان بکەین، کە دەبێ لەم دوو کارە، یەکێکیان ئەنجام بدەن: یان عەبدوڵڵا بەگ بکەنە دەرەوە و بۆ جەنگی بنێرن و ئەم کارە بەلایەکدا بخات؛ یان رەوانەی بەغداد-ی بکەنەوە و بچێتەوە بۆ بەغداد و ئەو ژاوە ژاوەی ئەو لەولایەوە و ئەم لەشکرکێشییەش لەم لایەوە دوایی بێت. لەبەرئەوە چەند رۆژێک چاوەڕێی ئەوەین یەکێک لەم دووکارە ئەنجام بدەن... ئەگەریش لەلای ئێوەوە یەکێک لەم دوو کارە، بەرامبەر عەبدوڵڵا بەگ ئەنجام نەدەن، سوێند بەخودا، ئیتر لەوەزیاتر خۆمان پێ راناگیرێ و بەناچاری و بێ هیچ چەند و چوونێک، ئەم بەڵا جۆشاو ولافاوە خرۆشاوە دەکەینە سەر ئەو ناوچەیەتان.*

*ئیتر ئاواتیشمان ئەوەیە، کە لەلایەن ئێوەوە گلەییمان لێنەکرێ، چونکە بەو خوایەی کەبێ وێنە و بێچوونە، بەزیانی عەبدوڵڵا و بەتایبەتیش ئێوە رازی نابین، کە مافی دراوسێتیتان بەسەرەوەیە. بەپشتیوانی خوا دەبێ لە چوار رۆژ تێنەپەڕێ، کە ئەم وەڵامە بەئێمە بگاتەوە.*

*باقی الدعا والسلام*

**٢٤ی رەجەبی ١٢٣١ کۆچی، ٢١-٦-١٨١٦ز**

مۆر: *«أفوِّض أمري إلى اللّه، عَبدُهُ: محمود»*[٥٦]

***

هەر لە سەروپێوەندی ئەم زنجیرە رووداوەدا (وەک دەردەکەوێ)، ئێران لە بەرامبەر ئەم بەدەنگەوە هاتن و ناردنی ئەم هێزەیدا کە بۆ پشتیوانیی لە مەحموود پاشا ناردوویەتی و بۆ زیاتریش دڵنیابوونی لە داهاتووی ناوچەکە؛ داوای بارمتەی لە مەحموود پاشا کردبێ... لەلایەکی تریشەوە لەسەر ئەوەی کە کاربەدەستانی کەرکووک، عەبدوڵڵا پاشای مامی مەحموود پاشا و هاوکاری والی بەغدادیان پەناو داڵدە داوە، هەر لە رێگەی مەحموود پاشاوە داوایان لەوانیش کردووە، بارمتەی خۆیان بۆ لای: محەمەد حسێن خان بنێرن، کە

٥٦- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ. خەتی هومایۆن- ژمارە: P/ ٣٧٢٠٠ .



ئەم داوایەی ئێران، لەو نامەیەی مەحموود پاشادایە، کە (٥) رۆژ دوای مێژووی نامەی پێشوو، بەهۆی «سەید مەحموود ئەفەندی موفتی»ی کەرکووکەوە بۆ کاربەدەستانی کەرکووکی ناردووە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩١

بابەت: گەیشتنی لەشکری ئێران بۆ سلێمانی و داوای بارمتە

مێژوو: ٢٩ی رەجەبی ١٢٣١ کۆچی (١٨١٦/٦/٢٦ز)

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی: یەکەم. لاپەڕە: ٢٠٥

## نامەی مەحموود پاشای بابان
## بۆ: سەیید مەحموود ئەفەندی- موفتی کەرکووک

*بەپشتیوانی خوا، هەمیشە دەرگای بەختەوەریی و دەوڵەت و بەختتان بەکلیلی چاودێریی و بەسەرکردنەوەی خوای گەورە، بەرەو رووی بەختی پیرۆز و بیری ئەو خاوەن لوتفە فراوانتر بێ و هەر بەلوتفی ئەویش هۆیەکانی خۆزگە و ئاواتەکان ئامادەبکرێ. دوای کردنەوەی دەرگاکانی پاڕانەوەی پێویست و بەدەنگەوە هاتنی ئایاتی فەرموودە؛ بیری سۆزداریی وا پێویست دەکات هەرکاتێ پرسیاری دەنگوباس بفەرموون، بە جۆرێکە کە هێزی سەربازیان[٥٧] هاتۆتە ناو سلێمانی و «سلێمان پاشا»ش[٥٨] گەیشتۆتە کرماشان. لەم کاتەشدا محەمەد حسێن خانی نایب سەڵتەنە، بە هۆی غوڵامەکانی شازادەوە، هەواڵی بۆ ئەم دڵسۆزە ناردووە، کە کەسێک بۆ هێنانی بارمتە دیاری و دەستنیشان دەکات. ئەگەر دەینێرن، وەڵامان بدەنەوەو ئەگەریش بیرو بۆچوونێکی تر لە دڵدا هەیە، دیسان هەر وەڵامیان لێ بگێڕدرێتەوە و ئاگادار بکرێن؛ تا زانیاریمان لەو بارەیەوە هەبێت... پێویست و بەئەرک زانرا ئەم هەواڵانەتان بۆ بنووسم. ئیتر خۆشتان سەرپشکن. رۆژانی جوامێریی بەئەنجام بگات.*

مۆر: *«افوِّض امري الى اللّه، عبده: محمود»*[٥٩]

٥٧- مەبەست لە سوپای ئێرانە.
٥٨- مەبەست لە سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا و ئامۆزای مەحموود پاشایە.
٥٩- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: N/ ٣٧٢٠٠.

وەک سەرنج دەدرێ داروباری ئەو رۆژگارەی دەسەڵاتداریتی بابان، نیشانە و سەرەتاکانی داهێزران و شپرزەیی و بێ شیرازەییان تێدا بەدی دەکرێ. چونکە لەلایەکەوە: مامەکانی مەحموود پاشا روویان کردۆتە دوژمنەکانی و لەشکری رۆمیان لە دژی هێناوەتە نزیک کەرکوک و زۆربەی لەشکری بابانیش بۆ بەرەنگاریی لەم کارەی عەبدوڵلا پاشا و هێزەکەی؛ لە دەربەندی بازیان سەنگەریان کردووە و دامەزراون.

لەلایەکی تریشەوە، لە قوڵی شارەزوورەوە لەشکری ئێرانیش هاتۆتە ناوجەرگەی قەڵەمڕەوی بابان و دەستی لە کاروباری میرنشینەکە وەرداوە و لە هەمان کاتیشدا سلێمان پاشای ئامۆزای مەحموود پاشا رووی کردۆتە ئێران و بەپشتیوانیی ئێران دژایەتی مەحموود پاشا دەکات.

لە قەڵەمڕەوی والی بەغدادیشدا: پشێویی و ناکۆکی لەنێوان سەعید پاشای والی بەغداد و داود پاشای زاوایدا، لەسەر دەسەڵات، لە پێوەندی میرنشینی بابانیشدا رەنگیان داوەتەوە.

چونکە ناکۆکییەکانی نێوان سەعید پاشا و داود پاشا گەیشتۆتە قۆناغێکی دژوار، داود پاشا میرنشینی بابانی بەشوێنی داڵدە و پەناگەی خۆی زانیوە و لە ئەیلوولی ١٨١٦ز، دا چۆتە لای مەحموود پاشا و ماوەی (٤٠) رۆژێک لە سلێمانی ماوەتەوە[٦٠] و بە هۆی ئەم کارەی داودیشەوە هەموو ئەوانەی لەو ماوەیەدا لە دژی سەعید پاشا، پەنایان بۆ ئێران بردبوو، هاتنە لای داود..

بەواتایەکی تر، لەو رۆژانەدا «سلێمانی» بۆتە مەڵبەندێکی گەورەی دژایەتی سەعید پاشای والی بەغداد.

سەعید پاشاش لەم هەڵاتنەی داود پاشا بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی دوژمنەکانی لە دەوری داود، مەترسیی لێ نیشتووە و لە عەبدوڵلا پاشای گێڕاوەتەوە کە لە کەرکووکەوە بۆ بەغداد بگەڕێتەوە.

هەر لەو رۆژانەدا داود پاشا لە سلێمانییەوە کەوتۆتە راپۆرت و نامە نووسین بۆ بابیعالی لەدژی سەعید پاشا و داوای لابردنی سەعید و دانانی خۆی لەجێی سەعید کردووەو هەر بەپشتیوانیی مەحموود پاشا و عوسمان پاشاش بەرەو کەرکوک بەرێ کەوتووە و لەو ماوەیەدا کە لە نزیک کەرکووک بووە، فرمانی لابردنی سەعید و دانانی خۆی بە والی بەغداد، لە ئەستەمبوڵەوە پێگەیشتووە و وێنەی فرمانەکانی بۆ کاربەدەست و گەورەکانی بەغداد ناردووە و دوای کۆمەڵە رووداوێکی خێرا و ئاڵۆز، لایەنگرانی داود

٦٠- لۆنگریک- ص ٢٣٦ .



پاشا هێرشیان بردۆتە سەر سەعید پاشا و کوشتویانە و داود پاشا بۆتە والی بەغداد (١٨١٨ز)[٦١].

داود پاشاش هەر ئەوەندەی بۆتە والی بەغداد، دوای ماوەیەکی کەم، هەموو دۆستایەتی و پێوەندی و چاکە و یارمەتیدانێکی پێشینەی مەحموود پاشای لەیاد کرد و لەسەر نەریتی والییەکانی پێش خۆی، کە نەیاندەهێشت میرەکانی بابان لەسەر شوێنی خۆیان جێگیربن و بەدڵنیایی میرایەتی بکەن؛ ئەمیش دژی مەحموود پاشا کەوتە پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوە لە ناو بنەماڵەکەی مەحموود پاشا و لابردنی عوسمان پاشای برای هەرە تەبا و نزیکی مەحموود پاشا لە فرمانڕەوایەتی کۆیەو هەریر و تەفرەدانی حەسەن بەگی برای مەحموود پاشا، کە لەگەڵ (٥٠٠) کەسدا چۆتە بەغداد (١٨١٧)و فرمانڕەوایەتی کۆیە و هەریر-یشی پێ بەخشیوە[٦٢].

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ، کە هەڵوێست گۆڕینی خێرا خێرای بابیعالی و والییەکانی بەغداد، بەرامبەر میران و میرایەتی بابان و ئاژاوە نانەوەیان لەناو بنەماڵەی باباندا، هەروا بێ بۆنە و بێ بنچینە نەبووە، بەڵکو لە ئاکامی ئەو ململانێ و شەڕی دەسەڵاتەدا بووە، کە هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان لە ناوچەکەدا دەیانکرد و دەستیان لە کاروباری ناوچەکانی یەکتر وەردەدا، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی سەر سنووری هەردوولایاندا، کە میرنشینی بابان دەکەوتە سەر سنووری هەردووکیان و کاتێکیش ئەم ململانێ و زۆرانبازییە دەگەیشتە ئاستێک زیان بەبەرژەوەندی میران و میرانی بابان بگەیەنێت، ئەوسا میرانی بابانیش بەگوێرەی دید و بەرژەوەندی خۆیان، بیانوبستایە، یان نەیانویستایە، دەکەوتنە تای تەرازووی یەکێک لەو دوو دەوڵەتەی قاجاری و عوسمانی و دەبوونە ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی پلان و بەرنامەی یەکێکیان.

لە هەمان کاتدا بەردەوام لەناو خودی بنەماڵە و میرنشینی بابانیشدا، هۆی بنچینەیی بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە یەکێک لەم دوو دەوڵەتە هەبووە؛ وەک ئەوەی لە سەرەتای سەدەی شازدە و دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە، شا ئیسماعیلی یەکەم (١٤٨٧-١٥٢٤ز) لەیەکەمین رۆژی شاهێتی خۆیەوە مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی رەسمیی دەوڵەت و کەوتە شەڕ و قەلاچۆکردنی مەزهەبی سوننی، کە بەهۆیەوە مەزهەبی سوننی لە

٦١- هەمان سەرچاوە- ص٢٣٦-٢٣٧ .

٦٢- ریچ لەسەردانە درێژخایەنەکەیدا بۆ میرنشینی بابان، لە زۆر شوێنی بیرەوەرییەکانی خۆیدا، بەوردی باسی پیلانگێڕیی و دەستێوەردانی عوسمانی و قاجاری، لە ناو بنەماڵەی بابان و سەرانی بابان دا دەکات. کە هەروەک نموونەی ئەو یاسایانە، بنوارە: گەشتی ریچ بۆ کوردستان- لاپەڕەکانی: ٣١٨،٣١٧ . هەروەها: لۆنگریک- ص ٢٤٣ .

قەڵەمڕەوی سەفەویدا تەنگی پێهەڵچنرا و زۆربەی کوردانی سوننی مەزهەب، بەناچاری دایانە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و لە زۆر شەڕ و کێشەکانیشدا، بەرگری و داکۆکییان لە دەوڵەتی عوسمانی کردو تا چەند سەدەیەک و تا هاتنی دەسەڵاتی قاجارەکانیش بۆ سەر ئێران (١٧٩٦ز)، ئەم هەلومەرجە هەر بەو جۆرە مایەوە؛ بەتایبەیش کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و هەر لەم روانگەیەوە، تەریقەتی «قادری» کە زانای هێژا و مەزنی ساداتی بەرزنجە: «شێخ مارفی نۆدێ ، ١٧٥٣-١٨٣٨ز» رابەرایەتی دەکرد، زۆر بەگەرمیی و بەئاشکرا پشتیوانیی لە دید و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد.

بەڵام کە زانای ناسراوی تەریقەتی نەقشبەندی: «مەولانا خالید (١٧٧٩-١٨٢٧ز)، لە دوای وەرگرتنی تەریقەت لە هیندستان (١٨١١)و لە سەرەتای هاتنە سەرکاری داود پاشادا، لەسەر بانگهێشتنی مەحموود پاشای بابان؛ دێتە سلێمانی و خانەقای بۆ دەکرێتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تەریقەتەکەی پەرە دەسێنێ و بەپێچەوانەی تەریقەتی «قادری»یشەوە، نابێتە لایەنگر و پاشکۆی هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە و هەوڵی یەکخستنی میرەکانی بابان دەدات و هاوکات[٦٣] تەریقەتی پێشووش «قادری» زۆر زوو دەکەوێتە دژایەتی و تەنگ پێهەڵچنینی... ئیتر بەو هۆیەوە کە هەریەکە لەم دوو تەریقەتە، لە ناو توێژ و دەستە و ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵک و بنەماڵەکانی بابانی و رووناکبیران و دام و دەسگا و تەنانەت لەشکری بابانیشدا، لایەنگر و جەماوەرێکی زۆریان دەبێ و هەمان ململانێ و دژایەتی، بەناو ریزەکانی ئەمانەشدا دەتەنێتەوە؛ ئەوسا ئیتر کۆمەڵگەی ناو قەڵەمڕەوی بابان، ئەوەندەی تر بەرەو جیاوازیی و لەبەریەک هەڵوەشان و لەت و پەتبوون دەچێ..

بۆیە سەردەمی فرمانڕەوایەتی داود پاشا (١٨١٦-١٨٣١)، سەرەتای هەڵتەکاندنی شیرازەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی فرمانڕەوایەتی بابانە..

چونکە لە کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە، ئیتر کوردستان ئۆقرە و ئاسایشی لێ دەبڕێ و دەبێتە مەیدانی ململانێ و بەیەکدا هەڵپژانی لەشکرەکانی عوسمانی و قاجاری و شوێنی زۆرانبازیی خوێناوی و کاولکاریی میرەکانی بابان و تەنینەوەی ئاژاوە و پشێویی و شەڕ و تێهەڵچوونی بێبڕانەوە و نەخۆشیی و هەژاریی..

هەر ئەم داروبارەش رێی بۆ میرنشینێکی تری دراوسێی بابان، واتە: بۆ میر محەمەدی

٦٣- مەولانا خالید تەقەللایەکی زۆری یەکخستن و یەکێتیی و تەبایی میرەکانی بابانی داوە و لە خانەقاکەی خۆیدا مەحموود پاشاو مام و براکانی کۆکردۆتەوە و سوێندی داون، تا خیانەت لە یەکتری نەکەن و بەبێ ئاگاداری یەکتری، پێوەندی و نامەگۆڕینەو ەو هاوکاری سەرانی قاجاری و عوسمانی نەکەن. (بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنوارە: گەشتی ریچ بۆ کورستان- ل: ١٥٧، ١٦٠، ٣٢٢).



رەواندز (١٧٧٤- ١٨٣٨ز) خۆشکرد، (کە لەم رۆژگارەدا هەڵپەی فراوانخوازیی دەکرد و بەرەو درەوشانەوە دەچوو) تا ئەم لاوازیی و داپڵۆسییەی میرنشینی بابان بقۆزێتەوە و لەبەری باکوور و خۆرئاوای قەڵەمڕەوی بابانەوە، تەنگ بەمیرنشینی بابان هەڵچنێ و ناوچەیەکی فراوانیان لێ داگیر بکات و سنووری دەسەڵاتی بگەیەنێتە نزیک «سلێمانی»ی مەڵبەندی میرنشینی بابان، لە قەمچوغە و سورداش و لە قەشقۆڵی قەڵا و بنکەیەکی سەربازیی دامەزرێنێ (١٨٢٢).[٦٤]

بەڵام بەگوێرەی یاسای ناودەوڵەتان، میرنشینی بابان سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو. کەچی ئێران لە ململانێی خۆیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، دەیویست بەهۆی پاشاکانی بابانەوە، نفووزی خۆی لە کوردستاندا بەهێز بکات و تا دەهات گوشاری زۆرتری بۆ سەر میرەکان و میرنشینی بابان دەهێنا و بۆئەوەش بەردەوام میرانی بابان ناچار بکات، داخوازییەکانی جێبەجێ بکەن، لەو سالانەی فرمانڕەوایی مەحموود پاشادا کردبوویە نەریت داوای بارمتەی لێدەکردن، کە دەبوایە کوڕ و برای میرەکانی بابان بن و لە کرماشان دابنرێن، کە ئەم جۆرە داخوازییانەی ئێران لە میرنشینی بابان، لە نموونەی ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:[٦٥]

بەڵگەنامەی ژمارە: ١١١

بابەت: بارمتەی پاشای بابان و کێشەکانی سنوور

مێژوو: ١٢٣٥ کۆچی، ١٨١٩ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاريخى ايران (قاجاريه)

بەرگی: یەکەم

لاپەڕە: ٢٣٧

٦٤- مستەفا ئەمین، نەوشیروان: میرنشینی بابان لە نێوان.. ل ١٤٧ . هەروەها لەم بارەیەوە بنوارە: بەشی (٥)ی ئەم کتێبە و بەڵگەنامەکانی هەمان بەش.

٦٥- لە سەردەمی فرمانڕەوایەتی ئەوڕەحمان پاشای باباندا، مەحموود پاشاش لەجێیی باوکی، لای شازادە محمەد عەلی میرزا لە کرماشان بارمتە بووە. ئەوەندە زۆر لەوێ ماوەتەوە، هەر لەوێ ژنی هێناوە و کوڕێکی بەناوی «عەلی» لەو ژنە هەبووە. کە وەک لەم چەند بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ، ئەو ژن و منداڵە هەر لەوێ ماونەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا کە لە کرماشان بارمتە بووە، جارێکیشیان کار بەوە گەیشتووە، خەریک بووە بیکوژن. [ریچ - ل ١٦٠ . هەروەها: نصیری- جلد (١) ص٢٣٧].. دیسان هەر ریچ ئەوکاتەی لە سلێمانی میوانی مەحموود پاشا بووە، لە بیرەوەری رۆژی (٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠)دا، نووسیوێتی: «سێ رۆژ لەمەوبەر، واتە: ٤ی هەمان مانگ- ئەوڕەحمان بەگی کوڕی مەحموود پاشا، کە تەمەنی (٧) ساڵان بووە، بەبارمتە بۆ کرماشانی ناردووە (گەشتی ریچ بۆ کوردستان- ل ٣٠٤).

## نامەی محەمەد عەلی میرزا
## بۆ: سلێمان ئەفەندی- باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی

«چُو خور شُد زْ فَتْح علی
منجلی مَهْ بُرج شاهي محمد علی»
«وەکو خۆرهەڵات لە سەرکەوتن و لە فەتحی عەلی
مانگی ئاسمانی سوڵتانیی و شاهی محەمەد عەلی»

*بەڕێزی پایەبەرز، خاوەن گەورەیی و سەروەریی و ئازایەتی و دلێریی و هوشیاریی، جەنابی سلێمان ئەفەندی باڵوێزی خۆش راوێژی دەوڵەتی هەتا هەتایی و راوەستاوی بەشان و شکۆی عوسمانی، ساغ و سەلامەت و شادمان بێت. دوای نووسینی پەیامی خۆشەویستیی، تێتان دەگەیەنم: کاتێ لە رێکوپێک کردنی کێشەکانی سنوور بووینەوە و لە سەردانی ناوچەکانی عەرەبستان گەڕاینەوە و پێوەبووین بچینە بارەگای بەرز و بەشکۆی خاوەن شکۆ (خوا تەمەنی پاشایەتی درێژ بکات)، وتیان ئێوەی بەڕێز و هوشیار، شەرەفی ئەوەتان پێدراوە بچنە خزمەت پاشای دادگەر و دادپەروەر و ئیزنی گەڕانەوەی لێ وەربگرن. هەر لە هەمان کاتدا، بەڕێز: کەریم خانی ئەفشاریش کە وەک خانەخوێ و میوانداری قۆناغەکانی ناو رێ، بۆ هاوڕێیەتی جەنابت دیاریکرابوو؛ هات و ئەو نامەیەی کە بەناوی ئەوەوە، لەبارەی بارمتەی پاشای بابانەوە نووسرابوو، لەگەڵ هەموو نووسراوەکانی دەوڵەتی دەسەڵاتدار و بەرپرسانی گەورەی بەشان و شکۆ و ناسراوی وەرگرت و زۆر پێی سەربەرز و شادمان بوو.*

*یەکەم ئەوەی کە نوابی ئێمە، بۆ دیداری ئەو بەڕێزە زۆر بە تاسەوە بوو. لەبەرئەوەی نوابی ئێمە لە کاتی چوون و گەڕانەوەی ئەو بەڕێزە، لەوێ نەبووە و نەمانتوانیوە لە نووسین و قسە و راوێژیان ئاگاداربین.*

*بەڵام لەبابەت بارمتەی پاشای بابانەوە، کە لە فرمانی شاهەنشادا نووسراوە و ئاماژەی پێکرابوو... با ئەوە لە ئێوەی بەڕێز شاراوە نەبێ، کە لە رابردوودا رێ و رەسمی سنوور بەجۆرێک بووە، چونکە هەموو ساڵێ ئاژەڵ و پاتاڵی بابان بۆ هاوینەخۆریی و گەرمیان و کوێستان هاتوونەتە ئەمبەر و ئاژەڵ و خێڵەکانی ئەملاش لەبەر گەرمێنەکانی بەغدادا هاتوچۆی*



*ئەودیو دەکەن. بەم هۆیەوە وا پێویستی کردووە هەموو کاتێ لەلایەن پاشایانی کوردەوە، کەسێکیان لێرە بێت، تا لەکاتی رووداوە گرنگ و بەرچاوەکانی سەر سنووردا، پرس و رای پێبکەین.*

*لە ساڵانی پێشوودا، کە ئەوڕەحمان پاشای بابان مابوو، مەحموود پاشای کوڕی خۆی وەک بارمتە لێرە دانابوو... شاهەنشای خاوەن رێز «خوا موڵک و ماڵی بپارێزێ» کچی کەلب عەلی خانی فەیلی بۆ مەحموود پاشا خواستبوو و ئەویش لێرە ئەم ژنەی هەبووە. ئیتر کە ئەوڕەحمان پاشا مرد و مەحموود پاشا بوو بەوالی سلێمانی، ئەو کچە لە ماڵی باوکی بەجێما. ئەو ژنە، کوڕێکی کوێریشی بووە. لە دواییدا نە مەحموود پاشا ئەو ژنەی ویست و نەئەو ژنەش دڵی بەوەوە بوو. زۆر دەمێکە ئەو ژنە بەرەڵڵا کراوە و لە ماڵی باوکی دانیشتووە و ئەو کوڕەش (وەک باسکرا)، بەر رق و بێزاریی کەوتووە... پاشایانی تر و کەسوکاریان هیچ بارمتە و شتێکی تریان لەم وڵاتە نەماوە... کوردستان هەروەک جاران لە ژێر دەسەڵاتی داود پاشای وەزیری دڵپاکی دارولسەلامی بەغدادیە. نوابی ئێمەش چونکە خۆی بەخزمەتکاری هەردوو دەوڵەتی هەتا هەتایی و بەردەوام دەزانێ، بەهیچ جۆرێ جیاوازیی و جیایی لە نێوانیاندا دانانێ و ئەوەی پێویستی دۆستایەتی و لایەنگریی بێ، بەجێی هێناوە و بەجێی دەهێنین. بۆ سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کارەکانی، ئەوپەڕی هاوکاری لەگەڵ دەکەین.*

*ئیتر ئەگەر لەم ماوەیەدا هەندێ قسەوباسی چکۆلە و گێرە و کێشەی ورد قەومابێ؛ کە ئەویش لە پێویستییەکانی سروشتی سەر سنوورە، ئەوا جاروبار رووداوگەلێک دێنە پێشێ و ئەمانەش هەر چارەیان بۆ دەدۆزینەوە و چاکی دەکەینەوە و ئەمانەش ئەوەندە گرنگ نین ببنە مایەی دڵگیریی و زویر بوونتان. بۆیە ئەگەر بەڕێزتان بۆ بابەتێکی تر و بنچینەکانی پێوەندی دوو دەوڵەتی باڵا راسپێردرابن، کە لە پێویستییەکانی پاشایەتی دەسەڵاتدارێتییە، کە دیارە هەرواش بێ و زۆریش بەجێیە، ئەوا لەم کات و ساتەدا نێوانی پاشایانی بابان و وەزیری دڵپاک، لەوپەڕی تەباییدایە و کوردەکان زۆر لە جاران زیاتر لە خزمەتدان و ئەوەی پێویستی خزمەت بێت، بەجێی دێنن... هەرکاتێکیش سەرکێشیی و سەرەڕۆیی وایان لێ رووبدات، کە دژی پێوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت بووبێت، ئەوا دەبێ لەلایەن هەردوو لاوە تەمێ بکرێن و گوێیان رابکێشرێ..*

*ئێمەش خوانەخواستە، هیچ کاتێ لەبیری ئەوەدا نەبووین پاشایانی کورد سەرپێچی و خراپەیەک بەرامبەر وەزیرەکانی بەغداد بکەن، بەتایبەتیش لەگەڵ جەنابی وەزیری گەورە و گران «داود پاشا»ی حاکمی بەغداد، کە هەمیشە هەوڵمان داوە سەربەخۆیی بپارێزرێ و کاروباریشی دامەزراوتر بێت... ئێستاش ئەگەر بەڕێز، تا گەڕانەوەی نوابی ئێمە، لە تارانی پایتەخت، دەتوانێ لە دارولسەلامی بەغداد راوەستێ، ئەوا لەگەڕانەوەدا ئەوەی لەبابەتی چکۆلە و گەورە و ئەوەندەی پێوەندی بەنوابی ئێمەوە هەبێ، خوا یاربێ هەمووی بەگوێرەی دڵی ئێوە پەسەندیان دەکەین و هەرگیز درێغی ناکەین... ئەگەریش هات و لەبەر هەر هۆیەک، بۆی نەگونجێ لە بەغداد راگیربێت، ئەوسا هەرچۆنێ خۆتان پێتان چاک بێ و بۆ سەرخستنی کارەکانتان پێویست بێت، بەوالی بەغدادی بسپێرن، خوایاربێ ئێمەش درێغی ناکەین، چونکە سەرەڕای ئەوەی نوابی ئێمە، هەموو کاتێ خۆی بەخزمەتکاری هەردوو دەوڵەتی باڵا زانیوە و رووداوێکی واش نەقەوماوە، کە بەناچاری نوێنەری بۆ بنێردرێ و ئەمەش بۆ ئەو دەوڵەتە باڵایە دەربکەوێ کە هیچ کاتێکیش لە خزمەتگوزارییدا جیاوازییەکی لە نێوانی دوو دەوڵەتدا دانەناوە و داینانێ و لەمەودواش بەوپەڕی تێکۆشان و تەقەللای خۆیەوە، بۆ خزمەتکاریی ئەو دوو دەوڵەتە درێغی ناکات... بۆ راگەیاندنی ئەم قسانەش، بەڕێز: محەمەد عەلی خانی غولامی پێشخزمەتمان کردە بەرپرس، تا ئەو چەند وشە راستییە بنووسێ.*

*بەکورتی، باسەکە سەبارەت بە بارمتەی مەحموود پاشای حاکمی بابان بەوجۆرە بوو، کە نووسیمان... لەبارەی ئەو ئافرەتەشەوە، کە بە بەڕێز: کەریم خانیان سپاردووە و ناردوویانە، چۆنێتییەکەیمان بە بەڕێز محەمەد عەلی خانی نێردراوی جەنابت وتووە و لە هاتنتاندا، تێتان دەگەیەنێت.*

*پاشان ئەگەر لەبارەی بارمتەی دیکەوە، کە لێرە بێت و قسەوباستان هەبێ، هەر کاتێ کەسێکتان بۆ ناردنەوە یان ناردبێت، بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمە دروستکردنێک بۆتان دەنێردرێتەوە. بەپشتیوانی خوا و هەر بەم جۆرە، بۆ ئەم شتە بچووکانە و لەپێناوی چەسپاندنی یەکێتیی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە، لەلایەن ئێمەوە، هیچ کاتێک درێغی ناکەین. جگەلەمانەش، هەمیشە هەر رووداوێکی گرنگ و هەر پێویستییەکتان هەبوو، بۆمان بنووسن. رۆژانی داهاتووتان بەخێر و خۆشیی و سەلامەتیی بێت[(٦٦)].*

٦٦- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن.



بەڵام وەک بەڵگە و رووداوەکان دەری دەخەن، مەحموود پاشا نەک هەر وەڵامی ئەم داخوازییانەی ئێرانی نەداوەتەوە و خۆی لێ نەبان کردووە؛ بەڵکو هەر بۆ ئەوەی بەپیر پەڵپ و گێچەڵی دەرباری قاجارەوە نەچێت، خۆی لەو ژن و منداڵەی کرماشانیشی نەگەیاندووە و داوایان ناکاتەوە؛ کە ئێران بۆ ئەوە دەستی بەسەرداگرتوون، تا مەحموود پاشا ناچار بکەن گوێڕایەڵی داواکانیان بێت...

بۆیە دوای ئەم نامەیەش، شازادەی کرماشان: محەمەد عەلی میرزا، نوێنەرێکی تایبەتی خۆی بۆ هەمان مەبەست و بۆ داواکردنی چەردەیەک پارەش، بۆ لای مەحموود پاشا ناردووە، کە ناوی (باقرخان) بووە و مەحموود پاشاش لە باتی ئەوەی داواکەی (محەمەد عەلی میرزا) جێبەجێ بکات؛ باقرخانی لە سلێمانی گلداوەتەوە.

ئەوکاتەی (ریچ) لە بەهار و هاوینی (١٨٢٠ز)دا، لە سلێمانی میوانی مەحموود پاشا بووە، چەند جارێک ئەم (باقرخان)ەی دیوە و ئاخاوتنیان کردووە، کە وەک (ریچ) دەڵێ: باقرخان خۆی کورد بووە و لە هۆزی (مافی)یە، کە بەشێکیان لە کرماشان و بەشێکیشیان لە خۆراسان نیشتەجێن[(*)].

بەڵام دەرباری قاجاری کە بۆی دەرکەوتووە مەحموود پاشا بەدەنگ داواکانیانەوە ناچی؛ سازشیان لەگەڵ (داوود پاشا)ی والی بەغدا کردووە و داوود پاشاش کە لەم کاتەدا (حەسەن بەگ)ی برای بچکۆلەی مەحموود پاشای تەفرە داوە و بۆ بەغدای بانگهێشتن کردووە و لە مەحموود پاشای هەڵگێڕاوەتەوە، بۆ جێبەجێکردنی داواکەی دەرباری قاجاری، دەستبەرداری (حەسەن بەگ) بووە و داوای لە مەحموود پاشا کردووە، تا (باقرخان) ئازاد بکەن...

کە (ریچ) لەم بارەیەوە، لە بیرەوەری رۆژی (١٥ی ئایاری ١٨٢٠ز)دا، ئاوای نووسیوە:

(دوێنی شەو تەتەرێک لە بەغداوە هاتبوو... بۆ ئەوەش هاتبوو «میر» لەوە ئاگادار بکات، کە والی بەغدا زۆر بەجوانی پێشوازیی لە دایکی مەحموود پاشا کردووە و... حەسەن بەگیشی داوەتەوەو بەڵێنی داوە بیکات بە فەرمانداری هەولێر و ئاڵتوون کوپری؛ بەمەرجێ: باقرخان ئازاد بکەن، کە نێردراوی شازادەی کرماشانە و ماوەیەکە لە سلێمانی هێڵراوەتەوە و کاتی خۆی بۆ ئەوە نێردرابوو، تا (٣٠,٠٠٠) تمەنی بدەنێ[(**)].

(*) گەشتی «ریچ» بۆ کوردستان ل١٢٧ .

(**) گەشتی «ریچ» بۆ کوردستان ل١٢٦ .

بەڵام پەڵپ و بیانووی دەرباری قاجاری، بەمیرنشینی بابان، هەر دوایی نەهاتووە و بەردەوام تەنگوچەڵەمەیان بۆ دروستکردوون، کە دیسان ئەمەش نموونەیەکی تری گێچەڵ پێکردنی سەرانی قاجارە، بەمیرنشینی بابان، کە لەم بەڵگە نامەیەدا: شازادە محەمەد عەلی میرزا بۆ ئەحمەد پاشای والی مووسڵی نووسیوە و تیایدا کوڕانی ئەوڕەحمان پاشا بەوە تاوانبار دەکات، کە ئاژاوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیدا دەگێڕن:

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢١

بابەت: ئێلی بابان و سەرکوتکردنی دەستدرێژکاران

مێژوو: ١٢٣٧ کۆچی ، ١٨٢١ز

سەرچاوە: أسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی: یەکەم. لاپەڕە: ٢٥٣

## نامەی محەمەدی عەلی میرزا
## بۆ: ئەحمەد پاشای والی مووسڵ

«چو خـور شـد ز فـتح علی منجلی
مـه برج شـاهی مـحـمـد علی»

«وەکو خۆرهەڵات لە سـەرکەوتن و لە فەتحی عەلی
مانگی ئاسمانی سوڵتانیی و شاهی محەمەد عەلی»

*جەنابی تان و پۆ مێرخاسی و بەشان و شکۆ و هێژا، دلێر و ئازا، خاوەن گەورەیی و جوامێریی، بیروباوەڕ چەسپاو، پاشای خاوەن بەرزێتیی و درەوشاوە، ئەحمەد پاشای والی مووسڵ، سەرکەوتووبێ و بزانێت کە:*

*بەلەبەرچاوگرتنی پێوەندی نزیک و ئاگاداربوونی ئەو بەڕێزە لە چۆنێتی کاروباری وەزیرانی پێشووی بەغداد و باوەڕ و متمانەی لەمێژینەی بەرپرسانی دەوڵەتی باڵای عوسمانی، بەوەزیرەکانی مووسڵ و کار راستی و خزمەتگوزاریی ئەوانیش بەرامبەر بەدەوڵەتی ئێوە، بەپێویستمان زانی چەند راستییەک بەجەنابت رابگەیەنین. چونکە جەنابت بەپیاوێکی راست و لایەنگری دەوڵەت دەزانین و بنەڕەت و بنچینەی باسەکەت لێ ناشارینەوە.*



*بەکورتی ئەو بابەتە روون و ئاشکرایە، کە هەر لە رابردووەوە هەتا ئێستا دارودەستەی بابان، بەو هۆیەوە کە هاوینە خۆریان (گەرمیان و کوێستانیان) لەسەر سنوورەکانی ئێران بووە، لە بەرامبەر ئەمەدا هەمیشە جۆرە خزمەتێکیان بەپاشایانی ئێران کردووە و لە وەرزی زستانیشدا کە بورەو گژوگیایان لە گەرمێنەکانی عەرەبدا بووە، لەگەڵ وەزیرەکانی بەغدادیشدا هەمان هاوکارییان کردووە و ئەم داب و نەریتەش لە دەمێکەوە بۆتە یاسا و هەتا ئێستا راستەوخۆ و بێ ئەملاوئەولا جێبەجێیان کردووە. جاروبارەش کە ترسێکیان لە وەزیرەکانی بەغداد بووبێت، بەهۆی لە رێی بەرپرسانی دەوڵەتی ئێرانەوە کاروباریان بەرێوەچووە. جاروباریش کە بەرامبەر بەدانیشتوانی سنووری ئێران خراپەیەکیان کردبێت، بەویست و تکای وەزیرەکانی بەغداد لێیان خۆش دەبوون و کێشەکە جێبەجێ دەبوو... تا ئەم چەند ساڵەی دوایی، کە ئەوڕەحمان پاشای بابان ترسی لە عەلی پاشای وەزیری پێشوو لێ نیشت و رووی هاواری بۆ شای خاوەن شکۆ و سێبەری خوا هێنا ، رۆحم بەقوربانی بێت. عەلی پاشای ناوبراویش بەهۆی نەزانینی خۆیەوە، داروەستەیەک کۆدەکاتەوە و روو لە سنوورەکانی ئێران دەکات. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ، هەر وەزیرێک لەسەر تەختی بەغداد دانیشتبێ، لە سەردەمی ژیانی ئەو ئەوڕەحمانە خراپکار و بەدفەڕەوە و دوای مردنی ئەویش، کوڕەکانی هەلیان قۆستۆتەوە و جاروبار خۆیان بەوەزیرەکانی بەغدادەوە هەڵواسیوەو بوونەتە هۆی خراپە و ئاژاوە و جارجارەش خۆیان لە دەوڵەتی ئێمە نزیک کردۆتەوە و بوونەتە هۆی دڵئێشان و ناکۆکی. هەتا سەردەمی وەزارەتی داود پاشا ، کەلەلایەن دەوڵەتی باڵای عوسمانییەوە فرمانی بەوەزیرایەتی پێدراوە. نوابی ئێمەش لە بەرامبەر هەردوو دەوڵەتدا ، کە لە راستیدا دەوڵەتی ئیسلام، تەنیا هەر ئەوانەن و بەیەک دەوڵەتیان دەزانێ و وەک باوک و فرزەندی و بەرێوەبردنی فرمانی پاشایەتیدا جیاوازیی دانانێ، هەتا ئەو رادەیەی کە داود پاشا لە عێراقی عەرەبیدا یاوەر و پشتیوانێکی نەدی و لەگەڵ سێ کەسدا لەبەغداوە رایانکرد و روویان لەم لایە کرد. لیژنەیەکمان بۆ بەرێوەبردنی کاروفرمانەکانی دیاریکرد و نزیکەی شەش مانگێک پێوەی ماندوو بووین، تا دارولسەلامی بەغدادی گرت و لەسەر تەختی وەزارەت دانیشت... دوای ئەوەی بووە بەوەزیر، نوابی ئێمە پێیان وابوو ئیتر لەمەو*

بەدواوە، لەدەست کـــارە چەوت و نالەبارەکـــانی وەزیرانی بەغـــداد دەحەسێنەوە. چونکە ئەگەر وەزیرەکانی پێشوو، بەهۆی نەزانینەوە، نیاز و مەبەستێکی خراپیان بووبێ؛ بەڵام ناوبراو، کە هاوکارییمان کردووە و یارمەتیمان داوە و فرمانیمان جێبەجێ کردووە و بەڕێوەمان بردووە، کەچی:

**یەکەم:** لە بەرامبەر هەقێکدا کە لە ئەستۆیدایە.

**دووەم:** وەک وەزیرە خوێڕییەکانی پێشوو بۆی ناڕوانین. بۆیە پێمان وابوو کاری چاک دەکات و گوێ ناداتە قسە بەد و شەڕخوازەکانی بابان و کوڕانی ئەوڕەحمان و دەبێتە خێرخواز و چاکەکاری نێوان هەردوو لا و بیروهۆشمان لە کاروباری سنوور و کەلەبەر دروستکردن دەحەسێتەوە!

بەڵام ئەوەندەی نەبرد و بەگوێرەی پەندی: «هزار نقش براورد زمانە ونشود یکی = ڕۆژگار هەزار ڕەنگی هێنا، کەچی هەمووی نەبوو بەدانەیەک»، ئەمیش هەر بەو شێوەیەی لە ئاوێنەی خەیاڵی ئێمەدا بوو، بەهەمان ڕێ و شوێنی وەزیرانی پێشوودا چوو، بەڵکو لەوانیش خراپتری کرد و کەوتە هاندانی کوڕانی شەڕخوازی ئەوڕەحمان بابان و دەستیان دایە خراپە و جارێک لای دەوڵەتی عوسمانی گلەیی و گازندەیان دەکرد و جاروباریش لەگەڵ خراپەکاران و ئاژاوەگێڕانی بابان یەکیان دەگرت و دەستی لە کاروباری وڵات بەڕێوەبردن هەڵدەگرت و خەریکی شەڕو شۆڕ و خراپە و گێچەڵ دەبوو.

ئەو پەند و ئامۆژگارییەش کە پێویست بوو، کردمان. ئەوەندەی بۆ ڕاگرتنی ڕێز و حورمەتی هەردوو دەوڵەتی باڵا، پێویست و ئەرکی سەرشانمان بوو، لەگەڵ باڵوێزانی خێرخواز، بەقسەو بەنووسین دەرمان بڕیوە، چونکە ئەشهەدو بیللا، ئەم دوو دەوڵەتە خاوەن شکۆ و گەورەیە، لەبەر چەندین هۆ، دەبێ یەکێتییان هەبێ و بۆ هەردوو دەوڵەتیش تاوانە، ئەگەر بەپیر خراپەکاری و ئاژاوەگێڕییەکانی بابان و کوڕانی ئەوڕەحمانەوە بچن. لەبەرئەوەی بنچینەی ئەم دارودەستەیە، بۆ بەرژەوەندی خۆشیان هەر ئاژاوەگێڕان و خراپەیە و وەک دەڵێن: «برسیه حال چه سود گفتن پند- پەند و ئامۆژگاریی بۆ دڵ ڕەش، چ کەڵکێکی هەیە!»، بۆیە کاری لێ نەکردو لەم ساڵە پیرۆزەدا، هێزێکی بەتۆپخانە و کەرەسەی شەڕەوە کۆکردۆتەوە و کەهیا-کەی خۆی کردۆتە فرماندە و ماوەی چوار مانگە سنووری ئێرانی کردۆتە مەیدانی ڕمبازێن و زۆربەی ناوچە و گەرمێنەکانی کرماشانی تێک



و پێک داوە و هەموو جۆرە خراپە و بەدفەڕیی و ئاژاوەگێڕییەکی نواندووە. بۆیە هێژا: میرزا عەبدوڵڵا، کە کاربەدەستێکی جێی بڕوا و دیاریکراوی ئێمەبوو، لەلایەن نوابەوە ڕاسپێردرایە لای جەنابی وەزیر و پێی ڕاگەیاند، ئێمە ئەو هەمووە تووشی زیان و دەستدرێژکاریی بووین، هەتا کەنگێ دەست لەو خراپەو ئاژاوەیە هەڵناگرێت! سوپاکەی خۆتان بکێشنە دواوە بڕۆن. چونکە ئەم دەوڵەتە بەهێزە، لەوە زیاترتان لێ ڕاناوەستێ.

ئەم قسانەش هیچ دادێکی نەدا و نوێنەرەکەشیان نەک هەر گلداوەتەوە و وەڵامیشیان نەناردۆتەوە، بەڵکو ئاگرەکەشیان پتر خۆشتر کردووە.

دوای شێواندن و تێکدانی ئەم سنوورانە، بەهاندانی خراپکارانی بابان، لای شارەزووریشەوە دەستیان بەتێکدانی ئەو سنوورانەی ئەوێش کردووە و لە ئاکامدا ناچاربووین (گەدا) دەربکەین... لە کرماشانەوە بەڕێ کەوتین و چەند ڕۆژێک لەو سەر سنوورە لەنگەرمان گرت، بەهیوای ئەوەی بەڵکو خۆیان لە کردەوەی خۆیان پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە؛ یان وەزیری بەغداد دەست لە بەدکاریی هەڵگرێ و کەهیا و دارودەستەکەی بگێڕێتەوە دواوە... بەڵام سروەیەک لە هیچ لایەکیانەوە هەڵی نەکرد، بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ پڕکێشیی و هەمەجۆر بەدکارییان زیاتر لێ دەوەشایەوە... هەرچیمان کرد و کۆشاین، بەڵکو ئەم ئاگرەی داود پاشا و کەهیا و ئاژاوەگێڕانی بابان دامرکێتەوە؛ بێهوودە بوو...

ئیتر چارمان نەما و لە سنوورەوە کەوتینەڕێ. کە بێ وچان لە ڕۆژێکدا هەر دوو سێ سەعات دەڕۆیشتین. هەتا ئەو ڕۆژەش کە بەرەکانی شەڕ و بەیەکدادان دامەزرێنران، هەر چاوەچاوی ئەوەبووین بەڵکو پەند و ئامۆژگارییەکانمان کاری لێ کردبێتن و پەسەندی بکەن و دەست لە شەڕ و ئاژاوە هەڵبگرن و بگەڕێنەوە. بەڵام هەر نەهاتنە سەر هۆش. یەکەم جاریش ئەوان دەستیان بەتۆپ هاویشتن و ئاگر هەڵگیرساندن کرد و ئیتر ئەم لایەش، بۆ نەهێشتنی شەڕ، بەئەرک و پێویستی سەرشانی زانی لەگەڵیاندا تێک هەڵچێ.

دوای ئەوەی کەهیا و هێزەکەی هەڵاتن و پشتیان کردە مەیدانی شەڕ، فرمانم دا هیچ کەسێک شوێنیان نەکەوێ و کاری پێیان نەبێ و بەر بەکەس نەگیرێ.

*هەڵبەت خەڵکی لای خۆتان، یان نزیک و دەوروبەرتان لەو هەڵڵایەدا بوون و دیویانە و ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، کە دوای شەڕەکە، هیچ کەس نەکوژرا و بەکەسیش نەوتراوە شوێنیان بکەوێت.. ئێستاش وەک دەرکەوتووە مەحموود پاشای بەدکار، دوای هەڵاتن لە مەیدانی شەڕ، ڕووی کردۆتە ئەو لایە. لەبەرئەوەش کە لە ناوبردنی ئاژاوەکانی ئەم بەدکارە، پێویستە؛ ئێستاش ئەگەر جەنابت لە سەرکوتکردنیدا، بەڵگە و بیانوویەک دەهێنیتەوە، ئەوا هەر هیچ نەبێ، مەهێڵە بێتە مەڵبەند و ناوچەی ئێوە و لەوێ دەری بکەن، چونکە هەر مانەوە و بوونی، مایە و ماکی شێواندن و ناخۆشیی نێوان هەردوو دەوڵەتی بالا یە.*

*یەکێکیش لەو داخوازییانەی، کە ئێمە هەمیشە پێمان خۆش بووە و نوابی ئێمە جەختی لەسەر کردووە و وەزیرەکانی بەغداد لێی تۆقیون ئەوەیە: کە نوابی ئێمە، لەم سەر سنوورانەدا خۆیان بەرۆڵە، یان بەخێرخوازی هەردوو دەوڵەتی بالا دەزانن، پێوەندی و هاتوچۆی نێردراو و نامە گۆڕینەوەمان لەگەڵ دەوڵەتی مەزندا بووە، تا لە فرمانەکانی سەرەوەمان ئاگاداربین.*

*بەڵام ئەگەر وەزیرەکانی بەغداد، لە پێناوی مەبەستی خۆیاندا دەبنە هۆی هەڵفریواندنی شەیتانەکانی بابان و گەرەکیشیان بێت ڕووداوەکان بەر ئاوەژوو بگێڕنەوە، ئەوا کارەکە هەر ئاشکرا دەبێ و لێمان شاراوە نامێنێ... بۆیە ئەوان هەمیشە لەم بابەتە هەڵاتوون و ڕازی نەبوون داواکەمان بهێننەدی و بەردەوام بەهەڵە، پەکی کارەکەیان خستووە و خراپتریان کردووە، چونکە لەلایەکەوە هاوکاری لەگەڵ شەڕخوازانی بابان دەکات، لەلایەکی دیکەوە دەستدرێژیی بۆ سەر خەڵکی عێراق دەکات و بەرە بەرە سەرۆک و زانایانی بەغدادی کوشتووە و ئەوەی بەکاربێت، نەیهێشتووە و لە ناوی بردووە... لەبەر چاوچنۆکی و تەماعی زۆر، دەستدرێژیی بۆسەر ماڵ و سامانی خەڵک دەکات، لای هەر کەسێک دینارێکی پێ شک بردبێ، بەچاوچنۆکیی لەدەستی دەرهێناوە. تاقە عەرەبێکی هاودەنگ و بەدەوری خۆیەوە نەهێشتووە و تاقە کەسێکیش لە دانیشتوانی بەغداد، هاودەنگ و هاونیشنی نییە... پرس و ڕاوێژی بەدەستەیەکی نەزان و تێنەگەیشتووی گورجستانییە... لە هەر جێگەیەکی ئەو بارەگا و زیارەتگا پیرۆزانەی ئیمامگەلی پاک و بێگەرد (سڵاوی خوایان لێ بێت)، کە لە عێراقن و هەندێک ئامرازی کەرەسەی ڕازێنەرەوە و جوان نەزرکراویان تێدابووە، بەهۆی ئەوانەوە تاڵان کراون. دابونەریتی قەدەغە کردووە و ئازار و سزای ئەو کەسانەیان داوە کە بۆ زیارەت و گەڕان، هاتوونەتە ئەوێ و باجیکی زۆریان لێ سەندووە... نەزانەکانی بەغداد و هیچ و پووچەکانی گورجستانی، لە کاتی هاتوچۆی زیارەتکاران و هاتوچۆکاران، قسەی بێ تامی وا دەکەن، کە هیچ گوێیەک تاقەتی بیستنی نییە... هەڵبەت جەنابیشت ئاگادارییەکت لەم داروبارە دەبێت.*

*بەڵام مەبەستی ئێمەی نواب، لە درێژەپێدانی ئەم نامەیە، ئەوەبوو ڕاستییەکان دەربکەون و ئاماژەیان پێ بکرێ، چونکە جەنابت بەخێرخوازانی دەوڵەت دەزانین و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ ئاگاداریتان باسی ئەم کاروبارەمان کرد و هەر ڕۆژێکیش چی ڕوو دەدات، دەبێ بنووسرێن و ڕاوبۆچوونەکانی لەسەر دەربڕدرێن. ڕۆژانی داهاتووشتان بەدڵی خۆتان بێت*[٦٧].

وەک لە دوو توێی ئەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێ، شازادە محەمەد عەلی میرزا پەڵپ و بیانووی قورسی بە مەحموود پاشا گرتووە و لەسەروو ئەم داوایانەشەوە گێچەڵی پارەیەکی زۆری بە مەحموود پاشا گرتووەو ئەویش پێی هەڵنەسووڕاوە. لەبەر ئەمە شازادە دەیویست مەحموود پاشا لە فرمانڕەوایەتی بابان لێبخات و عەبدوڵڵا پاشای مامی لە جێگەی دابنێ. بۆ ئەمەش لە بیانوو دەگەڕا و چەند جارێک لەشکر و هێزی گەورەی لە چەند قۆڵێکەوە بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق دەنارد و ئاژاوەی دەنایەوە و مەحموود پاشا و داود پاشای پێ دەترساندن و مەرجی بەسەردا دەسەپاندن و... لە هەر یەکێکیش لەم هێرش و دەستێوەردانانەدا، یەکێک لە برا و ئامۆزاکانی مەحموود پاشا و عەبدوڵڵا پاشای مامی مەحموود پاشای لە جێگەی مەحموود پاشا، لە سلێمانی و کۆیە و هەریر دادەنا و لادەبرد و بەمەش دوژمنایەتی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابانی قووڵتر دەکردەوە... کە خودی شازادە لە دوایین هێرشیدا، کە ساڵی (١٨٢٢) بۆ سەر عێراق کردی، نەخۆشیی (کۆلێرا)ی گرت و لە نزیک (قزرابات) مرد.

بەڵام بەمردنی شازادە (کە بەهەموو جۆرێک و ئەوپەڕی توانای هەوڵیدا میرنشینی بابان بکاتە بەشێکی ئێران)، ئێران دەستبەرداری میرنشینی بابان و عێراق نەبوو... بەواتایەکی تر: کێشە و تەنگوچەڵەمەکانی میرنشینی بابان و مەحموود پاشا، لە بەرامبەر گوشار و گێچەڵی ئێران و داود پاشادا کەم نەبۆتەوە... چونکە هێزەکانی ئێران

٦٧- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: ٣٧٤٠٥ .

بەرلەوەی بکشێنەوە، عەبدوڵڵا پاشایان بەهێزێکی ئێرانییەوە لە سلێمانی کردە «پاشا»ی بابان![68] بەواتایەکی تر: جەنگی سوڵتانی عوسمانی و شای قاجار، دوایی پێ نەهێنرا و دوای مەرگی شازادە محەمەد عەلی میرزا، محەمەد حسێن میرزای کوڕی لەجێی باوکی دانرا؛ کە ئەگەرچی ئەمیش حەزی دەکرد بەپێ و شوێنی بەرنامەکانی باوکیدا بڕوات و هەڵپەی تۆڵە و داگیرکردن و چاوبڕینە کوردستانی بابانی هەبوو، بەڵام ئەم وەکو باوکی پێنەدەکرا. لەبەرئەوە فەتح عەلی شا بڕیاری دا کاروباری کوردستان و عێراقی عەرەبی، بەعەبباس میرزا (١٧٨٩-١٨٣٣ز) بسپێرێ[69].

ئەمیش لەم ئەرکەیدا پڕۆژە و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە لە ناوەڕۆکدا خۆکۆکردنەوە بوو بۆ خولێکی تری جەنگ، لەو ناوچانەی کەپێی سپێردرا بوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، لەم شەڕانەدا ماندوو ببوون و پێویستییان بەحەسانەوە و پشوویەکی پێش ئەو خۆکۆکردنەوەیە هەبوو. چونکە لەپاڵ ئەم شەڕە لابەلایانەی هەردووکیاندا، لەدژی یەکتر، هاوکات شەڕی سەرەکی و بەردەوامیشیان لەگەڵ رووسیا و هەڕەشەی گەورەتری رووسیایان بەسەرەوە بوو، جگەلەوەی کە بەهۆی ئەم شەڕانەی ئێرانەوە، دوو مەترسیی بەرەو رووی بابیعالی دەبوونەوە:

١- دەسەڵات و سێبەری ئێران لە ناوچەکەدا و بەتایبەتیش لە ناوچەی باباندا، لە زیاد بووندا بوو. بەجۆرێک وەک «لۆنگریک» دەڵێ: بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە، ئەوەندەی ئەم کاتە، سێبەری ئێرانی بەسەرەوە نەبووە[70].

٢- بەهۆی سەرقاڵیی و نەپەرژانی بابیعالییەوە بەکاروباری ترەوە، داود پاشا بەهێز ببوو، کەمتر گوێی لە فرمانەکانی بابیعالی دەگرت. بۆیە هەردوولا پێویستیان بە بەخۆداچوونەوەیەک هەبوو؛ کە لەم بوارەدا لایەنی قاجاری، واتە: عەبباس میرزا، دەیویست سیاسەتی دەرباری قاجاری، بەجۆرێک دابڕێژێت، کە کێشەی بابان و میرەکانیان بکاتە بنچینەی ئەنجامدانی بەرنامەکانی ئێران و بۆ ئەمەش لە سەرەتای رەنگڕشتنی بەرنامەکەیەوە، کەوتە تازەکردنەوەی پێوەندی و دروستکردنەوەی پردەکانەوە لەگەڵ میرەکانی بابان و هاوکات پوختەی بیرو بۆچوونەکانی خۆیشی لەم بارەیەوە، لەم دوو نامەیەدا دەربڕیوە، کە وەک دەردەکەوێ بەگیانێکی زۆر ئاگادارانە لە کاروباری کورد و ناوچەکە، بۆ فەتح عەلی شای نووسیوە، کە ئەمە دەقەکانیانە:

٦٨- هەڵبەتە دواتر مەحموود پاشا چووە سەریان و «سلێمانی» گرتەوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (کۆلێرا)وە نەیتوانی تیایدا بمێنێتەوە، عەبدوڵڵا پاشا دەرفەتی هێنا و سلێمانی گرتەوە. بەم جۆرە «سلێمانی» چەند جارێک دەستاودەستی کردووە (دنبلی - ص٣٧١).

٦٩- پێشتر کاروباری ئازەربایجانی پێ سپێردرابوو، بەڵام بەدرێژایی جەنگی (٩) ساڵەی ئێران و رووسیا (١٨٠٤-١٨١٣ز) هەمەکارە بوو.

٧٠- لۆنگریک- ص ٢٥٠ .



## نامەی عەبباس میرزا بۆ فەتح عەلی شا

نامەی یەکەم:

*«بەخاکی پێی فەلەک فەرسای سوێند دەخۆم و دوژمنی خوێنە خۆری بامحەکی شاهەنشاهی بم، ئەگەر هەرگیز لەبارەی پێ سپاردنی خزمەتی شارەزوور و بابان خەیاڵی ئەوەم هەبووبێت، بۆ ئارەزووی نەفس، تەماعێکم لەوێدا هەبووبێ، ویستبێتم سنووری دەسەڵاتی خۆم فراوان بکەم، چونکە نەمبووە و نیمە. ئەم خۆتێهەڵقورتاندن و پڕکێشییەشم بەرامبەر بەنۆکەرایەتی و بەندایەتی، هەرگیز نەدەکرد و بەشیاوم نەدەزانی، کە بەبێ پرس و ئیشارەت فەرموون، لە خۆمەوە دەستپێشکەریی عەرزکردنی ئەم جۆرە باسانە بکەم. خوا دەیزانی کە هیچ شتێک نەبۆتە هۆی دەربڕینی ئەم عەرز و پڕکێشییە، جگە لەوەی لەم دوو ساڵەدا، کە جەنگی دەوڵەتی عوسمانی لە ئارادابوو، هەر جارێ کە من بەخزمەت و سەفەر دەڕۆیشتم، لە کوێستانەکان و ناوچەکانی کوردستانی سنووری ورمێ و سابڵاخدا، دەستدرێژیی زۆر دەکرایە سەر رەعیەت و ویلایەتەکانی شاهەنشاهی. بەهاری ئەمساڵ وێرانییەکی زۆر تووشی گوند و بەروبوومی هەندێ لە ئێل و ناوچەکان بوو، کە منی ناچار و وا لێکرد بۆ رێگەنەدانی وێرانبوونی ئەم هەرێمە، بەعەرزی خاکی پێی پیرۆز، پڕکێشیی بکەم و لە پێناوی رێکخستنی کاروباری* ***سلێمانی*** *و* ***بابان****دا، بەخۆ بکەوین، بۆئەوەی هەرکاتێ لای ئەرزەڕۆم و مووش و قارسەوە بکەوینە رێ و خزمەتێک بکرێت، لەم پشتەوە سەری دڵنیایی و سەرپەرژانی تەواو، لە (تصدّقي فرقي) شاهەنشاهی، بۆ نۆکەرێک کە لەو هەرێمەوە بۆ خزمەت و سەفەر دەچێت. ئێستەش کە قیبلەی عالەم، رۆحی دنیای بەقوربان بێت، خزمەتی رێکخستنی ئەو لایەی بەمن سپاردووە، ئەو مەسەلەیە دیارە کە ئەو جۆرە کارانە بۆ من، کەسەرقاڵ و خەریکی چەندین کارم، دەتوانم بۆ پێشەوەببەم، یان شتێکی ترە، کە خزمەتی گەورەی هەمان یەک کاربێت»*[71].

٧١- نفیسی، دکتر سعید- تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر- چاپ دهم- تهران ١٣٧٦ ش- جلد (٢٢) ص ٣٠٥ .

نامەی دووەم:

عەرزی جێگری نایب سەڵتەنە،

ڕۆژانی شکۆی هەر بەردەوام بێت، ئەمەیە کە:

لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا هەموو دەوڵەتانی کافر خەریکی ئاشتی و سازانن، منیش هەوڵ و تەقەللامە و کۆشش و ڕەنجم لەو بوارەدا بۆ ئەوە بووە، کە ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتی ئیسلامدا نەمێنێ. تا ساڵی پار؛ کار لەئاشتی و پێکهاتن ترازا و ماوەی سازان نەما. دوای پێشڕەویش لە مووش و بایەزید و ئەرجیش، کە گەڕاینەوە تەورێز، لەلای خۆمەوە قایمقامم بەنیازی سازان نارد. ئەوان وەڵامی ڕاستیان نەدایەوە. چەند جارێک لە پەناو پەسارەوە لە دەرگای ئاشتیمان دا، بەڵام هیچ نەکرا. تا ئەمساڵ، بەخواستی خوا و بەختی شاهەنشا «گیانی هەموومان بەقوربانی بێ» ئەوە بوو تووشی ئەو تێشکانە بوون. ئەوەبوو دەستبەجێ خەڵکمان نارد و لەلای خۆمانەوە، بەئاشکرا داوای ڕێککەوتنمان کرد و دواتریش «میرزا تەقی»مان نارد و ئەو ئەرکە پیرۆزەمان پێ سپارد، ئەویان ناردەوە و بەڵێنیشیان پێدابوو، کە لە ماوەی (٤٠) ڕۆژدا وەڵام بدەنەوە. بەڵام بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا.

سەرەڕای ئەوەش، دیسانەوە چەند جارێک لە ڕێگەی ئینگلیزەکانەوە، بەهۆی باڵوێزیانەوە لە ئەستەمبۆڵ ئەوەمان دەربڕیوە، بەڵام تا ئێستەش بەهیچ جۆرێک ئەوان وەڵامیان نەداوەتەوە. بەڵکو لە هەموو لایەکەوە خەریکی ئەوەن خۆیان بۆ جەنگ ساز دەدەن و هیچ نیشانەیەکی ئاشتی و ڕێککەوتن دیار نییە، لەگەڵ ئەمەدا، ئێمەش کە نۆکەرانی ئەم دەوڵەتە و سنوورداری ئەم مەملەکەتەین و ئەمانەش دەزانین، ئەگەر بەهیوای ئاشتی پاڵی لێبدەینەوە و خۆ ئامادەکردن پشتگوێ بخەین، ئەوە پێچەوانەی بەرژەوەندی دەوڵەتە بوێرەکەمانە. بۆیە لە ڕووی شارەزایی دڵسۆزییەوە، ئاشکرا ئەم مەسەلەیە عەرز دەکەم:

ئەگەر لای خۆمانەوە دەستپێشخەریی نەکەین و مانگی دووەمی بەهار نەچینە ناو خاکی دوژمنەوە، ئەوەندە دوابکەوین تا (جەوزا) و (سەرەطان) بگات و لەشکر و تۆپخانە و هێز و خواردەمەنی عوسمانی لە هەموو لایەکەوە کۆببێتەوە و کوردەکان ماڵ و خێزان و مێگەل و کەلوپەلەکانی



خۆیان لە کوێستان و هەوارەکان دابمەزرێنن و سوارە و سەربازیان وەکو مێروولە و کوللە لە هەموو لایەکەوە هێرش بهێنن، ئەوسا ئەگەر بمانەوێ جەنگ بکەین، یان ئاشتی بکەین، کارەکە گران و چارە دژوارتر دەبێ. لووتبەرزیی و لەخۆباییبوونی عوسمانی لە ئاشتیدا و هێز و توانایان لە جەنگدا زۆر زیاد دەبێ.

بەڵام ئەگەر ئێمە لێرەوە زوو بەڕێ بکەوین، تا کوێستانەکان بەفریان لێ نەچۆتەوە و ئەوان ناتوانن لە کەلێنەکانیدا، بحەوێنەوە بچینە ناوخاکی دوژمنەوە و لەپێش ئەوەدا لەشکری عوسمانی کۆببێتەوە، شەرارەتی کورد، کە مایەی هەموو شەڕ و فەسادێک هەر ئەوانن، بەپشتیوانی خوا و بەختی سەرکەوتووی شاهەنشاهی، لەبەریەک هەڵبوەشێنین و بەیاریدەی خوا لە مووش بەرەو خوار راویان بنێین، ئەوسا ئیتر ئەگەر بمانەوێ جەنگ، یان ئاشتی بکەین، بەیارمەتی خوای مەزن، ئاسان دەبێ و بەسانایی جێبەجێ دەبێ. لووتبەرزیی و لە خۆباییبوونی رۆمی دەبێتە خۆشڕوویی و زەبر و زۆریشیان دەبێتە کزیی و لاوازیی.

لەبەرئەو هۆیانە، ئەگەر بیری پیرۆزی شاهەنشایی هاتە سەرئەوەی کە دەستپێشخەریی بکرێ، ئەوا هێزی سوارە، کە مەئموور و تەرخان دەکرێن، دەبێ کاتێ لەوێوە بکەونەڕێ، کە لە کۆتایی (حەمل)، یان ئەگەر زۆر دوابکەون، لە سەرەتای (ثەور)دا بگەنە تەورێز، تا قشوونی ئێرەش دوا نەکەوێ، بەبێ چاوەڕوانیی بەوپەڕی پشت ئەستوورییەوە، خوا یار بێت، هەر لەو کاتانەدا بگەنە خزمەت. بەم پێیە ئەگەر لە سەرەتای ثەورەوە دەست بەکاری ئەم لایە بکرێت، هیوادارین تا سەرەتای (میزان)، بەئاشتی بێت، یان بەجەنگ، بتوانرێ لەملایەوە دڵنیایی دەستەبەر بکرێت.

کاتی لەشکرکێشیش بۆ سەر بەغداد، هەر لەو کاتانەدایە. کام نیعمەت لەوە باشتر و باڵاترە، کە لەم عەزیمەتی شاهانەیەدا، پەروانەی ئامادەکردنی ئێمەش بگات!، لەم سەفەرەدا هاوئاوزەنگی فەلەک فەرسابم و گیانبازانە لە خزمەتی میردا دەربکەوین.

لەبارەی جووڵانی کەژاوەی جیهانگیرەوە، فرمان فرمانی ئەشرەفی هۆمایۆنە: بەڵام لەبەرئەوەی لەرووی ئەوپەڕی عاتیفەتەوە، پرسیاری ئێمەتان فەرمووبوو، بەپێی فرمانی باڵایان عەرز دەکرێ، کە هەرچی زووتر کەژاوەی پیرۆز لە سوڵتانییەوە؛ بۆ سازدانی سوپا و کۆکردنەوەی

سەربازانی سەرکەوتوو بکەوێتەڕێ، پەنا بۆ ئیحتیسابی رووس و رۆم ودڵنیایی ویلایەتەکانی سنوور باشتر و خۆشترە. بەڵام دیارە لە دوای مانگی (شەوال)دا زۆر زووە و ئەم کاتانە زۆر زۆر پیرۆزە و لە هیچ جێگەیەکەوە کۆسپ و چەڵمەی نابێ، بگرە پێشکەوتنی هەموو کارەکان بەجۆرێک کە چەندین جار تاقیکراوەتەوە، تالعی هومایونی لە زیادبوونی شاهەنشاهییە، کە لەسایە و پشتیوانی خواوە، تیشکی چاودێریی سوڵتانیی، لەهەرکەسێک بدات و رووی جووڵانی پیرۆزی بکاتە هەر لایەک و هەرکاتێک بێتە پێشەوە، بەئاسانی و بەبێ شڵەژان بۆ پێشەوە دەڕوات. لەبەرئەوەی بڕیار وایە، هەر بڕیارێک دەربارەی ئەولایە بدرێت، بەدرێژی عەرزی خاکی پێی پیرۆز بکرێ، ئەوەندە نەخرێتە بەرچاو، کە حکومەتی شارەزوور و بابان و دەوروپشتەکانی بەگوێرەی رێگەپێدانی پیرۆز، دراوەتە: محەمەد پاشا (مەبەستی مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشایە)، دڵنیایی لە راستیی باوەڕ و خزمەتگوزاریی ئەودا، کە دەبێ ئێستە و دوارۆژ بەدی بێت، بەچەند شتێک دەهێنرێتەوە، کەوا یەکەیەکە عەرز دەکرێن:

**یەکەم:** گلدانەوەی بارمتە: لەبەرئەوەی کوڕە باشەکانی ئەو و عوسمان بەگ، کە هەردووکیان لە کرماشان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەم یەک دوو ساڵەدا، ئەم سەرپێچییەیان کرد، گلدانەوەی ئەم جۆرە بارمتەیەم بەمایەی دڵنیایی نەزانیی و بڕیاری ئەوەم دا لە کاتی سەفەری شوێنەوار خێردا، عوسمان بەگ خۆی لەگەڵ هەزار سوار، یان زیاتر لە ئەعیان و گەورە و گەورەزادەکانی بابان، بەپشتیوانی خوا لەگەڵ بخات و لە پێشڕەویی سوپای سەرکەوتوودا، بەڕاشکاوی و ئاشکرا، دژی سوپا و سەرلەشکری عوسمانی بجەنگن.

**دووەم:** بەهاموشۆی محەمەد پاشا و عوسمان بەگی برای، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا عوسمان هاتە تەورێز و مانگێک مایەوە و شەوی جەژن، پاشا خۆی تکای کردووە، بەپشتیوانی خوا دێت و کە ئەویش گەڕایەوە، خوا یاربێت عوسمان دێتەوە و لەگەڕانەوەشدا بەو مەرجەی بمێنم، دیسان بەهەمان رێ و شوێن نایەڵم لەهاتوچۆ سارد بێتەوە[٧٢].

٧٢- ئەمەش خۆی جۆرێکی سەختتری گلدانەوەی بارمتەیە.



**سێیەم:** سەرەڕای هەبوونی لەشکر و ئامادەبوونی دەوڵەتی بوێر لە هەرێمی باباندا، کە تا ئێستا ئیبراهیم خانی سەرتیپ لەو شوێنانەدا بووە و لەچاو تاقم و سوپای باباندا چەند جار زۆرتر و زاڵترە، لە رۆژانی سەفەریشدا باوەڕپێکراوێک لەوێ دانێم و ئەوەندەی لەشکر، کە لە غازییانی سەرباز و سوپای هاوئاوزەنگی بەساخلو لەوێ دابنێم، لە باتی ئەوان: سوارەی بابان و بڵباس و هی تر، بۆ سەفەر دەبەم و لە راستیدا خەڵکی کوردستان و ئەردەڵان و سابڵاخی موکری، سەرلەبەریان پشتگرو یارمەتیدەر دەبن و سەبارەت بەیارمەتیدانیش ئەگەر بەقازانجی دەوڵەتی بزانن، لە کاتی پێویستدا ئیشارەتی خدێوییانە دەفەرموون.

**چوارەم:** هۆی سەرەکی ئەو پەژارەیەی کەسانی وەک محەمەد پاشا هەیانە، لەوەدایە کە باری قورسی دراو و کەلوپەل و تەماع و تەوەقوع بخرێتە ئەستۆیان و دەرەقەتی نەیەن و بەڵێن و بڕیارێک بدەن و دواییش پێیان جێبەجێ نەکرێ و لە هەردوولاوە ببێتە جێی ترس. ئێمەش لەسایەی خواوە، نەبارێکمان خستۆتە ئەستۆی ئەو و نەتەمەع تەوقێکمان هەیە. ئاسان ئاسان پێشکەشیی سەرکاری پیرۆزیش، کە لە حەزرەتی هومایۆندا نەختینەمان گرتۆتە خۆ، بەپشتیوانی خوا دەیدەین. بۆ ئیبراهیم خان-یشمان نووسیوە لەو مێگەل و گا و قاتر و یابوو و ئەو جۆرە شتانەمان لێ وەربگرێ و بەلەشکری فرمان پێدراوی بدات بەیاریدەی خوا، حسابی ئەوەش؛ بریتییەکەی هەرچۆنێک بێت، لە کەلوپەلی بێ کەڵک ودراوی بێ برەو، تا خۆمان بۆ سەفەر نەڕۆیشتووین، دەیدەین. بێگومان هەر کە ئەو بریتییەیدا و خزمەتی باشی کرد، ئەم خزمەتە بەفیڕۆ نادا و دوای پارە دانەکە، پێچەوانەی رێوشوێنێک ناجووڵێتەوە، کە ببێتە مایەی ناڕەحەتیی بیری هومایۆن.

**پێنجەم:** ویلایەتی شارەزوور و کۆیە و هەریر لە سێ لاوە بەسابڵاخ و ئەردەڵان و سنوورەکانی کوردستان و کرماشانەوە لکاون، کە مەملەکەتی پارێزراوی سەرکاری شاهەنشایە ولایەکیشی بەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی وەزیری بەغداوە لکاوە، لەهەر رێگەیەکەوە ئاژاوە و فەسادێک لەو ویلایەتە و ئەم تایەفەیەوە بگات، تەنیا لەو لایەوەیە و بەس. ئەو لایەش کە لەم کاتەدا ئیبراهیم خانی سەرتیپ و محەمەد پاشا تا مووسڵ رۆیشتوون و کەرکووک و هەولێر و پردی سوور-یش غاشیەی دڵسۆزیی و

گوێڕایەڵییان دەربڕیوە، وەزیری بەغدادیش بەجۆرێک خزمەت و ئامادەیی خۆی نیشان داوە، کە تا ئێستا دوو سێ جار پیاوی ناردۆتە لای سەرتیپ و محەمەد پاشا و بەگوێرەی نامەیەک کە نووسیبوویان، بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی ئەوێ دەڕواتە پێش. ئەگەر لەپێش چوونی ئێمەدا، خوا یاربێت، بەشێوەیەک کە مەبەستی ئەولیای دەوڵەتی بوێرە، کاری بەغداد و وەزیریش بەرەو پێشەوە چوو، ئەوا لەو لایەشەوە دڵنیادەبین و ئەوسا ئەوێش لە حوکمی ولایاتی پارێزراوی شاهەنشاهدا دەبێ و هەرکاتێ پێشکەوتنێک پێکهات، عەزمێک کە لە کاری بەغدادا مەبەستی هیمەتی بەرزی سوڵتانییە، لەو بەهار و هاوینەدا کاروباری ئەوێ یەکلایی دەکاتەوەو ئەگەر ناتەواوییەک بمێنێ و ئەگەر تا ئەو کاتە بژین، لە وەرزی پایز و لەکاتی گەڕانەوەماندا، بەیاریدەی خوا، زستان لە گەرمیانی عێراقی عەرەبدا، بەسەر دەبەین و ئێستا لەسایەی سەری هومایۆنەوە بەغدادیش ئەو توانایەی نەماوە، کە بەرگەی هەڵمەتی لەشکری جیهانئاشووبی شاهەنشاش بگرێت.

**شەشەم:** عەبدوڵڵا پاشا، کە گەورەترین و بەساڵاچووترین پاشایانی بابانە، لەگەڵ هەزار ماڵی باباندا، کە زۆربەیان لە پیاوی ناسراو و ئاغا و گەورەکانیان، لێرەن، بەوپەڕی ڕێز و بەرزییەوە گلمان داونەتەوە و بەهیواین لەم ڕۆژانەدا لە دەوروبەری سابلاخ، بەش و تیولی بدەینێ، چونکە دەبێ هەرکەسێک لە ئەهلی ڕۆژگار بەترس و هیواوە گل بدرێتەوە، بۆیە ئەم ڕێگەیەش ترسی مەحموود پاشا دەبێت.

بەپێی ئەو ڕێوشوێن و شێوەیە، کە بەدرێژیی خرایە بەرچاو، هیوادارم لە کاتی نەبوونی ئێمەدا، هیچ ڕاستی و کەموکورییەک لە کاروباری ئەم لایەدا روونەدات. بەپشتیوانی خوا و هیمەتی ئیمامە پاکەکان پشت ئەستوورین بەئیمدادی بەختی پیرۆزی هومایۆنیش متەوەسیلین، ئەو تەگبیرەی بەبیری ئێمەدا هاتووە و بەم وردییە روونمان کردۆتەوە و روونی دەکەینەوە، خوا یاربێ لەگەڵ تەقدیر جووت دەبێ و تکام وایە کە هەریەکێک لەو بڕگانە بگاتە بەر خاتری عەرش مەزاهیری وەحی و تەنزیل بەئامۆژگاری و ڕێنوێنی بفەرموون و نامەی پیرۆزیش زووتر بگات، تا هیچ کارێک بێ ئاگاداری عەرزی شەهریاری نەکرێت»[٧٣].

٧٣- سەرچاوەی پێشوو- جلد (٢) ص ٣٠٥-٣١٠ .



وەک دەردەکەوێ فەتح عەلی شا باری سەرنج و پێشنیارەکانی عەبباس میرزای پێ پەسەند بووبێت، بۆیە بۆ ئەنجامدانی بۆچوونەکانی عەبباس میرزا، خولێکی تری شەڕ و لەشکرکێشیی قاجاری بۆسەر عێراق و ناوچەکانی بابان دەستی پێکردۆتەوە؛ کە لەم جارەیاندا (٤٠ هەزار) سەربازی ئێرانی، لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق کردووە و دوای شەڕ و تێهەڵچوونی سەخت لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا (کە ئەوانیش پێشتر خۆیان بۆ ئەم شەڕ و لەشکرکێشییە تەیار کردبوو)[٧٤] و دوای کوشتار و زیانێکی زۆر لە هەردوو لا و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی شەڕیان تێداکرابوو؛ دیسانەوە نەخۆشیی (کۆلێرا) لە ناو ڕیزەکانی لەشکری قاجاریدا بڵاوبۆتەوە و ناچاربوون پاشەکشێ بکەن و بەرەو ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە.

لەم خولی شەڕانەدا (ئەوەندی پێوەندی بەکێشەی بابانەوە هەبێت)، ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابان و میرەکانیان، قووڵتر و دژوارتر بووەوە... ئەوەندەش پێوەندی بەدەوڵەتی قاجاری و عوسمانییەوە هەبێت، هەردوو لەشکرەکانیان ماندووببوون و وەک ئەوەی ئیتر کاتی ئەوە هاتبێ سنوورێک و ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم باری گرژی و نائاساییییانەیان دابنێن، بڕیاریان دا نزیکبوونەوە و ئاشت بوونەوەیەک لە نێوانیاندا رووبدات، کە ئەم نزیکبوونەوەیە لە (١٨/٧/١٨٢٣ز)دا سازدرا و (ڕێکەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم)ی لێکەوتەوەو نوێنەرانی هەردوو لا، کێشەکانی: سنوور، بازرگانی، حەج و زیارەتگە پیرۆزەکانی عێراق، دیاریکردنی ڕێوشوێنی کۆچی گەرمیان و کوێستان و هەڵسوکەوت لەگەڵ راکردووەکانی هەردوولایان باسکرد و چارەسەری سەرەتاییان بۆ پێشنیارکرا.

بەڵام بەندی یەکەمی ئەم ڕێکەوتننامەیە،[٧٥]تایبەت بوو بەکێشەی بابانەوە، کە:

*«هەردوو دەوڵەتی بەرز، دەبێ دەست لە کاروباری ناوخۆی یەکتر وەرنەدەن. لەمەودواش خۆتێهەڵقورتاندن لە کاری بەغداد و کوردستانەوە نەشیاوە. لەوانە:*

*مەڵبەندەکانی سەر بەسنجاقەکانی کوردستان، کە دەوڵەتی بەرزی ئێران بەهیچ بەهانە و لە هیچ روویەکەوە نابێ ڕێ بەخۆتێهەڵقورتاندن و دەستدرێژیی و پەلاماربدات و دالدەی موتەسەریفەکانی پێشینە و لەمەودواشیان بدات.*

٧٤- جگە لەو هێزانەی لەگەڵ والییەکانی دیاربەکر و مووسڵدا بۆ ئەم شەڕە ئامادەکرابوون، لە بەغدادیشەوە (١٠) هەزار سەرباز بەسەرکردایەتی حاجی تالبی کەهیە، بەرەو قزرابات جووڵابوو. (لۆنگریک- ص: ٢٤٦-٢٤٧).

٧٥- هەموو بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە (٧) ماددەبوون.

*لەو شوێنانەدا کە ناوبراون، لە بابەت ڕەسمی ئاسایی گەرمیان و کوێستانکردن و هەر کێشەیەکی تر، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ناخۆشیی هەردوو دەوڵەت، دەبێ لەلایەن ئەمیر و وەلیعەهدی دەوڵەتی ئێران و والی بەغداوە بەلادا بخرێ»* [٧٦].

بەم پێیە دەبووایە ئێران دەسەڵات و سێبەری بەسەر هەرێمی بابانەوە نەمێنێ!.. بەڵام بەو هۆیەوە کە لە دەمێکەوە دەرباری قاجاری بەچەندان شێوە و بەتایبەتیش لە ڕێگەی میرەکانی بابانەوە، جێ پێی خۆی لە کوردستاندا کردبووەوە؛ بۆیە لەلایەکەوە بۆ ئێران گران بوو قایل بێت نفووزی لە کوردستاندا پاوان بکرێ و لەلایەکی تریشەوە ئەم بڕیارە، بۆ خودی ئەو سەردار و میرانەی بابانیش سەخت بوو، کە لە دەمێکەوە سەروپێوەندێکیان لەگەڵ دەرباری قاجاریدا دامەزراندووە و لەم ڕێکەوتننامەیە پەشۆکاون و سکاڵا و هاواریان بۆ فەتح عەلی شا بردبێت؛ کە چۆن ئێران هەروا بەئاسانی پشتیان تێدەکا و دەستبەرداریان دەبێت![٧٧]... کە ئەم دوو هۆیە وای لە فەتح عەلی شا کردووە، دوای وردبوونەوە لە دەقی ڕێکەوتننامەکە و پێشبینی کردنی داهاتووی ناوچەکە؛ ڕەخنە لەو بەندەی تایبەت بە بابان، لە ڕێکەوتننامەکە بگرێ و ڕەخنەکەیشی لەم نامەیەی خوارەوەدا ئاراستەی عەبباس میرزای کوڕی کردووە، کە لەو ڕێکەوتننامەیەدا نوێنەری ئێران بووە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩

بابەت: پەیماننامەی ئەرزەڕۆم (ی یەکەم)

تاریخی ایران، جلد (٢) ص٤٢

مێژوو: صەفەری ١٢٣٩ کۆچی، تشرینی (١و٢) ١٨٢٣ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە) جلد (٢) ل ٤٢، هەروەها: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (١) ص ١٤٣

## فرمانی فەتح عەلی شا
## بۆ عەبباس میرزا

*کلیلی دەرگەی سەرکەوتن، چرای گیان، وەلیعەهدی دەوڵەتی پایەداری هەتا هەتا، ڕۆڵەی گەورە و بەختەوەی بێ هاوتا، نایب سەڵتەنەی*

٧٦- نفیسی - ص٣٠٣ .

٧٧- گریمانی ئەوەش دەکرێت فەتح عەلی شا و دەرباری قاجار، خۆیان داوایان لە میرانی کورد کردبێت، نامەی ئاوا بنووسن.



*سەربەرزی باڵا، عەباس میرزا، کە بەیارمەتی خودا، سەرکەوتووە و لە سۆزی بێ بڕانەوەی بەشداربووە؛ بزانێت، کە: دەقی هەموو بەندەکانی ڕێکەوتننامە پیرۆزەکە، کە ڕەوانەی دەرباری ئاسمان مەدارت کردبوو، لە سەرەتاوە تا دوایی پێشکەشی بیری هەتاوی ڕۆشنی کرا. ناوەڕۆک و مەبەستەکانی، کەوتە بەرچاوی دڵی هەتاوی پڕشنگدار. هەرچەندە زۆربەی بەشەکانی بڕیارنامەی ناوبراو، بەپێی خواست و داخوازیی دەوڵەتی سەربەرزی عوسمانی و بەدڵی ئەوان داڕێژراوە و لەبڕێک شوێندا بەرژەوەندی دەوڵەتی بەدەسەڵاتی سوڵتانیی لەبەرچاو نەگیراوە...*

*بەڵام چونکە جێگری هومایۆنانەی ئێمە بەتایبەتی، مەبەست و نیازی لە جێگیربوونی ئاسایشی وڵات و ژێر دەستان و خۆپاراستنە لە خۆێنڕێژیی و خراپەکاریی... بۆیە ئێمەش لە بناغە داڕشتنی ئەم پەیماننامەیە و بڕیاردانی ئەم ئاشتییە پیرۆزەدا، دەسەڵاتی تەواومان لە هەموو ڕوویەکەوە بەم ڕۆڵەیەمان دابوو. لەبەرئەوە هەموو ئەو خواست و مەرجانەی لە دووتوێی بەڵگەنامەی ناوبراودا، هەبوون، بە هەموو لایەنێکییەوە، پەسەند و ئیمزامان کردووە.*

*لە بنچینەی پێکهاتن و ئاشتبوونەوەی دوو دەوڵەتی ئیسلامدا، ئەوپەڕی سەرو دڵخۆشین و بەگوێرەی یەکێتی پێشتر و یەکدڵ بوونەوەی باشتریش، بەرژەوەندی یەکێتیی ئەم دوو دەوڵەتە نەمرە، کە فرمانیان یەکە و لە خێر و شەڕیشدا بەهاوبەش و هاوکاریان دەزانین، هەست بەجیاوازییەک ناکەین و قسەیەکمان لەسەر ئەمەیان نییە، تەنیا دەربارەی خێڵی «بابان» نەبێت، کە ساڵانێکی زۆرە پشتیان بەم دەوڵەتە هەمیشە زیندووە بەستووەو دەستی تکایان بۆ داوێنی نۆکەرانی دەرگای ئێمە درێژ کردووە... لەبەرئەمە ئەگەر بەگوێرەی فرمان و بێ چەند و چوون، بەوەزیری بەغداد بسپێردرێنەوە و لە دەروازەی دەوڵەتی پایەدار دوور بخرێنەوە؛ شکانی شان و شکۆی دەوڵەتە و بەپێچەوانەی غیرەتی سەڵتەنەتییە.*

*لەبەرئەوەی ئەو ڕۆڵەیەمان تکای دەوڵەتی سەربەرزی عوسمانی، سەبارەت بەئێلەکانی: «حەیدەرانلوو»* [٧٨] *و «سیپەکی» بەدیهێناوە، کە*

٧٨- هۆزی حەیدەرانلوو، لە ناوچەی مووش، بایەزید، قەرەکلیسا، وان و چاڵدیران دەژین و سەر بەپارێزگەی (خۆی) بوون، ئەم هۆزە ئێستا کەوتوونەتە شار و گوندەکانەوە. تیرەکانی ئەم ئێلە بریتییە لە : جەنگەلانوو، باشیمان، لاچیکان، تەرتویان، سۆران، ئاقوبیان، ئاسیان، سێ چارەکیان و پێنج حەسنان. «بنوارە: راسخ، شاپور- جمعیت وگروههای نژادی در ایران- ایرانشهر- ج (١) ص ١١٩».

لەمـێـژەوە هەر سـەر بەدەوڵەتی هەمـیـشـەیی ئێـران و دانیـشـتـووی مەڵبەندەکانی «خۆی» و «ئیرەوان»[٧٩] بوون... ئەگەرچیش سەبارەت بەو دوو ئێلە، بەهیچ جۆرێک رێگەی قسـە، بۆ ئەوان نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی سووکایەتی بەو دەوڵـەتە نەکرێت و تووشی کێشە نەبن؛ ئەمەمان بەتوندی نەگرت و پێمان زۆر دانەگرت و لەم جۆرە مەبەستە وردانەشدا، چاکە و هێمنایەتیی نێوان موسڵمانانمان لەبەرچاو گرتووە و ئەرکەکانی دەوڵەت و دینمان بەلاوە گرنگتر بووە..

بەڵام لەبارەی ئێلی «بابان»ەوە؛ دەبێ گـفـتـوگـۆیەکی وا بکرێت، بەرژەوەندی تێدا بێت... تا بەوجۆرەی کە چۆن لای ئێمەوە، شان و شکۆی دەوڵەت و غیرەتی سەڵتەنەت لەبەرچاو گیراوە، لای ئەوانیشەوە هەمان شت لەبەرچاوبگیرێت... هەروەک لای ئێمەوە چاوپۆشیی دۆستانە و بێ درێغیی شاهانە لەبارەی «حەیدەرانلوو و سیپەکی»[٨٠]یەوە کرابوو، لای ئەوانیشەوە بێ جیاوازیی ئیرەیی کردن، هەمان شت لەبارەی ئێلی «بابان» و پێوەندی دارانیانەوە بکرێت...

ئێستاش سوپاس بۆ خوای میری مەزن، کە بنچینەی یەکێتیی و یەکدڵیی دوو دەوڵەتی ئیسلامی پتەو و پایەدار کردووە؛ لەهەر بابەتێکەوە وەک یەک و بەئەندازەی یەک رێککەوتن ببێت و دژایەتی و کرداری نابەجێ لەهیچ لایەنێکەوە روونەدات... ئەم کورتە فەرمایشانەش، کە لە ئاستانەی پاک و پیرۆزی ئێمەوە، بەو رۆڵە پایەبەرزە خۆشەویستە راگەیاندراوە، لە بەرامبەر چاکە و ئاکارێکدا بووە، کە لەلایەن ئەم دەوڵەتە

٧٩-ئیرەوان: پایتەختی ئەرمەنستان و لەسەر رۆخی رووباری (زەنگا)یە.. ئەم شارە کە لە ساڵی (١٢٦٣ز) دروستکراوە، سەدان ساڵ بوو لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دەستاو دەستی دەکرد. لە سەردەمی شاعەباسی یەکەمدا، کەوتە دەست ئێران و لە سەردەمی فەتح عەلی شادا، بەگوێرەی پەیماننامەی (تورکمان چای) بەر رووسیا کەوت.

٨٠- لە بەشی سێیەمی رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەرۆمدا هاتووە، کە هۆزی سیپەکی و حەیدەرانلوو دەکەوتنە نێوان هەردوو دەوڵەتەوە، کە کێشەیان لەسەریان هەبووە؛ بەڵام ئێستا کە لە خاکی عوسمانیدان؛ دەبێ ئەگەر هاتنە سنووری ئێرانەوە و زیانیان گەیاند، پێویستە سنووردارانی عوسمانی، لە قەدەغەکردن و رێنوێنی کردنیاندا وردبین بن... ئەگەریش هەر دەستبەرداری زیان گەیاندن نەبوون و سنووردارانیش نەیانتوانی بەرهەڵستیان بکەن، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی پشتیوانییان لێ نەکات. چونکە ئەوانە بەخواست و ئارەزووی خۆیان تێپەڕ دەبن و دەوڵەتی عوسمانی دەست نەهێنێتە رێیان و دوای ئەوەش کە هاتنە خاکی ئێرانەوە، ئەگەر دووبارە بچنەوە خاکی عوسمانی، رێیان نەدرێ و داکۆکیشیان لێ نەکرێ.. کە لە خاکی ئێرانیشدابن، نابێ زیان بە خاکی عوسمانی بگەیەنن و دەبێ سنووردارانی ئێرانی لە ئاستیاندا وردبین و چاوکراوەبن. (بنوارە: کۆمەڵە پەیمانگەلی دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران، لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا – ص١٩٨).



پایەبەرزەوە و لەبابەت وەرگرتنەوەی وڵاتە گیراوەکاندا، یەکجار کەم و بێ بایەخە... دەبێ ئەو رۆڵەیەشمان دوای بەجێهێنانی ئەم فرمانە، ئیمزای مۆری هەتاو ئاسایی، جیهان ئارای پاک، بە موبارەکیی و خۆشییەوە دابنێ... قەڵا و وڵاتەکان بەدەستەوە بدات، بناغەی دۆستیی و یەکێتیی هەردوو دەوڵەت، رۆژ دوای رۆژ ئاشکراتر بکات و لەئەستۆی بگرێت[٨١].

***

لەبەر رۆشنایی ئەم فرمانەی **فەتح عەلی شادا**، عەبباس میرزاش نامەیەکی بۆ «محەمەد رەئووف پاشا»ی والی ئەرزەرۆم ناردووە، تیایدا داوای کردووە: وەک چۆن ئێران لە داوای گێڕانەوەی ئێلەکانی سیپەکی و حەیدەرانلوودا، دەستی هەڵگرتووە، دەوڵەتی عوسمانیش دەست لە داوای گێڕانەوەی ئێلی بابان هەڵبگرێت؛ کە ئەمە ئەو نامەیەی عەبباس میرزایە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ١١

بابەت: بڕیارنامەی ئەرزەرۆم

مێژوو: رەبیع ئەوەلی ١٢٣٩ کۆچی

(تشرینی دووەم/ کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ز)

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٤٩

## نامەی عەبباس میرزا
## بۆ: محەمەد ئەمین رەئووف پاشا- والی ئەرزەرۆم

جەنابی جوامێر و باوان مەزن، لە خانەدانی و بەرزییدا پایەدار، لە گەورەیی و شکۆدا بەهرەدار، دەرەتانی خەڵک، بەراوێژ و بیری تیژ، رێکخەرەوەی کاروبار، بەبیری چاک، تەگبیری بیری بەخشندە، وەزیری بێ وێنەی پایەبەرز، سەرۆکی یەکەم... محەمەد رەئووف پاشا، فرماندەی سوپای قۆڵی خۆرهەڵات و والی وڵاتی ئەرزەرۆم، بەئاگادارکردنەوەی جگەر سۆزانە و تایبەتییەوە رادەگەیەنین، کە:

٨١- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبوڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: ٣٧٠٩٤ .



عەباس میرزا (١٧٨٩ - ١٨٣٣)

بەو هۆیەوە کە ئەو جەنابە لە کاری ئاشتبوونەوەی هەردوو دەوڵەتدا دەستێکی باڵای هەبووە و دەبێ لە هەموو رووداوێکیش ئاگاداری بکەینەوە... بۆیە لەم کاتەدا، کە فرمانی لەگشت سەرووتری پیرۆزی شا، دوای چاوپێکەوتنی رێکەوتننامەی پیرۆز، ئەوەی کە لە (دارالخلافە)ی تارانەوە گەیشتووە، بەشانازی و سەرفرازییەوە هاتۆتە گۆڕێ و پەیڕەوکراوە... هەڵگری ئەم نامە خۆشەویستیی ئامێزەمان بەنامەبەردا نارد و ئەو جەنابەش لە سەرنج و بۆچوونی جیهان رازێنەری شاهەنشاهی ئاگادار دەکەین، کە لە سایەی خوای گەورەوە، بنچینەکانی ئەم ئاشتییە پیرۆزە، کە بەرچاوی هەتاو ئاسای پاشا کەوتووە؛ لە رادەبەدەر لە رووداوی ئاشتبوونەوە و سارێژ بوونەوی نێوان دەوڵەتی ئیسلامدا، زۆر سەرودڵخۆش بوون... سەرجەمی مەرج و بڕگە گرنگەکانی بەتەواوی سەلماندن و پەسەندی فەرموون..

لە بەدەستەوەدانەوەی وڵاتە گیراوەکان و قەڵا داگیرکراوەکان و بڕیارەکانی تریشدا، بەهیچ شێوەیەک پێداگریی نەفەرمووە و هیچ رەخنە و



پرسیار و وەڵامێکیش بۆ سەرانی هەمیشە پایەداری دەوڵەتی سوڵتانیی نەماوەتەوە، جگە لەیەک بەند نەبێ، کە لە دوو تووێیی رێکەوتننامە پیرۆزەکەدایە و سەبارەت بەئێلەکانی «سیپەکی و حەیدەرانلوو»ە... بەمەش رێز لە شان وشکۆی دەوڵەتی سەربڵندی عوسمانی گیراوە... لە کاتێکدا دەبوایە بەرابەریی و رێککەوتن لە نێوان دوو دەوڵەتی ئیسلامدا، بەگوێرەی هاوشانی و چوون یەکی ببوایە... کەچی ئەمە، نەلای ئەو جەنابە و نەلای نوێنەر و کاربەدەستانی ئێمەش لەبەر چاونەگیراوە.

لەم رووەوە تا رادەیەک ئێمەیان بەر رەخنەی شاهانە خستووە... ئێمەش بەو جەنابە کارزان و وردبینە، هەر ئەوەندە ئاماژە دەکەین و دەڵێین: چونکە ئەم دوو دەوڵەتە هەمیشەییییە، لە بناغەدا یەکن؛ لە بەرامبەر سەرانی دەوڵەتی پیرۆزیشدا بەرپرسیارن... بۆیە رێککەوتنی باش و یەکێتیی نێوان هەردوو دەوڵەت، پێوەندی بە لەبەرچاوگرتنی یەکسانیی و وەک یەکبوونی هەردوو پێشگاوەیە و دەبێ ئەم جۆرە وردبینانە رەچاو بکرێت..

ئێستاش کە تا رادەیەک کەمتەرخەمیی کراوە؛ چارەی کەمێک بایەخ پێدانە لای ئەو جەنابەوە... ئەم کارە خێرەش، کە بەهاوبەشیی نوێنەرانی ئێمە و هەوڵدانی ئەو جەنابە پێکهاتووە و بەیارمەتی خوای گەورەش، خاڵە گرنگەکانی بەرەو تەواوبوون دەچێ، زۆر حەیفە لە پێناوی مەبەستێکی بچووک و کورتەباسێکدا (خوا نەخواستە) پەکی بکەوێت. خواش ئاگادارە لەو رۆژەوە تا ئێستا، کە هەواڵی ئەم پەیمانی ئاشتبوونەوەیە گەیشتووە، بۆ بڕانەوە و تەواوکردنی ئەم کارە، تەقەڵلامان زۆر داوە و دەقیقەیەکیش پشتگوێمان نەخستووە و درێغیمان نەکردووە... ئەوەندەش کە توانیومانە داکۆکیمان لێکردووە و دەیکەین... لە ماوەی ئەم دوو ساڵەشدا، کە ئەو جەنابە پایە بەرزە، لەم قوڵەوە راسپێردراوە، بەپێچەوانەی ئەوانیترەوە، هەموو کاروبارەکانی بەدڵی هەمووان بووە و ئەو ترسەی خەڵکی تر، خستوویانە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسلامەوە، ئەو جەنابە کردوویەتی بەدۆستایەتیی... ئەو ئاژاوەیەش کە لە ئیسلام ئاڵاوە، کردوویەتی بەخێرخوایی و ئاشتی و لە راستیدا بووە بەهۆی چاکەی زۆر، کە بەیادگار لێی بەجێدەمێنێت و لەوە دنیاش بۆی دەبێتە دەستمایەی رزگاری.

لەبەرئەوە بەباشمان نەزانی ئەم کارە خێرە، ئەرکی چاکی خۆی تەواو نەکات و ناوێکی باشی لەدوا بەجێ نەمێنێ. بۆیە دەبێ ئەو جەنابە، خۆی

ویژدانی بجوولێت؛ تا هەرکاتێ بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتە، لە بواری یەکێتیدا چاوەنواڕی ئەوە بکەین بۆ گرێدانی ئەم مەبەستە، بەهەموو لایەنێکیەوە، چ لە بابەت ئەو بەڕێزانەی هاتووچوون دەکەن و هەڵسوکەوتی کاسب و تاجر و بەدەستەوەدانی قەڵاگیراوەکان و گرتنەوەی داراییە دەست بەسەر داگیرکراوەکان و دانەوەی هەرێمەکان و نەدانەوەی ئێلەکان... تا گەورە پیاوانی ئەو دەوڵەتە، لەگەڵ یەکدڵی و دڵپاکیدا، لە ڕێگەی وەک یەکبوون و بەرابەریدا کار بکەن... تا بەشی لێپرسینەوە و وەڵامدانەوەمان لە بەرامبەر یەکتردا بمێنێ... ڕاستییەکەش ئەوەیە: هەرکاتێ (خوا نەخواستە) دۆستایەتی لە نێواندا نەبێت، پاڕانەوەی کەسێک و چەند کەسێک و نووسینەوەی خەتێک و پیتێک، دروست نییە... بەڵام هەرکاتێ دۆستایەتی کەوتە نێوان و بیانەیی بوو بەیەکێتیی و هەرا و هەڵڵای جیایی و دوولایەنی لە ئارادابوو، ئەم چەشنە لالانەوە و نووسینەوەی ئەم نامانە، لە داب و باسی دۆستایەتی و یاسای یەکلایەنیدا ڕێگەی پێدەدرێ و باوە و دژ بەشێوەی ئاکاری پاشایانی دێرین و گەورە و بیرچاکان نییە و ئەگەر جوانیش شیی بکەینەوە، تکایەک لەمە بچووکتر نابێت، کە گەورەپیاوانی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی، ئەوەی بەسووکایەتی کردن بەخۆیانی دەزانن، بەسووکایەتی کردن بەم دەوڵەتەشی بزانن و لەبەردەم پیادەکردن و ئەمر پێکردنیدا، جیاوازییەک لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا دانەنێن؛ کە بەیەکەوە یەکدڵ و دڵپاکن.

بۆیە دەبێ ئەو جەنابە، ئەم کارە بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ. ئەگەر خوای میهرەبانیش بیەوێت، زۆر زوو ئەنجامی بدات و بەگورجی وەڵامەکەی عەرز بکات و بەئەرکی خۆی بزانێت[٨٢].

دیسان عەبباس میرزا لە نامەیەکی تریدا، کە هەر بۆ «ڕەئووف پاشا»ی نووسیوە، سەبارەت بەهەمان کێشە ئاگاداری کردۆتەوە، کە «حسێن خانی بێگلەربەگی ئەریوان» ڕاسپێردراوە ئەم کارە ئەنجام بدات و سەرئەنجامەکەیشی وەربگرێتەوە، کە ئەمە دەقی ئەو نامەیەی عەبباس میرزایە:

٨٢- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: E -٣٧٠٩٤ .



بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢

بابەت: گۆڕین و دەستکاری بڕێک لە پەیماننامەکە

مێژوو: ١٢٣٩ کۆچی ، ١٨٢٣ز

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تأریخی ایران (قاجاریە)

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٥١

## نامەی عەبباس میرزا
## بۆ: محەممەد ئەمین ڕەئووف- والی ئەرزەڕۆم

...[٨٣] ئەگەرچی هەستی هومایۆنانەی خاوەن شکۆ، لەحاند ڕێکەوتننامە پیرۆزەکەدا لەوپەڕی سەرودڵخۆشییدایە و بەڕەزامەندییەوە بەندەکانی هەموو ڕێککەوتننامەکەی، بەئیمزای شیرینی سەروەراندووە... بەڵام لەمەڕ ئێلی «بابان» و بڕێک شتی بچووکی تردا، کە لە ئاستی شان و شکۆی دەوڵەتی بەڕێزدا نییە، چەند ڕەخنەیەکی سەروەرانەی فەرمووە و میری میرانی مەزن و هێژای پایەبەرز و...[٨٤] سەرداری زۆر بەڕێز و بوێر: حسێن خانی بێگلەربەگی ئیرەوان، کە بەچاوپاکی و هزرڤانی ناسراوە و بەئێوە نزیکە؛ لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە و بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە خێرە، فرمان پێکردووە.

هەروەها پایەبەرز، شکۆمەند و بەختەوەر، پاڵاوتەی ئەعیان و شێران: ئاغا مستەفای **وەقائیع نیگار**ی پێشووشمان بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە و وردەکارییەکانی ئەم کارە، دەستنیشان کردووە.

ئاشکرایە ئەو بەڕێزە، لە ئەنجامدانی سەرلەبەری کارە باشەکاندا هەموو بایەخ و تین و هەستی چاکەخوازیی خۆی، لەپێناوی خێری هەردوو دەوڵەتدا تەرخان کردووە و بەهۆی ئەو نیازە خێرە و چاکەی کەلەودا شک دەبرێت؛ لەو شتە بچووکانەدا، کە لە بەرامبەر پتەوبوونی هەردوو دەوڵەتدا، زۆر بچووک و لاوەکین و لە پێناوی یەکێتیی و یەکخستنی دوو

٨٣- کۆمەڵێک ڕستەی فش و فۆڵی باوی نامەکاریی نێوان شا و سوڵتان و سەرانی دەرباری دەوڵەتانی ئەو سەردەمەیە.

٨٤- ئەمیش هەر کۆمەڵێک ڕستەی پڕ لە ستایشی پێش ناوهێنانی کەسێکی ناو نامەکەیە.

دەوڵەتی شکۆداردا، تەقەللا و رەنجی زۆری کێشاوە و چونکە لە دەستپێکی ئەم کارە خێرە بەتەقەللای ئەو جەنابە هاتۆتە دی، دەبێ دوایی پێهێنانەکەیشی دیسان هەر لەبەردەست خۆیدا بێتە ئەنجامدان و پەلەبکات و هەر بەم زووانەش ئیمزای پەیماننامە موبارەکەکە، لەتەک باڵوێزدا، لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە بۆ دەرباری ئەو گەورەجێگایە، بەرێ دەکرێت.

بۆ سەرلەبەری دنیاش روون و ئاشکرایە، کە لە باسکردنی ئەم بەندانەی رێککەوتننامەکەدا، جگە لە لەبەرچاوگرتنی چاکەی دەوڵەتی پایەبەرز، مەبەستێکی تری تێدا نییە و پەیمانی دۆستایەتی کردنی هەردوو دەوڵەت دەچەسپێ... بەیاریدەی خوا لەمەودواش بەردەوام لە داروبار ئاگادارمان دەکاتەوە. الخاتمة بالعافية(٨٥).

***

پێدەچێ عەبباس میرزا بۆ خۆ دەربازکردن لەو گلەیی و رەخنەیەی سەبارەت بەبەندی یەکەمی رێککەوتننامەی ناوبراو، لەلایەن فەتح عەلی شاوە لێی گیراوە، زۆر تەنگەتاوی کردبێ و داوای لە هەندێ لە گەورە بەرپرسانی تری دەرباری قاجاری کردبێت، تا ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست و گوشاری زیاتر و چاو پێداگێڕانەوە و چاککردنەوەی ئەو بەندە؛ نامە بۆ سەرانی دەرباری عوسمانی بنووسن، وەک ئەم دوو نامەیەی کە «محەمەد حسێن خان»ی سەرداری ئیرەوان، بۆ «رەئووف پاشا»ی والی ئەرزەڕۆم و والی قارس نووسیون:

**نامەی یەکەم:**

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣
بابەت: گۆڕینی بڕێک لە بەشەکانی رێککەوتننامەکە
مێژوو: ١٢٣٩ کۆچی ١٨٢٣ز
سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)
بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٥٢

٨٥- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی همایۆن- ژمارە: g- ٣٧٠٩٤ .



## نامەی محەمەد حسێن خان(٨٦)- سەرداری ئیرەوان بۆ: رەئووف پاشای والی ئەرزەڕۆم

... دوای پتەوکردنی بنەماکانی دۆستایەتی و پاکێتیی، لەسەر لاپەڕەی یەکلایی بوونەوە دەنووسرێت، کە:

ئەگەرچی لە بەدیهێنانی رێکەوتننامە موبارەکەکەدا، هەستی سۆزداریی رووناکی هومایۆنانەی شاهەنشاهی (گیانم بەقوربانی بێ) زۆر ئاسوودە و سەرودڵخۆش بووە و هەموو بەندەکانی رێکەوتننامەکەی ئیمزا کردووە؛ بەڵام لەمەڕ ئێلی «بابان» و بڕێک شتی بچووکی دیکەدا، کە لە ئاستی شان و شکۆی دەوڵەتی پایەداردا نین، رەخنەیەکی شاهانەیان لە حەزرەتی نایب سەڵتەنەی مەزن فەرمووە، چونکە ئەعیانی ئێلی بابان تکا و داخوازییان لە شاهەنشا کردووە، کە سپاردنەوەی ئێمە، بەقۆڵ بەستراویی، بەدەوڵەتی عوسمانی، لە مروەت دوور و پێچەوانەی غیرەتی شاهانەیە. لەبەرئەمە، سەبارەت بەوەلیعەهدیش قسەیەک کراوە، کە ئەگەر لەبەرامبەر ئێلەکانی سیپەکی و حەیدەرانلوو-شدا پێداگرییەک نەکراوە، لەبەرئەوە بووە کە ئەوان خۆیان پەنایان بۆ دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی بردووە، بۆیە بەوێ دراونەتەوە... لە بەرامبەر ئەمەدا ئێلی بابانیش کە پەنایان بۆ دەوڵەتی بوێرمان هێنابوو، دەبووایە، ئەوانیش (دەوڵەتی عوسمانی) لەم رووەوە پێداگرییان نەکردبایە..

بەم هۆیەوە، هێژا، پایەباڵا، جوامێر و هاوڕێی بەختەوەریی، پاڵاوتەی هەموو ئەعیانەکان: ئاغا مستەفای وەقائیع نیگاری حەزرەتی گەورە، کراوەتە نوێنەر و بۆ گەیاندنی نامەی موبارەک و روونکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەم باسە، دەستنیشان و رەوانەی لای ئەو جەنابە کراوە. دیارە ئەو جەنابەش لە ئەنجامدانی هەموو کارێکی خێر و رەچاوکردنی چاکەی هەردوو دەوڵەتی مەزندا، کاری ئاشکرا و بەرجەستەی دیارە و هەر

٨٦- حسێن خان (١٧٠٣-١٨٢٩ز) کوڕی محەمەد خانی قاجار، بێگلەربەگی ئیرەوان-ە. لە سەرەتادا لای فەتح عەلی شا، لە شیراز و دواتر لە رۆژگاری سەڵتەنەتی فەتح عەلی شادا، کرایە حاکمی خۆراسان و ساڵی ١٨٠٦ز- کرایە سوپاسالاری هەموو ئێران و سەرئەنجام بووە سەرداری ئیرەوان. ساڵی ١٨٢٨ز- دوای تێکشکانی ئێران لە بەرامبەر رووسیادا و داگیرکردنی ئیرەوان لەلایەن رووسیاوە هاتەوە ئێران و سەرلەنوێ بۆ خوراسان نێردرایەوە و دواتر هێنرایەوە تاران و لە تەمەنی (٩٠) ساڵیدا مرد.

*لەشک بردنی ئەو گیانی چاکەخوازییەش کە تێدایەتی، لەم کارە بچووک و لاوەکییانەدا، گیانی دۆستایەتی و یەکێتیی هەردوو دەوڵەتی شکۆدار دەنوێنێ و ئەوپەڕی تەقەللای خۆی دەدات... دڵنیاین دوای گەیشتنی پایەبەرز و گەیاندنی فرمانەکانی وەلیعەهدی گەورە و پەیامەکانی ئەم دۆستەش، شێلگیرانەتر تێهەڵدەچێ و بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارانە، گورجوگۆڵیی زیاتر دەنوێنێ؛ تا بەخێرایی بگەڕێتەوە و ڕێککەوتننامە موبارەکەکەش لە بارەگای گەورەوە ڕەوانە دەکرێ و ڕۆژانەش هەواڵی تەندروستی شەریفتان و کارگێڕانی ڕێککەوتننامە دەپرسین[٨٧].*

**نامەی دووەم:**

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٤

بابەت: ئێلی بابان و دەستکاری کردنەوەی هەندێ خاڵی ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆم

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٥٤

مێژوو: ١٢٣٩ کۆچی، ١٨٢٣ز

## نامەی محەمەد حسێن خان- سەرداری ئیرەوان بۆ: حسێن پاشای پارێزگاری قارس

*هەمیشە ئەستێرەی تەمەن و دەوڵەتی ئەو جەنابە جوامێرە، هەر بەرز و درەوشاوە بێت... خاوەنی جێگەی بەرز، هاوڕێی سەروەریی و شکۆ و هاودەمی سەرکەوتن. خوا هەر گەورەیی بەردەوام بکات.*

*... دوای بەچەپک کردنی بۆن و بەرامەی دوعا و دوای پاراو بوونی چیمەنی تەنیایی و پایەبڵندیی، لەسەر لاپەڕەی داخوازیی دەنووسرێت، کە: لە باشترین و شیرینترینی کات و ساتەکانمدا خەریکی خوێندنەوەی نامە دۆستانە و دڵشادانەکەی هێژا و بەڕێز: بورهان ئاغا تاتاربووم، کە تیایدا لە درەنگ گەیشتنی نێردراوی دەوڵەتی بوێرەوە هاتبوو، کە تەتەرەکەیان لەشاری ئیرەوان ڕاگیرکردووەو تەتەرێکیشیان بۆ پرسیار و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕاگیرکردنە، بۆ دارولسەڵتەنەمان ناردووە... لەم کاتانەدا کە گەڕاونەتەوە و پرسیار و وەڵام و نامەکارییان لەو بارەیەوە کردووە، نێردراوێکیش لای دۆستدارەوە گەیشتووە و ئاگاداری چۆنێتی ڕووداوەکە بووە. شتەکەش بەجۆرێکە، کە حەزرەتی خاوەن دەسەڵات و وەلی نیعمەتم، وەلیعەهدی گەورەی سەڵتەنەت، لوتفنامەیەکی کردۆتە شانازیی ئەو برا شیرینە و فرمانیان بەپایەبەرز: «میرزا ئەحمەد» فەرمووە، تا ئەوانیش بنە داوەر و بابەتە دەستنیشانکراوەکان، هەقی خۆیان بدرێتێ، کە وەک چۆن بیری گەش و درەوشاوەی بەرزیان بۆی چووە.*

*لە ڕاستیدا لەلایەن پایەبەرزی خێرخواز و قیبلەی عالەمەوە، بڕێک داخوازیی فرمانیان لەبارەی ئێلی «بابان»ەوە فەرمووە، کە بەگوێرەی ئەوە، حەزرەتی وەلی نیعمەتم: وەلیعەهدی زەمان بەو برا بەڕێزەی ڕاگەیاندووە... ئەو برا بەڕێزەش دەبێ ئەوپەڕی تەقەللای بدات، تا ئەو داخوازییە بچووکە دیاریکراوە، بەباشیی گوێی پێ بدرێ و ڕێگەی دڵ ڕازیکردن و ئەنجامدانی بگرێتەبەر و هەر ڕێگە چارەیەک، کە سەڵتەنەت بڕیاری لەسەرداوە؛ بەئەنجام بگەیەنرێت.*

*لەبارەی ڕێککەوتننامە پیرۆزەکەشەوە، کە مۆری شەریفانەی خاوەن شکۆ، شوێنەواری شەرەف و گەورەیی لەسەر زیادکردووە، گەیشتۆتە دارولسەڵتەنەی تەورێز و هەر لەم ڕۆژانەشدا لەوێوەوە بۆ ئیرەوان چووە و بەڵام لەوێ ڕاگیراوە و چاوەنواڕی وەڵامنامەی جەنابت دەکرێ. لە دنیای دۆستایەتیشماندا چاوەنواڕی ئەوەت لێدەکەین زۆر بەزوویی تەتەرەکە پەشیمان و ڕەوانە بکەنەوە؛ کە بەگوێرەی خۆزگە و خواستی لایەنگرانی هەردوو دەوڵەتی مەزن، پتەوکردنی بنچینەی دۆستایەتی و زیاتر لەیەکتر نزیکخستنەوەیانە. ئەم خواستەش بەوە دێتەدی، کە ڕۆژانە، نامەی خێرخوازیی و گێڕانەوەی هەر جۆرە (...)[٨٨] داوا و ڕۆژ و ڕۆژگاریشتان بەدڵی خۆتان بێت[٨٩].*

وەک لە مێژووی نووسینی ئەم نامانەوە دەردەکەوێ، ئەم نامە و نامەکارییەی نێوان دەرباری قاجاری و عوسمانی، لەسەر بەندی یەکەمی ڕێکەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم کە تایبەت بوو بەکێشەی بابانەوە، لە مێژووی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەوە تا دوایین نامەکانی ئەم چەند بەڵگەنامەیە؛ ماوەی ساڵێکی تەواویان خایاندووە... واتە: لە ماوەی

٨٧- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: D-٩٤-٣٧٠ .

٨٨- ئەو چەند وشەیە نەخوێندراونەتەوە.

٨٩- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: B/ ٣٧٠٩٤ .

ئەو ساڵەدا دەرباری قاجاری بەردەوام داوا لە دەرباری عوسمانی دەکات، تا چاو گێڕانەوەیەک بەبەندی ناوبراودا بکاتەوە... بەڵام وەک دیارە دەرباری عوسمانی، سوورە لەسەر مانەوە و دەستکاری نەکردنی هەموو بەندەکانی پەیماننامەکە و بەهیچ شێوەیەک رازی نەبووە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە داڕشتنی ماددەکانی رێککەوتننامەکەدا بکات... تا لە دواییدا ئێرانیش بەهەمان شێوە و داڕشتنی بەندەکانی رێککەوتننامەکە، رازی بووە و دەربەستی چارەنووس و گلەیی میرەکانی بابان نەبووە... بەڵام دەربەستی ئەوە بووە، بەشێوەیەکی تر بەرژەوەندییەکانی لە کوردستاندا بپارێزێ و درێژە بەئەنجامدانی سیاسەتی پێشینەی خۆی بدات.. لەم هەلومەرجەدا «مەحموود پاشا»، کە لەهەموو میرەکانی تری بابانی سەروپێوەندی پتەوی لەگەڵ دەرباری قاجاریدا هەبووە و لەم کاتەشدا خۆی لە ئێران بووە (١٨٢٤ز)و (رەنگە کەم و زۆرێکیش دەنگوباسی ئەم نامە گۆڕینەوانەی بیستبێ)، تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێ و بێ هیوایی بووە بەرامبەر دەرباری قاجاری و بەرامبەر چارەنووسی خۆی، بۆیە نامەیەکی پاڕانەوە ئامێزی، بە خالید بەگی ئامۆزایدا بۆ داود پاشای والی بەغداد ناردووە، تا لێی ببوورێ و رابردووی لە بیر بکات، کە ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥

بابەت: داوای لێبووردن و بەخشین

مێژوو: ١٠ربيع الاول ١٢٤٠ کۆچی،

(١٨٢٤/١١/٣ز)

سەرچاوە: اسناد ومكاتبات تاريخی ايران (قاجاريه)

بەرگی: دووە. لاپەڕە: ٦٦

## نامەی مەحموود پاشای بابان
## بۆ داود پاشای والی بەغداد

*جێی هیوای نۆکەران، داڵدە و پەناگە*

*مەبەست لە ناردنی هێژایان: سەیید مەحموود و سەیید محەمەد بەرەو دەروازە، بەدابی ئەو شیفاعەتە بوو، کە دەروازەی مەرحەمەت و چاودێریی حەزرەتی ئەولیای نیعمەت، بەڕووی نۆکەراندا بکرێتەوە... لەو روانگەیەشەوە کە لێبووردن و چاوپۆشیی، لە تاوان و کاری چەوتی نۆکەران، هەر لای ئەولیای نیعمەتانەوە بووە. بۆیە دەرگای لێبووردن*



*کرایەوە. سوپاسیش بۆ خوا، کە (أذهب عنّا الحزن)[٩٠] وسلب من المحن.*

*سەرئەنجامیش راستگۆیی لەسەر ئەم نۆکەرەی پێویست کرد، تا یەکێک لە نزیکان و خزمانی خۆی (کە دەسەڵاتی ژیان و مردنی ئەم نۆکەرەی هەیە)، بەدابی دەخاڵەت، بەرەو دەرگای لێبووردن و بەخشین پیشەی حەزرەتی وەلی نیعمەت ناردووە. بۆیە پایەبەرز: خالید بەگی ئامۆزای خۆی و لەباتی خۆی، بەناوی دەخاڵەتەوە، رەوانەی دەروازەی لێبووردن و بەخشینی بێ بڕانەوە؛ حەزرەتی وەلی نیعمەت کردووەو سکاڵانامەیەکی راستگۆیانەیشی بەنیازی لاڵانەوە و پاڕانەوەوە بۆ بەر بارەگای سەرچاوەی رووناکیی نووسیوە:*

***(أز إبتدای دور آدم، تا بەعهد پادشاه***

***از بزرگان عفو بوده است، از فرودستان گناه)[٩١]***

***لە سەرەتای رۆژگاری ئادەمەوە تا سەردەمی سوڵتان***

***لە گەورە و مەزنان لێبووردن بووە، لەژێر دەستانیش تاوان***

*سکاڵا و ئومێد و تکا و هانای ئەم نۆکەرە، لە بەرپێی مەرحەمەت ئامێزی وەلی نیعمەتدا، بۆ ئەوەیە: کە بەڕاستیی و بەیەکجاریی، سەبارەت بەم نۆکەرە دێرینە و کۆیلە راستگۆیە، بەجۆرێک بەڕوون و بەئاشکرایی بیفەرموون، کە قەڵەمی چاوپۆشیی و لێبووردن و بەخشینی یەکجارەکیتان، بەسەر لاپەڕەی تاوانەکانی ئەم نۆکەرە دڵسۆزەتاندا بکێشرێ و ئەم نۆکەرە بەشێوەیەکی وا بکەوێتە بەر فرمانی بەخشین و لێبووردنتان، تا بۆ دوور و نزیکان و تورک و تاجیک-یش روون و ئاشکرابێت، کە حەرزەتی ئەولیای نیعمەت، لە بەرامبەر گوناحکار و خەتاکار و تاوانبارێکی وادا، چاوپۆشیی و لێبووردنێکی وای نیشان داوە، کە ببێتە ویردی سەر زمانی ئەم رۆژگارە و بۆ داهاتووش ببێتە داستان و پەند.*

*لەوە زیاتر بێ ئەدەبیی ناکەم و ئەمری خوا بەجێ دەهێنم.*

*مۆر: أفوض امري الى الله، عبده: محمود[٩٢].*

٩٠- سورەتی «فاطر»، ئایەتی ٣٤ .

٩١- بەیتێک شیعری مەولەوی رۆمییە.

٩٢- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: E- ٣٧٢٢٠٢ .

بەلام (٤) ساڵ دوای ئەم نامەیەی مەحموود پاشا و دوای ڕێکەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆمیش، کە دەبووایە ئیتر ئێران دەست لە کاروباری بابان هەڵبگرێ و پێوەندیی لەگەڵ میرانی باباندا نەمێنێ؛ کەچی وەک بەڵگەنامەکان دەری دەخەن، پێوەندی نێوان دەرباری قاجاری و میرنشینەکانی بابان، وەک خۆیەتی و لەشکر و سوارەی بابان لەدوا جەنگی ئێرانی، رووسی (١٨٢٦-١٨٢٨ز)دا بۆ پشتیوانیی لە ئێران، بەشداری جەنگەکە بوون و بەپێی بەڵگەنامەیەک دەبووایە مەحموود پاشا، بەگوێرەی بەڵێنێک کە پێشتر بە «عەبباس میرزا»ی داوە، هەندێ سوارەی تری بابانی، بۆ بەرەکانی جەنگەکە و یارمەتیدانی ئێران بنێرێ؛ کە عەبباس میرزا لەم بەڵگەنامەیەدا، داوای بەجێهێنانی بەڵێنەکەی مەحموود پاشا و داوای ناردنی سوارەکانی بابان دەکات، کە ئەمە دەقی ئەو نامەیەی عەبباس میرزایە، بۆ مەحموود پاشای بابان:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٤

بابەت: نەگەیشتنی سوارەی بابان

مێژوو: ٦ی ذیقەعدەی١٢٤٢کۆچی (١٨٢٧/٦/١ز)

سەرچاوە: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی: دووەم

لاپەڕە: ٨٦

## فرمانی عەبباس میرزا
## بۆ: مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی

*فرمان بەوە گەیشتووە، کە: لە شکۆ و بەرزیی بەهرەدار، گەورە و مەزن نەژاد، دلێر و ڕەگەز پاک، سەربەرز و بێباک، یەکڕەنگ و دەسەڵات چاک، میری میرانی گەورە، جەنابی مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی و شارەزوور و کۆیە و هەریر... کە لەژێر چاودێریی خاوەن شکۆ بەشدار بووە... بزانێت کە:*

*بڕیاری ئەو پایەبەرزە، خۆشەویستە ئەوەبوو؛ کە سوارەی «بابان» بەجۆرێک بەڕێ بکات، تا لە (دووەمی مانگی شەوالدا، ١٨٢٧/٤/٢٩ز بگەنە هاوئاوزەنگییانی خاوەن شکۆی بەختەوەر... بەڵام تا ئێستا. کە ڕۆژی هەینی، شەشەمی ذیقەعدەیە، سوارگەلی ناوبراو، نەک هەر*



*نەگەیشتوون، بەڵکو هیچ شوێنەوارێکیش لە هاتنیان دیار نییە... بۆ پایەبەرزێکیش کە لافی یەکڕەنگیی و یەکدڵیی لێدەدا... خۆی بەپاک و ڕاست دادەنێ... لە کاتێکی وەهادا، شتی وای لێ ناوەشێتەوە؛ کە تا ئێستا سوارەکانی خۆی، وەک چۆن بڕیاربوو؛ نەناردبێت!..*

*بۆیە پێمان وایە ئەو بەڕێزە، لە ڕاپەڕاندنی کارەکەدا، ئەوپەڕی خۆ نەبانکردنی نواندووە... بۆچی دەبێ ئەو پایەبەرزە، لەم کاتەدا لە بەجێهێنانی ئەم خزمەتەدا، کە قازانجی دنیایی تێدایە و هۆی زیادبوون و پتەوبوونی دینێتی؛ خۆی ببوێرێ!؟* [٩٣]

*بەکورتی بەیاریدەی خوا، ڕۆژی هەشتەمی ئەم مانگە، سوارەی پیرۆزی بەڕێز، لە تەورێزەوە بەڕێ دەکەوێ... قشوونی هەمووولایەک، بۆ هاوئاوزەنگیی هەمیشە سەرکەوتوو هاتوون؛ جگە لە سوارەی (بابان)، کە هێشتا نیشانەیەک لە هاتنیان دیارنییە..*

*هەڵگری نامە، کە ئەم فرمانە بەرزەی پێیە، ڕەوانەمان فەرمووە. لای ئەو پایەبەرزەوە رادەگەیەنین، کە ئەگەر ئەو پایەبڵندە، سوارگەلی بڕیاردراوی خۆی دەنێرێت؛ بەگەیشتنی ئەم فرمانەی ئێمە، ڕەوانەیان بکات و وا ئەمریان پێبکات، کە بەگورجی و بەپەلە ڕێ بکەون و بگەنە هاوئاوزەنگیی خاوەن شکۆ... خۆ ئەگەر لەلایەن ئەو پایەبەرزەوە، هۆیەک هەبێت، دیارە پایە باڵا: محەمەد حەسەن بەگی غولام، پێشخزمەتەکەی لای جەنابتان لەوە زیاتر ڕاگیرنەکات و ڕەوانەی ڕیکابی خاوەن شکۆی بکاتەوە و بەئەرکی خۆی بزانێت* [٩٤].

***

دوای بڕانەوەی دوا جەنگی ئێرانی- رووسی (١٨٢٦-١٨٢٨)، کە لە (١٨٢٨/٢/٢٢)دا بەرێکەوتننامەی (تورکمانچای) دوایی پێهێنرا، هەمان شەوی دوای ئیمزا کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، عەبباس میرزا نامەیەکی بۆ مەحمود پاشای بابان نووسیوە، تیایدا ئاگاداری دەکات کە ڕێکەوتننامەی لەگەڵ رووسدا ئەنجام داوە و داوای لێدەکات هەواڵی ڕێکەوتننامەکە بەخەڵک رابگەیەنێ:

٩٣- ئەمە نیشانەکانی ئاشکرای ئەوەیە، کە مەحموود پاشا لە بەرامبەر ئەم داوایەی عەبباس میرزادا، نەیویستووە سوارەی کورد بۆ ئەو جەنگە بنێرێ.

٩٤- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبوڵ- خەتی هومایۆن- ژمارە: ج/١٨.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٠

بابەت: ڕێکەوتننامەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕووسدا

مێژوو: ٦ی شەعبانی١٢٤٣کۆچی (١٨٢٧/٢/٢٢ز)

سەرچاوە: اسناد ومكاتبات تاريخى ايران (قاجاريه)

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٩٦

## فرمانی عەبباس میرزا
## بۆ: مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی

*حوکمی خاوەن شکۆ بەوە گەیشتووە، کە: پایەبەرزی جێگە باڵا، مەزن و سەربڵند و پەناگا، ڕەگەز جوامێر و زانا، لە مەبەست و ئامانج بەئاگا، میری گەورەی میران، حاکمی شارەزوور و بابان، بەلوتفی بیری پیرۆزی سامدار و هێژا، ئومێدەواربێت و بزانێت، کە:*

*لە قۆناغەرێی «تورکمانچای» [٩٥]دا، سەرکردەی ڕووس، بەخزمەتمان گەیشت و کۆبوونەوەی ئاشتی پێکهات و کاری «ڕێکەوتن»، بەمویارەکیی بەڕێوە چوو... ئاشتینامە لەلایەن نوێنەرانی هەردوولاوە مۆرکرا... ئەمشەویش کە شەوی هەینی: ٦ی مانگە، گەیشتووینەتە ئەنجام.*

*دەبوایە ئەم مژدەیەمان بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە بناردایە... لەبەرئەوە پایەبەرز: فەرۆخ خان-ی پێشخزمەتمان ڕاسپارد و ئەو ناوچانەمان بەڕوونکردنەوەیەکی جوامێرانە سەربەرز کردەوە..*

*ئەو مەڵبەندەش ئەم هەواڵی خێرە، بەهەموو خاکی ئەو وڵاتانە ڕابگەیەنێ و هەموو کەس لە دلۆڤانیی و میهرەبانیمان ئاگادار و دڵخۆش بکات... دڵنەوازییمان بەلێبوڕێژیی و ئەرکی خۆی بزانێت.* [٩٦]

***

٩٥- تورکمانچای: گوندێکە لە نزیک تەورێز.

٩٦- مەبەست لە: باسکۆڤیچ-ە.

سەرنج: لە ساڵی ١٨٢٨ز-دا، سەرکردەی ڕووسی «باسکۆڤیچ» لە ڕووباری (ئاراس) پەڕییەوەو هاتە ناو خاکی ئازەربایجانەوە.. لە ماوەیەکی کەمدا «تەورێز»ی داگیرکرد و داگیرکردنی تەورێزیش بووە هۆی لێک پچڕانی هێڵەکانی پێوەندی عەبباس میرزا و پایتەخت و مەڵبەندی شارەکان.

بۆیە بەرەو پایتەخت کشانی هێزی ڕووس، عەبباس میرزای ناچارکرد مەرجەکانی ئاشتی قبووڵ بکات. بۆ =



مەحموود پاشای بابانیش بەپێی فرمانەکەی عەبباس میرزا، بابەت و ناوەڕۆکی نامەکەی عەبباس میرزا، دەکاتە نامەیەکی خۆی بۆ «سەیید مەحموود، موفتی کەرکووک»، تا لە ڕێگەی ئەوەوە هەواڵی ڕێکەوتننامەکە، بەکاربەدەستانی بەغدادیش بگات:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٢

بابەت: ڕێککەوتنی ئێران و ڕووس

مێژوو: ٢٤ی شەوال ١٢٤٣کۆچی، ١٨٢٨/٥/١٠ز

سەرچاوە: اسناد ومكاتبات تاريخى ايران (قاجاريه)

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٩٨

## نامەی مەحموود پاشای بابان
## بۆ: سەیید مەحموود ئەفەندی- موفتی کەرکووک

*جەنابی پایەبەرزی نازناو پیرۆز، سەرتۆپی زنجیرەی ساداتی مەزن و بەڕێز... برام سەیید مەحموود ئەفەندی، خوا دەوامی بدات.*

*دوای پێشکەشکردنی سەلامی بێ ئەندازە و بێ بڕانەوە، ڕادەگەیەنرێت، کە: پێشتر بۆ ئەو جەنابەم نووسیبوو: ناوبەناوێک هەواڵی وتووێژی ئاشتبوونەوەی نێوان ڕووس و ئێران، تازە دەبێتەوە... پیاومان ناردبوو، پوختەی هەواڵەکانمان بۆبهێنێ... هەر کاتێکیش هەواڵی ڕاست گەیشت، عەرزی دەرگای پایەبەرز دەکرێت.*

*ئەوانەی بۆ دەستخستنی هەواڵەکان ڕۆیشتبوون، هێشتا نەگەڕاونەتەوە.*

*بەڵام «فەرۆخ خانی موکری»، کە لەلایەن نایب سەڵتەنەوە هەواڵی ئاشتبوونەوەی بۆ هێناوین؛ لە ڕۆژی دووەمی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا (١٨٢٨/٣/١٩ز) گەیشتووە و نامەیەکیشی پێگەیاندووین، کە باس لە ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنی تێدا نووسراوە... لە نامەکەی ناوبراودا وا*

=ئەمەش: «ماکدۆناڵد»ی باڵوێزی ئینگلیز بووە ناوبژیکار و لە گوندی «تورکمانچای»، کە لەسەر ڕێگەی (میانە-تەورێز)دایە، بەئامادەبوونی عەبباس میرزا و قایمقام: میرزا ئەبولحەسەن خان و ئاسەف دەولە پێکهات.. سەرئەنجام نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و ڕووس، لە (٥ی شەعبانی ١٢٤٣ کۆچی- ١٨٢٨/٢/٢٢ز)دا، پەیماننامەی تورکمانچای-یان ئیمزاکرد.. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیەش، ئێران بەشێکی زۆری لە خاکی خۆی لەدەست دا.

*دەردەکەوێ کە لە (**٢٧**ی شەعبانی **١٢٤٣** کۆچی، **١٨٢٨/٣/١٧**ز) دا، سەرکردەی رووسی*[٩٧] *، شاری تەورێزی بەجێهێشتووە و رۆیشتووە... نایب سەڵتەنەش بۆ «مەراغە» چووە و لەوێوە هەواڵی ئەو ماڵ و خانووانەی بۆ تەورێز ناردووە، کە هێزەکانی رووس تێکیان داون... دوای تەواوبوونی مانگی رەمەزانیش بۆ تەورێز دەچێت... بناغەی کاری ئاشتبوونەوەکەش لەسەر ئەو رێوشوێنە دانراوە، کە ئەوبەری* ***ئاوی ئاراس***، *هەمووی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رووس و ئەمبەریشی لەژێر دەسەڵاتی نایب سەڵتەنەدا بێت.*

*نووسراوەکەی فەرۆخ خان دەڵێت: جەعفەر قولیخانی کوڕی ئەحمەد خانی مەراغە، لەگەڵ سەرکردەی رووسدا رۆییوە... هەروەها میر ئەبولفەتح*[٩٨] *، کە پێشنوێژ و رابەری ئایینی خەڵکی تەورێزە، ئەو جەنابەش دیوێتی و دەیناسێت. ئەویش رۆیشتووە. پێویست بوو ئەم هەواڵە عەرزی دەرگای پایەبەرز بکرێت.*

*بەم جۆرە چۆنێتی بارودۆخ بەو جەنابە راگەیەندرا و ئەو نووسراوەش، کە هاتبوو، رەوانەکرا... تا بگاتە پێشگای نوورپرژێنی ئاسمان ئاسا، سایەی سەرم (کە خوا تەمەن و بەختی درێژبکات). هەرکاتێکیش پیاوەکانی خۆمان هاتنەوە و هەواڵی زۆرتریان هێنایەوە، عەرزی دەرگا دەکرێت، چونکە هەر لەسەر ئەو بەڵێنە، کە دراوە، پایەبڵند «قادر ئاغا» دێتە دەرگا و پارە دێنێت. بۆیە لەوە زیاترکات بەزایە نادەم و باسی رووداوەکان بەدوور درێژیی بەو دەسپێرم؛ کەئەگەر خوا بیەوێت، دێت و عەرزی دەکات.*

*ئیتر داوا لە ئێوەش ئەوەیە کە چۆنایەتی کاروبار بنووسنەوە. باقی دوعا و سەلام*[٩٩]*.*

***

لەم قۆناغە بەدواوە، ئیتر ململانێ و دوژمنایەتی و شەڕ و تێهەڵچوونی نەپساوەی نێوان مەحموود پاشا و سلێمان پاشای برای لەسەر دەسەڵات، دەست پێدەکات؛ کە لە زۆربەی ئەم شەڕ و تێهەڵچوونانەیاندا سلێمان پاشا بەپشتیوانیی لەشکری عوسمانی و

٩٧- مەبەست لە ژەنراڵ باسکۆڤیچ-ی سەرکردەی رووسە.

٩٨- مەبەست لە میر ئەبولفتوح، ئاغای میر فەتاحی موجتەهیدە، کە پێشەوای ئایینی شاری تەورێز و لایەنگرێکی سەرسەختی رووسەکان بوو.

٩٩- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ-خەتی هومایۆن- ژمارە: G-٣٦٨٠٣ .



مەحموود پاشاش بەپشتیوانیی لەشکری قاجاری شەڕ و دوژمنایەتی یەکترییان کردووە و لەشکری قاجاری و عوسمانییان بردۆتە سەر یەکتر و چەندان جاریش «سلێمانی»یان بەیەکتر چۆڵکردووە... وەک ئەو شەڕەی کە لە ساڵی(١٨٣٠ز)دا کردیان و مەحموود پاشا لە تەورێزەوە «قەهرەمان میرزا»ی کوڕی عەبباس میرزای لەگەڵ خۆی، بۆ داگیرکردنەوەی سلێمانی هێنابوو. لە گەرمەی شەڕ و تێهەڵچوونەکانیدا، داود پاشای والی بەغداد لە والێتی خرا و لە ئەیلوولی ١٨٣١ز، دا «عەلی رەزا کرایە والی بەغداد».

بەڵام شەڕ و کاولکاریی ئەم دوو برایە، جگە لەوەی وڵاتەکەی لە هەموو روویەکەوە پەرێشانکردبوو، لە هەمان کاتیشدا ئەوەندەی تر زەمینەی بۆ زیاترکردنی دەسەڵاتی قاجاری، لە میرنشینی باباندا ئامادەتر کرد. کە بە درێژایی ئەو شەڕو زۆرانبازییە، تا مەرگی فەتح عەلی شا (١٨٣٤ز)، هێزەکانی ئێران «سەربازگە- پادگان»ێکی هەمیشەییان لە سلێمانیدا داناوە[١٠٠].

ساڵێکیش بەر لە مەرگی فەتح عەلی شا، عەبباس میرزا لە (١٨٣٣ز)دا مرد و بەمردنی عەبباس میرزاش، پشتیوانێکی بەهێز لە دەست مەحموود پاشا چوو. چونکە عەبباس میرزا، کار و هیوای زۆری بەکوردستان مابوو، تا بەرنامەکانی خۆی تێدا پیادە بکات.

لە دوای مەرگی فەتح عەلی شا «سەربازگە»ی ئێرانی لە سلێمانیدا نەما و «سلێمان پاشا» سلێمانی گرتەوە و مەحموود پاشاش ئەم هەلومەرجەی وا هەڵسەنگاند، کە لەگەڵ سلێمان پاشای برایدا ئاشت بێتەوە و لە سلێمانیدا بەگۆشەگیریی و دوور لە سیاسەت بژی... بەڵام کەڵکەڵەی دەسەڵات هەر لە سەریدابوو.

لەم سەروبەندەدا عەلی رەزای والی بەغداد، بە ناوی یارمەتیدانی والی مووسڵەوە مەحموود پاشای بۆ مووسڵ نارد و لەوێش خۆی بە تەنیا دەستبەسەر گیرا و رەوانەی ئەستەمبووڵ کرا و بڵاوەشیان بەنۆکەرەکانی کرد (١٨٣٤)[١٠١].

١٠٠- لۆنگریک- ص, ٢٥٠

١٠١- بابانی، عبدالقادر- تاریخ و جغرافیای کردستان (سیر الاکراد)- ص, ١٥١

## بەشی چوارەم

# میرنشینی بابان و ئەردەڵان هاوکاریی یەکتری، بۆ لەناوبردنی یەکتری

ساڵی ١٨٣٤ز، کە مەحموود پاشا بەدەستبەسەریی بۆ ئەستەمبوڵ دوورخرایەوە؛ سلێمان پاشای برای بەڕێوەبردنی میرنشینی بابانی لە ئەستۆگرت.

پێدەچێ مەرگی بەرودوای فەتح عەلی شا و عەبباس میرزای کوڕی، تا ڕادەیەک و بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ساڵە، دەستێوەردانی دەوڵەتی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان کەمتر کردبێتەوە و بەو بۆنەیەشەوە شەڕوشۆڕ و دووژمنایەتی ئەندامانی بنەماڵەی بابانیش خاوبووبێتەوە... بۆیە لەو چەند ساڵە کەمەی کە «سلێمان پاشا» فەرمانڕەوای میرنشینی بابان بووە، کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی بەگشتی و بەتایبەتیش شیعری کوردی و شاعیرانی وەک «نالی» ، لەم سەردەمانەدا لە سلێمان پاشا و دەرباری بابان نزیک و رازی بووبن... چونکە دوای ئەو ماوە کورتەی کە سلێمان پاشا فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بابانی کرد، لە ساڵی ١٨٣٨ز، دا کۆچی دوایی دەکات و «ئەحمەد پاشا»ی کوڕی دەبێتە جێنشینی، نالی شیعرێکی جوان و ستایش ئامێزی بۆ هەردووکیان نووسیوە، کە تیایدا جگە لەوەی ساڵی مەرگی سلێمان پاشا و هاتنە سەرکاری ئەحمەد پاشا(١٨٣٨ز) بەحسابی ئەبجەد دیاری دەکات، لە هەمان کاتیشدا لاواندنەوە و هەڵسەنگاندنی هێژایانەی سلێمان پاشایە و ستایشیشە بۆ ئەحمەد پاشای کوڕی، کە ئەمە سەرەتای شیعرەکەی نالییە:

تا فەلەک دەورەی نەدا- سەد کەوکەبی ئاوانەبوو-
کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو



تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت،
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی خونچە وانەبوو
تا چەمەن پیرا لەسەر، ئەسڵی درەختی لانەدا
فەرعی تازە، خورەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو
تا «سولەیمانان» نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
«ئەحمەدی موختار»ی ئێمە، شاهی تەخت ئارانەبوو

ئەحمەد پاشاش هەر دوای دەستبەکاربوونی، بەپەلە کەوتۆتە تەقەللا و کاری هەمەلایەنە، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و چەسپاندنی ئاسایش و هاندانی خوێندەواریی و کردنەوەی مزگەوت و پۆشتەکردنەوە و مەشق پێکردن و ڕێکخستنەوەی سوپای بابان، لەسەر شێوەی نوێ و(٤) تیپی هەزار کەسیی پێکهێناوە و پلەی سوپایی بۆ دیاریکردوون، کە دیسان هەر «نالی» شیعری ستایشی بۆ ئەم سوپایەی ئەحمەد پاشا نووسیوە و ئەمە سەرەتاکەیەتی:

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
سەف سەف کە دەوەستن، بەنەزەر خەتی شوعاعن
حەڵقە کە دەبەستن، وەکو خەرمانەیی ماهن[١]

١) هەروەها «شێخ رەزای تاڵەبانی»یش شیعری ستایشی بۆ ئەحمەد پاشا نووسیوە:
یەعنی هەم نامی نەبی، حەزرەتی ئەحمەد پادشا
فەخری دین، کانی حەیا ، بەحری کەرەم، کوهی ویقار
مەدحی ئیحسانی بکەم، عیلمی بکەم، فەزڵی بکەم!
بەخودا خاریجە ئەوصافی حەمیدەی لە شمار
کەفی زەڕ بەخشی کەوا مەنبەعی دوڕ و گەوهەرە
میسلی بەحرێکە، نە ساحیلی بێت و نە کەنار
تەبعی جەواد و کەریمی هەروەکو (قائانی) دەڵێ:
«زر بەقنطار همی بخشد واشتر بەقطار»
تاوەکو دەورە بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک
تاوەکو دێت و دەچێ، بێت و بچێ لەیل و نەهار
بەمورادی بگەڕێ شەمس و قەمەر، چەرخ و فەلەک
ظەفەر و فەتحی قەرین، بەختی موعین، طالعی یار
رەئیی ئەو باعیسی تەنزیمی ئومووراتە، وەلێ
بۆ کورەیی عالەم ئیمکان بووەتە قوطبی مەدار
ئەمە، بەڵگەی ئەوەیە کە شاعیرانی ئەو رۆژگارە لە ئەحمەد پاشا رازی و نزیک بوون؛ بۆیە کە دواتر و دوای=

بەڵام ئەو ماوە کورتەی ئەحمەد پاشا تیایدا هەڵپەی بووژاندنەوە و هەڵسانەوەی میرنشینەکەی داوە، لای سەران و دەرباری قاجاری و عوسمانییەوە بۆتە جێی سەرنج و مەترسیی، بۆیە خێرا بیریان لە زیندووکردنەوەی دوژمنایەتی دێرینەی ناو بنەماڵەی بابان کردۆتەوە و عەلی ڕەزای والی بەغدا، بیری لە هێنانەوەی «مەحموود پاشا»ی مامی ئەحمەد پاشا کردۆتەوە، کە لەو ڕۆژانەدا بۆ تورکیا دوورخرابووەوە.

ئەوەبوو ساڵی ١٨٤٠ز. هێنایانەوە سلێمانی و لەجێی ئەحمەد پاشا کردیانەوە بەپاشای بابان و ئەحمەد پاشایان بۆ بەغداد کێشایەوەو دیسانەوە دوای نزیکەی ساڵێک مەحموود پاشایان لابردەوە و ئەحمەد پاشایان لەجێی دانایەوە..

مەحموود پاشا لەمە ڕەنجا و پەنای بۆ ئێران، بۆ لای «ڕەزا قولیخان»ی والی ئەردەڵان برد (سەرەتای ساڵی ١٢٥٧ کۆچی، سەرەتای مارتی ١٨٤١ز).

دەرباری قاجاریش ڕقی زۆری لە ئەحمەد پاشا بوو. چونکە لە ئاکامی ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆمدا، کە دەبوایە سنوورەکانی مەملەکەتی قاجار و عوسمانی سەرلەنوێ دیاری بکرێتەوە و بۆ ئەمەش لیژنەیەکی چوارقۆڵیی: ئێرانی، تورکی، ڕووسی، ئینگلیزی بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکانیان پێکهاتبوو؛ هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی ئەم دەرفەتەیان بۆ دروستکردنی کێشە، بۆ سنوورەکانی یەکتری بەهەل زانی و هەریەکەیان لای خۆیەوە گوشاریان بۆ دانیشتوانی سەر سنوورەکان دەبرد، تا خۆیان بەهاووڵاتی ئەو وڵاتە حیساب بکەن.

بەڵام ئەحمەد پاشا لەم کاتانەدا تەقەللای شێلگیرانەی دەدا، تا دانیشتوانی سەر سنوورەکانی قەڵەمڕەوەکەی، خۆیان بەهاووڵاتی عوسمانی بزانن... بۆیە لێپرسراوانی ئێرانی قینیان لێ هەڵگرتبوو، خەریکی گێچەڵ و شەڕ پێ فرۆشتنی بوون و چەند جارێکیش لە سنووری ئێرانەوە هێرش و دەستدرێژیی و تاڵان و بڕۆیان بۆ سەر ناوچەی بابان دەکرد و بۆ ناوچەی هەورامان دەگەڕانەوە..

ئەحمەد پاشاش بۆ تەمێکردنیان، هێرشی دەبردە سەریان و زیانی زۆری لێدەدان..

ئێران ئەمانەی کردبووە بەهانە و چەند جارێک لای دەرباری عوسمانی سکاڵایان لەدەست کرد و داوای لابردنی و دوورخستنەوەیان دەکرد..

=لەناوچوونی میرنشینی بابان، کوردناسێکی وەک «ئا.خۆ.دزکۆ» لە ساڵی ١٨٥٣ز، دا، کە دەیەوێ زانیاریی لە بارەی زمان و فەرهەنگی کوردییەوە کۆبکاتەوە، شارەزایانی ئەو کاتە، ناونیشانی ئەحمەدپاشای دەدەنێ، کە ئەو کاتە لەپاریس بووە. ئەحمەد پاشاش ڕێنوێنی (ئا. خۆ.دزکۆ) دەکات؛ تا بۆ ئەو کارە «نالی» ببینێ؛ کە لەو ساڵەدا لە (شام) بووە.



دەرباری عوسمانیش لەبیانوو دەگەڕا، تا میران و دەسەڵاتی میرنشینی بابان بەیەکجاریی نغرۆ بکات ولەناوببات. بۆیە گازندەی ئێرانییەکانی کردە بەڵگەی ئەوەی گوایە ئەحمەد پاشا دەستدرێژیی کردۆتە سەر ناوچەیەک، کە لەژێر ڕکێفی ئەودا نییە و بەم بەهانەیەوە لە مانگی مارتی (١٨٤١ز)دا، بۆ بەغدا بانگیان کرد و عەبدوڵڵابەگی برایان بۆ سەرپەرشتی میرنشینی بابان لەجێ دانا.

***

کە مەحموود پاشا لە سەرەتای ساڵی ١٢٥٧کۆچی، ١٨٤١ز، دا، ڕەنجا و پەنای بۆ ئێران، بۆلای ڕەزا قولیخانی والی ئەردەڵان برد دەرباری قاجار و محەمەد پاشا (١٨٣٤-١٨٤٧ز) لە پەناهێنانی مەحموود پاشا ئاگادارکران. دەرباری قاجار ئەمەیان قۆستەوە و بۆ ئەوەی شەڕی میرانی بنەماڵەی بابان تازە بکەنەوە، فرمانیان بە ڕەزاقولیخان کرد پشتیوانیی و هاوکاریی گێڕانەوەی مەحموود پاشا بکات، بۆئەوەی لەجێی ئەحمەد پاشای برازای، بەپاشای بابانی دابنێتەوە... کە دیارە دانانەوەی مەحوودپاشاش لەسلێمانی، بە لەشکرکێشیی و شەڕکردن لەگەڵ لەشکری میرنشینی باباندا دەبێت. بۆیە ئەم شەڕەی لەم بەڵگەنامانەدا باسکراوە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی هەڵتەکاندنی لابەلاو ڕاستەوخۆی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان، شەڕی چارەنووسساز و یەکلایی کردنەوەی زۆرکێشەی دێرینەی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانییە، بەشێوەیەکی کاتیی و لەهەمان کاتیشدا زەمینە خۆشکردنە بۆ ڕێککەوتننامەی دواتری هەردوو دەوڵەت.

هەر لەبەرئەمەشە زۆربەی مێژوونووسەکانی ئەردەڵان، پێشینەکانی ئەم ڕووداوەیان بەوردی و گرنگییەوە باسکردووە، کە بۆ زیاتر ئاگاداربوونی دواتر لە ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانەی پێوەندییان بەم ڕووداوەوە هەیە، بەچاکی دەزانین هەندێ لەو وردە دەنگوباسانە، لە دەقی ئەو مێژووانە، بۆ ئێرە بگوێزینەوە؛ کە ئەمە پوختەکەیانە:

«... مەحموود پاشا لە مانگی صەفەری ساڵی ١٢٥٧ کۆچی، حوزەیرانی١٨٤١ز، دا، بەدوو هەزار ماڵ و خێزانەوە. پەنای بۆ «ڕەزا قولیخان»ی والی ئەردەڵان برد. ڕەزا قولیخان و سەرانی ئەردەڵان زۆریان ڕێز لێنا و لە زستانی ئەو ساڵەدا، بەنیازی ڕزگارکردنی مەڵبەندی بابان و یارمەتیخوازیی لە پاشای قاجار، چوونە تاران. لەوێ شای قاجار «محەمەد شا» ، ڕێزی زۆری لێنان و پشتیوانیی گێڕانەوەی مەحموود پاشای کرد و فرمانی کرد: لەشکری ئەردەڵانیش یارمەتی سەندنەوەی (سلێمانی) و گێڕانەوەی مەحموود پاشا بدەن.

بەڵام لەو سەفەرەی تاراندا، بەهۆی هەندێ ژنانی سەر بەدەربار، نێوانی ڕەزا قولیخانی والی لەگەڵ (حوسن جیهان)ی دایکی و «غوڵام شاخان»ی برایدا تێکچوو. بەم

بۆنەیەوە حوسن جیهان لەو سەفەرەدا بەرەنجاویی لە تاران مایەوە. هۆیەکەش ئەوەبوو؛ کە رەزا قولیخان لەم کاتەدا هەرزەکارێکی کەم ئەزموون بوو. تەمەنی هەر(١٧-١٨)ساڵان دەبوو. دایکیشی لە ئاکامەکانی ئەم کارە گەورەیە دەترسا و دەیزانی لەکێشی کوڕەلاوەکەیدا نییە و دەبێتە مایەی لەدەستدانی میرنشینەکەیان.

رەزاقولیخان کە گەیشتەوە (سنە)، فرمانی لەشکرکۆکردنەوەی دەرکرد و لە ماوەیەکی کەمدا نزیکەی (١٠) هەزار سوارە، بەهەموو پێویستییەکی جەنگەوە، لە ناوچەی (مەریوان) کۆبوونەوە و مەحموود پاشاش سوارە و هێزەکەی خۆی خستە تەکیان.

لەم کاتەدا میانەی (والی)و هەندێ لەوەزیران و ئەهالی کوردستان بەشاراوەیی ناکۆک بوو. ئەم کۆمەڵەیە، کە (میرزا هیدایەتوڵڵا)ی سەرۆک وەزیرانی ئەردەڵان سەردەستەیان بوو، ئارەزووی تێشکانی (والی) یان دەخواست. چونکە (هەندێک) لە هۆیەکانی ئەم ناکۆکییە ئەوە بوو، گوایە لەو سەفەرەی تاراندا، لەناو کۆمەڵێک نەیارانی میرزا هیدایەتوڵڵا و میرزا جەعفەر «أمين الدولة»ی کوڕیدا، والی (رەزا قولیخان) سوێندی گەورەی بەدەمدا هاتبوو، کە هەر بگەڕانەوەی بۆ کوردستان، دەبێ (هەردووکیان)، واتە: (میرزا هیدایەتوڵڵاو میرزا جەعفەری کوڕی) بەکوشتن بەرێ... لەمەوە میرزاهیدایەتوڵڵا ترسی ئەوەی لێ نیشت، کە ئەگەر والی لەم کارەیدا بەسەر کەوتوویی بگەڕێتەوە، ئەوا خۆی و میرزا جەعفەری کوڕی، گیان دەرنابەن... بۆیە بەنیازی تێشکانی والی، کەوتە پیلانگێڕیی و فرت و فێڵ و بۆ داماڵین و بڵاوە پێکردنی لەشکرەکەی والی، بەرنامەی ئەم لەشکرکێشییەی بەجۆرێک رێکخست، کە مەحموود پاشا و ئەمانوڵڵابەگی وەکیل و ژمارەیەکی زۆری لەشکرەکەی والی، لەگەڵ خۆیان بەرەو سلێمانی ببەن و ژمارەیەکی کەمیش لەگەڵ (والی) لە مەریوان بمێننەوە... هاوکات لەژێرەوەش نامەی بۆ عەبدوڵڵا پاشای حاکمی سلێمانی نارد و تێیگەیاند کە: هێزەکەی والی، لە ناوچەی مەریوان، لە دلاوەران و جوامێران چۆڵ بووە و بەرگەی ئەوە ناگرێت؛ ئەگەر ئێوە هێرشێکیان بکەنە سەر. عەبدوڵڵا پاشاش کە ترسی هێرشی لەشکری ئەردەڵان و مەحموود پاشای هەبوو، چاوەنواڕی ئەوەی نەدەکرد ئەم مژدە خۆشەی بدەنێ. بۆیە دەستبەجێ بەهەزار سەرباز و (٢) هەزار سوارە و (٤) عەرادە تۆپەوە، بەچەند قۆناغێک گەیشتە سنووری مەریوان و لە ناکاوێکدا کە هێزەکەی والی، خەریکی حەسانەوە بوون، لە سەعات دووی رۆژی چوارشەممە: ١٤ی مانگی رەبیع ئەووەڵی١٢٥٧ کۆچی ، ١٨٤٢/٥/٦ز) دا گەیشتە نیو قۆناغی هۆردووی والی و گرمەی گوللەتۆپ دەستی پێکرد.

میرزا هیدایەتوڵڵاش کە لەو شەو و رۆژەدا پێش قەرەوڵان و بەرایی لەشکر و هەندێ لە خزمان و داروودەستەی خۆی راسپاردبوو: هەر کاتێ دەنگی کەڕەنای جەنگ لەناو



هۆردووی عەبدوڵڵا پاشاوە بیسترا، هەڵبێن و بەرەو دواوە بۆ ناو هۆردوو بگەڕێنەوە...

بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەندێ پیاوی جوامێر، لە لەشکری (والی)دا، کە زۆربەشیان خەریکی حەسانەوە بوون، گوێیان نەدایە میرزا هیدایەتوڵڵا و بوونە پێش قەرەوڵ و روویان لە هۆردووی عەبدوڵڵا پاشا کرد و دەستیان بەگیانبازیی کرد... بەڵام سەبارەت بەسستی و بێ هێزیی سوپاکەی والی، کە لە بنەڕەتەوە تووشی هاتبوون، تا دەهات بەرەو کزیی و تێشکان دەچوو. دەستی خیانەت و ناپاکیشی تێکەوتبوو. پێش قەرەوڵانی خزم و خۆیشی وەزیریش، بەبێ چاوەنواڕی هەڵاتن.

(والی)یش کە لەم کارە بەئاگا هات، ویستی خۆی لە فێڵی وەزیر دەرباز بکات. قوباد بەگی لەگەڵ عەبدولحەمید سوڵتانی بانەییدا بەهەزار تفەنگچی بانەیی و سەقزی و(هەورامی)یەوە راسپارد، تا(دەربەندێ) بگیرێ و خۆیشی بەکۆمەڵێکی کەمەوە، کە لە هۆردووگاکە مابوونەوە، بەگورجی سواری ئەسپەکەی بوو، بەرەو شەڕەکە چوو، بەڵام توانای شەڕی نەما و بەدوای لەشکردا رەوی.

میرزا هیدایەتوڵڵاش بەپەنامەکی و پێش ئەوەی عەبدولحەمید بگاتە جێی مەبەست، ئاگاداری کردبوو، کەچوونە مەیدانی جەنگ و خۆبەختکردن لە پێناوی والیدا، خۆ شێت کردنە. لەولاشەوە زۆری لەوالی کرد، کە هەڵبێت.

بەکورتی سەرلەبەری پێش قەرەوڵان لەم شەڕەدا کوژران و لەشکری بابانیش پەلاماری هۆردووی (والی)یان دا و لەم پەلامارەشدا کۆمەڵێک کوژران و دوای ئەوەی هۆردووکەیان تاڵان کرد، نزیکەی شەش قۆناغێکیش لەشکرە راکردووەکەی ئەردەڵانییان راونا... بەهەرکەسێک گەیشتن کوشتیان... عەبدوڵڵا پاشا لە بارەگاکەی والی دابەزی ... لەم شەڕەدا خەڵکی بابان نزیکەی (١٠٠) هەزار تمەنیان دەستکەوتبوو... بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە.

لە سەرێکی دیکەوە، مەحموود پاشا و ئەمانوڵڵا بەگی وەکیل و ئەو هێزەی لەگەڵیاندا بەرەو سلێمانی چووبوون، بەبێ بەرگریی و شەڕوشۆڕ، چوو بوونە ناوشاری سلێمانی و چەند رۆژێکیشی تێدا مابوونەوە... بەڵام هەر کە لە ناکاوێکدا هەواڵی تێشکانی (والی)و هێزەکەیان بیستبوو، دەستبەجێ یەکسەر، بەپەرت و بڵاویی وشپرزەیی، بەرەو مەریوان گەڕابوونەوە و لەنزیک (هەڵەبجە) تووشی پێش قەرەوڵانی هێزە سەرکەوتووەکەی عەبدوڵا پاشا ببوون... هەرچەندە عەبدوڵڵا پاشا، مەحموود پاشای بۆ شەڕ هان دابوو، بەڵام مەحموود پاشا خۆی لێ پاراستبوو. بەکوێرە رێیاندا لەگەڵ سوارەکانی خۆی و ئەمانوڵڵا خانی وەکیلدا، بەرەو مەریوان و لەوێوە بۆ(سنە) چوون..)[2] چەند رۆژێکیش

٢) نوار، ص١١٦

دوای ڕووداوەکە، ئەم تێشکانە بەرگوێی «محەمەد شا قاجار» کەوتەوە... ئەویش زۆربەی سەرانی لەشکر و بەڕێوەبەرانی میرنشینی ئەردەڵانی بەوە سزا دان، کە (سەرزەنشتانە)ی لێ وەرگرتن و لە زیندانی خستن و هەندێکیشیانی کوشت و کاروباری میرنشینیەکەش بەجۆرێک شێوا، ڕەزاقولیخان[3] ناچاربوو بۆ چارەسەری بچێتە تاران. بەڵام لەوێ سەرزەنشت کرا و لە فرمانڕەوایی خرا و دوای چەندان پشێویی و ئاڵۆزیی و هەرای نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەردەڵان، «غوڵامشاخان- ئەمانوڵڵا خانی بچووک» برای بچووکی ڕەزاقولیخان بە(والی) ئەردەڵان دانرا و سەرەنجام محەمەد شای قاجار بیری لەوە کردەوە کە دوایی بەدەسەڵاتی بنەماڵەی ئەردەڵان بهێنێ و کەسانی دیکە، لە دەرەوەی ئەم بنەماڵەیە بکاتە فرمانڕەوای کوردستان و بەدانرانی «خەسرەوخانی ئەرمەنی»، بەفەرمانڕەوای ئەردەڵان، ئیتر کاروباری میرنشینەکە، بەرەو ڕووی «فەرهاد میرزا»ی مامی ناسرەدین شا و لەهەمان کاتیشدا سیازدەهەمین کوڕی عەبباس میرزا، کرایەوە (١٨٦٧-١٨٦٨ز) و کۆتایی بەدەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان هێنرا.

***

بەڵام ئەم تێکشکانە، هەر بەتەنیا تێشکانی والی ئەردەڵان نەبوو؛ بەڵکو تێشکانی مەحموود پاشا و فرمانڕەوایی بابانیش بوو. چونکە هەر دوای ئەم شەڕە، نەجیب پاشای والی بەغداد، کە تا ئەو کاتە ئەحمەد پاشای بابانی بەدەستبەسەری لای خۆی ڕاگرتبوو، ڕێگەی دا بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و کۆیە و هەریریشی خستە ژێر دەسەڵاتی و تا سەروەختی ڕێکەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم-یش هەر فرمانڕەوایی بابان بوو... بەڵام کە کێشەکانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، لە ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆمدا بەتەواوی چارەسەری بنبڕیان بۆ نەکرابوو، بۆیە ساڵی (١٨٤٧ز) هەردوو دەوڵەت و بەناوبژی و بەشداریی ڕووسیا و ئینگلستان، ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم بەسترا و لەم ڕێککەوتننامەیەدا جەختیان لەمەڕ بەندەگرنگەکانی ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم کردەوە؛ کە لە باسی مەسەلەی کوردستاندا دان و سەندنێکیان کرد ومادەی دووەمی ئەم ڕێککەوتننامەیەی دوایی، بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرابوو.

بۆ ئەوەش سەرئێشەی فەرمانڕەوایەتی بابان، بەیەکجاریی لە کۆڵ هەردوو دەوڵەت

٣) ڕەزا قولیخان: کوڕە گەورەی خەسرەوخانی کوڕی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵانە. کاتێ خەسرەوخان کۆچی دوایی کرد (١٨٣٤ز)، دووکوڕی لێ بەجێمان: ڕەزا قولیخان وغوڵامشاخان، کە ڕەزا قولیخان لەکاتی مردنی باوکیدا تەمەنی(١٠) ساڵان بوو. لەجێی باوکی بوو بە والی ئەردەڵان. بەڵام لەبەر منداڵیی، دایکی:«حوسن جیهان» کاروباری میرنشینەکەی بەڕێوە دەبرد. (حوسن جیهان)یش کچی فەتح عەلی شای قاجار و(توبا خانم)ی هاوسەرەکەی ڕەزا قولیخانیش کچی عەبباس میرزا و خوشکی محەمەد شا بوو.



بکەنەوە؛ نەجیب پاشای والی بەغداد، لەشکرێکی(٣) هەزارکەسیی بۆ سەر ئەحمەد پاشای بابان ساز دا و لە نزیک (کۆیە) بارەگای خست.

ئەحمەد پاشاش هێزی خۆی ئامادەکرد و بەرەو ڕووی بۆ کۆیە چوو و لە بەرامبەر لەشکرگاکەی نەجیب پاشا، هۆردووی خست.

سەرەنجام هێزەکەی ئەحمەد پاشا بێ ئەوەی تووشی شەڕو بەرەنگاریی لەشکریی نەجیب پاشا بێن، بەهۆی ڕەشەبا و زریانێکی زۆرەوە، شپرزە دەبن و لەخۆیانەوە دەست بەتەقە دەکەن و ئەحمەد پاشاش تەقەڵلای زۆر دەدات ئارامیان بکاتەوە و تەقە ڕابگرن، بێهوودە دەبێ و لەشکر شپرزە و پەرتەوازە دەبن... ئەحمەد پاشاش ناچار بەنائومێدی بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە و لەشکرەکەی بۆ کۆناکرێتەوە.

نەجیب پاشا هێزێکی (٢) هەزار کەسی بەفەرماندەیی عەبدوڵڵاپاشای برای ئەحمەد پاشا (کە لەوکاتەدا پشتی کردۆتە ئەحمەد پاشای برای و هاوکاریی نەجیب پاشا دەکات)، دەنێرێتە سەر ئەحمەد پاشا. ئەحمەد پاشاش بەپەلەپڕوزێ، خێزان و دەستوپێوەندەکەی خۆی بەرەو مەریوان دەرباز دەکات و لەوێوە چووە لای والی ئەردەڵان و!. عەبدوڵڵا پاشاش کرایە قایمقامی سلێمانی... بەم جۆرە بۆ هەمیشە، کۆتایی بەدەسەڵاتی فرمانڕەوایەتی (بابان)یش هێنرا...[٤].

***

هەرگرنگیی ئەم شەڕ و ڕووداوە، کارێکی کردووە لە ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ کە بەداخەوە ئەم لایەنە تا ئێستاش لای لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ئاماژەی پێنەکراوە..

بۆ وێنە: شاعیری گەورە: سالم (١٨٠٠-١٨٦٦ز) لە قەسیدەیەکی درێژدا، کە بۆ بەخێر هاتنەوەی (عەبدوڵڵا پاشا)ی ناو ئەم بەڵگەنامەیەی نووسیوە؛ تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە (پاشا)ی ناوبراو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبوڵ دەستبەسەر بووە، بۆ (سلێمانی) گەڕاوەتەوە و کراوەتەوە بەفەرمانڕەوا و... لە دووتوێی قەسیدەکەیدا،

٤) بۆنووسینی ئەو پوختەیە، سەیری ئەم سەرچاوانەکراوە:
- مەستوورە: مێژووی ئەردەڵان، ل ٢١٠-٢٢٣
- عبدالقادر روستم بابانی، تاریخ وجغرافیای کوردستان (سیر الاکراد)، ص ١٥٦-١٥٩
- عەلی اکبر وقائع نگار کردستانی، حدیقه ناصریه در تاریخ و جغرافیایِ کردستان، ص١٨١-١٨٣
- میرزا شکرالله سنندجی، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، ص٢١٨-٢٢٣

**سەرنج:** ئەم شەڕە لەگەڵێک سەرچاوەی تری مێژووییدا باسکراوە، وەک: تاریخ کرد و کردستان، آیه الله مردوخ و «حدیقه آمان اللهی» و «تاریخ ایران سایکس»و ...هتد.

ئەلبوومی رابردووی عەبدوڵڵا پاشا هەڵدەداتەوە و بیرەوەری ئەم شەڕەی عەبدوڵڵا پاشای ناو ئەم بەڵگەنامانە ناو دەبات و دەڵێ:

رەنگە ئەمجا بێتە(گاڕان)[٥] سەرحەدی مولکی (سنە)
رم وەشێنی مەعرەکەی دەشتی(مەریوان)[٦] هاتەوە
کەڕو فەڕ با کەم بکات (والی)[٧] بەفەوجی (چێش کەرۆ)[٨]
پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە[٩]

***

شاعیری ناسراویش: شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٨-١٩١٠ز) لە شیعرێکدا کە یادی سەربەخۆیی (سلێمانی)و (بابان)ەکان دەکاتەوە، ئاماژەیەکی کورت و جوان بۆ ئەم شەڕ و رووداوە دەکات، کە لەم بەڵگەنامانەدا هاتووە... تەنانەت مێژووی رووداوەکە دەکات بەنیشانەیەک بۆ ساڵی هاتنە دنیای خۆی و دەڵێ:

لەبیرم دێت (سلێمانی)، کە دارولمولکی بابان بوو،
نەمەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو.

٥) گاڕان: ناوی چیا و دۆڵ و چەمێکە، کە دەکەوێتە (١٥)کم خۆرهەڵاتی شاری مەریوانەوە. نەک (کاران) وەک دکتۆر کەمال فوئاد و نەوشیروان مستەفا، لەپەراوێزی ئەم قەسیدەیەدا لێکیان داوەتەوە و (گاڕان)یان بە(کاران) لێکداوەتەوە.
چونکە (سالم) لەم قەسیدەیەدا باسی (سنوور) و فراوانبوونی سنووری بابان دەکات (بنواڕە: نووسەری کوردستان، ژمارە (٢) ل(٥٠) و (میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، ل٢٤١).
٦) مەریوان: مەبەست لە شوێنی شەڕی ناو ئەم بەڵگەنامەیەیە.
٧) والی: مەبەست لە والی ئەردەڵان، رەزا قولیخانە.
٨) چێش کەرۆ: واژەیەکی هەورامییە، کە بەمانای (چی بکەم!) دێت. بەڵام سالم لێرەدا بەلاقرتییەوە رووداوێکی مێژوویی بەنموونە و بەیاد دێنێتەوە، کە لە رۆژگاری (تەیمووری لەنگ)دا، ئاوا روویداوە: «دەڵێن کاتێ تەیمووری لەنگ ئابڵوقەی هەولێری داوە و چادرەکەی تێدا هەڵدابوو. شێخێکی ئایینی هەولێریش ترس و لەرز لەناو سوپاکەی تەیموورد بڵاو دەکاتەوە و سوپاکەی بڵاوەی لێدەکات؛ ئیتر تەیمووری لەنگیش لەو کاتەدا بەفارسی هاواری کردووە: (چەکنم؟)، واتە: (چی بکەم؟) (بنواڕە: گەشتی ریچ بۆ کوردستان، ل ٣٤٣). ئەم رووداوە بۆ نموونەی شڵەژان و ترسی زۆر، بەرامبەر بەکەسانی ترسنۆک بەکاربراوە و واژەی: (چێش کەرۆ؟)ش، کە هەر بەمانای (چی بکەم؟)دێت؛ مەبەست گاڵتە و لاقرتی کردنە بەلەشکرەکەی ئەو سەردەمەی (والی سنە: رەزاقولیخان)، کە زۆربەیان (هەورامی) بوون، و لەو شەڕەدا کاتێ هێرشیان لەلایەن لەشکری عەبدوڵڵا پاشاوە کراوەتە سەر، شڵەژاون و بەهەورامی وتوویانە: (چێش کەرۆ؟)!.
٩) ئەم شیعرەی سالم لە دیوانە چەند جار چاپکراوەکەیدا نییە و بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (چریکەی کوردستان، لەندن)و دواتر لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری «نووسەری کوردستان، تشرینی دووەمی ١٩٨١ز، ل ٤٠- ٥٢»دا بڵاوبۆتەوە، کە دکتۆر کەمال فوئاد پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە.



تا لەدواییدا، بەم بەیتە باسی رووداوەکە دەکات:

کە (عەبدوڵڵا پاشا) لەشکری (والی سنە)ی شڕ کرد
(رەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تیفلی دەبوستان بوو.

***

دیسان شاعیرێکی تری سنەیی: حسین قولی خانی کوڕی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان و مامی «رەزاقولیخان»ی «والی»، ئەم رووداوەی کردۆتە شیعرێکی(١١) بەیتی، کە ئەمە(٣) بەیتی سەرەتای ئەو شیعرەیە:

نطع بازی تاقضا در تخته کیهان گشاد
مهرەء بدنامی اندر طاس کردستان فتاد
حیف کردستان که تا نامی بدهر ازرشد وغی
غی او مهرنمایان چون سها پنهان رشاد
معذرت پس مدعا گویم، که از(بابان) زمین
کهنه پاشای مفتن رخ به کردستان نهاد[١٠]

***

ئەمەش ئەو بەڵگەنامانەن، کە سەبارەت بەم رووداوەن:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٠

بابەت: کێشەی سنوور

مێژوو: ٥ی جمادی الآخر، ١٢٥٨ کۆچی، (١٨٤٢/٧/١٤ز)

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی: دووەم، لاپەڕە: ١٨٤-١٨٦

١٠) فخر الکتاب (میرزا شکرالله سنندجی)ص ٥١٢.

# نامەی عەبدوڵڵا پاشای موتەسەریفی سلێمانی
# بۆ خەلیل کامیل پاشای والی ئەرزەڕۆم

پایەی بەندە و ئومێد

پێشتر ئەوەم عەرزی دەرگای نوورپڕژێنی جەنابی پاشا کردبوو، کە (والی سنە)و (مەحموود پاشا) چۆن چاویان بڕیوەتە سنوورەکانی مەڵبەندی (شارەزوور)و دەستدرێژییان بۆ سەر ئەو ناوچانە(....) [11] کردووە، درێژەی باسەکەش بەم جۆرەیە:

(ڕەزاقولیخان، والی سنە)، بۆ دانانەوەی (مەحموود پاشا) لە (سلێمانی)، لە(سنە)وە بەلەشکرێکی زۆرەوە بەڕێ کەوت، تا قۆناغ بەقۆناغ گەیشتە سەر سنووری (شارەزوور). لە هەموو لایەکەوە دەستی بەپشێویی و ئاژاوەنانەوە کرد. لە قۆڵی **گوڵ عەنبەر**ەوە، کە لە بنەڕەتدا ناوەندی حاکمەکانی شارەزوورە، لەشکری هەورامانیان بۆ نارد، دەستی بەسەر (گوڵ عەنبەر)و هەڵەبجەدا گرت. لەلایەکی ترەوە هەردوو ناوچەی (قزڵجە)و (تەڕەتەوەن)ی داگیرکرد، کە دیارترین و بەرزترین ناوچەی شارەزوورن، هەرێمی (سیوەیل) و (ئالان)یشی داگیرکرد و کاربەدەستانی خۆیان بەحوکمڕانیی لە ناوچە داگیرکراوەکان دانا..

لەبەرئەوە کاتێ کار گەیشتە ئەم رادەیە و بیانی پێی نایە مۆڵکی شاهانەوە؛ بەندە بەنیازی بەرگریکردن لە سنوورەکان، ناچار بووم لە شاری (سلێمانی)یەوە بەرەو شارەزوور بەڕێ بکەوم. حسێن ئاغای ئەندەروونی و حاجی محەمەد ئاغامیر ئاخوڕی پێشووم ناردە لای (والی) ناوبراو، کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و ئاکارانەی لە خاکی ژێر دەسەڵاتی شاهانەدا دەیکەن، بەتەواوی دژی مەرج و یاسای بڕیاردراوی نێوان هەردوو دەوڵەتە... بۆ یە ئەگەر بەڕاستی لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی خۆیانەوە، بەهانە و بەڵگەیەکیان بەدەستەوەیە، با ئاشکرای بکەن، تا ئێمەش بۆ چارەسەری، هەوڵێک بدەین. ئەگینا دەبێ دەست لەم کارە هەڵبگرن و شوێنە داگیرکراوەکان بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە.

(والی) ناوبراو گوێی بۆ قسەی هەق نەگرت و جەربەزانەتر، بەفراوانیی

١١) وشەیەک لەوێدا نەخوێندراوەتەوە.



لەشکرەکەی خۆیەوە دەنازی و بەقسەی خۆیان پێیان وابوو لە دەسەڵات و زۆری لەشکرەکەیان دەترسین... بۆیە دووقۆناغی تریش هاتنە پێشەوە، تا گەیشتنە (پێنجوێن) [12]، کە یەکێکە لە ناوچەکانی شارەزوور و لەوێ چادریان هەڵدا. ئاگای لەوە نەبوو، کە بەندە لە لێپرسینەوەی پادشا و رق و تۆڵەسەندنەوەی پێشگای خوا، خۆم دەپارێزم، نەک لە فرەیی و زیادبوونی ئەوان. بۆیە دیسانەوە زۆر بەوردی و بەوپەڕی پارێز و دووربینییەوە، هێواش هێواش و لەسەرخۆ، قۆناغێکم بەدوو قۆناغ و سێ قۆناغ بڕی، تا گەیشتینە یەکەمین ناوچەی (قزڵجە)، بەهیوای ئەوەی بەڵکو دەستبەرداری مۆڵکی پادشا ببن و بکشێنەوە و شوێنە داگیرکراوەکان بەربدەن و بگەڕێنەوە... بەڵام بێکەڵک و بێهوودە بوو..

ئەو رۆژەی بەندە گەیشتمە قزڵجە، بۆ شەوێ، والی ناوبراو (١٠٠٠) سوارەی بەسەرۆکایەتی (ئەمانوڵڵاخان) ی کوڕەزای (محەمەد رەشید بەگ) ناردبوو، کە یەکێکە لە بنەماڵە گەورەکانی کوردستان[13]، بۆ دانانی مەحموود پاشا لە سلێمانی، لەگەڵ پاشای ناوبراودا (مەحموود پاشا). (٧٠٠) تفەنگچیشی بەسەرۆکایەتی (قوبادبەگ)ی فەڕاشباشی، یەکەی خۆی، لە رێگەی شاخەوە، بۆ (دەربەندێ) [14] ناردبوو، کە پشتە سەری هۆردووی بەندە و شوێنێکی یەکجار سەخت و تەلانە؛ پێش بەلەشکری بەندە بگرن، چونکە ئەوە تەنیا رێگەی هاتووچووی ئێمە بوو... خۆیشی کە بەندەی بەهیچ و هێزەکەشمانی بەکەم زانیبوو، بەهیزێکی گەورەی(٥ تا ٦) هەزار سوارە و تابوورێکی سوپاوە، دایان بەسەر هۆردووی بەندەدا... هەموو ئەمانەش هەر بۆ ئەوە بوون لەشکری ئێمە شپرزە و بڵاوەپێبکات و کارەکەیان؛ کە دامەزراندنەوەی مەحموود پاشایە، بەئاسانی جێبەجێ بکرێت...

بۆیە شەڕێکی ناچارییان بەسەرماندا سەپاند... ئێمەش پشت بەخوا، کەوتینە شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە و هەردوو لەشکر لە ئاقاری ئوردووگاکەی ئێمە، یەکانگیربوون و دوای نیو سەعات، سێ چارەک شەڕکردنی هەردوولا، لەسەر ئایەی موبارەکەی: «کَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلیلَة غَلَبَتْ

١٢) لە دەقەکەدا بە (پێنجەمین) نووسرابوو.
١٣) مەبەست لە (کوردستان)، کە لە چەند جێگەو بەڵگەکانی دیکەی ناو ئەم وتارەیە، شار و ناوچەی میرنشینی ئەردەڵانە، کەشاری سنە ناوەندەکەیەتی.
١٤) دەربەندێ: نەمزانی مەبەست لەکام دەربەندە.

فئةً كثيرة بأذن اللّه»[١٥] ، بەیارمەتی خوا و ڕۆحانیەتی پێشگای پێغەمبەر و بەرەکەتی هەناسەی عیسەوی ئاسایی دەرگای خواوەندی و دڵ و چاوی پاکی پیرۆزی گەورەم، کە هەتا دنیا دنیایە بۆمان بمێنێ، سەرەڕای کەمی ئێمە و زۆریی ئەوانە ، توانای بەرهەڵستییان نەما و مەیدانیان جێهێشت و بەرەو هەڵدێری لەناوچوون هەڵاتن.

نزیکەی نیو سەعاتێک دوایان کەوتین و گەڕاینەوە. هەرچەندە مەیدان و جەرگەی شەڕەکەش خاکی عێراق بوو ، بەڵام هەر نیو سەعاتێک زیاتر راومان نەنان و بەرەو دواوە گەڕاینەوە ، نەک لە سنوور تێپەڕین. لەپێش شەڕەکەشدا هەموو سەربازەکانمان لەوە گەیاندبوو ، کە بەهیچ جۆرێ لە سنوور تێنەپەڕن. ئەو شەوەش هەر لە شوێنی شەڕەکەدا ماینەوە و بەیانی زوو ، بەنیازی سەندنەوەی (سلێمانی) لەدەست (ئەمانوڵلاخان)و مەحموود پاشا ، جڵەوی ئەسپمان رووەو سلێمانی وەرگێڕا.

قوباد بەگی ناوبراو ، کە سەر رێگەی ئێمەی گرتبوو ، بەبیستنی هەواڵی تێشکانی (والی) هەڵات و مەحموود پاشا و ئەمانوڵلاخانیش، کە چووبوونە سلێمانی ؛ هەرکە هەواڵی گەڕانەوەی من و تێشکانی (والی)یان بیستبوو ، (شار)یان بەکاسب و رەعیەت و خزمەتکار و هاوولاتیان و گوندەکانی نزیک (سلێمانی)یەوە تاڵانکردبوو. چەند کەسێکیشیان بەناڕەوا کوشتبوو. تاڵانییەکانیشیان بەوڵاخی ئاغایان و نۆکەران و بەکاروانی قەتارچییەکان بارکردبوون و گواستبوویاننەوە.

پشت بەخوا لەسەر فرمانی شا ، خۆمان پاراست و بۆ سەندنەوەی ئەم تاڵانییە ، دوایان نەکەوتین. چونکە دەبووایە ئاودیوی سنووری ئەوان ببووینایە و ئەمەش بەبێ فرمانی شا نەدەکرا. لەبەرئەوە دەستمان لەو هەموو ماڵ و سامان و هێستر و مایین و رەوەوگەلەیە هەڵگرت و دوایان نەکەوتین. ئەو ناوچانەی شارەزووریش کە داگیریان کردبوون، هەموویان تاڵانکردووە و چەندان ژن و پیاویان کوشتووە و(٣٠٠) ماڵیشیان بۆلای (بانە)وە راگواستووە.

بەندە کە گەیشتمەوە سلێمانی، سەیرم کرد: وڵات وێران و تاڵانکراوە و جگە لە کاروانسەرای چۆڵ و هۆڵ، هیچی ترم بەرچاو نەکەوت... ئازار و

١٥) سورەتی (بقرة)، ئایەتی ٢٤٩.



زیانێک، کە ئەمجارە (رەزا قولیخان)ی والی سنە ، بەسلێمانی و مەڵبەندی شارەزووری گەیاندووە ، باس ناکرێت و بەبیردا نایەت... رووداوێکی دڵتەزێن و ناخۆشە... ئاماری زیانەکان لەرادەبەدەرە... ئەوەی مابێتەوە، فرمان بەدەسەڵاتی پێشگای بەرز و بەخشندەی ئێوەیە[١٦] .

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣٢

سەرچاوە: گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی (دوره قاجاریه)

بەرگی: یەکەم

لاپەڕە: ٥٤٦- ٥٥٠

بابەت: سنوورەکان و بازرگانی

مێژوو: ٤ جمادي الاول ١٢٥٨ کۆچی (١٨٤٢/٦/٣١ز)

وەرگێڕدراوی نامەی مەزن: کرنل شیل

لە وەڵامی وەزیری دەرەوە(ی ئێران)دا و ئەسڵی نامەیەک کە لە ئینگلستان نووسراوە

نامەی ئەو جەنابە ، لەمەڕ دەستدرێژیی ئەم دواییەی کوردانی (سلێمانی) ، کە سەربەوڵاتی (عوسمانی)ن، بۆ سەر(ئەردەڵان)ەکانی سەر بەوڵاتی ئێرانی مەزن نووسیبووتان، وێڕای نامەیەکیش کە بۆ باڵوێزی گەورەی بەریتانیای مەزنتان ناردبوو ، کە لە ئەستەمبۆڵ نیشتەجێیە؛ تیایدا داواتان کردبوو نامەکەتان وەربگێڕدرێتەوە و لەگەڵ وەرگێڕدراوی ئەو نامەیەی بۆ خۆمتان نووسیوە و تەرجەمەی لێکدانەوەیەکیش کە (میرزا هیدایەت: میرزا هیدایەتوڵلای وەزیر) لەسەر چۆنیەتی رووداوەکە نووسیوێتی بۆ خزمەت باڵوێزی گەورە رەوانە بکرێت؛ بەدەستم گەیشتن.

لە یەکەم دەرفەتدا داخوازی دەوڵەتی مەزنی ئێران بەجێ دەهێنرێت و تەرجەمەی هەموو نامەکانیش بۆ خزمەت: (لارد-ئیرون)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەڕێ دەکرێ.

١٦) ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمبۆڵ، کێشە گرنگەکانی ئێران، ژمارە: ١٠٦٢ ، بەرگی (٥).

هەڵبەت بەپێویستی دەزانم چەند بابەتێک لەم بوارەدا بەئاگاداریی دەسەڵاتدارانی ئێران رابگەیەنم: وەک بەرواڵەت بەرچاو دەکەوێ، ئەم قەوماوەی کە لە خاکی ئێرانەوە دەستپێشکەریی بۆ کراوە، دەوڵەتی عوسمانی هیچ دەستێکی تێدا نییە. بەتایبەتی لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ توێژینەوە سەبارەت بەسنوورەکانی ئێران و رۆم (عوسمانی)، پێسپێریی دەکات بۆ ناوبژیی، باڵوێزی وڵاتێکی فەرەنگیش دیاری دەکەن... کەوابوو پێم وانییە ئەو دەوڵەتە خۆی (واتە: دەوڵەتی عوسمانی)، ئەو میرە (واتە : والی ئەردەڵان)، بۆ سەرپێچی هان بدات. ئەمەش نابێتە بەڵگە. لەبەرئەوەی هەر کات ئەم کارە، بێ ئاگاداریی دەوڵەتی عوسمانی بکرێت، زۆر بەئاسانی بەری پێدەگیرێ.

بەکورتی، هەرچەندە زیانی ئەمجارە، لە رابردوو قورسترە، بەڵام لە راستیدا جیاوازییەکی زۆریشی نییە و جەنابیشتان لە قرە و کێشەی هەمیشەی نێوان ئێلاتی کورد، بەجوانی ئاگادارن و دەزانن کە ئەو بەشە، «واتە: ناوچەی کوردەواری» وەک بەشەکانی تری وڵاتی ئێران و رۆم نییە... هەروەک شارەزاشن کە ئێلاتی موکری و ئەردەڵانی و بەبە و بڵباس و... هتد. ئەوەتەی هەن، هەر یەکترییان رووتاندۆتەوە و کەسیش سەرکۆنەی نەکردوون و لێی نەپرسیونەتەوە... بۆیە ئەمجارەیان دەسەڵاتدارانی ئێران، بەهۆی ئەو زیانە گەورەیەوە کە پێیان گەیشتووە، چاوپۆشییان نەکردووە... دیارە دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێ، کە لەکاتی ئاوادا، راسپێردراوەکانی هەردوولا ، هەم زیانەکە فراوانتر دەنوێنن و هەم ئاکاریشیان لە نامەکەی وەزیر (واتە: میرزا هیدایەتوڵڵا) بەدتر دەبێ.

ئەگەر مەسەلەکەش جوان لێک بدەینەوە، دەردەکەوێ کە مەحموود پاشای کۆنە حاکمی سلێمانی؛ کەبەرەو ئێران هەڵاتبوو، جەماوەرێکی لە (ئەردەڵان) کۆکردۆتەوە و بۆ سەر (سلێمانی) ناردووە. بۆیە ئەگەر بەڕاستیش ئاوابێ، ئەوا حاکمانی (ئەردەڵان) ، لە هاتنەکەیان بۆ خاکی رۆم، ئاگاداربوون و چاوپۆشییان کردووە... لەبەرئەوە دەبێ جەنابیشتان بیسەلمێنن. کە شتێکی سەیر نییە، ئەگەر حاکمی (سلێمانی)یش دەستی خۆی پێش خستبێ و جەماوەرێکی کردبێتە سەر (ئەردەڵان).

وەک دەشڵێن هەرکەسێکی تریش بووایە، هەر وای دەکرد، جگە لە خراپیی (مُحَمرة) نەبێ؛ کە بەئیزن و ئاگاداریی (پاشای بەغداد) بووە.



ساڵانێکی زۆریشە کە حاکمانی سەر سنووری ئێران و رۆم، لەوەدان هەڵیان بۆ هەڵکەوێ و هەڵمەت بۆ سەر یەکتری ببەن، کە ئاکامی ئەم جۆرە ئاکارەش، زیانی بۆ هەردوو دەوڵەت و بەتایبەتیش بۆ ئێران بووە. جگەلەوەش لەباتی تەبایی و نێوان خۆشیی، کە چەند قازانجێکی بۆ هەردوو لا پێوەیە، کەچی بەپێچەوانەوە، بۆتە سۆنگەی دڵئێشانی هەردوولا .

وەک دەڵێن ئەم راو و رووتە، لە (٩) ساڵ لەمەوبەرەوە؛ لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی (جەهانگیر میرزا)وە پەرەی سەندووە... دەوڵەتی مەزنی ئێران چەند گازندەیەکی لە دەوڵەتی عوسمانی هەیە:

**یەکەمیان:** ئەوەیە کە (میری رەواندز) ، (مەرگەوەڕ)ی وێرانکردووە.

**دووەمیان:** خراپی (مُحَمرة)یە، کە زیانێکی قورسی بەئابووری دەوڵەتی ئێران گەیاندووە.

**سێیەمیان:** ئەم رووتانکاریی و شرەخۆرییە تازەیە (واتە: بابەتی سەرەکی ناو ئەم سێ بەڵگەنامەیە) ، لەگەڵ چەند مەسەلەیەکی بچووکی دیکە.

لە بەرامبەر ئەمانەدا دەوڵەتی (عوسمانی)یش چەند گازندەیەکی هەیە:

یەکێکیان: ئەوەیە دەڵێن ماوەیەکی زۆرە دەوڵەتی ئێران، ناوچەی(زەهاو)ی داگیرکردووە، کە سەر بەخاکی رۆمە و نیازی چۆڵکردنیشیان نییە. ئەمەش لە هەلومەرجێکدایە، کە دەوڵەتی ئێران، بۆ خۆشیان دان بەو مەسەلەیەدا دەنێن.

یەکێکی تر: ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لە (سلێمانی)دا ، کە خاکی رۆمە، (پاشا) دابنێ. لە کاتێکدا کە دەوڵەتی رۆم، بەم مەسەلەیە رازی نابێ!. کە ئەمە بۆ خۆی بەجۆرێک بە خۆ تێسەپاندن و خۆ تێهەڵقورتاندن لە کاروباری دەوڵەتی رۆمدا رەچاودەکرێ.

لەلایەکی تریشەوە: سوپای ئازەربایجان بەپێی فرمانی (حسێن پاشا خان) بەتۆپخانەوە کردوویانەتە سەر (سلێمانی) و یەک دوو جاریان تاڵانکردووە.

هەرچەندە مافی ئەوەشم نییە بڵێم هەق بە کام لایە. بەڵام ئەم باسانەم بۆ ئەوە هێنایە گۆڕێ، تا بزانن، کە هەردوو لا گازندەیان لە یەکتر هەیە.

هەڵبەت وەک ڕۆژیش ڕوونە، کە دابێ قەرەبووکردنەوە، قازانجی بۆ هیچ لایەک نییە. ئەگەر بەڕاستی نیازتان وایە کۆتایی بەم ناکۆکییانە بهێنرێ، دەبێ هەندێ لە داخوازییەکان چاوپۆشییان لێ بکرێ. تا ئەم سکالاّ و گازندەکارییانەی نێوان هەردوو دەوڵەت دوایی پێ بهێنرێ.

ئێستاش بەڕای من، چاکتر وایە دەوڵەتی ئێران کەسێک بۆ ئەستەمبوڵ ڕەوانە بکات، بۆ ئەوەی سەبارەت بەم کارەساتانە و داخوازی زیانێک، کە تووشی (ئەردەلان) بووە، لەگەڵ عوسمانییەکان وتوویژ بکرێ و هەوڵ بدەن ئەم ناکۆکییانە چارەسەرێکی یەکجاریی بکەن.

بۆ ئەوەش زووتر بەئەنجام بگەن، وا چاکە دەوڵەتی ئێران داوا لە دەوڵەتێکی فەرەنگیی بکات، تا گەورە باڵوێزی خۆیان لە ئەستەمبوڵ ڕاسپێرن، ڕێگە چارەی مەسەلەکە خۆش بکات، کە قازانجی هەردوو لا لە بەرچاو بگیرێ.

ئاشکراشە دەبێ دەوڵەتی ئێران، کەسێک بۆ ئەم کارە ڕابسپێرێ، کە جگە لە ژیریی و وریایی، ئەمین و یەکڕەنگیش بێت. چونکە ئەگەر داوای بژاردنی زیانی فرە بکات، یان قسەیەک بکات، دوور لە ڕاستیی بێت، دەبێتە هۆی دواکەوتنی چارەسەری کێشەکە و بگرە بێزاربوونیش لێی. بۆیە ئەگەر بەو جۆرەی باسکرا، دەوڵەتی ئێران ڕاست بڕوا و ئینساف لەبەرچاو بگرێ، دڵنیام سکالاّی نێوان هەردوو دەوڵەت دوایی پێ دێت، یان هیچ نەبێ بۆ دەوڵەتانی دنیا دەردەکەوێ، کە دەوڵەتی ئێران دەیەوێ مەسەلەکە بەئاشتی چارەسەر بکرێ.

هیوادارم دەسەلاّتدارانی دەوڵەتی ئێران دڵنیابن، کە مەبەستم لەم قسانە، تەنیا بەجێهێنانی تکای دەوڵەتی مەزنی ئینگلیزە، کە نیازی دۆستایەتی و یەکێتیی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و ڕۆمە. جوان نییە دوو دەوڵەتی گەورەی ئیسلامی و دراوسێ، ناکۆکی و شەڕوشۆڕیان لە نێواندا هەبێ. بێگومان ئەگەر کەلێنەکە گەورەتر بێتەوە، جگە لەوەی هیچ قازانجێکی بۆ ئێران و بۆ ڕۆم نییە، بەپێچەوانەوە دوژمنانی پێ خۆش دەبن و دەبێ چاوەنواڕی زیان و مەترسیی گەورەتر بن.

سەبارەت بەکێشە بچووکەکانی تر، کە باستان کردبوو، وەک شتێ دەوڵەتی ئێران لەوە وەڕسە، کە دەوڵەتی ڕۆم پتر لە ٤ ٪ی باج (بارانە) لە



ئێرانییەکان وەربگرێ، بەڵام چەند ڕۆژ پێشتر، لە خودی جەنابی (حاجی میرزا ئاقاسی)م بیست، کە (سەرۆک وەزیران)ی دەوڵەتی ڕۆم، بۆی نووسیوە کە دەوڵەتی ڕۆم بەهیچ شێوەیەک نیازی ئەوەی نییە لە ٤ ٪ زیاتر لە بازرگانانی ئێرانی وەربگرێ.

لەلایەکی تریشەوە، بەگوێرەی قسەی هەندێ لە بازرگانانی ئێرانی: بڕیار وایە دەوڵەتی ڕۆم، لەبەرئەوەی نرخەکان لە چاو بڕیارنامەی پێشوودا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، نرخی (بارانە)، بەپێی نرخی ئەسڵی شتومەکەکان دەستنیشان بکات.

هۆی ڕاگیرانی (مال التجارة)ی ئێرانییەکانیش لە ئەرزەڕۆم، کە باستان کردبوو، هی ئەوەیە کە بازرگانانی ئێرانی ویستبوویان بارەکانیان بەدزییەوە بەڕێ بکەن. کە دیارە وەک جەنابیشتان ئاگادارن، بڕێک لە بازرگانانی ئێرانی، زۆر جێگەی متمانەنین.

زۆرم پێخۆش بوو بمتوانیایە بەدەوڵەتی ئینگلیزم ڕاگەیاندبا، کە دەوڵەتی ئێران دەیەوێ کێشەکان بەئارامیی و ئاشتی چارەسەر بکات... ئەوسا هیوادارم دەوڵەتی (عوسمانی)یش بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەو زیانانەی لە ئێران کەوتووە، عادیلانە قەرەبوو بکەنەوە، بەمەرجێ لە هەموو جۆرە بێ ئینسافییەک پارێز بکرێ.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩٣

بابەت: پێوەندی ئێران و عوسمانی

مێژوو: ١٧ی جمادی الآخر: ١٢٥٨ کۆچی، ١٨٤٢/٧/٢٦ ز

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی: دووەم – لاپەڕە: ١٩٤-١٩٥

## نامەی بەکرخان-ی حاکمی کۆیە
## بۆ: والی مووسڵ

*پەنای بەندە، دەرەتانی نۆکەران: جێی هیوام، سێبەری سەرسەرم*

*هەروەک فرمانتان کردبوو: ئەو هەواڵە تازانەی لە وڵاتی عەجەمەوە؛ لە سنە و سابڵاخ و تەورێزەوە، بەدەستمان دەگەن، بەخزمەت ئێوەی رابگەیەنم؛ ئەوا بەگوێرەی فرمانتان و گوێڕایەڵییمان عەرزتان دەکەم و بەم جۆرەیە:*

*یەکەم: لە (سنە)وە کەسێک هاتووە، دەڵێ:*

*دوای هاتنی تەیموورخانی تۆپچی باشی، پرس و رای کردووە، کە ئاخۆ شەڕی (بابان)و (والی سنە) لە سنووری عەجەم دا، یان (...)*[17] *روویداوە؟ و بەرەو (تاران) گەڕاوەتەوە. لە دوای گەڕانەوەی ئەوەوە، تا ئێستا شتێک دەرنەکەوتووە. (سنە)ش حەشاماتێکی زۆری تێدا نییە. (مەحموود پاشا) خۆی لە (سنە)یە و دەستوپێوەندەکەیشی لە ناوچەی (باشماخ)ی سەر بە (سنە)، لە ماڵی (محەمەد بەگی قادر بەگی جاف)دان*[18]*. دایکی (والی سنە)ش، کچی (فەتح عەلی شا)یە، دوای تێشکانی (والی)، بەنیازی سکاڵا لە دەست (بابان) و پیاوماقووڵانی سنە؛ چۆتە دەرگای (شا)و هێشتا نەهاتۆتەوە و سکاڵاکەی هیچ ئەنجامێکی نەبووە. (گەورەم)...*[19] لە جێگەیەکی تری ئەم بەڵگەنامەیەدا، دیسانەوە ئاوا باسی میرنشینی (بابان) دەکاتەوە: ... *دیسان لەلایەن (عەبدوڵڵا بەگ)ی حاکمی بابانەوە، (عەبدولعەزیز ئاغای مەحموود مەسرەف)*[20]*، خۆی ئامادەکردووە بەم زووانە، بەرەو دەرگای میهرەبانیی ئامێزتان بەرێ بکەوێت و مەرجی بەندەگی لە خزمەت (سێبەری سەرم و وەلی نیعمەتم)، والی بەغداد: (حاجی محەمەد نەجیب*

١٧) ئەو وشەیە لەوێدا نەخوێندرایەوە.

١٨) مەبەست لە: (محەمەد بەگی قادر بەگی کەیخەسرەوبەگی جاف)ە، کە پشتیوانێکی گەورەی میرنشینی (بابان)بوو.

١٩) چەند پەرەگرافێک لەو نێوانەدا هەن، دەنگوباسی لاوەکی تریان تێدایە.

(٢٠) عەبدولعەزیز ئاغای مەحموود مەسرەف: هەر ئەو کەسەیە کە (سالم)ی شاعیر، وەک قارەمانێکی بەرگریی باسی دەکا و، لە شەڕی نێوان لەشکری بابان و عوسمانیدا، جوامێریی نواندووە و(مەحموود مەسرەف)ی باوکیشی لە سەردەمی (ئەورەحمان پاشا)و دوای ئەویش لە سەردەمی (مەحموود پاشا)دا سەرۆک وەزیران بووە.



*پاشا) بەجێ بهێنێ... وەک بۆشمان دەرکەوتووە (عەجەم) خەریکی خۆسازدانن. ئەگەر خوا بیەوێ، پەشیمان دەبنەوە. فەرمانتان بەرزو باڵاترە.*

بەڵگەنامەی ژمارە: (١٣١)

بابەت: ناکۆکی نێوان والی ئەردەڵان و سلێمانی

مێژوو: ٢٤ جمادی الثانی ١٢٥٨ کۆچی ٢/٨/١٨٤٢ز

سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمان (دورە قاجاریە)

بەرگی: یەکەم. لاپەڕە: ٥٤٤

## نامەی وەزیر موختاری ئینگلیس
## بۆ: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، حاجی میرزا ئەبولحەسەن خان

*جەنابی خاوەن شکۆ.*

*دوو رۆژ لەمەوبەر، ئەو نامانەم پێگەیشتن، کە «عەبدوڵڵا بەگ» سەبارەت بەچۆنێتی تێکهەڵچوون لەگەڵ (والی ئەردەڵان)دا بۆ (ئەحمەد پاشا)ی ناردبوون و ئەویش بۆ سەرلەشکری (ئەرزەڕۆم)ی ناردبوون.*

*بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەو نامانە، جەنابی (والی ئەردەڵان) چۆتە خاکی (سلێمانی)و بەم بۆنەیەوە شەڕ هەڵگیرساوە. هاوکات مەحموود پاشاش لە (ئەردەڵان)ەوە چۆتە (سلێمانی)و گوندەکانی دەوروبەری تاڵانکردووە و رووەو (ئەردەڵان) گەڕاوەتەوە.*

*نموونەی دوو نامەشم بۆ هاتوون، کە یەکێکیان هی جەنابی (والی) خۆیەتی، بۆ خەڵکی (سلێمانی) نووسیبووی و ئەویتریان کە لەلایەن (برای والی)یەوە، سەبارەت بەسازدانی لەشکر، بۆ ریش سپییەکانی خۆی نووسیوەو تیایدا ئاماژە بۆ سەربەخۆیی مەحموود پاشا، لە سلێمانیدا کراوە. ئەگەرچی لە درۆ و راستیی بابەتەکانیان ئاگادارنیم، بەڵام بەنیازی ئاگاداریی جەنابتان، نموونەکانیانتان بۆ دەنێرم.*

*لەوە زیاتریش زەحمەتتان نادەم*[21].

(٢١) هەروەها جگە لەم بەڵگەنامانە، ئەم چەند بەڵگەنامەیەش هەر سەبارەت بەم رووداوە، دەنگوباسی لاوەکییان تێدایە:
- نامەی محەمەد خانی کارگێڕی ئێران لە ئەستەمبۆڵ، بۆ میرزا ئەبولحەسەن خانی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران=

بەڵام ئەوەی لەناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانی ئەم شەڕ و هێرشەی نێوان عەبدوڵڵا پاشا و والی ئەردەڵاندا جێی سەرنجە، ئەو جیاوازییە زەق و ئاشکرایەیە، کە لە دووتوێی نامەکەی عەبدوڵڵا پاشای بابان و هەڵسەنگاندنەکەی باڵوێزی ئینگلستان (کرنل شیل)و هەر دوو نموونەی شیعرەکەی (سالم)و (شێخ رەزای تاڵەبانی)و دواتریش گێڕانەوەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵاندا هەیە... چونکە وەک لە خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانەدا بەراورد و ئەنجامگیریی دەکرێت، هەست بەدوو جۆر گێڕانەوەی جیاواز لەسەر چۆنێتی شەڕەکە دەکرێ:

١- گێڕانەوەکەی عەبدوڵڵا پاشا دەڵێ لە دەشتی (قزڵجە)ی ناوخاکی عوسمانیدا، واتە: لەناو قەڵەمڕەوی میرنشینی باباندا، پەلاماری هۆردوگاکەی والی ئەردەڵان (رەزا قولیخان)ی داوە و بۆ ئەوەش پشتیوانیی لەم قسەیەی بکات، لە نامەکەیدا لابەلا و زۆرکەم، باسی جۆری تێشکان و زیانە گیانییەکانی لەشکری والی دەکات، بەڵکو بەدرێژیی باسی ئەو زیانە زۆرە دەکات، کە (والی ئەردەڵان) بە (سلێمانی)و (شارەزوور)ی گەیاندووە: «ئازار و زیانێک کە ئەمجارە رەزا قولیخان والی سنە، بە سلێمانی و مەڵبەندی شارەزووری گەیاندووە، باس ناکرێت و بەبیردا نایەت، رووداوێکی دڵتەزێن و ناخۆشە، ئاماری زیانەکان لە رادە بەدەرە..».

٢- گێڕانەوەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵان و هەڵسەنگاندنەکەی باڵوێزی ئینگلستان و هەردوو نموونە شیعرەکەی (سالم)و (شێخ رەزای تاڵەبانی)یش، هەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەشەڕەکە لە (مەریوان)دا قەوماوە... تەنانەت لە شیعرەکەی سالمدا، جگەلەوەی کە ناوی (مەریوان) ئاوا دەبات: «رم وەشێنی مەعرەکەی **دەشتی مەریوان** هاتەوە»؛ لەپاڵیشیدا بۆ دڵنیایی زیاتری ئەوەی شەڕەکە لە مەریوان بووە، دەڵێ: «رەنگە ئەمجا بێتە **گاڕان** سەر حەددی موڵکی سنە»، کە وەک زانیمان (گاڕان)یش دەکەوێتە (١٥)کم خۆرهەڵاتی شاری مەریوانەوە.

دیسان شێخ رەزا کاتێ دەڵێ: «کە عەبدوڵڵا پاشا، لەشکری والی ، سنەی کرد»، هەر مەبەست لە لەشکرەکەی خودی (والی)ی ئەردەڵانە، کە بارەگاکەی لە مەریوان بووە؛ نەک

= بابەت: سلێمانی و تەدارەکی خۆسازکردنی عوسمانییەکان
مێژوو: ٧ی جمادی الآخر ١٢٥٨کۆچی، ١٨٤٢ز
سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، بەرگی دووەم، ل ١٨٩-١٩٣، بەڵگەی ژمارە(٩١)
- نامەی میرزا ئاقاسی بۆ صارم ئەفەندی، باڵوێزی عوسمانی
بابەت: گازندە لە میری بابان، کە دەستدرێژیی بۆ سەرخاکی ئێران کردووە.
مێژوو: ١٢٥٨کۆچی، ١٨٤٢ز
سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە) بەرگی دووەم، ل١٩٧-١٩٨، بەڵگەی ژمارە (٩٥)



ئەو دوو هێزەی لەگەڵ مەحموود پاشا و ئەمانوڵڵا بەگی وەکیلدا، کە هاتوونەتە ناو سلێمانییەوە. بۆیە دەکرێ لەم جیاوازییە، ئەم چەند ئەنجامگیرییە بکەین:

١- لە چەندین شەڕو هێرشی لەم جۆرەی دەیان ساڵی پێشووتری نێوان میرانی باباندا، کە میرانی بابان لێخراون و بۆگرتنەوە دەستی میرایەتی، بەلەشکری خۆیان، یان بەپشتیوانیی لەشکری عوسمانی و ئێرانەوە، هاتوونەتەوە ( قەڵاچوالان)و یان دواتر (سلێمانی)یان گرتۆتەوە... کەچی لەم جارەدا، کە مەحموود پاشا لەکارخراوە و بۆگێڕانەوەی، لەشکری ئەردەڵان کۆکراوەتەوەو سازدراوە و زۆربەی ناوچە گرنگەکانی سلێمانیشیان گرتۆتەوە و کاربەدەستی خۆیانیان لێ داناون و تەنیا هەر (سلێمانی)ی مەڵبەندی میرنشینەکە ماوە، کە نەگیراوە و بۆ ئەویش خۆیان بۆ هەڵمەتی گرتنەوەی ئامادەکردووە، کە لەو کاتەدا لاوێکی کەم ئەزموونی وەک (عەبدوڵڵا پاشا)ی برا بچووکی ئەحمەد پاشای تێدایە؛ ئەگەر نامە نهێنی و ژێر بەژێرەکەی میرزا هیدایەتوڵڵای سەرۆک وەزیرانی میرنشینی ئەردەڵان نەبێت؛ چۆن عەبدوڵڵا پاشا پرکێشیی ئەوە دەکات، دژە هێرشێکی ئاوا غافڵگیرانە بکاتە سەر هۆردووەکەی (والی سنە)؟!

٢- عەبدوڵڵا پاشا بۆ هەڵنانی خۆی لای کاربەدەستانی عوسمانی، دەبێ شوێنە گومێی نامەکەی میرزا هیدایەتوڵڵا بکات. چونکە خۆ ناکرێت نرخی سەرکەوتنەکەی خۆی بەوە کەم بکاتەوە، کە بڵێ: بەپشتیوانیی و رێنوێنی و ئاماژەی میرزا هیدایەتوڵڵا، ئەم سەرکەوتنەم بەدەستهێناوە.

٣- بێگومان دوای تەواو بوونی شەڕ و هێرشەکە، سەرانی دەرباری قاجاری، لە رێگەی پیاوان و سیخوڕانی خۆیانەوە (بەتایبەتیش لە رێگەی ژنانی بنەماڵەی فرمانڕەوای ئەردەڵانەوە، کە خزمایەتی و سەروکاریان لەگەڵ دەربارد هەبوو)، حەقیقەتی کارەکەیان بۆ دەرکەوتووە و زانیویشیانە عەبدوڵڵا پاشا چۆن ئەم پرکێشییەی کردووە. بەڵام وەک ئەوەی ئێستر لای ئەوانیشەوە، کاتی ئەوە هاتبێ میرنشینی ئەردەڵان لەناوببرێت، بۆیە خیانەتەکەی هیدایەتوڵڵایان زۆربەلاوە گرنگ نەبووە و هیچ جۆرە پاکانەیەکیشیان لە رەزا قولیخان وەرنەگرتووە و لێی خۆش نەبوون.

٤- هەروەک دەرباری قاجار، دواتر حەقیقەتی هێرشەکەی عەبدوڵڵا پاشایان بۆ دەرکەوتووە؛ دەبێ سەرانی دەرباری عوسمانیش بەهەمان شێوە ئاگادار بووبێتنەوە. بەڵام وەک دیارە لای ئەوانیشەوە، لەناوبردنی میرنشینی بابان کاتی هاتووە... بۆیە لەم سەودایەی قاجاری و عوسمانیدا، کە باڵوێزانی ئینگلستان و رووسیا، کەوتبوونە نێوانیانەوە، هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، پێیان خۆش بووە، ئەم شەڕو

پشێوبی و ئاژاوانه، بکەنه بەهانه و هەردوو میرنشینه کوردییەکەی پێ لەناوبەرن...

بەم بۆنەیەوە، لەم ئەنجامگیرییەدا، گریمانی ئەوە دەکرێت کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەم لەشکرکێشیی و شەڕەی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان، نەخشەیەکی پێشتر ئامادەکراوی نێوان دەرباری قاجاری و عوسمانی بووبێ و میرزا هیدایەتوڵڵای سەرۆک وەزیرانی ئەردەڵان و عەبدوڵڵا پاشای بابانیش، هەر تەنیا دوو ئەکتەر و ئامێری سازکردنی ئەم شانۆنامەیە بووبن!. چونکە وەک پێشتر ئەوەمان زانی، کە ئەحمەد پاشای برای عەبدوڵڵا پاشای بابان، لەم کاتەدا بۆ بەغداد بانگکراوە و لەوێ دەستبەسەر دانراوە و ئەوەندەشی نەخایاندووە (هەر دوای ئەم شەڕە) بۆ سلێمانی هێنراوەتەوە و هەر بەهۆی عەبدوڵڵا پاشای برایشیەوە، میرنشینی بابان بۆ یەکجاریی لەناو براوە... کە بەهەموو ئەم کارانەش، هەر زەمینە خۆشکردن بوو، بۆ رێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم (١٨٤٧ز).

# بەشی پێنجەم

## میرنشینی سۆران

### محەمەد پاشا

### (١٧٨٨- ١٨٣٨ز)





درەوشانەوەی میرنشینی (سۆران) لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە جڵەوی میرایەتی کەوتۆتە دەست (میر محەمەد بەگ: میری گەورە، یان پاشای کۆرە). ئەو سەرچاوانەی لەسەر ساڵی هاتنە دنیا و مردنی ئەم میرەیان نووسیوە، جیاوازیی لە نێوانیاندایە. هەندێک پێیان وایە لە ساڵی ١٧٧٤ز، دا هاتۆتە دنیا و هەندێکی تریش پێیان وایە ساڵی ١٧٨٣ز[١]، هاتۆتە دنیا، بەڵام دکتۆر «ڕۆس»ی پزیشکی نشینگەیی بەریتانی لە بەغداد، کە خۆی لە ساڵی ١٨٣٣ز-دا سەردان و دیدەنی محەمەد پاشای کردووە، دەڵێ: تەمەنی محەمەد پاشا لەو کاتەدا «٤٥» ساڵ بووە.[٢] دیسان بۆ ساڵی لە دنیا دەرچوونیشی هەر جیاوازیی هەیە، کە هەندێک ساڵی ١٨٣٧ز، یان نووسیوە... کەچی لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی قاجاریدا، کە لە تەک ئەم بەڵگەنامانە دایە و ساڵی ١٨٣٨ز،ی پێوەیە، ئەوە نیشان دەدات کە لە ساڵی ناوبراودا، میری ڕەواندز، لە ژیاندا بێت... هەروەها مێژووی دروستبوونی میرنشینیەکەش هێشتا نادیار و نائاشکرایە[٣]. ڕەنگە ئەمەش لەبەرئەوە بێ کە هەڵکەوتی تۆپۆگرافی میرنشینەکە لە شوێنێکی چەپەک و تەریک و زۆزان و سەختدا بووە و لە هەمان کاتیشدا دەشێ تا دەرەنگانێک ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا نەبووبێ..

ئەوەی لە سەرەتاکانی ئەم میرنشینە لەبەر دەستدایە، ئەو بڕیارەی سوڵتان (سلێمانی قانوونی - ١٥٣٠ز- ١٥٦٦ز)یە، کە لە (١٥٣٤ز)دا لە دوای گرتنی شاری (بەغدا)و ڕێکخستنەوەی دەڤەرە تازە گیراوەکاندا، (عیزەدین)ی میری (سۆران)ی کوشت و کاروباری میرنشینی (سۆران)ی بەسنجاقی (هەولێر)ەوە لکاند و بە (حسێن بەگی داسنیّ)ی سپارد، کە میرێکی (یەزیدی) بوو... بەڵام میرێکی تری (سۆران)، بەناوی (میر سەیفەدین) هەڵکەوت و خێڵەکانی هەرێمەکەی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و کەوتە سەر کەڵکەڵەی سەندنەوەی دەسەڵاتی میرنشنیەکە لە (حسێن بەگی داسنیّ).

یەکەمین هەنگاوی (میر سەیفەدین) پەلاماردانی دەسەڵاتی (داسنیّ)یەکان بوو لە (قەڵای هەولێر)و دواییتر دەستی بەسەر ناوچەکەشدا گرت. ئەم کارەی (میر سەیفەدین) بووە مایەی نیگەرانی (بابیعالی) لە ئەستەمبوڵ و پێی وابوو دەبێ (حسێن بەگی داسنیّ)، بەری لێ بگیرێ. بۆیە کە (حسێن بەگ) نەیتوانی زەوتی میری (سۆران)

(١) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، لاپەڕە ٦٤.
(٢) رحلة فريزر الى بغداد، فی ١٨٣٤، لاپەڕە ١٨
(٣) مێژوونووسەکانی ئەردەڵان هەموویان لەسەر ئەوە یەکن کە: بارام بەگی کوڕی سورخاب بەگی ئەردەڵان، لەوکاتەدا کە بەفرمانی باوکی بۆتە حاکمی ڕەواندز، باپیری زنجیرەی بنەماڵەی میرانی سۆرانە و هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە میر محەمەدی میری ڕەواندز، نەوەی بارام بەگی کوڕی سورخاب بەگی ئەردەڵانە.

بکات، (حسێن بەگ)یان بانگکردەوە ئەستەمبۆڵ و لەوێ لە ناویان برد. میر سەیفەدین ماوەیەک بەو جۆرە سەربەخۆیی مەڵبەندی (سۆران)ی بەڕێوەبرد. لەم ماوەیەدا چەند جارێک هێزی عوسمانی هێرشیان بردە سەری؛ بەڵام چاریان نەکرد. تا لە دواییدا خۆی بۆ دەربڕینی پاکانە و بەئومێدی پێ ڕەوا بینینی خاکی باوک و باپیری، هانای بۆ ئاستانەی سوڵتان سلێمان برد، ئەویش هیچی بۆ نەهاتە دی و هەر لەوێ کوژرا... ئەوسا سوڵتان لەسەر تکای میری (ئامێدی)، میرایەتی (سۆران)یان بە (قولی بەگ) سپارد، کە یەکێک بوو لە سەرانی هەمان بنەماڵە. لەو کاتەشدا مەڵبەندی میرنشین لە (هەریر) بوو.

داروباری میرنشینی سۆران، دەیان ساڵ بەو جۆرە مایەوە، تا سەردەمی (ئۆغوز بەگ)؛ کە ناوچەی میرنشینەکەی بەسەر (٦) کوڕەکەیدا دابەش کردبوو، بەڵام لەناو ئەم (٦) کوڕەیدا (مستەفا بەگ) کوڕە گەورەی بوو، کە ناوچەکانی (ڕەواندز)و (ئاکۆیان)و (باڵەکان)ی پێ بڕابوو، بەڵام ساڵی ١٨٠٣ز، کە (ئۆغوز بەگ) مرد، کوڕەکانی لەسەر دەسەڵاتی زیاتری میرنشینەکە، لێیان بوو بەگرژی و ئاژاوە... ئەم دوژمنایەتییە گەیشتە رادەیەکی ئەوەندە ناخۆش؛ مستەفا بەگی برا گەورەیان، لە تاو بێزاریی، ساڵی ١٨١٣ز، وازی لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە هێنا و لە گوندی (ئاکۆیان) سەری خۆی کز کرد و بەگۆشەگیریی مایەوە، تا لە ساڵی ١٨٣٥ز، دا مرد... (محەمەد بەگ)، یان (میر محەمەد) کە دواتر بە:«پاشا کۆرە: کوێر» ناوبانگی دەرکرد، کوڕە گەورەی ئەم «مستەفا بەگ»ەیە.

میر محەمەد لە سەرەتادا لای زانای بەناوبانگ (مەلا یەحیای ئادەم) دەرسی ئایینی خوێندووە و دواتریش لە سەردەمی دەسەڵاتیدا، باوەڕی بەئایینی ئیسلام هەر پتەو بووە و ڕێز و پلە و پایەی باڵای بۆ خوێندەواران و مەلاکان و زانایانی ئایینی ناوچەکە داناوە... هەر لەسەر فتوای (مەلا یەحیای مزووری)ش چووە سەر ناوچەی یەزیدی نشینەکان و ڕەشەکوژی زۆر بێ بەزەییانەی لەگەڵدا کردن، کە ڕەنگە لەم شاڵاوەیدا تۆڵەی مێژینەیشی لە دڵدا کەڵەکە بووبێ؛ کە وەک پێشتر وتمان (حسێن بەگی داسنێ)ی، کە لە بنەچەدا «یەزیدی» بووە و ماوەیەک بەفرمانی سوڵتانی عوسمانی، دەسەڵاتی میرنشینەکەی لێ زەوت کردبوون...

میر محەمەد بەرلەوەی ببێتە (میر)، ماوەیەکیش سەرپەرشتی دۆڵی (هەرووتیان)ی کردووە و لە نزیکەوە و بەچاوی خۆی ململانێ و ناکۆکی و ئاژاوەی ناجوامێرانەی نێوان مام و خزمەکانی خۆی دیبوو... بۆیە کاتێ کە بووە «میر» و بارەگای بردە (ڕەواندز)، بەر لە هەموو شتێک کەوتە سەر بیری یەکخستنەوەی ریزەکانی ناوخۆی میرنشینەکە و لە سەرەتاوە مام و خزم و ئامۆزاکانی خۆی سەرکوت کردن و تێکڕای ئەوانەی سەرپێچیان



دەکرد، یان بەکوشتن لە ناوی بردن، یان بەتۆپزی سەری پێدانەواندن... بەم جۆرە دووبەرەکی و ململانێی لە ناو سەرانی میرنشینەکەی خۆیدا نەهێشت..

ئەوسا کەوتە قایمکردنی مەڵبەندی میرنشینەکەی ، کە لە (ڕەواندز) بوو. بۆ ئەمەش چەندین قەڵا و بورجی لە ناو شار و دەوروبەریدا دروست کرد و بەدەوری ئەمانیشدا شوورەیەکی قایمی بۆ پاراستنیان دامەزراند. دوای ئەمانەش بەرنامەی بووژانەوەی باری ئابووری قەڵەمڕەوەکەی ڕێکخست و باج و زەوییانەی بڕییەوە... لە سەرلەبەری میرنشینەکەیدا بایەخی بەئاسایش دا، تا ئاسایشی گونجاو، بۆ کاروباری بازرگانی و کاروانی و کشتوکاڵ دابین بکا. بۆ ئەمەش بەرپرس و دارۆغا و خەزێنەداری بۆ ڕێکخستنی جۆری بەڕێوەبەرایەتی و دام و دەزگاکانی میرنشینەکەی دیاری کرد..

دوای ئەمانە لەشکرێکی گەورەی لە سوارە و پیادەی خێڵەکانی هەرێمەکە پێکهێنا، کە شێوەی ڕێکخستنەوەی نوێی لەبەر چاوگرت و چەکی چاکتری بۆ دابین کردن و ریزەکانی ئەم لەشکرەیشی بەجۆرێک ڕێکخستەوە، کە پلەوپایەی تێدا دیاری و دەستنیشان کرد، بودجەی تایبەتیشی لە خەزێنەی میرنشینەکەی بۆ ئەم لەشکرە تەرخانکرد... جگەلەمانەش و بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئەم لەشکرە، میر محەمەد لە ساڵی ١٨١٧ز، بە دواوە، بۆ یەکەم جار لە ناو تێکڕای میرنشینەکانی کورددا کارگەی دروستکردنی چەکی هەمە جۆرەی وەک: خەنجەر، دەمانچە، تفەنگ، باروت و داڕشتنی لوولە تۆپی دامەزراند؛ کە بەسەدان لەم چەکانەی دروستکرد و هێشتا لە هەرێمی (سۆران)دا و بەتایبەتیش نموونەی لوولە تۆپەکانی لە شاری (ڕەواندز)دا هەر ماون... بەدەم ئەم کارانەشەوە، کاروباری ئاوەدانکردنەوەی قەڵەمڕەوەکەی بەرەو پێشتر برد و دەیان پردی لەسەر چەم و زێیەکانی سنووری میرنشینەکەی هەڵبەست و دەیان مزگەوتی لە شارۆچکە و گوندەکاندا دروستکرد... قەڵا و مەتەرێز و بنکەی قایمی جەنگیی لە شوێنە گرنگەکانی میرنشینەکەیدا دامەزراند.

دوای ئەم خۆقایمکردنانە، میر محەمەد لە ساڵی ١٨١٨ز، بەدواوە کەوتە سەر بیری فراوانترکردنی سنووری میرنشینی سۆران، کە تا پێش هاتنی (میر محەمەد)، بریتی بوو لە ناوچەی نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووک. ئەم سنوورەش لە لایەکەوە لەگەڵ میرنشینی «بابان» و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ میرنشینی «بادینان»دا، هاوسنوور بوو، کە ئەم سنووری قەڵەمڕەوە، بەپێی ئاڵوگۆڕی ڕووداوەکانی ناوچەکە و بەهێزیی و بێ هێزیی میرانی سۆرانەوە، جارجارە تەنگ و جارجارەش فراوان دەبۆوە... بەڵام (میر محەمەد) لە هەموو لایەکی میرنشینەکەیەوە کەوتە پەلهاوێشتن و هەنگاو هەڵگرتنی فراوانخوازیی... لەم ڕووەوە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە دەسەڵاتی (عوسمانی)، یان

(قـاجـاری)، هەندێ لە ناوچەکـانی بادینان و بابان و برێ جـێگەی لە ویلایەتەکـانی: بەغدا، مـووسڵ، دیاربەکر، وان، حەڵەبی لە دەسەڵاتداریێتی (عـوسمـانی)و برێ ناوچەی کـوردنشـینەکـانی «ئازەربایجـان» و (موکـریان)ی، لە دەسەڵاتداریێتی «قـاجـاری» داگـیر کرد... ئەم فراوانخوازییانەی «میر محەمەد»، کە لە رووی سیاسییەوە بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەنگاوی هەڵدەگرت و بایەخی بەدەسەڵاتی (عـوسمانی)و (قاجاری) نەدەدا. بووە هۆی ئەوەی فرمانڕەوایان و کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عـوسمانی، بیر لە هەڕەشە و مەترسیی فراوانبوونی میرنشینی سۆران بکەنەوە، بەتایبەتیش کە هەستیان کرد (میر محەمەد) کەوتۆتە پەیوەندی دروستکردن و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ (محەمەد عەلی پاشا)ی میسر و «ئیبراهیم پاشا»ی کوڕی، کە لەو سەردەمەدا هەردووکیان لە سوڵتانی عـوسمانی هەڵگەڕابوونەوە و ئیبراهیم پاشا لەشکرکێشی بۆ سەر (شام)و (ئەنادۆڵ)ی دەست پێکردبوو... بۆیە جموجۆڵی خێرا و چالاکانەی لەشکرکێشیی و سیاسی (میر محـەمـەد)، مـەترسی (بابیعـالی)و دەرباری (قـاجاری) زیاتر کرد و هەردووکـیـان ئەم کردەوانەیان بەهەڕەشە و مەترسیی بۆ سەرخۆیان دەزانی، کە لە راستیشدا ئەو بەرنامەیەی (میر محەمەد) بۆ داهاتوویەکی نزیکی میرنشینەکەی دارشتبوو، دەیتوانی ببێتە بنەما بۆ پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان، کە هەردوو دەوڵەتی عـوسمانی و قاجاری بخاتە مەترسییەوە... چونکە بە گوێرەی ئەو ئامارەی مێژوونووسان بۆ ژمارەی لەشکرەکەی (محەمەد پاشای رەواندز)ی دادەنێن، ژمارەکەی لە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار کەس پتر بووە...

بۆیە «محەمەد رەشید پاشا»ی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی بەلەشکرێکی گەورەی پتر لە (١١٠,٠٠٠) سەد و دە هەزار کەسەوە، کە هەشتا هەزاری پیادە و سی (٣٠) هەزار سوارەوە، رووەو ناوچەکانی میرنشینی «رەواندز» بەرێ کەوت.

لە قـۆڵی لای قـاجـاریشـەوە: شازادە قـارەمـان مـیرزا-ی حوکـمـڕانی ئازەربایجـان و «محـەمـەد خانی زەنگەنە ئەمیر نیزام» بۆ سنووری لاجان هاتن، کە ئەمـانیش بە هەردوو هێزەکەیانەوە نزیکەی بیست هەزار کەسیان لەگەڵ بوون.

«میر محـەمـەد» کە ئاگاداری ئەم هەمـوو لەشکرکێشییە بوو، بۆ بەرگری کەوتە خۆ. بەڵام لەم سـەروبەندەدا «مـحـەمـەد باس»ی سـەرداری گـشـتی لەشکری مـیـرنشـینـی «رەواندز»، لە بنەوە لەگەڵ «رەشید پاشای سەرۆک وەزیران» رێک کەوتبوو، لەبەرئەوە «میر محەمەد» هەرچەند لەشکری خۆی بۆ شەڕ هان دا، کەس وەڵامی نەدایەوە... ناچار «میر محەمەد» ملی بۆ فرمانی «رەشید پاشا» دانەواند و رەشید پاشاش دەستی بەسەر خەزێنە و سامان و دارایی میر محەمەددا گرت و لەشکرەکەی میرنشینی سۆران بڵاوەی لێکرد.



میر محەمەد لەگەڵ ئەو هەمـوو سامانە بۆ ئەستەمبوڵ برا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەویان سپاردە حاکمێکی عوسمانی و «رەسووڵ پاشا»ی برای میر محەمەدیش کە داوای پەنای لە دەوڵەتی عوسمانی کردبوو، بە ماڵ و منداڵەوە لە شاری بەغداد نیشتەجێ کرا.

میر محەمەد، لەسەر فرمانی سوڵتانی عوسمانی، نزیکەی دوو ساڵ بە مووچە و بەراتەوە لە ئەستەمبوڵ راگیرا و دوایی داوای لێبووردنی لە سوڵتان کرد و ئەویش جبەیەکی ئاڵتوون درووی پێ خەڵات کرد و بۆ ناوچەکەی خۆی گێڕایەوە...

بەڵام یارانی «عەلی رەزا»ی والی ئەو سەردەمەی بەغدا، ئەم هەواڵەیان بە «عەلی رەزا» گەیاند، کە ئەویش لە دەمێکەوە رقێکی خەستی لە «میر محەمەد» بوو. بۆیە بەبیستنی هەواڵەکە پەژارە و بێزار بوو... گورج نامەیەکی بەپەلەی بۆ «رەشید پاشا»ی سەدری ئەعزەم و کاربەدەستانی عوسمانی نووسی و پێی راگەیاندبوون کە هەر دوای گەیشتنەوەی «میر محەمەد»، من لەسەر کاروباری عێراق لابەرن، چونکە ئەگەر جاری پێشوو پێویست بوو خودی سەدری ئەعزەم بکرێتە بەرپرسی سەرکوتکردنی «میر محەمەد»، ئەمجارە مەگەر جەنابی سوڵتان خۆی، ئاگری ئەم فیتنەیە بکوژێنێتەوە...

کە ئەم نامەیەیان گەیاندە سوڵتان، سوڵتان وتی: عەلی رەزا لە کۆنەوە قینی لە «میر محەمەد»ە و قسەکانی عەلی رەزا، لەم بارەیەوە جێی پشت پێبەستن نین. سەدری ئەعزەم داکۆکی لە عەلی رەزا کرد و لە سوڵتانی گەیاند کە عەلی رەزا پیاوێکی گەورەیە و والی عێراقە و میرنشینەکەی «میر محەمەد» دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتەکەی ئەوەوە، لەبەرئەوە ئەگەر «میر محەمەد» رێزی لێ نەگرێ و سەری بۆ دانەنەوێنی، بێگومان زنجیرەی رێکخستنی ئەیالەتی عێراق تێکدەچێ... بۆیە ئێستا وا باشە بەرلەوەی (میر محەمەد) بچێتەوە شوێنی خۆی، بچێتە بەغدا و پۆزش بۆ عەلی رەزا بێنێتەوە و ئاشت بێنەوە.

سوڵتان ئەم پێشنیارەی پەسەندکرد و فرمانی کرد نامەیەک بۆ «میر محەمەد بنووسن، کە هێشتا بەرەو میرنشینەکەی بەڕێوە بوو، تا تەواوکردنی کاری میرنشینەکەی خۆی، لە «عەلی رەزا» بخوازێ...

کە ئەم فرمانەی سوڵتانیان بە «میر محەمەد» گەیاند، وتی: بەرلەوەش بچمە خزمەت سوڵتان، رێگەم بەخۆم نەدەدا، خۆم بەبچووکی وەزیری «والی» بەغدا بزانم، ئێستا ئیتر دوای ئەوەی چوومەتە دیدەنی سوڵتان و دەسەڵاتم دراوەتە دەست ببمەوە بەمیری سۆران، چۆن ئەو عەیبە دێنمە سەر شانم!؟

وەڵامی سوڵتانیشی هەر بەم جۆرە دایەوە دەست تەتەرەکە... سوڵتان نامەکەی گەیشتێ و هەمدیسان فرمانی دەرکرد نامەی تری بۆ بنووسن و بڵێن: وەلی نیعمەتی تۆ

تكات لیّدەكات تا پیّش گەیشتنەوەی بەولاّتی خۆی، بچیّتە سەردانی «عەلی رەزا» و پاشان بۆ ولاّتی خۆی بگەڕیّتەوە...

كە نامەی دووەمیان نووسییەوە، لە بنەوەش فرمان بەكاربەدەستانی سەر ریّگا درا، لە هەر شویّنیّ نامەی سولّتان بگاتە دەستی «میر محەمەد» و لەسەر بیروڕای خۆی مابیّتەوە، هەر لەو شارە رایبگرن، تا فرمانی ترتان پیّدەگاتەوە.

بەكورتی تەتەر بەپەلە كەوتە ریّ، لە شاری «سیواس» گەیشتە «میری رەواندز»، فرمانی سولّتانی پیّگەیاند. میر محەمەد پیّی وتنەوە كە لەسەر قسەی پیّشوو هەر ماوە و نایەویّ بچیّتە كن (عەلی رەزا) و بەهیچی نازانیّ... و هەر بەهەمان ناوەڕۆكیش نامەی تازەی بۆ سولّتان ناردەوە...

كە نامەكەی لە لایەن كاربەدەستانی دەربارەوە بە سولّتان گەیەندرا، سولّتان فرمانی بەسەدری ئەعزەم كرد: دەستبەجیّ «میر محەمەد» لە جەوالّیّك بدرویّ و بیخەنە زەریاوە...

هەر ئەو رۆژە تەتەر كەوتە ریّ و دوای سیّ رۆژ گەیشتە «سیواس» نامەی سولّتانی بەحاكمی سیواس گەیاند. هەر ئەو شەوە هەڵمەتیان بردە سەر «میر محەمەد» و زنجیریان كرد و لە جەوالّیّكیان كرد و سەریان دروو و خستیانە ئاوەوە...

بەلاّم لە گەرمەی چالاكی و لەشكركیّشیی فراوانخوازیی «میر محەمەد»دا، سەرانی قاجاری و عوسمانی و جارجارەش دەولّەتی بەریتانیا (بۆ ناوبژی)، نامەیان بۆ یەكتری نووسیوە و بەئاشكرا ئاماژە بۆ مەترسی چاوەنوارِكراوی «میر محەمەد» دەكەن و هەردووكیان داوای هاوكاری و كاری هاوبەش لە یەكتر دەكەن، تا «میر محەمەد» و جوولاّنەوەكەی لەناوبەرن... تەنانەت «عەبباس میرزا» نایب سەلّتەنەی ئیّران، بەمانەشەوە ناوەستیّت، بەلّكو وەك لەم چەند بەلّگەنامەیەی خوارەوەدا دەردەكەویّ، پەنا و هاواری بۆ بەر كۆنسۆلّی ئینگلیز بردووە.

سەرنج:

بۆ نووسینی ئەم پیّشەكییە، كەلّك لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- میّژووی میرانی سۆران، نووسینی حوسیّن حوزنی، جلّدی دووەم، هەولیّر ١٩٦٣ز.

٢- میّژووی كورد و كوردستان، نووسینی: محەمەد ئەمین زەكی ، جلّدی ٣، ل٤٠١، ٤٠٤ .

٣- شۆڕشەكانی كورد و كورد و كۆماری عیّراق، عەلائەدین سەجادی، چاپی یەكەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩.



٤- كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، نووسینی دوكتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگیّرانی بۆ كوردی : دوكتۆر كاوس قەفتان

٥- كورد و عەجەم، نووسینی: سالّح محەمەد ئەمین، چاپخانەی هەولیّر، چاپی یەكەم ١٩٩٣ز ، ل ١١٩- ١٣٧.

٦- سیر الاكراد، یا: تاریخ و جغرافیای كردستان، تالیف: عبدالقادر بن رستم بابانی، باهتمام: محمد رئوف توكلی چاپخانه ارژنك، چاپ اول، تهران = ١٣٦٦ خورشیدی.

٧- رحلة فريز الى بغداد في ١٨٣٤، جيمس بيلي فريزر، نقلها الى العربية جعفر الخياط، الطبعة الأولى، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٤.

***

بەڵگەنامەی : ژمارە ٥٩

بابەت: کێشەی سەر سنوور

مێژووی:١٢٤٥ هیجری- ١٨٢٩ زایین

سەرچاوە: أسناد و مکاتبات تأریخی ایران «قاجاریە»

بەرگی دووەم. لاپەڕە ١٢٧

کێشەی: میری ڕەواندز

## نامەی محەمەد خانی زەنگەنە ئەمیر نیزام[١]
## بۆ: محەمەد ڕەشید پاشا[٢]

هەمیشە بوونتان سەروەریی پەروەر، جەنابی بەشان و شکۆ، لە خانەدانیدا باڵا و لە مەزنایەتیدا بەهرەوەر، لە ئازایەتی و سەربڵندیدا بەشدار، باوان هێژا و نەترس ڕەنگرێژی یاسا و کار، شیرینکاری دەرەتانی جەماوەر، شکۆدار و بەختەوەر و بەرز ڕەفتار، کارسازی خاوەن تەگبیر، ڕاوێژکاری رووناکبیر، وەزیری چارە پیرۆز، بەخشندە بۆ دۆستان، گەورەی دڵنەوازی خۆشەویستان، بەشدار بێ لە هەموو نیعمەتێکی جیهان، پارێزراو بێ لە فێڵی ڕۆژگاران.

دوای دەربڕینی ئادابی تاسە، لەسەر بەرگی یەکدڵیدا دەنووسێ، کە لە سایەی خواوە پێوەندی دۆستایەتی و یەکێتی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی بناغە پتەودا، لە هەموو بارێکەوە تەواوە، بنچینەی یەکڕوویی و ئاشتی لە هەموو سەرێکەوە دانراوە... بۆ ئەم نیعمەتە گەورە و بەخششە مەزنەش، سوپاسی سەرۆکانی هەردوو دەوڵەت و گەورە پیاوانی هەردوو لا، لە هەموو کاتێکا لەسەرمان پێویستە.

بەگوێرەی ئەو یەکێتییەی لە نێوان هەردوو حەزرەتدایە و بەپێی ئەو سۆز و

١- میرزا محەمەد خانی زەنگەنە «ئەمیر نیزام-؟ - ١٨٤١ز» لە پیاوە ناسراوە دەسەڵاتدارەکانی دەرباری قاجاری بوو، (عەلی خان)ی باوکیشی لە سەردەمی (فەتح عەلی شا)دا، یەکێ لە پیاوە ناسراوەکانی دەربار بوو. کاتێ (گریبایدۆف)ی سەفیری رووسی لە تاران کوژرا (١٨٣٨ز)، (عەبباس میرزا) لەبەر لێهاتوویی. محەمەد خانی بەپێشکاری (خەسرەو میرزا)ی کوڕی، بۆ عوزرخوایی نارده (پەتروس بورگ) لەوێ دیدەنی (نێکۆلای یەکەم)ی ئیمپراتۆری رووسی کرد. لەو ئەرکەدا پێی سپێردرا بوو، بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە. لە پاش کوژرانی (میرزا قاسم قائمقام، ١٨٣٥ز) زۆر کەس پێیان وابوو (محەمەد خان) دەکرێتە سەرەک وەزیران، بەڵام (شا) بەناونیشانی (پێشکاری قەهرەمان میرزا)، بۆ (ئازەربایجان)ی نارد.

٢- محەمەد ڕەشید پاشا: لە ٢٢ی ڕەجەبی ١٢٤٤ کۆچی ، ١٨٢٩/١/٢٨ز، تا ٢٠ ڕەمەزانی ١٢٤٨ کۆچی، ١٨ شوباتی ١٨٣٣ ز، بۆ ماوەی چوار ساڵ و بیست و یەک ڕۆژ، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بووە.



خۆشەویستییەی لە نێواندایە، دۆستدار بەپێویستی دەزانێ، ئەو جەنابە، کە بەحوکمی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێکخستنەوەی کاروباری ویلایەتەکانی کوردستانی پێ سپێردراوە، ئاگادر و لە ڕووداوەکان شارەزا بکات. ئەو جەنابە خۆی دەزانێ کە محەمەد بەگ (میر محەمەد) لە تابیعانی پاشایانی بابان و هەر تەنیا پیاوێکی کوێخا ڕەوشت بووە و هیچ جۆرە ناوبانگێکی نەبووە، بەڵام بەهۆی رقەبەریی نێوان پاشایانی بابانەوە، هەلی دەست کەوت و یاخی بووە... ژمارەیەکی زۆریشی لە خۆی کۆکردۆتەوە، «کۆیە و پردی سوور و هەولێر» و بڕێک لە ناوچەکانی (هەریر و شارەزوور)و ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی «لاجان»ی[٣] موکری داگیر کردووە... بەو هۆیەشەوە کە کەس پێشی پێنەگرتووە، وردە وردە ناوبانگی دەرکردو بە فێڵ و تەڵەکە و زۆرزانیی، چۆتە سەر «ئامێدی»و[٤] داگیری کردووە. سێ ساڵ لەمەو بەریش، کە دۆستدار لە ئازەربایجاندا نەبوو، بە حوکمی خاقانی بەهەشتیی، لە سەفەری (عێراق: عێراقی عەجەم)دا بوو؛ هێرشی کردە سەر «ساوجبڵاغ»ی[٥] موکری و زیانێکی بێئەندازەی پێگەیاند... ناوچەی (سەردەشت)[٦]یشی داگیر کرد... دوای گەڕانەوە لە عێراق، لەشکرێکی بۆ تەمێکردنی دیاری کرد، کۆمەڵەکەی ئەوی بەشەڕ و شۆڕ لەو مەڵبەندە دەرپەڕاند و چوونە ناو شوێنە داگیرکراوەکانی ئەوەوە، قەڵای بەناوبانگی (دەربەند)و چەند قەڵایەکی تریشیان وێران و کاول کرد. بڕیاریشی وابوو کارەکەی بنەبڕ بکرێ، بەڵام سەرما و سۆڵەی سەخت و چەند ڕووداوێکی تر، کە لەو ساڵەدا ڕوویان دا، پەکی کارەکەی خست... لەشکری ڕاسپێردراو، بەفرمان و ئیشارەی دۆستدار گەڕانەوە.

ساڵی پاریش کە دۆستدار ماوەیەک لە عێراق هاوڕکێفی شاهەنشاهی جەم جادا بوو «گیانمان بەقوربانی بێت» حەوت هەشت هەزار کەسی ناردە سەر ناوچەی «مەرگەوەڕ»[٧] و نزیکەی (٤٠) هەزار تمەن ماڵی تاڵانکردووە و (٤٠٠) کەسی لە ژن و پیاوی بەڕێزی موسڵمانان کوشتووە. چەند کەسی «ئایرملو»ش کە لە ئاوارەکانی «ئیرەوان»ن و دانیشتووی «مەرگەوەڕ»ن، بۆ «ڕەواندز»ی[٨] بردوون، لەوێ ئەسیرن و لە ئازار دان.

٣- لاجان: ناوی دێهاتگەلێکی سەر بەناوچەی (مەهاباد)ە.

٤- ئامێدی: دەکەوێتە (٨٠) کیلۆمەتری باکووری مووسڵەوە، عیمادەدینی زەنگی دروستی کردووە، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی (ئەتا بەگی) بووە.

٥- ساوجبڵاغ: ناوی پێشووی (مەهاباد) بووە.

٦- سەردەشت: دەکەوێتە خوارووی مەهاباد-ەوە.

٧- مەرگەوەڕ: لە گوندەکانی ناوچەی (سلێڤانە)یە. کە سەر بەپارێزگەی (ورمێ) و لەسەر سنووری ئێران و عێراق و تورکیایە.

٨- ڕەواندز: دەکەوێتە (١٣٥) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی مووسڵ-ەوە.

هەندێک لە ژن و منداڵی ئەوانەیشی کوشتووە، کە ئێستا لە هاوئاوزەنگی پیرۆزدان. کە ئەم هەواڵانە عەرزی شاهەنشاهی ئیسلام پەنا کرا، یەکجار تووڕە و دڵتەنگ بوون، ئاگری رق و تووڕەیی لە کوانووی ویژدانی موبارەکیانەوە بڵێسەی سەند، سەرکوتکردن و سزای ئەو کارانەی کردوویەتی. خوێنخوایی موسڵمانانی بەئەستۆی دۆستدار سپاردووە.

دوای گەیشتنە ئازەربایجان، نەدەکرا بەو خێراییە دەم و دەست ئەنجامدانی ئەم کارە، تێکەڵی کارگەلێکی تر بکرێت... ئێستا کە ئەو کارانە جێبەجێ کراون و پشوویەکمان داوە، دەرفەتی هەموو کارێک و چوون بۆ هەموو شوێنێکمان لە دەسەڵاتدایە... هەموو کەرەسە و پێویستییەک لە ژێر چاودێری خاوەن شکۆ «سێبەری یەزدان، خوا دەست بەگەورەییەوە بگرێت»، ئامادە و لەبەردەستدایە. دۆستدار بۆ رێکخستنەوەی کاروبارەکان بەرەو سنوورەکانی ئازەربایجان دەچێ... ئەو ئەرکەشی پێم سپێردراوە و پێویستە.

خوا یار بێ و بە یارمەتیی و خواستی ئەو «کە ناوی خۆشەویست و پیرۆزە» بریتییە لە تێکدانی بناغەی شەڕ و خراپەی ئەو و چاری کردەوەکانی و لاوازکردن و لە ناوبردنی خائینی دین و دەوڵەتیش، لەسەر نۆکەرانی هەردوو دەوڵەت پێویستە... ئەو بەڕێزە کە ئەم فرمانەی پێ سپێردراوە و لەو قۆڵەوە تەشریفی هێناوە، دۆستداریش لەم قۆڵەوە هەنگاو بنێ، تا بە هاوکاریی یەکتر ئەم هۆی خراپەکارییە بەتەواوی بنەبڕ بکرێ... لێرەش بەدواوە، ناوی ئەم کابرایە، لە ناو ناوانی ئەم دوو دەوڵەتەدا نەبرێ و هاووڵاتیانی هەردوو دەوڵەتیش، لە زیان و بەدکارییەکانی ئاسوودە و دڵنیا بن.

هەرکاتێ ئەو بەڕێزە ناردنی قشوونی لەم لایەوە، بەقازانجی دەوڵەتی مەزن نەزانی و خۆیان بەتەنیا کەوتنە لەناوبردنی، بەگوێرەی یەکێتی نێوان هەردوو دەوڵەت، دەبێ دۆستدار لەم چەند لایەنەوە دڵنیا بکرێ:

یەکەم: بە لە ناوبردن و لە ریشە دەرهێنانی یەکجارەکی ئەو (میر محمد).

دووەم: لە پاراستنی هێمنایەتی سەر سنوورەکان، کە لەمەودوا رووداوی وا نەقەومێ و دەستدرێژیی بۆ ژێردەستانی دەوڵەتی پایەبەرز نەکرێت.

سێیەم: لە گەیشتنی (٤) هەزار تمەنی خوێنی موسڵمانان.

چوارەم: لە رزگارکردنی ئەو گیراوانەی وا ئێستا لە «رەواندز»ن

پێنجەم: بڕینی دەستی داگیرکاریی ئەو «میر محەمەد». لە ئاواییەکانی «لاجان»ی موکری و شوێنەکانی تر... بەڵگەی مۆرکراو و باوەڕپێکراوی دەوڵەتییمان بدەنێ کە هەر پێنج مەسەلەی باسکراویان تێدا بێ و لە لایەن هەردوو دەوڵەتی بەرزەوە بەدەست



دۆستدارەوە بێت و نەبێتە جێگەی قسەوباس و رەخنە... بەهەر جۆرێکیش ئەو بەڕێزە بەچاکی دەزانێ. جەنابی بەڕێزی لە جوامێری بەهرەدار، لە مەزنایەتیدا بەشدار، پەیکی ئازیزی بەڕێزی دەوڵەتی خاوەن شکۆی عوسمانی؛ تەشریفی بۆ: دار السلطنە لە «تەورێز» هێنابوو. چەند جارێک وتوویژمان کرد. لە خێرخوازیی و چارەزانی و خزمەتگوزارییان بەهەردوو دەوڵەتی پایەدار، یەکجار زۆر بەهرەوەر و شاد بوو، تاکو ئێستاش سەفیرێکی وا رەوشت بەرز و رێکوپێک بۆ دەسەڵاتی ئێران رەوانە نەکراوە. بەم بۆنەیەوە لەسەر ئەو مەبەستە قسەوباسی فراوان کرا. ئەم نامە خۆشەویست ئامێزەش بەئاگاداری ئەوان نووسراوە. بەپەرۆشەوە داخوازی ئەوەم، ئەم کارە بەدڵی هەردوولا تەواو بێت و سەربگرێت. ئەوی راستی بێت خزمەتێکە بەهەردوو دەوڵەت و تێکۆشان لە پێناویدا، لە لایەن سەرانی هەردوو لا، پەسەند و رێز لێگیراوە، داهاتووی چاک و سەلامەتیتان.

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥١

بابەت: کێشەی میری رەواندز

مێژووی: ربیع الثانی ١٢٤٨ کۆچی

(ئاب/ ئەیلوولی ١٨٣٢ز)

سەرچاوە: أسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلیس و روس و عثمانی

بەرگی دووەم:

لاپەڕە: ١٤٣- ١٤٤

## نامەی: کامبل/ باڵوێزی ئینگلیز، لای دەرباری قاجار بۆ: محەمەد خانی زەنگەنە ئەمیر نیزام

*... لەم ماوەیەدا کە ئەمیر فەرەیدوون میرزا بەنیازی تەمێکردنی میری رەواندز بەرەو (مەراغە) و (سلدوز) جووڵاوە. سەبارەت بەیەکێتی هەردوو دەوڵەتی مەزن، بەرژەوندیی ئەو دڵسۆزە لەوە دایە: هەرکاتێ ئەمیری ناوبراو، لەگەڵ خودی ئەو جەنابە، بەمەبەستی تەمێکردنی میری رەواندز بزووتن، دوای ئەوەی کە تەمێی کرد و سزای دا و خۆی و لەشکرەکەی لە خاکی ئازەربایجان و ئەو شوێنانە دەرکرد و راونا... ئیتر سوپای سەرکەوتوو، لە خاکی دەوڵەتی مەزنی ئێران، زیاتر تێنەپەڕێ و زیادەڕەویی بەڕەوانەبینێ، چونکە ئەم دڵسۆزە بۆ باڵوێزی دەوڵەتی خۆی،*

لە ئەستەمبۆڵ نووسیوە کە درێژایی ئەم جووڵانە ناڵەبارەی «میر»، عەرزی سوڵتان بکات، تا فرمانی رێگرتن لە جووڵانەوەی ناڵەباری (میر) دەربکات. هەر کاتێکیش ئەم مەسەلانە، بەگوێی شەریفی گەیشت و دوای ئەوەش هەر رێیان لێنەگرت و تەمێیان نەفەرموو، ئەوسا ئیتر بیانووی قسە و گلەیی و گازندە، لەم دەوڵەتە نامێنێ، کە دیارە ئەگەریش ئەمیری بەرز تەشریفیان بردووە، پاش خوێندنەوەی نامەکە، بەلێدوانێکی خۆتانەوە، بۆ ئەوی بنێرن.

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥٣

بابەت: کێشەی میری رەواندز

مێژووی: ١٢٤٨هیجری، ١٨٣٢ز

سەرچاوە: اسناد رسمی روابط سیاسی ایران با انگلیس و روس و عثمانی بەرگی دووەم. لاپەڕە ١٤٥-١٤٦

## نامەی محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام) بۆ: کامبل/ باڵوێزی ئینگلیز، لای دەرباری قاجار

*... نامە دۆست ئامێزانەکەی ئەو پایەبەرز و دۆستە بەخشندەیە گەیشت و لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئاگاداربووم.*

*بەو جۆرەی سەبارەت کاروباری رەواندز-ەوە نووسیبووتان و دەرتان خستبوو کە لەشکر «مەبەستی لەشکری ئێرانە» نەچێتە ناوخاکی رەواندزەوە، نەوەک ببێتە مایەی باسکردنی لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانییەوە.*

*لە راستیدا کاری محەمەد «بەگی رەواندز» بەجۆرێکە کە ناوبراو چەند ساڵێکە رووی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگێڕاوە. لە سەردەمی (داود پاشا)شدا، لە دارولسەلامی بەغداد، بەتۆپزی و بەپێچەوانەی رای ئەوەوە، (پردی سوور)، کە مەڵبەندێکی گەورەیە، لەگەڵ ئاژاوەیەک روویدا، ئەو بەهەلی زانی و هێزەکەی خۆی نارد و (هەولێر)یشی گرت(*). هەروەها زۆربەی ناوچەکانی (ئامێدی)و ئەو شوێنانەی زەوتکردووە، بەوپەڕی*

(*) مەبەستی رووداوی ناو بەڵگەنامەی ژمارە (١)ی بەڵگەنامەکانی ئەم بەشەیە، کە دەکەوێتە کۆتایی ئەم بەشەوە.



*پێچەوانەی داب و نەریتەوە لەگەڵ جەنابی ئاکاری نواندووە و بێ حورمەتی بەرامبەر دەوڵەتەکەی خۆی کردووە... لەم رۆژانەشدا وای زانیوە هەرێمی ئازەربایجان، لەشکری جەربەزەی نیزام و تۆپخانەی تێدانییە، هێزێکی (٣) هەزار کەسی ناردۆتە سەر (سەردەشت). (مووسا خان)ی حاکمی ئەوێ؛ لەبەر بێ هێزیی نەیتوانیوە بەرهەڵستی بکات. قەڵاکەی ئەوێی گرتووە... هەرکە ئەم هەواڵە گەیشت، ئەمیرزادەی هێژا، (٣) فەوجی ئەفشار و هێزێکی تری (موکری)؛ کە (٣) هەزار کەس دەبوون، بۆ تەمێکردنیان نارد.*

*دیسان پێشتریش بۆ (ئاسەف دەولە)م نووسیبوو... پاش گەیشتنی لەشکری سەرکەوتوو و تۆپخانەی پیرۆز بەوێ، یەکەم جار هەڵیان کوتایە سەر خێڵە کوردەکانی (بلباس)و (پیران)، کە لە خێڵە گەورەکانی ئەو بوون، تالانیان کردن. دوای ئەوە چوونە سەر قەڵای (سەردەشت). ماوەی (١٠) رۆژ قەڵاکەیان گەمارۆدا و تۆپ بارانیان کرد. شەوی (١١)هەم هەڵمەتیان کردە سەری و داگیریان کرد. هەندێ لەوانەی رەواندز، کوژران و هەندێکیان گیران و هەندێکی تریشیان هەڵاتن. دوای ئەوەش پایەبەرزی نزیکی حەزرەتی باڵا: محەمەد خانی سەرتیپ، بەو هێزە و سەربازانی (خۆی)یی و دوو دەستە لە فەوجی بەهادوران و سەربازانی قەراداخی و سوارەی کورد و هی تر، بە(٨) عەڕادە تۆپ و گوللەتۆپەوە نێردرانە سەر رەواندز. لەولاشەوە وەزیری بەغدایی، سێ چوار عەڕادە تۆپ و (٢) هەزار کەس لە زابیتە و هی تری، بەسەرکردایەتی (سلێمان پاشا) ناردۆتە سەری، بۆ ئەوەی ناوبراو تەمێ بکەن. ئەگەر ئەمیر زادەی مەزن، ئەو (میر محەمەد)یان بەنەیار و یاخی لە دەوڵەتی عوسمانی، نەزانیبایە، لەشکریان بۆ ناو خاکی رۆم نەدەفەرموو. بەڵام ئەم کابرا چەوتە، لە هەردوو دەوڵەت هەڵگەڕاوەتەوە... ئەوەش کە ئێوە بۆ باڵیۆزی خۆتان لە (ئەستەمووڵ) نووسیوە، کە قسە لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی بکەن؛ کارێکی زۆر باشتان کردووە. بەڵام ئەگەر لەم ماوەیەدا کارگوزارانی حەزرەتی وەلی نیعمەتمان، کردەوەکانی ئەو (میر محەمەد)یان پشت گوێ بخستبایە؛ سبەینێ کە (ئەو) لەولاوە بیپەڕژایە پڕکێشییەکی لەناوبردنی دەویست. بۆیە لەم رووەوە، باشتر وابوو کە لەم کاتەدا چاری کرا...*

***

بابەت: کێشەی میری ڕەواندز
مێژووی: مانگی شەوالی ١٢٤٨ هیجری
(شوبات/ئازار ١٨٣٣ز)
سەرچاوە: منشآت قائم مقام فراهانی
لاپەڕە: ٨٩

## نامەی عەبباس میرزا
## بۆ: محەمەدخانی زەنگەنە ئەمیر نیزام

*... نووسراوەکانی محەمەد ساڵح بەگی تەتەر، هێنابوونی گەیشتن، لە هەواڵەکانی کوردستان ئاگاداربووین. تەگبیری باشی ئەو پایەبەرزە و زەبری شمشێری سەرتیپ، بۆ هەموو دنیا ئاشکرایە و ناشاردرێتەوە. بەڵام بڕینی دەست؛ بەڵکو ملی (میر) وەختێ دەبێ، خوایاربێ، (کۆیە) بەدەست بێت، یان (ڕەواندز) بگیرێ...*

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢٥
بابەت: تەمێکردنی میری ڕەواندز
مێژووی: ١٢٥٠ هیجری، ١٨٣٤، ز
سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی
بەرگی یەکەم/ لاپەڕە٥٢٩-٥٣٠

## نامەی وەزیری موختاری ئینگلیز
## بۆ: میرزا مەسعوود خانی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران

**دۆستی هێژا:**

*لای ئەو جەنابە ئاشکرایە، کە کاربەدەستانی دەوڵەتی مەزنی ئینگلیز زۆر بەپەرۆشەوەن ئەو کاروبارانەی پێوەندییان بەسنوورەکانی ئێران و ڕۆمەوە هەبێ، بەیەکگرتوویی و تەبایی چارەبکرێن و هەرکاتێ لەشکرکێشی بۆ تەمێکردنی خراپەکار و ڕێگر، پێویست بێ،*



*کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەت، بۆ لەناوبردنی ئەو خراپەیە، پێکەوە ڕێک بکەون. قیبلەی عالەم (مەبەستی شای ئێرانە)، لە ڕووی زانایی و ئاگاییەوە بەم جۆرە فەرمانی بە ئەمیر نیزام و کاربەدەستانی دەوڵەتی بەدەسەڵات داوە، جەنابی ئەمیر نیزام-یش بەگوێرەی فەرمانی قیبلەی عالەم، لەم بارەیەوە نامەی بۆ جەنابی ڕەشید پاشا و سەرلەشکری ئەرزەڕۆم و پاشای بەغداد ناردووە؛ تا پێکەوە تیپە جەربەزەکانی هەردوو دەوڵەت، (میری ڕەواندز) کە سەرکردەی خراپەکاران و ڕێگرانە و مەملەکەتی هەردوو پاشای بەتوانا و مەزنی کاول و شێواندووە؛ بەتەواوی لە ڕەگوڕیشە هەڵکێشرێ و لەسەر ڕووی زەوی نەیهێڵن.*

*بەگوێرەی هەواڵێک کە جێگری باڵیۆزی دەوڵەتی مەزنی ئینگلیز، لە ئەرزەڕۆم ناردوویەتی، جەنابی ڕەشید پاشا (ئامێدی)ی گرتووەو ئەو چارە ڕەشە (میر محەمەد) بە (٣٠٠) کەسەوە ڕووەو ڕەواندز رایکردووە. بەم زووانەش بەئاسانی لەناودەبرێ. پاش گەیشتنی ئەم هەواڵە، دۆستدار بەپێویستی دەزانێ خاوەنی پایە کاپیتان (شیل ساحێب) ڕەوانەی لەشکری (ڕەشید پاشا) بکا، بۆ (٣) مەبەست:*

*یەکەم: پیرۆزبایی گرتنی (ئامێدی) لە ڕەشید پاشا بکا.*

*دووەم: ئاگاداری کاروباری ئەو قۆڵە بێت.*

*سێیەم: لەبەرئەوەی خاوەن پایەی ناوبراو، لەگەڵ فەوجی (ورمێ) خەریکی تاراندنی ئەو زاڵمە بوو، ئاگادارە لەو تاڵان و کوشتارەی لە مەملەکەتی قیبلەی عالەمدا کردبووی؛ بۆ ئەوەی ڕەشید پاشا لەو شتانە ئاگادار بکا.*

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٥
بابەت: کێشەی تەمێکردنی میری ڕەواندز
مێژووی: ١٢٥٤هیجری، ١٨٣٨ز
سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی
بەرگی: یەکەم ، لاپەڕە ٢٦٢-٢٦٣

## ڕەشنووسی نامەی وەزیری دەرەوەی ئێران - میرزا مەسعوود خان
## بۆ: چاودێری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی ڕۆم

*لەم چەند ساڵەدا، چەندین جار لە لایەن (میری ڕەواندز)ەوە؛ کە لە کن دەوڵەتی پایەبەرزی خۆتانەوە، بەرەعیەتی یاخی ناوبانگی دەرچووە، دەستدرێژی کراوەتە سەر خاکی ئەم دەوڵەتە خاوەن دەسەڵاتە و زیانی گەورەیشی پێگەیاندووە... کاربەدەستانی دەوڵەتی هەمیشە نەمر و بەتوانای ئێمە، بەلەبەرچاوگرتنی پاراستنی هەرێمی دۆستانەی دوو لایەنە، لە تەمێکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەو یاخییە، کە لەو دەوڵەتە پایە باڵایەدا سەری هەڵداوە، دەستیان پاراستووە؛ تا بەهاری ئەمساڵ، بەهۆی پەرەسەندنی دەستدرێژی زۆرییەوە، بۆ سەر سنوورەکانی هەردوو لا، بووە هۆی زیادکردنی ئاڵوگۆڕکردنی کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەت... بۆیە لە هەردوو لاوە فەرمان دەرچوو، تا لەشکری سەرکەوتووی هەردوو دەوڵەت، ئەو یاخییە سەرکوت بکەن... دوای ئەوە لەشکری هەمیشە سەرکەوتوو، لەسەر سنووری ئازەربایجان، بەنیازی لەناوبردنی خراپەکاری، ئامادەی سەفەرکرا و پێوەندیش لە نێوان جەنابی هێژا و جوامێر، موقەرریب ئەلخاقان، فەرماندەی لەشکری سەرکەوتوو، لەگەڵ وەزیری نواب (وەلیعەهد)، کە خوا لە هەموو تەمەنیا بەختەوەر و پایەدارتری بکات و جەنابی پایەبەرز (حاجی ڕەشید پاشا) و سەرفەرماندەی لەشکری ئەرزەڕۆم و وەزیری بەغداد-یشدا سازدا، بۆ دەستەبەرکردنی مۆڵەت و دەرفەتی پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەش، پەیمان بەسترا... کەچی کاتێ سوپای ئەم دەوڵەتە مەزنە، شەڕ و بەرەنگاری ئەو یاخییە و لە ڕەگوریشە دەرهێنانی مایەی خراپەی لە ئەستۆی خۆی گرت، هیچ لایەک ڕازی نەبوو... بۆیە وا پێویست بوو کە دۆستدار، ڕاپۆرتی ئەم پەیمانە، بۆ ئامادەبوونی جەنابی سامی و تۆمارکردنی ڕابگەیەنێ، چونکە ئەم مەبەستە پێویستی بەدەرخستنی ئەوە هەیە کە هەردوو دەوڵەت، لە ئەستۆیانە، پاراستنی ڕەعیەت و مەملەکەتی خۆیان لە شەڕی یاخیگەران بپارێزن... لەبەرئەوە دەبێ سەرانی هەردوو دەوڵەتی مەزن، بۆ پارێزگاری لە کەلێنی خۆیان، لەشکرێک بۆ لەناوبردنی ئەو بەدە، بنێرنە سەر سنوور... بەڵام چونکە مەسروفاتی ئێمە، بەهۆی ڕەعیەتی ئەو دەوڵەتە پایەبەرزەوەیە، کە ڕێگریمان دەکات بۆ لەناوبردنی و بەگوێرەی یاسای گشتی دەوڵەتانیش، کە*



*لەسەر بناغەی داد و ئینساف دارێژراوە، لەسەر لێپرسراوانی ئەو دەوڵەتە پێویستە کە: یان ڕێگە بدات سوپای ئەم دەوڵەتە، خۆی ئەو یاخییە تەمێ بکات و هەقی ئەو زیانگەلەی لێ بسێنێتەوە، کە بۆتە هۆی، یان دەبێ چی مەسروفاتی ئەم سوپایەیە، کە لەو سنوورانە جێگیر بووە؛ بەئەستۆی بگرن... بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە دۆستایەتی نێوان هەردوو دەوڵەت لەوپەڕی پتەوی و تەباییدایە، چاوەڕوانی ئەوە لە جەنابتان دەکرێ، بۆ بەرژەوەندی یەکێتی و دۆستایەتی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەم ڕووەوە بەگوێرەی داد و ئینساف، وەڵام بدەنەوە. پایە باڵا و مەزن جێگا و سەروەر و شکۆپەنا، یاری خاوەن شکۆی هێژا، خودادخان، لەلایەن ئەم دەوڵەتە بەرزەشەوە ڕاسپێردرا، تا درێژەی ئەم باسانە، لەگەڵ جەنابی سامی دا، بەقسە و نامە گۆڕینەوە، لە ئەستۆ بگرێ و لە هەریەکێک لەو بابەتانەش، هەر گومان و دوودڵییەک شک برا، بەڕوونی و ئاشکرا، نەیشارێتەوە.*

هەروەها ئەم بەڵگەنامەیەش تایبەتە بەو پەلامار و هێرشە فراوانخوازییەی کە «میر محەمەد» لە ساڵی ١٨٢٣زدا، بەهەموو لایەکی میرنشینەکەیدا دەستی پێکردبوو. لەم هێرشانەی میری سۆراندا ، کە ڕۆژگاری لاوازی و شەڕی ناوخۆی میرانی بابانی بەدەرفەت زانیبوو، لای خۆرئاوای زێی بچووک، قەڵەمڕەوی بابانی هەموو گرت و دەسەڵاتی گەیشتە (قەمچوغە)و (سورداش) و لە (قەشقۆڵی) بنکەیەکی جەنگیی دامەزراند... لەبەری خۆرهەڵاتی میرنشینی سۆرانیشەوە، واتە: لە قۆڵی موکریانەوە، هێرش و پێشڕەویی زۆری کرد و(شنۆ) و (سەردەشت)ی گرت... دووریش نییە ئەم هێرشە فرانخوازییەی میر محەمەد، کاردانەوەی ڕێکەوتنننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم (١٨٢٣)ز، بێت. لەم بەڵگەنامەیەدا «عەباس میرزا» داوای هاوکاری لە (داود پاشا)ی والی بەغدا دەکات، بۆ سەرکوت و لەناوبردنی میری سۆران و لە هەمان کاتیشدا هەڕەشەی ئەوە لە داود پاشا دەکات، کە ئەگەر هاوکاری بۆ لەناوبردنی میری سۆران نەکات، ئەوا ئێرانیش لە قۆڵێکی ترەوە، هێرش بۆ سەر قەڵەمڕەوی داود پاشا دەبات؛ کە وەک لەم بەڵگەنامەیەدا باسکراوە، پێشتر هێرشیان بۆ سەر (مەندەلی – مەندەلجین) بردووە.

بەڵگەی ژمارە: ١

بابەت: کێشەگەلی سنوور

مێژوو: موحەڕەمی ١٢٣٩ هیجری، ئەیلوول / تشرینی یەکەمی ١٨٢٣ز

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)

بەرگی: دووەم. لاپەڕە: ٢٩

# نامەی عەبباس میرزا
# بۆ: داود پاشای والی بەغداد

جەنابی سەروەر، جێی هانا، باڵاو خانەدان ئاوا، باوان پڕشکۆ و هێژا، ڕەنگرێژی کار و یاسا، شیرین کاری خەڵک و خوا، راوێژکاری موشتەری ئاسا، سەرگوڵی میرانی هێژا، هەڵبژاردەی وەزیرانی دانا، داود پاشا، وەزیری دارولسەلامی بەغداد، بەسۆزی تایبەتمەندییەوە رادەگەیەنین، کە:

پێشتر بەنامەبەردا، مەرجەکانی ئاشتی نێوان هەردوو دەوڵەتمان بۆ بەرێزتان نووسیبوو: کە خۆشەویستی بڵندپایەی خاقان: میرزا محەمەد عەلی - مان بۆ براندنەوەی مەرجەکانی ئاشتی نێوان هەردوو دەوڵەت ناردبوو... ئەو بەرێزەش بەهەڵبژاردەی زانایان: جەنابی مەلا عەبدولعەزیزی راگەیاندبوو، کە پایەبەرز: محەمەد ئاغای باش موحاسیب رەوانە دەکات.

ئێستا کە هێشتا پایەبەرز: محەمەد عەلی میرزا، نەگەیشتۆتە ئەوێ و محەمەد ئاغاش نەگەڕاوەتەوە... وایان عەرز کردووین، کە لەشکری (هەولێر)و دەوروبەری و عەرەب، بەهانای محەمەد پاشاوە چووە و مەبەستیان ئەوەیە دەستدرێژیی بکەنە سەر (کۆیە) و (هەریر)... هەرچەندە لای ئێمەوە شارەزایی و لێهاتوویی ئەو زاتە، ئاشکرا و دیارە و ئەم جۆرە کار و هەواڵانەشمان بەلاوەگران و جێی باوەڕ نەبوون... بەڵام بۆ پتەوکردنی کار و زیاتر دڵنیایی، پایەبەرز و هێژا: سەعید بەگ (غوڵامەکەی سەرکارمان)، بەنامەیەکەوە نارد، کە ئێمە دوای ئاشتبوونەوە، لای خۆمانەوە بڕیارمان داوە، شەڕو ئاژاوە بخەینە ئەولاوە... ئەو بەرێزەش لای خۆیەوە بڕیار بدات. تا گەیشتنەوەی میرزا محەمەد عەلی، هیچ کەسێک لە جێی خۆی نەبزوێ و لە هیچ لایەکەوە ئاڵای خراپە و شەڕ هەڵنەکات... تا ئەوکاتەش پایەبەرزی ناوبراو «سەعید بەگ» دەگاتە لای ئەو جەنابە و راسپێرییەکانی خۆی دەگەیەنێت... دوای ئەمانە و هەرچی بەفەرمان و هێمای ئێمە و مۆڵەتی هەردوو دەوڵەتی سەربەرز، لەنێوان جەنابتان و پایەبەرزی ناوبراودا، گفتوگۆی لەسەرکرا و لەلایەن هەردوو دەوڵەتی بڵند پایەوە ئیمزای لەسەرکرا، سنووردارانی هەردوو لا پەیڕەوی ئەو بڕیارنامەیە دەکەن... کەسیش زاتی ئەوە ناکات لە بڕیارێک لابدات. کە لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی مەزندا بەستراو و مۆر و ئیمزاکراوە... ئەو



جەنابەش دەبێ هەر پەیڕەوی ئەم بڕیارە بکات و بەگەیشتنی ئەم نامە میهرەبانیی ئامێزە، بەهەموو لایەک رابگەیەنێت، کە هیچ کەس دژی ئەم بڕیارنامە چاکە نەجووڵێتەوە و خراپەیەکی لێ نەوەشێتەوە..

دوای گەیشتنی ئەم فەرمانی رەحمەت نیشانەش، کۆتایی بەم چەشنە کارانە بهێنێ، کە سەرچاوەی خراپە و شەڕوشۆڕە و ئەگەر لەلایەن ئێوەوە تێهەڵچوون و بێ پەروایییەک سەرهەڵبدات، ئەوا بۆ سەرانی دەوڵەتان و هەموو خەڵکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، کە خراپەکاریی لەولاوە بووە... ئەوسا بەیارمەتی و چاودێری خودایی لە دەوڵەتی بەدەسەڵات و بەشەرەفی سەرکەوتووی سوڵتانییەوە، ئەوەی لە دەسەڵاتدارێتی، چارەنووس کرابێ، ئاشکرا دەکرێت و ئاکامی پەلەکردن و دەستدرێژیش، ئەگەر لەولاوە رووبدات، چارەنووسەکەی وەک ئەوە دەبێت، کە لە (مەندەلجین - مەندەلی)[9] روویدا[10].

مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢٣٩ هیجری

ئەیلوول/ تشرینی یەکەمی ١٨٢٣ ز

٩- مەندەلجین: یان، مەندەلی مەبەست لە شاری (بەعقوبە)یە کە ناوی نراوە: پارێزگەی بەعقوبە دەکەوێتە (١١٥) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی بەغدادەوە.

١٠- ئەرشیفی سەرۆک وەزیرانی ئەستەمووڵ، خەتی هومایۆن، ژمارە: P- ٣٧١١٣

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان

١- بەڵگەنامەی ژمارە (٩)، نامەی فەتح عەلی شا بۆ سلێمان پاشای والی بەغداد

**بابەت:** دامەزراندنی ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان، بەوالی کوردستان،١٢١٤ھ،١٧٧٩ز

٢- بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)، نامەی فەتح عەلی شا، بۆ عەلی پاشای والی بەغداد

**بابەت:** ئەورەحمان پاشا-١٢٢٠ھ،١٨٠٥ز

٣- بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)، نامەی فەتح عەلی شا، بۆ عەلی پاشای والی بەغداد

**بابەت:** ئەوڕەحمان پاشا- ١٢٢١ھ، ١٨٠٦ز

٤- بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)، نامەی سەرۆک وەزیران (محەمەد شەفیع) بۆ سەرۆک وەزیرانی عوسمانی (ئیبراهیم پاشا)

**بابەت:** ئەوڕەحمان پاشا- ١٢٢١ھ، ١٨٠٦ز

٥- بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤)، نامەی ئەوڕەحمان پاشای بابان بۆ محەمەد عەلی میرزا

**بابەت:** ئەوڕەحمان پاشا -

٦- بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢)، نامەی محەمەد حسێن بۆ عەبباس میرزا

**بابەت:** ئەوڕەحمان پاشا- ١٢٢٥ھ، ١٨١٠ز

٧- بەڵگەنامەی ژمارە (٩٧)، نامەی محەمەد صادق خان بۆ میرزا محەمەد شەفیع (سەرۆک وەزیران)

**بابەت:** ئەوڕەحمان پاشا- ١٢٢٥ھ، ١٨١٠ز

٨- بەڵگەنامەی ژمارە (٩٠)، نامەی مەحموود پاشای بابان بۆ سوڵتان مەحموودی عوسمانی

**بابەت:** پێ سپاردنی ناوچەکانی بابان و کۆیە بەمەحموود پاشا

٩- بەڵگەنامەی ژمارە (٩٢)، نامەی مەحموود پاشای بابان بۆ حاکمی کەرکووک

**بابەت:** دەرکردنی عەبدوڵلا پاشا لە کەرکووک-٢٤ ڕەجەبی ١٢٣١ھ، ١٨١٦/٦/٢١ز

١٠- بەڵگەنامەی ژمارە (٩٠)، نامەی مەحموود پاشای بابان بۆ سەیید مەحموود ئەفەندی - موفتی کەرکووک

**بابەت:** گەیشتنی لەشکری ئێران بۆ سلێمانی و داوای بارمتە-٢٩ڕەجەبی١٢٣١ھ، ١٨١٦/٦/٢٦ز



١١- بەڵگەنامەی ژمارە (١١١)، نامەی محەمەد عەلی میرزا بۆ سلێمان ئەفەندی (باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی)

**بابەت:** بارمتەی پاشای بابان و کێشەکانی سنوور،١٢٣٥ھ، ١٨١٩ز

١٢- بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١)، نامەی محەمەد عەلی میرزا بۆ ئەحمەد پاشای والی مووسڵ

**بابەت:** ئێلی بابان و سەرکوتکردنی دەستدرێژکاران- ١٢٣٨ھ، ١٨١٢ز

١٣- نامەی عەبباس میرزا بۆ فەتح عەلی شا

١٤- بەڵگەنامەی ژمارە (٢/٩)، فرمانی فەتح عەلی شا بۆ عەبباس میرزا

**بابەت:** پەیماننامەی ئەرزەڕۆم (ی یەکەم)، صەفەری ١٢٣٩ھ، تشرینی (١و٢) ١٨٢٣ز

١٥- بەڵگەنامەی ژمارە (١١)، نامەی عەبباس میرزا بۆ محەمەد ئەمین ڕەئووف پاشا (ی والی ئەرزەڕۆم)

**بابەت:** بڕیارنامەی ئەرزەڕۆم، ڕەبیع ئەوەلی ١٢٣٩ھ، تشرینی (١و٢)١٨٢٣ز

١٦- بەڵگەنامەی ژمارە(١٢)، نامەی عەبباس میرزا بۆ محەمەد ئەمین ڕەئووف (والی ئەرزەڕۆم)

**بابەت:** گۆڕین و دەسکاری بڕێک لە بڕیارنامەی ئەرززڕۆم، ١٢٣٩ھ، ١٨٢٣ز

١٧- بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)، نامەی حسێن خان سەرداری ئیرەوان بۆ ڕەئووف پاشای والی ئەرزەڕۆم.

**بابەت:** گۆڕینی بڕێک لە بەشەکانی ڕێکەوتننامەی ئەرزەڕۆم، ١٢٣٩ ھ ، ١٨٢٣ز.

١٨- بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)، نامەی مەحموود پاشای بابان بۆ داود پاشای والی بەغداد.

**بابەت:** داوای لێبووردن و بەخشین، ١٠ی ڕەبیع ئەوەلی ١٢٤٠ھ،١٨٢٤/١١/٣ز.

١٩- بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)، فرمانی عەبباس میرزا بۆ مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی.

**بابەت:** نەگەیشتنی سوارەی بابان ٦ی زیقەعدەی ١٢٤٢ھ، ١٨٢٧/٦/١ز.

٢٠- بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠)، فرمانی عەبباس میرزا بۆ مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی.

**بابەت:** ڕێکەوتننامەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕووسدا. ٦ی شەعبانی ١٢٤٣ھ،١٨٢٧/٢/٢٢ز.

٢١- بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)، نامەی مەحموود پاشای بابان بۆ سەییید مەحموود ئەفەندی – موفتی کەرکووک.

**بابەت:** ڕێککەوتنی ئێران و رووس، ٢٤ی شەوالی ١٢٤٣هـ، ١٨٢٨/٥/١٠ز.

٢٢- بەڵگەنامەی ژمارە (٢/٩٠)، نامەی عەبدوڵلا پاشای موتەسەڕیفی سلێمانی بۆ خەلیل کامیل پاشای والی ئەرزەڕۆم.

**بابەت:** کێشەی سنوور، ٥ی جمادی الآخر ١٢٥٨هـ، ١٨٤٢/٧/١٤ز.

٢٣- بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٢)، نامەی کرنل شیل بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران.

**بابەت:** کێشەی بابان و ئەردەڵان، ٤ی جمادی ئەوەلی ١٢٥٨هـ، ١٨٤٢/٦/٣١ز.

٢٤- بەڵگەنامەی ژمارەی (٩٣)، نامەی بەکرخانی حاکمی کۆیە بۆ والی مووسڵ.

**بابەت:** پێوەندی ئێران و عوسمانی (بابان و ئەردەڵان)، ١٧ی جمادی دووەمی ١٢٥٨هـ، ١٨٤٢/٧/٢٦ز.

٢٥- بەڵگەنامەی ژمارە (١٣١)، نامەی باڵوێزی ئینگلیس بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە (حاجی میرزا ئەبولحەسەن خان).

**بابەت:** ناکۆکی نێوان والی ئەردەڵان و بابان، ٢٤ی جمادی دووەمی ١٢٥٨هـ، ١٨٤٢/ ٨/٢ز.

٢٦- بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩)، نامەی محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام) بۆ محەمەد ڕەشید پاشا.

**بابەت:** کێشەی سنوور (میری ڕەواندز)، ١٢٤٥هـ، ١٨٢٩ز.

٢٧- بەڵگەنامەی ژمارە (١٥١)، نامەی باڵوێزی ئینگلیس بۆ محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام).

**بابەت:** کێشەی میری ڕەواندز، ڕەبیع ئەلثانی ١٢٤٨هـ، ئاب/ ئەیلوولی ١٨٣٢ز .

٢٨- بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٣)، نامەی محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام) بۆ کامبل (باڵوێزی ئینگلیس لای دەرباری قاجار).

**بابەت:** کێشەی میری ڕەواندز، ١٢٤٨هـ، ١٨٣٢ز.

٢٩- نامەی عەبباس میرزا بۆ محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام).

**بابەت:** کێشەی میری ڕەواندز، شەوالی ١٢٤٨هـ.، شوبات/ ئازار ١٨٣٣ز.

٣٠- بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٥)، نامەی باڵوێزی ئینگلیس بۆ وەزیری کاروباری



دەرەوەی ئێران (میرزا مەسعوود خان).

**بابەت:** تەمێکردنی میری ڕەواندز، ١٢٥٠هـ.، ١٨٣٤ز.

٣١- بەڵگەنامەی ژمارە (٦٥)، نامەی وەزیری دەرەوەی ئێران (میرزا مەسعوود خان) بۆ چاودێری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی.

**بابەت:** کێشەی تەمێکردنی میری ڕەواندز، ١٢٥٤هـ، ١٨٣٨ز.

٣٢- بەڵگەنامەی ژمارە (١)، نامەی عەبباس میرزا بۆ داوود پاشای والی بەغداد.

**بابەت:** کێشەی سنوور (میر محەمەد)، موحەڕەمی ١٢٣٩هـ، ئەیلول/ تشرینی یەکەمی ١٨٢٣ز.

# فەرهەنگی ناو


«ئـ»

ئا. خۆ. دزکۆ 121

ئاغا محەمەد خانی قاجار 20، 21،
22، 23، 24

ئاغا مستەفای وەقائیع نیگار 106،
108

ئاسیان 100

ئاسەف دەولە 116، 156

ئاقۆبیان 100

ئەتا بەگی 152

ئەبولحەسەن خان 138

ئەحمەد چەلەبی 46

ئەحمەد بەگ 69

ئەحمەد بەگ(ی ئەورەحمان پاشا ) 44

ئەحمەد پاشا 14، 28، 43، 45، 85
119، 120، 121، 122، 125، 126،
138، 140، 141

ئەحمەد ئاغا 71، 72

ئەحمەد خان 32، 117

ئەحمەد مەروانی 30

ئەسعەد ئەفەندی 12

ئەردەشێری بابەکان 30

ئەورەحمان پاشای بابان 9، 26، 42،
43، 44، 45، 46، 47، 49، 50،51،
52، 53، 56، 57، 58، 59، 60، 61،
62، 63، 64، 65، 66، 67، 68، 69،
80 82، 85، 86، 87، 95، 137

ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان 32، 33، 34،
35، 36، 46، 52، 63، 125، 128،
130، 131

ئەمانوڵڵا بەگی وەکیل 123، 124،
140

ئەمیر تەیموور 119

ئەمیر زادە 156

ئەمیر فەرەیدوون 154

ئیبراهیم پاشای 42، 43، 44، 45،
53، 58، 59، 65، 76، 147

ئیبراهیم خانی سەرتیپ 62، 96

ئیشاقە باش 20

«ب»

بابا ئەردەڵان 30

باباخان جیهانسۆز 23، 24

بابا مردوخ روحانی 34

باسکۆڤیچ 115،117

باشیمان 100

باش ئاغا 65

باقر بەگ 56، 57





باقرخان 84

بەکرخان (حاکمی کۆیە) 137

بەهائەدین نووری 39

بڵباس 96، 133، 156

«پ»

پاشای کۆرە (کوێر) 144

پیران 156

پێشکەوتن (هەفتەنامە)

پیر بوداق 37

پێنج حەسەنان (هۆز) 100

پەهلەوی 28

«ت»

توباخانم 125

تەرتویان

تەیموورخانی تۆپچی باشی 137

تەیموری لەنگ 19، 127

«ج»

جاف (ئێل) 9، 127، 137

جەعفەر قولی خان 22، 117

جەهانگیر میرزا 134

جێمس بێڵی فرێزەر 144

«چ»

چریکەی کوردستان (گۆڤار) 127

«ح»

حاجی تالبی کەهیا 98

حاجی ئیبراهیم خانی تۆکمەچین 62

حاجی ڕەشید پاشا 162

حاجی محەمەد ئاغا میر ئاخوڕ 129

حاجی محەمەد نەجیب پاشا 137

حاجی میرزا ئاقاسی 27

حاجی میرزا ئەبولحەسەن خان 138

حالەت ئەفەندی (محەمەد سەعید)
59

حسێن خان 108

حسێن خانی بێگلەر بەگی 75، 76،
105، 106

حسێن قولی خان (ی شاعیر) 21،
23، 32

حسێن ئاغای ئەندەروونی 129

حسێن بەگ 69، 145

حسێن بەگی داسنێ 144، 147

حسێن پاشاخان 109، 134

حسێن قولی خان جیهانسۆز 21

حسێن حوزنی 149

حەسەن جاف 34

حەسەن بەگ 78، 84

حوسن جیهان خانم 122، 123، 125

حەسەن عەلی خان 13، 20، 34

حەیدەرانلوو (ئێل) 11، 12، 100،

101، 102، 104، 108
حیشمەت ئاقاسی 65

«خ»
خالید بەگی بابان 44، 45، 46، 49، 51، 54، 58، 59، 68، 111، 112
خان ئەحمەدخان 31، 32
خەسرەوخانی ئەرمەنی 125
خەسرەوخانی ناکام 32، 125
خودا داد خان 160
خەسرەوبەگی بەنی ئەردەڵانی 29
خەسرەو خانی ئەردەلانی (گەورە) 29، 33، 44
خەسرەو میرزا 101
خەلیل کامیل پاشا 129

«د»
داود پاشا 12، 13، 14، 77، 78، 79، 82، 83، 86، 88، 90، 91، 111، 118، 155، 160، 161
دنبلی 91

«ر»
ڕەزا شا 28
ڕەزا قولی خانی(والی سنه) 14، 15، 20، 22، 121، 122، 123، 125، 127، 128، 129، 132، 139، 140
ڕەسووڵ ئاغا 70، 72
ڕەسووڵ پاشا 148
ڕەشید پاشا 147، 148، 158، 159
ڕەنجووریی (شاعیر) 42
ڕۆس (دکتۆر) 144

«ز»
زەرزا (خێڵ) 38

«س»
سارم ئەفەندی 139
سالم (شاعیر) 16، 27، 42، 127، 137، 139
ساسانی 30
سلێمان ئەفەندی 81
سلێمان بەبە (بابا سلێمان) 41
سلێمان پاشای بابان 22، 27، 33، 34، 35، 142
سلێمان بەگی فەخری 42، 48، 49، 69
سلێمان پاشای والی بەغدا 66
سلێمان عبدالعزیز نوار 67
سلێمان کەهیە 49، 51، 54، 56، 58، 59، 61، 66، 67
سولجان ویردی خان 34
سوڵتان حسێن 20
سوڵتان مەحموودی عوسمانی 69، 70
سوڵتان سلێمانی قانوونی 144، 145



سەعید بەگ 45، 161
سەعید نفیسی 58، 92
سەیید عەبدولسەمەدی تووداری 38
سەیید مەحموود ئەفەندی (موفتی کەرکووک) 76، 111، 116
سەلیم ئاغا 45
سەلیم بەگی بابان 44، 45، 52
سەروناز خانم 32
سۆران 26، 38، 100، 144، 147، 160
سیپەکی (هۆز) 101
سێ چارەکیان (خێڵ) 100

«ش»
شا ئیسماعیل 78
شا تەهماسبی دووەم 20
شاپور راسخ 100
شا عەبباس 19، 31
شاهروخ 22
شکور مستەفا 34
شانامە (داستان) 39
شەرەفنامە 32، 37، 39
شەرەفخانی (بتلیسی) 29، 37، 38
شوانکارە 34
شێخ ڕەزای تاڵەبانی (شاعیر) 27، 120، 127، 139
شێخ مارفی نۆدێ 15، 79

«ع»
عادل شا 21
عەبدوڵڵا پاشا (برای ئەوڕەحمان پاشا) 14، 15، 17، 27، 69، 73، 77، 90، 97، 123، 124، 126، 127، 128، 129، 139، 140، 141
عەبدوڵڵا ئاغای خەزێنەدار 65، 68
عەبدوڵڵا بەگ 96، 74، 75، 122، 137، 138
عەبدولوەهاب ئەفەندی 25
عەبباس قولیخان 32
عەبباس میرزا 13، 24، 27، 61، 91، 92، 98، 99، 102، 105، 106، 107، 113، 114، 115، 116، 118، 119، 125، 149
عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی 188، 126
عەبدولعەزیز ئاغای مەسرەف 137
عبدالخالق اردلان 30، 60
عومەر بەگ 69
عومەر عەبدوڵڵا بەگ 17
عەزیز بەگ 19
عوسمان بەگ 44، 69، 73، 95
عوسمانی 8 – 14، 16، 22، 25، 26، 31، 40–43، 52، 56، 57، 68، 69، 73، 78 – 80، 85، 87، 91 – 95، 98، 100، 104، 107، 108، 111، 117، 118، 121، 133، 134، 139–

141، 145، 147 – 149، 155، 156
عەبدولحەمید سولتان 124
عەلائەدین سەجادی 144، 149
عەلی ئەکبەر وەقائع نیگار 29،31،
126
عەلی پاشا(ی والی بەغداد) 45 –49
، 51 – 53، 56، 65، 86، 127، 147
عەلی بەردەشانی (شاعیر) 42
عوسمان پاشا 59، 77، 78
عەلی ڕەزا (والی بەغداد) 14، 118،
121، 148، 149
عەلی قولی خان 21
عەلی خان 13، 101
عیمادەدینی زەنگی 152،

«غ»

غوڵام شاخان 125

«ف»

فریزەر 144
فەرۆخ خان 115، 116، 117
فەرهاد میرزا 125
فەتاح پاشا 66
فەتح عەلی شای قاجار 12، 24، 26،
27، 32–35، 46، 91، 92، 98، 99،
101، 102، 107، 108، 181، 125،
137، 151
فەتح عەلی خانی قاجار 20
فەزلعەلی خان 49، 50
فەقێ ئەحمەد 40، 42
فەیزوڵڵای کەهیە 69

«ق»

قادر ئاغا 117
قادری (تەریقەت) 79
قازی مەلا شەریفی ئەردەلانی 29
قارەمان میرزا (قەهرەمان میرزا) 147
قزڵباش 19، 38
قوباد ئەردەلان (قوباد ئەردەل) 30
قوباد بەگ 124، 130، 131
قولی بەگ 145
قەرهرەمان میرزا 151

«ک»

کامبل (باڵوێزی ئینگلستان) 154،
155
کرمانج (خێڵ) 40
کرنل شیل 132، 139
کلودیوس جیمس ریچ 32، 39–41،
52، 67، 69، 78، 79، 80، 84، 127
کەریم خانی زەند 21، 22، 24، 31،
34
کەریم خانی ئەفشار 81
کەلب عەلی خانی فەیلی 82



کوردی (شاعیر) 16، 42
کەمال فوئاد (دکتۆر) 127

«گ»

گاردان (ژەنراڵ) 52، 58
گریبادۆڤ 151
گەلاوێژ (گۆڤار) 39

«ل»

لارد ئیرون 133
لاچیکان 100
لۆنگریک 91
لوتف عەلی خان 22
لەزگی 67، 77، 91، 98

«م»

ماکدۆناڵد 116
محەمەد ئاغا 43
محەمەد ئەمین زەکی 149
محەمەد ڕەئووف پاشا 102، 106
محەمەد حەسەن بەگ 114
محەمەد ڕەشید بەگ 130
محەمەد ڕەشید پاشا 147، 151
محەمەد ڕەئوف توکلی 33، 34
محەمەد بەگی قادر بەگی جاف 137
محەمەد حسێن میرزا 21، 64
محەمەد خانی قاجار 20، 22، 23،
24، 32، 33، 108
محەمەد پاشای سۆران (میر محەمەد)
43، 44، 79، 145 – 149، 152،
153، 155، 156، 158، 160
محەمەد پاشای قاجار 124، 125،
161
محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا 58
محەمەد عەلی خان 75، 83
محەمەد سادق وقائیع نیگار 36
محەمەد سادق خان 64، 65، 66
محەمەد سەعید بەگ 62
محەمەد حسێن خان 20، 21، 61، 64،
75، 76، 84، 85
محەمەد بەگی خالید بەگ 58، 59
محەمەد عەلی میرزا 24، 25، 26،
49، 52، 54، 56، 59، 65، 66 68،
69، 73، 81، 161
محەمەد شای قاجار 27، 28
محەمەد ئاغا 161
محەمەدی مەلا کەریم 34
محەمەد حەسەن خان 33، 34
محەمەد عەلی پاشا 28، 147
محەمەد خانی زەنگەنە (ئەمیر نیزام)
147، 151، 154، 155، 157
محەمەد خانی سەرتیپ 156
محەمەد ساڵح بەگی سەرتیپ 157
محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی 29

مستەفا قولی خان 22
مستەفا بەگ (میری ڕەواندز) 145
مووسا خان 156
مورتەزا قولی خان 22
مەحموود بەگ 69
مەحموود پاشای بابان 9، 12–14،
26، 27، 39 – 42، 69، 70، 73 –80
، 82–84، 89،90، 95، 97، 111،
113، 115 – 119، 121 – 125،
129– 131، 133، 137، 138، 140
مەلا عەزیز 161
مەلا یەحیای ئادەم 145
مەحموود مەسرەف 137
مەستوورە خانم (مێژوونووس) 29،
30، 34، 32، 79، 126
مەولانا خالیدی نەقشبەندی 15، 42،
79
مەولەوی ڕۆمی 112
میر بوداقی کوڕی میر ئەبداڵ 38
میرزا ئاقاسی 139
میر ئەبداڵ 37
میر عیزەدین 144
میر سەیفەدین 145
میر هەمزە 38
میرزا ئەبولحەسەن خان 116، 138
میرزا ئەحمەد 34
میرزا قاسم 101
میرزا ئەحمەد 110
میرزا شوکروڵلا سنەندجی 29، 126،
128
میرزا مەسعود خان 157، 158
میرزا عەبدوڵڵا 88
میرزا هیدایەتوڵڵای (سەرۆک
وەزیرانی ئەردەڵان) 123، 124، 132،
133، 140، 141
میرزا جەعفەر 123
میرزا تەقی 93
میرزا شەفیع (سەدری ئەعزەم) 52،
43، 64، 65
میرزا محەمەد خانی زەنگەنە 101
میرزا محەمەد سادق خان 46، 48، 56
میرزا محەمەد عەلی 161
میهر عەلی بەگ 55
مەهدی خانی کەلهوڕ 62
محمد رضا نصیری 9، 12، 16، 25
میر ئەبولفەتح 117

«ن»

ناپلیۆن بۆناپارت 24، 25، 52، 58
ناجی عەبباس 39
نادر شا 20، 21، 22، 23
ناسرەدین شا 125
نالی 16، 27، 42، 119، 121



نەوشیروان مستەفا 40، 57، 67، 80
نوورەدینی 40
نەقشبەندی 16، 42، 79
نیکولای یەکەم 101
نەجیب پاشا 14، 125، 126، 137

«هـ»

هەڵۆخان 31
هیراکلیوس 123
هەوشار 23

«ی»

یاسین العمری 67
یوسف بەگ 69
یوسف زیا 56
یوخاری باش 20، 21
یەزیدی 144، 145

# فەرهەنگی جوگرافیا


«ئـ»

ئاراس 23، 110
ئاسیا 19
ئازەربایجان 33، 101، 134، 147، 152 – 154، 156، 159
ئاکۆیان 145
ئالان 129
ئاڵتوون کۆپری 45
ئامێدی 145، 152، 155، 158
ئایرملو 152
ئەستەمووڵ 156
ئەفغانستان 23
ئەرزروم 125
ئەرمەنستان 19، 101
ئەردەڵان 8، 14، 15، 22، 27، 29 – 36، 38، 39، 46، 52، 96، 122 – 125، 128، 132، 133، 135، 138 – 141
ئەرجیش 93
ئەریوان 105
ئەدرنە 13
ئەستەراباد 33
ئەنادۆڵ 147
ئیرەوان 19، 101، 106 – 110، 152
ئیمام 38
ئینگلستان (بەریتانیا) 12، 15، 24، 27، 125، 132، 139، 140

«ب»

باریکە 73، 74
بادینان 146، 147
باشماخ 137
بایەزید 93، 100
بەغدا 12 – 14، 22، 33، 35، 42 – 50، 52، 54 – 59، 61 – 63، 65 – 69، 73، 75، 77، 78، 81، 82 – 90، 94، 96 – 100، 111، 116، 118، 121، 125، 126، 134، 137، 141، 144، 147 – 149، 155، 156، 158، 159 – 161
بەعقوبە 162
بیلادی 24

«پ»

پاریس 121
پردی سوور 96، 152، 155
پشدەر 40
پەتروس بورگ 101
پڵنگان (قەڵا) 30

«ت»

تاران 22، 24، 26، 27، 34، 36، 48،





49، 57، 123
تانجەرۆ 73
تفلیس 23
تورکیا 121
تورکمانستان 23
تورکمانچای 13، 14، 115، 116
تەوریز 13، 27، 65، 93 – 95، 110، 114، 110، 116، 117، 118، 138، 145
تەلاری دڵگوشا 32
تەلاری گوڵستان 32

«چ»

چاڵدیران 100

«ح»

حەسەن ئاوا 30
حیللە 42، 44، 45

«خ»

خانەقین 63، 66
خوراسان 34، 84، 108
خوزستان 54
خۆی 100
خەزەر (زەریاچە) 22

«د»

دارەشمانە 40، 41
دارولسەلام (بەغدا) 35، 47، 50، 65، 82، 83، 86، 155، 161
دەربەندی بازیان 46، 58، 73، 77
دەربەند 23، 152، 158
دەربەندێ 124، 130
دیاربەکر 30، 38، 98، 147
دیالە 62

«ر»

رووباری کورا 23
رووسیا 11 – 13، 15، 23 – 25، 27، 31، 91، 125، 140
ڕەواندز 80، 134، 144 – 147، 149، 151 – 159

«ز»

زریباز 51، 52، 58، 59
زەهاو 49، 66، 134
زەنگا (ڕووبار) 101

«س»

سابڵاخ 92، 96، 97، 137، 152
سورداش 40، 80، 160
سوڵتانییە 94، 97، 162
سندوس (سلدوز) 38
سەرچنار 40
سەردەشت 141، 152، 156، 160
سەقز 17، 46، 124
سەرقولە 38
سنە 30، 32، 52، 64، 117، 123،

124، 127، 128، 129، 132، 137،
139، 140
سلێمانی 42، 49، 54، 65 – 67،
69، 73، 76، 77، 79، 84، 90، 92،
113، 118، 121، 123، 124، 126،
131، 132، 138 – 141، 144
سلێڤانه 152
سیواس
سێوی 38
سیوەیل 129
149
سێ کەنە 40

«ش»

شارباژێڕ 30، 38، 40
شارەزوور 30، 40، 54، 58، 62، 66،
73، 77، 88، 92، 95، 96، 113،
115، 129 – 131، 139، 152
شام 19، 121
شوشی 23، 24
شەکی 23
شیراز 21، 22، 77، 79، 108

«ع»

عێراق 27، 45، 54، 59، 61، 63،
65، 67 – 69، 86، 89 – 91، 97،
98، 131، 148، 149، 152
عەرەبستان 81

«ف»

فەرەنسا 24، 52، 58

«ق»

قارس 92، 107، 109
قزرابات 66، 90، 98
قزڵجه 59، 129، 130، 139
قەرەباغ 19، 23
قەرەداغ 30، 40
قەرەحەسەن 46
قەرە کلیسا 100
قەسر 63، 66
قەشقۆڵی 80، 160
قەفقاس 23
قەمچوغه 80، 160
قەڵادزه 40، 41
قەڵاچوالان 50، 141
قەڵای زەڵم 30

«ک»

کازمین (مەزار) 63
کاخی گوڵستان 25، 32
کرند 54
کرماشان 22، 26، 54، 56، 76، 84،
88، 95، 96
کرمان 22
کفری 68
کەرکووک 38، 41، 46، 49، 73 –





75، 77، 96، 116
کەربەلا 14
کورا (رووبار) 23
کۆیه 42 – 44، 49، 68 – 70، 72،
125، 126، 137، 152، 157، 161

«گ»

گاڕان 127، 139
گورجستان 23، 24، 50، 89، 90
گورگان 19، 20، 21
گوڵ عەنبەر 129
گوڵستان 25، 32
گەنجه 19، 23

«ل»

لاجان 38، 47، 152، 153
لوڕستان 54
لەندەن 127

«م»

مازندەران 20 – 23
ماوەت 41
مروه 19
مزووری 145
مزگەوتی دارولئیحسان 32
مووسڵ 45، 46، 85، 86، 98، 118،
137، 147، 152
مەراغه 154
مەرگه 40
مەریوان 30، 38، 49، 59، 123،
124، 126، 127، 139
مەرگەوەڕ 134، 152، 159
مووش 92، 93، 94
مەندەلی 12، 66، 160، 162
مونتەفیک 69
موکریان (موکری) 147، 160
میانه 116، 123

«ن»

نەجەف 24، 63

«ھ»

ھەورامان 9، 121، 129
ھەریر 42 – 44، 49، 68، 69، 70،
72، 78، 90، 96، 113، 125 145،
152، 161
ھەڵەبجه 24، 29
ھەولێر 45، 46، 84، 96، 127، 144،
149، 150، 152، 155، 161
ھەرات 23
ھەرووتیان 145
ھەمەدان 54
ھیندستان 79

«و»

وان 126
ورمێ 151

سند شماره ٩







سند شماره ٢٣



















سند شماره ۹۷°

## سواد نامهٔ محمدصادق خان به میرزا محمدشفیع صدراعظم

موضوع : عصیان عبدالرحمن پاشا

تاریخ ۱۲۲۵

خداوندگارا، مجملی از مفصل احوال عراق عرب را به جهت استحضار آن خداوندگاری عرض می‌دارد که

بعد از مقتول شدن وزیر و استیلای عبدالرحمن بر دارالسلام آنچه اسباب ظاهری بود از مقولهٔ فروش و دواب و اسلحه و آلات حرب و توپ و زنبورک به طایفه بابان بخشید. از آن جمله شش هزار رأس قاطر که در سرکار وزرای بغداد می‌باشد به طایفه بابان داده شد. بعد آنچه نقود بود از اشرفی و غیره از مال سلیمان‌پاشا و علی پاشا و این وزیر مقتول تصرف نموده است. بعد از آن کهیا را کشت و آنچه داشت ضبط نمود. باش‌آغا را با خزینه‌دار و حشمت آقاسی و جمعی دیگر از اعیان بغداد به‌قتل رسانیده جمله اموال ایشان را از ساکت و صامت و ناطق تصرف نمود و دفتردار بیچاره را با پسرش گرفته، دو طغار اسلامبولی طلا که عبارت از یکهزار و دویست من تبریز باشد مصادر[ه] کرده با اینکه گرفته است باز مطالبه می‌کند و از تجار بغداد، بومی و غریب، پول [.....][۲] کرده است صدهزار قروش از کلیددار و متولی کاظمین گرفته است. اینهایی که عرض می‌شود اغلبی مکتوبی است و پاره[ای] نقلی و مال وزرای بغداد از اندازه بیرون است. در حمل و نقل خزانه به سلیمانیه، دواب وزیر کافی نبوده است. از سلیمانیه و حول و حوش دواب حواله کرده آورده‌اند. در بغداد یک نفر آدم معروف باقی نگذاشته است. سلیمان‌پاشای ولد ابراهیم‌پاشا که از طایفهٔ بابان اسمی و رسمی داشت و بابان با او مایل بودند آن هم دستگیر گردیده و کشته شده، حالا دنیا به‌کام این دیوانه پرهوا افتاده. عبدالله آغای، خزینه‌دار علی پاشا را که نوکر عبدالرحمن بود قائم‌مقام کرده و در جزو مسموع شد که حجتی به مبلغی گزاف از برای رجال دولت روم نوشته و متمنی وزارت گردیده است، و هرگاه قبول وزارت او را نکنند به‌هرحال وزیری از برای بغداد فکر خواهد کرد که نوکر خودش باشد.

ذهاب[۳] و خانقین[۴] و بعقوبیه[۵] و مندلیج[۶] را به فتاح‌پاشای ذهابی واگذاشته که هرساله دوهزار سوار مکمّل بدهد [.....][۷] را نیز متصرّف گردیده است. بعد از عیدفطر، ارادهٔ عود به سلیمانیه دارد. رئیس افندی مهمانی است در گوشه افتاده و در حوالی بغداد و سرجسر و توی شهر و قزل‌رباط و خانقین و قصر مساوی سه‌چهار نفر زوّار کشته گردید و ده‌دوازده هزار برهنه شد، عجب هنگامه بر پاست و کارها بسیار آسان به شرط رضای [....][۸] است و خواهد شد.



دیگر مطلبی که قابل عرض باشد ندارم، خدمات را مترصد است. با امرکم مطاع. خداوندگارا، مساوی سی عراده توپ به شهرزور فرستاده است، با آنچه‌زنبورک بود. به‌جهت اطلاع عرض شد. ٥

### توضیحات:

۱) عنوان نامه چنین است: سواد ذریعه که محمّدصادق به خدمت بندگان ذی‌شوکت و شأن، جناب وزارت‌مآب، معتمدالدوله العلیّه العالیه آصف‌جاهی، میرزا محمّدشفیع قلمی و مرسول نموده است.

۲) یک کلمه خوانده نشد.

۳) ذهاب = زهاب: واقع در شمال بخش سر پل ذهاب، از مغرب به خاک عراق محدود است.

٤) خانقین: از شهرهای عراق واقع در کنار مرز ایران.

٥) بعقوبیه: واقع در نزدیکی ذهاب، رود دیاله از نزدیکی آن می‌گذرد. ر. ک. **تحقیقات رسالهٔ سرحدیه** / ص ۱۰۹.

٦) مندلیج = مندلی یا مندلجین: از توابع بغداد واقع در دوازده ساعتی شمال شرقی زورباطیه و بیست و شش ساعتی جنوب شرقی بغداد واقع است. **سیاحتنامهٔ حدود** / ص ۱۱۷.

۷) یک کلمه خوانده نشد.

۸) یک کلمه خوانده نشد.

° بایگانی نخست‌وزیری استانبول، خط همایون، ش: ٥٢٤٨٢. نامه بدون تاریخ است ولی با توجه به تاریخ قتل سلیمان پاشا والی بغداد (جمادی‌الآخر ۱۲۲٥ تاریخ نامه نیز علی‌القاعده اواخر جمادی‌الآخر و یا رجب همان سال خواهد بود.

## سند شماره ٩٠







## سند شماره ٩٢









سند شماره ١١١



## نامەی عەباس میرزا بۆ فەتح عەلی شا

## رفتار عباس میرزا در جنگ‌های با عثمانی

از عباس میرزا دو نامه خطاب به پدرش مانده است که سیاست و رفتار وی و علل شرکت درین جنگها را بیان می کند. ازین نامه‌ها پیداست که فتحعلی شاه از کارهای عباس میرزا درین زمینه ایرادی می گرفته و وی خود را درین دو نامه تبرئه کرده است.

نسخهٔ نامه اول بدین گونه است:

«عرض نواب نایب السلطنه دامت شوکته و جلالته اینست که: من به خاک پای فلک فرسای همایون قسم می خورم و دشمن نمک با محک شاهنشاهی باشم که هرگز درباب تفویض خدمت شهر زور و بابان خیال این که به هوای نفس طمعی در آنجا داشته باشم یا وسعت در محل اختیار خود بخواهم نداشته‌ام و ندارم. این بدخلی و جسارت را هم در سیاق چاکری و عبودیت هرگز نمی کردم و جایز



